# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

# خۆم و
# ئەستێرە گەشەکان

نەجمەدین عەزیز سمایل

## بەرگی پێنجەم

کوردستان- هەولێر - ٢٠٢٣

* ناوی کتێب: خۆم و ئەستێرە گەشەکان - بەرگی پێنجەم
* نووسینی: نەجمەدین عەزیز سمایل
* هەڵەگری و پێداچوونەوەی زمانەوانی: بەهادین جەلال مستەفا
* نەخشەسازی و بەرگ و سەرپەرشتیی چاپ: عوسمان پیرداود
* تیراژ:(٦٠٠)دانە
* چاپخانە: چاپخانەی ڕۆژهەلات - هەولێر
* مافی لە چاپدانەوەی تەنیا بۆ نووسەرە.
* نرخی (١٠،٠٠٠) دینارە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٩٠)ی ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.

## پێشکەش

❊ بە هەموو ئەوانەی کە بەشدار بوون لە فێرکردنم.

❊ بە هەموو ئەوانەی کە مافیان لەسەر من هەیە.

❊ بۆ هاوسەرە ئازیزەکەم.

❊ بۆ هەموو منداڵە چاوگەشەکانم

هەواڵنامەی کتێب

# ئەستێرەیەك لە شاری مێژووەوە لە هەولێری دێرینەوە لە هۆڵەندا هەڵدێت و ئەستێرە درەوشاوەكانی ئاسمانی كوردستان كۆدەكاتەوە...!

* پێنج بەرگ:
* ٣٩٨  ئەستێرەی درەوشاوە
* ٢٨٦١  لاپەڕەی ١٧ × ٢٤سم
* ٣٤٨٦  وێنـەی هاوبەشـی كەسـایەتییەكان و بەسـەدان بەرگـی كتێبـی ئەسـتێرەكان لەخۆگرتـوون...

*** ڕێكەوتێكی سەیر...؟!**

خاوەن و ئامادەكار و نووسـەری ئـەم گـەورە پڕۆژە كلتووری هەمەڕەنگی نیشتمانی، نەتەوەیی، مرۆڤ دۆستی، ئەدەبی، هونـەری، ئایینی و كۆمەڵایەتی، مێـژوو ئامێـز،- ناوەكـەی- بەزمانـی بیانـی- عارەبـی- ئەسـتێرەیە: (نەجـم، نەجمـە، نجـوم) واتـا- ئەسـتێرە-؟! پێدەچێ دایـك و باوكـی پێشـبینی ئەوەیـان كردبێت كە- كوڕەكەیان- لەدوا ڕۆژدا ئەسـتێرەناس دەبێ و بەدوای ئەسـتێرە پرشنگدارەكانی كوردستاندا دەگەڕێ...!

ئەوەتـا مامۆسـتا نەجمەدیـن نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس، لەبـەر ڕۆشـنایی ناوەكـەی- ئەسـتێرە-، بەوپـەڕی دڵسـۆزی و خۆنەویسـتانە و ماندوونەنـاس و داهێنەرانـە، پڕۆژەیەكـی گـەورەی هەمەلایەنـی كلتووریـی گشـتی، لەپێنـاو كۆكردنـەوەی ئەسـتێرە پەرتەوازەكانـی كوردسـتان- یـەك كوردسـتان-، خۆبەخشـانەی ڕەسـەن، هیممەتێكی نموونەیی ڕەنگین دەنوێنێ و بەردەوامە... هتد.

*** پڕۆژەیەكی گرنگی كلتووری و دەستكەوتێكی دانسقەی نموونەیی**

هەرچەند ژمارەیەكی زۆری خـاوەن قەڵەمـی پـاك و گـەورە، لەمـەڕ گـەورە مرۆڤەكانـی كوردسـتان- بـە هـەردوو ڕەگەزیـەوە-، دەمێـك سـاڵە، قـۆڵ و بازوویـان بەوپـەڕی گیانـی مـرۆڤ بـوون و كـورد بوونـەوە هەڵماڵیـوە و ژیـان

و گەورەیی لە دووتوێی دەیان کتێب و فەرهەنگی تایبەتییان نووسیوەتەوە و بڵاویان کردۆتەوە، هاوکات هەر لەمەڕ ئەو جۆرە ئەستێرە درەوشاوانەی کوردستان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بە زمانی کوردی و عارەبی نووسراون، سەرەڕای ژمارەیەک نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا لەبارەی ئەو جۆرە گەورە مرۆڤانە هاتوونەتە بەرهەم کە هەر هەموویان بەسەرچاوەیەکی هەرە گرنگی بواری لێکۆڵینەوەی کلتووری، نیشتمانی، نەتەوەیی ڕزگاریخوازی و سیاسی دەژمێردرێت... نموونەی: مامۆستا جەمال بابان میربەسری، مامۆستا کەریم شارەزا، مامۆستا خەلیل عەبدوڵڵا، دکتۆر مارف خەزنەدار، دکتۆر عیزەددین مستەفا ڕەسووڵ، مامۆستا جەمال لۆلۆ، مامۆستا عومەر عەلی شەریف، جووتە برا: م. ڕەفیق ساڵح و م. سەدیق ساڵح، دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح، دکتۆر ئەحمەد حەمەد ئەمین، مامۆستا بارزان محەمەد عەلی، شەهید جەبار جەباری، مامۆستا مستەفا نەریمان، مامۆستا فەرهاد عەونی، دکتۆر جەمشید حەیدەری، دکتۆر ئەحمەد شەریف، کاک هێرش سنجاوی، کاک کاروان قاسم، کاک سەعید عەبدوڵڵا کەلهووری، مامۆستا ئاری ئاغۆک و مومتاز حەیدەری...هتد.

* هەمدیسان دەبێ بەپێزانینەوە بگوترێت: ژمارەیەک کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی کوردی لەمەڕ ژمارەیەکی زۆر لەبارەی ئەو جۆرە گەورە مرۆڤە بەخشندانە، فیلمی بەڵگەنامەیی و بەرنامەی تایبەتییان ئامادە و پەخش کردووە، لەوانە: کوردستان تیڤی، گەلی کوردستان، ڕووداو، کوردستان، کەناڵی K٢٤، کوردسات نیوز، سپێدە، پەیام، K.N.N، N.R.T، ڕەسەن، دیمەن، نیشتمانی من، تەلەفزیۆنەکەی کاک هێرش گۆمەشینی و هی دیکە و هی دیکە.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمانە هەر هەموویان بەسەر یەکەوە، لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، سەرەڕای هەڵبژاردنی هەندێ لە کەسایەتییەکان، تا ڕادەیەک مەسەلەی بوونی ئایدۆلۆژیا، حزبایەتی، ناسنامەی سیاسی، عەشیرەتگەری و ناوچەگەری لەبەرچاوان گیراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەدڵنیاییەوە، بەشێکی هەرە گەورەی مێژوویی بەهەموو جەمسەر و ڕەهەندەکانی دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و داگیرکاری یەک کوردستان بەوپەڕی شانازییەوە دەژمێرێ.

* لێرەوەش بێ گومان و دڵنیاییەوە دەڵێین: پرۆژە بەرفراوانەکەی مامۆستا نەجمەدین عەزیز سمایل زیاتر گشتگیر و هەمەڕەنگە و بەگشتی لە دەرەوەی ئایدۆلۆژیا و ڕێبازی سیاسی، یان حزبی و هەر شتێکی دیکە پرۆژەکە بەرهەم هاتووە... هاوکات بەسەدان وێنەی دەگمەن و دانسقەی لەخۆ گرتوون، کە بە ئەلبومێکی گەورەی تایبەت بەو ئەستێرە گەشانە هاتۆتە کایەوە، خۆی لەخۆیدا فەرهەنگێکی گەورەی هونەری ئامێزە...هتد.

* لەکۆتاییدا- کۆتایی نەبێ، هەر بەردەوام بێت- لەبەر ڕۆشنایی کە مێژووی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی کۆمەڵایەتی خەڵک- بەتایبەتی دەستە بژێرە ڕۆشنفیکرەکەی خۆنەویست و بەرپرسیارانە دروستی دەکەن...هتد.

* هەر لێرەوەش، حەز دەکەم، دوو پێشنیاز پێشکەش بە بەڕێزتان بکەم:

١- بەرگی پێنج و شەشەوە، ژمارەی ئەستێرەکان بە (٥٠٠) ئەستێرە بگات.

٢- پێم باشە، پرۆژەکە بەردەوامی هەبێت و (١٢) بەرگ و هەزار و یەک ئەستێرەی درەوشاوە لە باوەشی- ئەو ١٢ بەرگەدا- بەشانازییەوە لەخۆ بگرێت...

هەمیشە پێشکەوتن..


**مومتاز حەیدەری**

**هەولێر- کوردستان**

**٢٠٢٣/١/٢١**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب




# مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

زانای گەورەی کورد لە بواری(فیقهـ و تەسەووف و عەقیدە) مامۆستای زانستی و فەرهەنگ و ئەدەب و کۆمەڵایەتی بە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسی، ڕەوانشاد مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ....

ناوی تەواوی(مەلا عەبدولکەریم سۆفی محەمەد سۆفی فەتاح کوڕی مستەفا کوڕی محەمەد خەجێ)یە، لە عەشیرەتی قازییە، بە مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس ناسراوە، لە ساڵی ١٩٠٤ لە گوندی(گوێزە کوێرە) ی سەر بە شاری مەریوانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوەی دیکە دەڵێن: لە گوندی(تەکییە)ی سەر بە شارۆچکەی خورماڵ لە دایک بووە، سەرەتای خوێندنی بە قورئانی پیرۆز و کتێبە دینییەکان دەست پێ کردووە، لەوانە(شەرحی جامی)، لە گوندەکانی(بەیەڵە، بالک، کانیسانان، دەرەتفێ) گەڕاوە، لە سەرەتای هەڵگیرساندنی جەنگی یەکەمی جیهانی لە مزگەوتی(مەڵکەندی) لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە، دواتر چۆتە مزگەوتی مەلا محەمەدی ئەمین بالیکەدەری، لە ساڵی ١٩٢٤ لە ئاهەنگێکدا مۆڵەتی مەلایەتی لەسەر دەستی زانای ئایینی شێخ عومەری قەرەداغی وەرگرتووە، بۆتە مەلا لە گوندی(نێرگسەجار)، پاشان لەسەر داوای شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی چۆتە بیارە، لەوێ ڕۆژانە بە سەدان کەس سەردانیان کردووە، دەستی بە وانەبێژی کردووە، ناسناوی(مودەڕیس) ی وەرگرتووە،



لە لای ڕاستەوە: شێخ عوسمانی بیارە، مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، نەناسراوە، نەناسراوە





مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس

مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە بیارە زیاتر لە(٢٥)ساڵ خزمەتی زانست و فەرهەنگی کوردی کردووە.

لە ساڵی ١٩٥١ لە مزگەوتی(حاجی حان) لە شاری سلێمانی بۆتە مەلای مزگەوت، ساڵی ١٩٥٤ چۆتە شاری کەرکووک لە تەکییەی تاڵەبانی بووە بە مامۆستا و وتار خوێن، لە ساڵی ١٩٦٠ لە مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی لە بەغدا بە ناونیشان و پلەی مودەڕیس دادەمەزرێت، زیاتر لە(٥٠) فەقێی هەبووە.

ئەو چەندین بەرهەمی دەربارەی ژیان و بەسەرهات و شیعری چەندین شاعیر و کەسایەتییە ئایینی و ئەدەبییەکان نووسیوە، لەوانە(مەولانا خالیدی نەقشبەندی، شێخ عوسمان سیڕاجەدین)، هەروەها چەندین شیعری بە ناوی خوازراوی(نامی) بڵاوکردۆتەوە، ڕۆڵێکی گرنگیشی هەبووە لە وەرگێڕانی فیقهو تەجویدی ئیسلام بۆ سەر زمانی کوردی، چەندین بەرهەمی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی نووسیوە کە ئەمانە هەندێکییانن:

- باخچەی گوڵان.
- بارانی ڕەحمەت.
- بەهار و گوڵزار.
- بنەماڵەی زانیاران.
- شەرحی تەسریفی زنجانی.
- تەفسیری نامی (لە چەند بەرگێکدا).
- سەناو سکاڵا.




مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس





مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە جاحێڵی


- حەج نامە.
- خولاسەی تەفسیری نامی.
- دوو ڕشتە.
- ڕۆژگاری ژیانم.
- ڕۆژگاری بەهەشت.
- ڕێگای پێغەمبەر.
- سەرچاوەی ئایین.
- سۆسەنی کۆسا.
- شەریعەتی ئیسلام - لە ٤ بەرگدا.
- شەمامەی بۆندار.
- شەوچەرەی دڵدار.
- کەراماتی حەزرەتی ضیاء الدين (قدس سره).
- لیمۆی مەزەدار.
- مەولودنامە و میعراجنامە.
- مەکتووبات کاک ئەحمەدی شێخ.

هەواڵنامەی کتێب









بەرهەمی مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس.

- نامەی بەختیار.
- نامەی هۆشیار.
- شەمامەی بۆندار.
- نووری ئیسلام.
- نووری قورئان.
- وەنەوشەی نازدار.
- وتاری ئایینی بۆ ڕۆژانی هەینی.
- یادی مەردان (دوو بەرگ).
- عەقیدەی مرضیةی مەولەوی.
- دیوانی فەقێ قادری هەمەوەند.
- دیوانی مەحوی.
- دیوانی مەولەوی.
- دیوانی نالی.
- بەرهەمەکان بە زمانی فارسی:
- فوائد الفوائح.
- رسالە شمشیرکاری.

هەواڵنامەی کتێب

- بەرهەمەکان بە زمانی عەرەبی:
- علماؤنا فی خدمة علم و الدین.
- الصرف الواضح للمبتدئین.
- الإسلام.

مامۆستا مە لا عەبدولکەریمی مودەڕیس، چەند ساڵێک لە بەغدا سەرۆکی زانایانی عێراق بووە، هەر لەسەر ئاستی عێراقیش بە زانایەکی گەورە ناسرابوو، توانای فەتوای ئایینی هەبووە، زیاتر لە(٣٠٠٠) زانای ئایینی سوننە مەزهەب لە هەموو پارێزگاکانی عێراق لە بەغدا کۆبوونەوە، بە بێ بەشداری و ئاگاداری مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە ئەمینداری(فەتوا و توێژینەوە و تەسەوف)یان هەڵبژاردووە، بەڵام لە بەر باری تەندروستیی خۆی ئەو پۆستەی ڕەت کردۆتەوە.

ماوەیەک ئەندامی کارای کۆڕی زانیاریی کورد بووە لە بەغدا، باوەڕپێکراوی کۆڕی زانیاریی وڵاتی( ئوردن )یش بووە.

ئەو کاتەی کە تەمەنی گەیشتۆتە(٧٠)ساڵی و کاتی خانەنشینی هاتووە، نەوەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی داوایان لێ کردووە لە مزگەوتی گەیلانی بمێنێتەوە، بۆ ڕاییکردنی کاروبارە شەرعییەکانی موسڵمانان.

مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیس لە شەوی ٢٩/ ٣٠ ی مانگی ئابی ٢٠٠٥ لە تەمەنی(١٠١) ساڵیدا لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، لە مەراسیمێکی شایستە و لائیق لە ناو مزگەوتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بە خاک سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و گڵکۆی پڕ نوور و ڕەحمەت بێت.

پارچە شیعرێکی مامۆستا عەبدولکەریم مودەڕیس:

**ئەی پێغەمبەری ڕەهبەری ئیسلام**
**بڕژێ بەسەرتا سەڵات و سەلام**
**ئەی یادگاری نەتەوەی ئادەم**
**بۆ تۆ بوو دنیا دەرچوو لە عەدەم**

**دڵــێ بــە یــادی تــۆ نوورانــی بــێ**
**لەگـەڵ فریشـتە ئەبــێ بــە هاودەم**
**چــاوێ بڕوانــێ بــۆ نــاو چاوانــت**
**وەرئەگرێ نـووری بارەگای قیدەم**
**ئـەی پێغەمبـەری ڕەهبـەری ئیسـلام**
**بـڕژێ بەسـەرتا سـەلات و سـەلام**
**ئـەی پێغەمبـەری شـیرین ڕەنگ و بۆ**
**دەسـتی هانامـان بـە دامانــی تـۆ**
**دونیـای ڕووناکم لـێ بـووە بـە شـەو**
**مەینەت لە سەرم جەم بووە کۆ کۆ**
**سـایە شـک نابـەم لـە گەرمـای دەردا**
**مەگـەر سـێبەری کاڵای ئـاڵای تـۆ**
**خـۆت زویـر مەکـە لە بـێ شـەرمیمان**
**لا بکـەرەوە ئەمجـارەش لــە نـۆ**
**ئـەی پێغەمبـەری ڕەهبـەری ئیسـلام**
**بڕژێ بەسـەرتا سـەڵات و سـەلام.**

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.
٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا- ئازاد.
٣ - Kurdistan tv، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢- ٤ -٢٠٢٢.
٤ - ماڵپەڕی زانیاری، وتارێکی نووسەر بژار یوسف، لە ٢٩-٨-٢٠١٩.
٥ -ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی عیشوە، لە ٢٠-٨-٢٠١٣.
٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

هەواڵنامەی کتێب



# حوسێن حوزنی موکریانی

مێژوونووس و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، یەکەم کەس بووە هەردوو ئامێری کامیرای فۆتۆگرافی و چاپخانەی هێناوەتە باشووری کوردستان، هونەرمەندی خۆشنووس و نەخش و نیگارکێش و هەڵکەندن لەسەر دار و شووشە، وەستای مۆر(ختم) دروستکردن و کرمی ئاوریشم(دودة القز)یشی پەروەردە کردووە، ڕەوانشاد حوسێن حوزنی موکریانی ...

ناوی تەواوی(سەید حوسێنی سەید عەبدولەتیف کوڕی شێخ ئیسماعیل)ە، لە ساڵی ١٨٩٣ لە شاری مهاباد لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن: لە گوندی(بوغدەکەند)ی سەر بە شاری(سەقز) لە دایک بووە، شاعیری نەمر هەژار موکریانی لە کتێبی(چێشتی مجێور)دا دەڵێت: ئەو لە گوندی(ئینچکە)ی سەر بە تورجان لە بەشی ناوەندی شاری سەقز لە دایک بووە، ئەو لە لای باوکی و خاڵەکانی خوێندنی ئایینی خوێندووە، هێشتا مێردمنداڵ بووە باوکی کۆچی دوایی کردووە، تەمەنی(١٢)ساڵان بووە کەس و کار و شاری سەقز و مەهابادی بەجێهێشتوە، چۆتە مەراغە و تەوریز و یێریڤان، بە مۆر(ختم) هەڵکەندن خۆی بەڕێوە بردووە، بە جلی ئەفغانی هەموو کوردستان گەڕاوە بۆ کۆکردنەوە و تۆمار کردنی مێژووی کوردی، ئەو یەکەمین کەسە لە سەدەی بیستەم مێژووی کوردی بە زمانی کوردی تۆمار کردووە، پاشان ڕووی کردۆتە باشووری کوردستان لە ڕێگای سەید



**لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس بە جلی کوردی**
**مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی، پیرەمێردی شاعیر**

تەهای نەهرییەوە ماوەیەک لە ڕواندز نیشتەجێ بووە، دواتر لە ساڵی ١٩١٤ چۆتە شاری(حلب)ی سووریا، لەوێ چاپخانەیەکی لە ئەڵمانیا کڕیوە لە ١٥-١-١٩١٥ لە بازاڕ(سویقە)ی شاری حەلەب دایناوە، لە ساڵی ١٩٢٥ ماوەی(٦) مانگێک چۆتە بەغدا، لە ساڵی ١٩٢٦ چاپخانەکەی گواستۆتەوە شاری ڕواندز و گۆڤارێکی بە ناوی(زاری کرمانج) تا ساڵی ١٩٣٤ دەرکردووە، لە مانگی شەشی هەمان ساڵ بۆ ماوەی(٤) مانگ چووەتە شاری سلێمانی لەگەڵ پیرەمێردی شاعیر لە ڕۆژنامەی(ژیان)دا کاری کردووە.

لە ساڵی ١٩٣٥-١٩٣٦ چاپخانەیەکی لە موسڵ کڕیوە و لە هەولێر دایناوە، بە هاوکاریی پارێزەر شیت مستەفا مۆڵەتی فەرمی بۆ گۆڤاری ڕووناکی وەرگرتووە و چەند ژمارەیەکیان دەرچوواندووە، پاشان ماوەیەک بێ کار بووە، لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهان چۆتە بەغدا، لە ساڵی ١٩٤٣ وەک نووسەر لە گەڵ تۆفیق وەهبی



**کامێرای فۆتۆگراف**



**پەیکەری نووسەر**
**حوسێن حوزنی موکریانی**

و حەسەن شێخ حەمە مارف گۆڤاری(دەنگی گێتی تازە)یان دەرکردووە، کۆمەڵێک وتار و پەخشان و کورتە چیرۆک و دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بە ناوەکانی(حوزنی، داماو ، خدرۆک، بێژەن) بڵاوکردۆتەوە.

مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس حوسێن حوزنی موکریانی لە ساڵانی ١٩٢٥-١٩٤٧ خەرمانێک بەرهەمی بە نرخی لەسەر مێژووی کورد و کوردستان نووسیوە و هەندێکی لە چاپداون و هەندێکیشیان هێشتا هەر چاپ نەکراون و بڵاونەکراونەتەوە، بەرهەمە دیارەکانی دەربارەی مێژووی کورد و ناودارانی کورد ئەمانەن:(مێرگەی دڵان، خونچەی بەهارستان، پێشکەوتن، ئاورێکی پاشەوە، میرانی سۆران، کوردستانی موکریانی، بە کورتی هەڵکەوتنی دێریکی، لاپەڕەیەک لە دێریکی کوردستانی موکریان، ناودارانی کورد)، چیرۆکی(خۆشی و ترشی) و(مەڕۆکە و بزنۆکە)



**لە لای ڕاستەوە: سێیەم کەس نووسەر حوسێن حوزنی موکریانی**

و کتێبێکیشی لەسەر پەروەردەکردنی (کرمی ئاوریشم- دودة القز) نووسیوە و چاپکردووە، سەرەڕای وەرگێڕانی چەند کتێبێک لە زمانەکانی عەرەبی و فارسییەوە.

حوسێن حوزنی موکریانی مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس، هەرچەندە هیچ خوێندنی باڵا و ئەکادیمی تەواونەکردبوو، نووسینەکانیشی هیچ بەڵگەی زانستی و ئەکادیمی و دۆکۆمێنتی لەگەڵدا نەبووە، بەڵام ئەو چونکە ئەزموونێکی زۆری لەسەر مێژوو و ئەدەبی کوردی هەبووە و زمانەکانی(عەرەبی و فارسی و ڕووسی و ئەفغانی و هیندی و ئینگلیزی و فەرەنسی) زانیوە و پەیوەندی وهەڵسوکەوتی لەگەڵ مێژوونووس و ڕۆژهەڵاتناسانی وەکو مینۆرسکی چەندانی دیکە هەبووە، بۆیە نووسینەکانی جێگای متمانە و باوەڕن و سەنگی تایبەتیی خۆیان هەیە.

ئەو لە ئەستەنبوڵ و حەلەب بە نهێنی بەشداری لە دەرچوواندنی چەندین




**بەرهەمەکانی نوسەر حوسێن حوزنی موکریانی**



ئامێری چاپ

گۆڤارو ڕۆژنامەی کوردی وەکو(کوردستان، ئارارات، بۆتان، چیا کرمانج، دیاربەکر، سۆران) کردووە.

حوسێن حوزنی موکریانی وەکو هونەرمەندێکی دەست ڕەنگینیش لەسەر دار و تەختە و شووشە کاری نیگارکێشانی کردووە، یەکەمین کەس بووە ئامێری وێنەی فۆتۆگرافی هێناوەتە هەولێر و وێنەی زۆر لە سەرکردە کورد و پیاوە ناودارەکانی هەولێری پێ گرتووە، هەر یەکەم کەسیش بووە ئامێری چاپخانەی هێناوەتە باشووری کوردستان.

شێخ عومەر وەجدی مامۆستای(رواق الاکراد) لە زانکۆی(الازهر)ی میسری نامەیەکی بۆ مێژوونووس حوسێن حوزنی موکریانی نووسیوە و تێیدا دەڵێت:(لە محەمەد عەلی عەونیم بیستووە کە وتوویەتی، چاپخانەی حوزنیم لە حەلەب دیوە کە ئەدەب و مێژووی کوردی پێ چاپ دەکرد،

خەیاڵم بووە بچمە سویرەک و سەر لەخزمان بدەم؛ بەڵام حوزنی ئەوەندەی کار تێکردم وازم لەسەفەر هێناو گەڕامەوە میسر و بڕیارمدا منیش چاو لەو پیاوە بکەم و خۆم بۆ خزمەتی مێژووی کورد تەرخان بکەم).

نووسەرو شەهید شاکر فەتاح ساڵی ١٩٧٢ کتێبێکی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی مێژوونووس و ڕۆژنامەنووس حوسێن حوزنی موکریانی نووسیوەو چاپی کردووە و بڵاویکردۆتەوە.

مێژوونووس و ڕۆژنامەنووسی گەورەی کورد حوسێن حوزنی موکریانی لە ڕۆژی ٢٠-٩- ١٩٤٧ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی هێنراوەتەوە هەولێر و لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد لە هەولێر بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی دکتۆر کوردستان موکریانی.
٢ - کتێبی(چێشتی مجێور)ی شاعیر هەژار موکریانی.
٣ - ماڵپەڕی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان.
٤ - کوردیپیدیا.
٥ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٦ - خاک تیڤی ، وتارێکی نووسەر نەجات ڕوستی لە ٢١-٨-٢٠١٦.
٧ - گەلی کوردستان، فیلمێکی دوکیومێنتاری، ئامادەکردنی بەڕێز جەمال لۆلۆ و پێشکەشکردنی نزار ژاژڵەیی.
٨- ماڵپەڕی Galawwj، لە ١٦-٦-٢٠٢٠، هەندێ لە وێنەکان.
٩- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەرەبی شەمۆ

بە باوکی ڕۆمانی کوردی و بە شوانی زمانی کوردی دادەنرێت، نووسەر و ڕووناکبیر و ڕۆماننووسی گەورەی کورد، ڕەوانشاد عەرەبی شەمۆ یان(عەرەب شامیلۆڤ) ...

زانا و ڕووناکبیری کورد عەرەبی شەمۆ لە ساڵی ١٨٩٧ لە گوندی(سوسز)ی ناوچەی قارسی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە بنەماڵەیەکی سەر بە شێخانی(ئێزیدی- داستی) لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوە دەڵێن:( ئەو کات ناوچەی قارس و ئەرزەڕۆم لەژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی ڕووسی بووە، سەرەتا ژیانی بە شوانکارەیەتی بەسەر بردووە، دواتر چۆتە قوتابخانەی گوندی (ئەلەکسەندرۆڤ)، پێش هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لە لایەن ڕژێمی قەیسەر دەستگیر دەکرێت و ڕەوانەی بەندیخانەی(ساریقامیش) دەکرێت و دوای ئازاد کردنی دەگەڕێتەوە گوندەکەی خۆیان، پاش بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر چۆتە شاری(ستاڤرۆپڵ)ی باکووری قەوقاز بۆتە ئەندام لە ڕیزی پارتی(بەلشەفیک)، لەبەر ئەوەی ئەو زمانەکانی(کوردی، جۆرجی، تورکی، ئازەری، ڕووسی، ئەرمەنی)یشی بە باشی زانیوە، لە ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٤ لە(ئینستیوتی لازاریان) لە مۆسکۆ کە کاریان لەسەر



لە لای چەپەوە: یەکەم کەس عەرەبی شەمۆ

زمانـە ڕۆژهەڵاتییـەکان کـردووە دادەمەزرێـت، لـە سـاڵی ١٩٣٠ تـا ١٩٣٥ سەرنووسـەری ڕۆژنامەی(ڕێیا تازە) بووە، کە بە پیتی لاتینی دەریدەکرد.

هـەر لـە سـاڵی ١٩٣٥ لـە لایـەن ڕژێمـی ستالین دەسـتگیر دەکرێـت و ڕەوانـەی سـیبیریا دەکرێـت، لـەوێ وەکـو کرێـکار لـە هێڵـی شـەمەندەفەر کار دەکات و هـەر لـەوێ کیژێکـی ڕووسـی بـە هاوسـەری ژیانـی خـۆی هەڵدەبژێرێـت، ئـەو نزیکـەی(١٩) سـاڵ لـە سـیبیریا بـووە، پـاش مردنـی ستالین ساڵی ١٩٥٤ ماوەی دوورخستنەوەکەی تەواو بووە و گەڕاوەتەوە (یەریڤـان)، هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ نووسـین تەرخـان کـردووە.


کاتێـک باس لە ئەدەبی کوردی دەکرێت، دەبێ نـاوی نووسـەرعەرەبی شـەمۆ وەکو یەکـەم ڕۆماننووسـی کوردی بهێنرێت، ئەو بە باوکـی ڕۆمانی کـوردی دادەنرێت، چونکـە لـە سـاڵی ١٩٣٥ بـە نووسـینی ڕۆمانی(شـڤانی کـورد- شـوانی کـورد) بناغـەی نووسـینی ڕۆمانـی کـوردی دانـاوە و بـە نووسـینی ڕۆمانی(ژیانـی بەختـەوەری و قـەڵای دمـدم) ئـەو بناغەیەی پتەوتر

کردووە، گومانیشم لا نییە هەر ڕۆماننووسێکی کوردی بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی عەرەبی شەمۆ دەستی پێکردووە و سوودی لێوەرگرتوون.

ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی بە زمانی کوردی بە پیتی لاتینی نووسیوە کە ئەمانە:

- شڤانی کورد، ڕۆمان،ساڵی ١٩٣٥.
- ڕۆمانی بەربانگ، ساڵی ١٩٥٧.
- ڕۆمانی ژیانی بەختەوەری، ساڵی ١٩٥٩.
- داستانی قەڵای دمدم ، ١٩٦٦، کە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ڕووسی بە پیتی(سلاڤی) و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسیش چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە و چاپە فەرەنسییەکەی لە لایەن نووسەری فەرەنسی(بازیل نیکیتین)ەوە، وەرگێڕدراوە.
- چیرۆکی نێو خەلکان.
- کوردانی ئەرمەنستان، ساڵی ١٩٦١.
- هۆپۆ، ساڵی ١٩٦٩.
- بەرهەمە کۆکراوەکانی عەرەبی شەمۆ.

هەواڵنامەی کتێب




**عەرەبی شەمۆ**



**لە لای ڕاستەوە: هاوسەری عەرەبی شەمۆ، عەرەبی شەمۆ**

قەڵای دمدم نووسەر شوکر مستەفا وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو.

کاتێک ڕۆمانی شوانی کورد وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ڕووسی(مەکسیم گۆرگی) دەیخوێنێتەوە و دەربارەی ڕۆمانەکە و خودی عەرەبی شەمۆ دەڵێت:(گەلی کورد ئیدی بە زمانی نووسەری خۆی دەدوێت).

نووسەری کورد(ئەمەریک سەرداریان) لە بارەی گەڕانەوەی عەرەبی شەمۆ بۆ یەریڤان دەڵێت:(لە ڕۆژنامەی سۆڤیەتییەکان(هایاستان) ئەو هەواڵەم خوێندەوە کە نووسەری کوردی بەلشەفیی عەرەب شامیلۆڤ گەڕاوەتەوە یەریڤان، تا وەکو ئەو کاتە هەرگیز ناوی عەرەبی شەمۆمان نەبیستبوو، بۆ ئەوەی ناوەکەی نەبیستریتەوە نە یارەکانی هەروا دانەنیشتبوون).

بەرهەمەکانی عەرەبی شەمۆ زمانی کوردیان بەرەوپێشەوە بردووە، ئەو بە شوانی زمانی کوردی دادەنرێت.

عەرەبی شەمۆ گەلێک پەند و قسەی نەستەق و دەربڕینی بەیت و




**بەرهەمەکانی عەرەبی شەمۆ**

بالـۆرەی زانیـوە، بەشـی زۆریشـی لـە ڕۆمانـی قـەڵای دمـدم بەکارهێنـاوە.

عەرەبی شـەمۆ لـە ٢١- ٥- ١٩٧٨ کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی مەزنـان لـە ئەرمەنسـتان نێژراوە، ڕوحی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێت.

هەواڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای- ئازاد.

٣ - ماڵپەڕی خواکورک.

٤ -کوردستـانی نـوێ، وتارێکـی نووسـەر ئیکرام ئۆغـوز، کـە نووسـەر فەرهـاد چۆمانـی وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کوردی لـە ٨-٩- ٢٠٢٢.

٥ - ماڵپـەڕی دیدی من ، وتارێکی نووسـەر ئۆسـتی ڕەشـید لـە کرمانجییـەوە، نووسـەر ژیـار هۆمـەر وەریگێڕاوە.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ

ئەو لەگەڵ هاوڕێی ڕەشید بلاتۆڤ یەکەم قوتابیی کورد بوونە لە زانکۆی(لینینگراد- سانت پترسبۆرگ) وەرگیراون، کوردناس و زمانناس، مێژوونووس و زانای گەورەی کورد، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ(کوردۆیڤ)...

ناوی تەواوی(قەنات کوڕی کوردۆ کوڕی کەلەش کوڕی خدر)ە، لە ١٢- ٩- ١٩٠٩ لە گوندی(سوسز)ی ناوچەی قاترمانی سەر بە هەرێمی قارسی باکووری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی لە بنەماڵەیەکی کوردی ئێزیدی لە دایک بووە، لە سەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی گوندەکەیان وێرانکراوە، باپیری قەناتی کوردۆ لە هەرە ناودارەکانی ئێزیدی بووە، لەتاو زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی ئەو کات، بەرەو ناوچەی(ئاپاران)ی ئەرمنستان ڕۆیشتوون و لە گوندی(کۆربلاخ) گیرساونەتەوە، خەڵکەکەی ئەم گوندە هەموویان کورد بووینە، لەوێش دەسەڵاتی عوسمانی گوندەکەیان لێ داگیر دەکەن و ماوەیەک دەربەدەر دەبن، دواتر دەگەڕێنەوە گوندی کۆربلاخ، باوکی بە کاسبی بژێوی ژیانی خێزانەکەی پەیدا کردووە، لە ساڵی ١٩٢٠ چوونەتە گورجستان و لە شاری(تەفلیس) نیشتەجێبوونە، دیسان باوکی لەوێش ماوەیەک ڕەنجبەری کردووە، لە ساڵی ١٩٢١ باوکی کۆچی دوایی دەکات، ئەو تەمەنی (١٢) ساڵان بووە، دایکی پەروەردەکردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، هەر لە هەمان ساڵدا چۆتە قوتابخانەی (هاگۆب گازایانی)ی



**لە لای چەپەوە دانیشتووەکان: دکتۆر مارف خەزنەدار، حەجێی جندی، م.ب. ڕودینکۆ، قەناتی کوردۆ، وەزیری ئەشۆ، لە لای چەپەوە ڕاوەستاوەکان: ئوردیجانی جەلیلی، ئەوانی دیکە نە ناسراون**

ئەرمەنی، کە بە قوتابخانەی(لازۆ) ناسراوە، ئەو بە پیتی لاتینی ئەرمەنی فێری زمانی کوردی بووە، ژنەکەشی فێری زمانی ئەرمەنی کردووە.

قەناتی کوردۆ لە ساڵی ١٩٢٨ خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە و لە کۆلێژی(کارگەران) لە شاری لینینگراد وەرگیرا وە و ساڵی ١٩٣١ تەواوی کردووە کە بەرانبەر خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بووە، لە کۆتایی هەمان ساڵ لەگەڵ هاوڕێی ڕەشید بلاتۆڤ یەکەم دوو قوتابی کورد بووینە لە کۆلێژی زمانەوانی زانکۆی(لینینگراد- سانت پترسبۆرگ) وەرگیراون و لە ساڵی ١٩٣٦ بڕوانامەی دیبلۆمی وەرگرتووە و هەر هەمان ساڵ لە خوێندنی باڵا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٤١ بڕوانامەی دکتۆرای بەدەستهێناوە، لە پەیمانگای(ئەسنۆگرافیای ئەکادیمای زانستی سۆڤیەت) دامەزراوە، دوای ماوەیەک نێردراوەتە فابرقەی شەفەقی سوو تا شوباتی ساڵی ١٩٤٢.

دکتۆر قەناتی کوردۆ لە ساڵی ١٩٤٥ بۆتە ئەندامی پارتی کۆمۆنستی رووسی. لە پاش کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی بووەتە مامۆستای زمانی کوردی وانەی بە قوتابیانی بەشی ئێرانی وتووەتەوە، لە ساڵی

١٩٤٧ تا وەکو ساڵی ١٩٦٠ سکرتێری لیژنەی ناوچەی پارتی کۆمۆنیست بووە لە پەیمانگای رۆژهەڵاتناسی لە شاری لینینگراد، لە ساڵی ١٩٥٨ هەر یەک لە قەناتی کوردۆ و ئیسحاق تسوکەرمان و مارگریت ڕۆدینکۆ، خەریکی کوردناسی بووینە لە بەشی ئێرانی لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی، بە هاوکاری و یارمەتیی(یوسف ئۆربێلی)سەرۆکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی، بەشی کوردییان وەکو بەشێکی سەربەخۆ پێکهێناوە، لە سەرەتادا ئۆربێلی خۆی سەرۆکی بەشەکە بووە، دواتر قەناتی کوردۆ بە سەرۆکی بەشەکە هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٦٨ پلەی زانستی پرۆفیسۆری وەرگرتووە.

قەناتی کوردۆ وەکو کوردناسێک و زانایەکی کوردیی دڵسۆز و لێهاتوو خزمەتێکی زۆری ئەدەب و مێژوو و زمانی کوردی کردووە ئەمانەش هەندێک لە بەرهەمەکانیەتی:

- تەحویری مێژووی کورد لە زانستی مێژووی بۆرجوازی فارس، ساڵی ١٩٥٤.



**کۆمەڵێك ئەکادیمی و ناوداری کورد و ڕووسی لە بواری کوردۆلۆجی و دیراساتی ڕۆژهەڵاتناسی زمان و ئەدەب و مێژووی کورد لە سۆڤیەتی جاران، لە لای ڕاستەوە ڕاوەستاوەکان: سەید کەریمی ئەیوبی، جەلیلی جەلیلۆڤ، ئی. نا. سەمیرتۆڤا، ژ.س. موسەیلیان، ئی. بی. ڤاسیلێیڤا، لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: قەناتی کوردۆ، یوسف ئەبگارۆڤ ئۆربیلی، دیمتری کوڕی ئۆربیلی(منداڵەکە)، سەید عەزیزی شەمزینی، مارگریتا یۆریسۆڤنا ڕۆدینکۆ**



لە لای ڕاستەوە: جەلیلی جەلیل، قەناتی کوردۆ، دکتۆر جەمشید حەیدەری



لە لای ڕاستەوە: قەناتی کوردۆ، حەجێی جندی، کینازی ئیبراهیم



لە لای ڕاستەوە: قوناتی کوردۆ، شامیل ئەسگەرۆڤ




گڵکۆی قەناتی کوردۆ.

- خەپاتۆر، ئابۆڤیان وەکو کوردناس و ئەسنۆگراف، ساڵی ١٩٥٤.
- بیروباوەڕی ناڕاست لە بارەی زمان و مێژووی کوردییەوە، ساڵی ١٩٥٥، ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٧٣ دکتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف وەریگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو(سۆرانی) لە چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد چاپکراوە.
- کورد لە پەرتووکی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ساڵی ١٩٥٧.

- فەرهەنگی کوردی- ڕووسی، شێوەزاری کرمانجی باشوور، ساڵی ١٩٨٣، فەرهەنگی کوردی(سۆرانی- ڕووسی) نزیکەی (٢٥٠٠٠) وشەیە.
- پەرتووکی ڕێزمانی کوردی، ساڵی ١٩٥٦، ساڵی ١٩٨٤ دکتۆر کوردستان موکریانی لە زمانی ڕووسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی، لە چاپخانەی(الاديب البغدادي) لە چاپدراوە.
- ئەحمەدی خانی و بەرهەمی وێژەیی.
- دروستبوونی وشە لە زمانی کوردیدا.
- کوردی سۆڤیەت لە وێژەی کوردی دەرەوەدا.
- بیروباوەڕی قارەمانیەتی لە بەرهەمی وێژەی ئەحمەدی خانی.
- کتێبی ڕێزمانی کوردی، مۆرفۆلۆجی و فۆنەتیک، بە شێوەزاری کرمانجی، لە یەریڤان چاپکراوە.
















له لای ڕاستەوە: قەناتی کوردۆ ، ڕەشید بلاتۆڤ

- قەڵای گەل، چیرۆک.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی یەکەم، چاپی سوید.
- مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی دووەم، چاپی سوید، ١٩٩٦.

قەناتی کوردۆ تا ڕۆژی کۆچی دوایی کردنی هەر خزمەتی زمان و ئەدەب و مێژووی کوردی کردووە و لە ڕۆژی ٣١-١٠-١٩٨٥ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.
٢- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای - ئازاد.
٣ - ماڵپەڕی پەڕگە، قەناتی کوردۆ.
٤- Manu Midia.
٥- History of kurd، وتارێکی نووسەر ڕێبوار خالید ١٢-١ ٢٠١٩.
٦- هەندێ وێنەی قەناتی کوردۆ، هاوڕێم جەمیل مەلا قەرە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٧- ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ڕەوشەن بەدرخان

پێش مردنی بە هەندێ لاوی کوردی وتووە:(یەکگرتنا گەلی کورد بدە من، ئەزێ کوردستانەک سەربخۆ بدەم تە).

مامۆستا و نووسەر و وەرگێڕ و ڕووناکبیر، خاتوو ڕەوشەن بەدرخان....

ناوی تەواوی( ڕەوشەن کچی مەحموود سالح بەدرخان)ە، باپیری باوکی برای بەدرخان پاشای گەورەی میری(بۆتان) بووە، لە ١١- ٧-١٩٠٩ لە باژێڕی(قەیسەری) لە تورکیا لە دایک بووە، تەمەنی دوو ساڵان بووە کە ماڵیان چۆتە ئەستەنبوول، دەوڵەتی تورک بنەماڵەی بەدرخانییەکانی یەک لە دوای دوورخستۆتەوە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە ساڵی ١٩١٣ باوکی ڕەوشەن بەدرخان ناچار بووە بچێتە (شام)، لە ساڵی ١٩١٥ باوکی بە نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە، ڕەوشەن بەدرخان لە قوتابخانەی(شوعلەت ئەلتەڕەقی- شعلة الترقي)ی تورکی لە دیمەشق بە زمانی تورکی دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر خوێندنی گواستۆتەوە قوتابخانەی سووری بە زمانی(عەرەبی و ئینگلیزی) خوێندوویەتی و(دار المعلمات)ی تەواو کردووە و بۆتە مامۆستا، لە ساڵی ١٩٣٥ ماوەیەکیش لە وڵاتی ئوردن لە قەزای (الكرك) مامۆستا بووە، لە ساڵی ١٩٣٧ جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە شام و وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی بە فەرمی



**لە لە لای ڕاستەوە: میر جەلادەت بەدرخان ، ڕەوشەن بەدرخان**

دامەزراوە و لە قوتابخانەکانی(اللائق و لیلی الاحنبلي) و بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە تا ساڵی ١٩٦٥ خانەنشینکراوە.

ئەو جگە لە زمانی کوردی زمانەکانی عەرەبی و تورکی و هەندێ ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانیشی زانیوە، لە بواری نووسین و وەرگێڕان زیاتر لە(١٠) کتێبی چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە و هەندێکیشی هەر لە چاپ نەدراون، کە ئەمانەن:

- بیرەوەرییەکانی ژنێک، لە زمانی تورکی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٥١.

- بیرەوەرییەکانی ژنێک، بەشی دووەم.

- ئەوینی من و دەردی من، چیرۆک لە تورکییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٥٣،

- بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک، کە(سێ کتێبی پەروەردەیین) لە تورکییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٥٤.

- پەیامی خەڵکی کورد، هەڵبەست و گۆرانییە، لە کوردییەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی، ساڵی ١٩٥٤، لەبەر بارودۆخی سیاسی ناوی خۆی لەسەر کتێبەکان نە نووسیوە.

- لاپەڕەکانی وێژەی کوردی ، ساڵی ١٩٥٤.

- نامەیەک لە میر جەلادەت بەدرخانەوە بۆ مستەفا کەمال پاشا، وەرگێڕان لە تورکییەوە بۆ عەرەبی، ساڵی ١٩٩١.

- بیرەوەرییەکانی من، سەلاح بەدرخان، وەرگێڕان لە تورکییەوە بۆ عەرەبی.



**ئەوەی دانیشتووە:: میر جەلادەت بەدرخان، ڕاوەستاوەکە: نووسەر ڕەوشەن بەدرخان**




ڕەوشەن بەدرخان بە جلی کوردی

**بەرهەمە چاپنەکراوەکانی:**

- بیرەوەرییەکانی من، دەستنووس.
- بابم عەبدولحەمید، لە نووسینی عائشێ کچی عەبدولحەمید.

ڕەوشـەن بەدرخـان ئەسـتێرەیەکی گەشـی ئاسمانی خەباتی ڕزگاریخـوازی گەلـی کـوردە، لـە بوارەکانـی پـەروەردە و ڕۆشـنبیری و چالاکیـی مافەکانـی مـرۆڤ و ئافرەتـان و منـداڵان خزمەتێکـی زۆری کـردووە، ئـەو لـە ئاوارەیـی و غوربەتـەوە مامۆسـتایەکی پێشـەنگ بـووە و نەوەکانمانـی پێگەیانـدووە، لـە سـاڵی ١٩٩٢ پێـش کۆچـی دوایـی کردنـی لـە شـوێنێکدا بـە لاوانـی کـوردی وتووە:(کوڕێ مـن دەمـێ ئـەم ل سـەر دارێ ژیانـێ نامێنن، کـوڕێ مـن حـەز ژ هـەڤ بکن، دگـەل هـەڤ هاریکاربن، یـەک بگرن و ژ هـەڤ جودا نەبن، کـوڕێ مـن یەکگرتنـا گەلـێ کـورد بـدە مـن ئـەزێ کوردسـتانەک سـەربخۆ بـدەم تـە).




ڕەوشـەن بەدرخـان سـەرەڕای نووسـینەکانی ئـەم چالاکییانەشـی پێشـکەش بـە میللەتەکەمـان کـردووە:

- لـە سـاڵی ١٩٣٣ یەکەمیـن ئافرەتـی کـوردە لـە گۆڤاری(هـاوار و ڕۆناهی)وتـاری بـە زمانـی کوردی شـێوەزاری کرمانجی بە ئەلف و بێی لاتینی نووسـیوە و بڵاوی کردۆتـەوە و هـاوکار و یارمەتیـدەری هاوسـەرەکەی میـر جـەلادەت بەدرخـان بـووە لـە دەرچوواندنـی گۆڤـاری هـاوار.
- لە ساڵی ١٩٣٤ چۆتـە ڕیزی یەکێتیی ئافرەتانی سـووری و لـە سـاڵی ١٩٤٤ نوێنـەری ئافرەتانی سـووری بووە لـە کۆنگرەی ئافرەتانی جیهانی کـە لـە قاهیرە بەسـتراوە.
- لـە سـاڵی ١٩٥٦ لەگـەڵ هـەر یـەک لە(نـوری دێرسـمێ و حەسـەن هشـیار و حەیدەر حەیدەری و ئۆسمان ئەفەندی) کۆمەڵەی زانست و ڕۆشنبیرییان لە(حلب) دامەزراندووە.





**نووسەر و ڕووناکبیر ڕەوشەن بەدرخان**

- لە ساڵی ١٩٥٧ کە کۆنگرەی یەکەمی وڵاتانی دەریای سپی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی ئیمپریالیزمی جیهانی لە(ئەثینا)ی پایتەختی یۆنان بەستراوە، ژمارەی کورسییەکانی بۆ کورد دانرابوون(٦) کورسی بوون ، بەڵام لەبەر ڕێگری لێکردنیان تەنها ڕەوشەن بەدرخان توانیویەتی بە ناوی کورد تێیدا بەشدار بێت و زۆر ئازا و بوێرانە هەموو ماف و داخوازییە ڕەواکانی گەلی کوردی خستۆتە ڕوو.
- لە ساڵی ١٩٧٢ لەسەر داخوازیی سەرکردایەتیی کورد هاتۆتە باشووری کوردستان و بەشداریی لە کۆنگرەی سێیەمی ئافرەتانی کوردستان کردووە.
- هەر هەمان ساڵ کراوەتە ئەندامی(شانازی- فەخری) کۆڕی زانیاریی کورد لە بەغدا، دواتر ڕاسپێردراوە بچێتە ئەستەنبووڵ و لە کتێبخانەی ئەویَ هەر چی بەڵگەنامە و و دیکۆمێنت دەربارەی زمان و ئەدەب و کتێبی کوردی هەبێت کۆیان بکاتەوە و بۆ کۆڕی زانیاریی کوردی بنێرێت بە سەرکەوتوویش ئەم ڕاسپاردەیەی جێبەجیَ کردووە.

بە پێی هەندێ سەرچاوە ڕەوشەن بەدرخان لە ساڵی ١٩٢٩ مێردی کردووە، بەڵام هاوسەرگیرییەکەی سەرنەکەوتووە و تەنیا(٢٠) مانگ درێژەی هەبووە و لەو ماوەیەشدا کچێکیان هەبووە بە ناوی(نەسیمە خانم)، لە ساڵی ١٩٣٤ شووی بە میر جەلادەت عالی بەرخان کردووە و کورێک و کچێکیان هەبووە بە ناوەکانی(جەمشید و سینەم خانم).

لە ٩-١١- ٢٠٢٢ کتێبێک بە ناوی(ژنە بەردخانییەکان) لە نووسینی نووسەر بوخاری وشیار چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە.

لە سەنتەری ڕەوشەن بەدرخان لە کەمپی(گەویلان) سیمینارێکی ڕۆشنبیری لەسەر خوێندنەوە و ئەدەبی زمانی کوردی بۆ پۆلی(١١)ی بنەڕەتی سازکراوە.

لە شاری سلێمانیش ئامادەییەک بە ناوی ڕەوشەن بەدرخان کراوە.

ڕەوشەن بەدرخان پاش ساڵی ١٩٧٢ چۆتەوە سووریا و لە شاری(بانیاس) ژیانی خۆی بردۆتە سەر تا لە ١-٦- ١٩٩٢ کۆچی دوایی کردووە و لەسەر وەسییەتی خۆی لە گۆڕستانی شێخ خالید نەقشبەندی لە دیمەشق لە تەنیشتی مێردەکەی میر جەلادەت بەدرخان بە خاک سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - Wikiwnd.

٢ - کوردیپیدیا.

٣ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی زانیاری، وتارێکی نووسەر محەمەد ڕزگار، لە ١٧-٣-٢٠٢١.

٥ - History of kurdistan.

٦- بزاڤی ژنان لە مێژووی نەتەوەی کورد دا.

٧- - Khaktv.net، ڕەوشەن بەدرخان.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر جەمشید حەیدەری

مامۆستای ئەکادیمیی زمان و ئەدەبی کوردی، ڕۆژنامەنووس و توێژەر و لێکۆڵەر، دکتۆر جەمشید حەیدەری...

ناوی تەواوی(جەمشید کوڕی حەیدەرە فەندی کوڕی عاسمە فەندی کوڕی ئیبراهیم فەندییە...تا دەگاتە محەمەد پیرەدین، بنەماڵەکەیان ڕوویان کردۆتە باشووری کوردستان لە ناوچەی هەریر گیرساونەتەوە، کە تورکە عوسمانییەکان بەمە دەزانن و دەشزانن سوننە مەزهەبن بایەخێکی زۆریان پێداون و چەند گوندێکیان لە دەوروبەری هەولێر داونەتێ لەوانە(ماوەران، بێریات، چیمەن).

دکتۆر جەمشید لە ٢-٥-١٩٤٠ لە گەڕەکی(عارەبان) لە ناو شاری هەولێر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر و بەغدا تەواو کردووە.

لە ساڵی ١٩٥٦ چۆتە ڕیزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و ساڵی ١٩٥٩ بۆتە ئەندام لە حیزبی شیوعیی عێراقی و لە ساڵانی ١٩٦١ تا ١٩٦٩ بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانی و هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکەی چەند جارێک دەستگیرکراوە و خراوەتە بەندیخانە لە (قصر النهاية)ش زیندانی کراوە، زیاتر خەبات و چالاکییە سیاسییەکانی بۆ پسپۆڕانی



**لە لای ڕاستەوە ڕیزی یەکەم: حەسرەتیان کوردۆیڤ، ڤ زاریێ، یوسۆپۆڤا، چەتۆییڤ، خالڤین، لە لای ڕاستەوە ڕیزی دووەم: کەمال عەلی، شەرەڤ ئاشتریان، ئۆردخانی جەلیلی، لە لای ڕاستەوە ڕیزی سێیەم: جەلیلی جەلیل، عومەر حەسۆ، جەمشید حەیدەری**

بواری سیاسی بەجێدێڵین.

دکتۆر جەمشید حەیدەری لە ساڵی ١٩٧٠ بۆ خوێندن چۆتە سۆڤیەتی جاران، لە ساڵی ١٩٧٥ لە زانکۆی(دەوڵەت) لە لینینگراد ماستەری لە ئەدەبی ڕووسی بەدەستهێناوە، تێزی ماستەرەکەی لەسەر شاعیری گەورەی ڕووسی(میخائیل لێرمەنتۆڤ) بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ خوێندنی دکتۆرا لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیی زانستیی سۆڤیەت لە لینینگراد وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٨٠ دکتۆرای لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە و پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ سەرپەرشتی نامەی دکتۆراکەی کردووە، لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٣ وەکو توێژەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسیی مۆسکۆ و لینینگراد دەست بەکار بووە، لە کۆلێژی(ڕۆژهەڵات)ی زانکۆی نێودەوڵەتی لە لینینگراد موحازەراتی ئەدەبی عەرەبی وتووەتەوە، هەر لە ساڵی ١٩٨٣ ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و وەکو پەنابەر




دکتۆر جەمشید حەیدەری

لەوێ نیشتەجێ بووە، لە ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩١ لە کتێبخانەی(ڕینکەبی) و کتێبخانەی زانکۆی ستۆکهۆڵم و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٣ گەڕاوەتەوە کوردستان لە زانکۆی سەلاحەدین وەکو مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردە و ساڵی ١٩٩٤ سەرۆکی بەشی زمانی کوردی بووە لە کۆلێژی ئاداب، لە بەشی ڕاگەیاندنی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی موحازەراتی گوتووەتەوە، وانەی (مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی) و (مێژووی ئەدەبی کلاسیکی) لە زانکۆی کۆیە وتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٩٧ بۆ ماوەی چەند مانگێک وەکو مامۆستای زمانی عەرەبی لە زانکۆی ئۆپسالا لە سوید خزمەتی کردووە.

دکتۆر جەمشید حەیدەری کۆمەڵێک وتاری ئەدەبی و لێکۆڵینەوە و



لە لای ڕاستەوە: ئۆردیخانی جەلیلی، دکتۆر جەمشید حەیدەری، پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ، دکتۆر مارف خەزنەدار




توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بڵاوکردۆتەوە و سەرەڕای دوو بەرگ لە بیرەوەرییەکانی کە ئەمانەن:

- لە سۆڤیەت(٤) وتاری بە زمانی ڕووسی بڵاوکردۆتەوە لەسەر(جەمیل سائیب، ئیبراهیم ئەحمەد، شاکر فەتاح، سوسیولۆژیای منداڵی کورد) بە هاوبەشی لەگەڵ پرۆفیسۆر ڤاسیلڤیا.
- سێ وتاری لەسەر ئەدەب و کەلتووری کوردی لە گۆڤاری(البديل و الثقافة الجديدة) ) بە زمانی عەرەبی لە سوریا بڵاوکردۆتەوە.
- توێژینەوەیەکی دوورودرێژی بە سێ بەش لەسەر گۆڤاری(نزار)ی مامۆستا عەلائەدین سەجادی، لە گۆڤاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس مەمتاز حەیدەری، بەڕێز عەبدولقادر فەرهادی، دکتۆر جەمشید حەیدەری، بەڕێز ڕەفعەت نەجار، بەڕێز عومەر فەرهادی و کوڕەکەی**




لە لای ڕاستەوە: دکتۆر جەمشید حەیدەری، مام غەنی بلوریان، کەریمی حسامی



دکتۆر جەمشید حەیدەری، هونەرمەند محەمەد عارف سیامەنسوری

و گۆڤـاری زانکـۆی کۆیـە بڵاوکردۆتـەوە.

- دوو توێژینـەوەی لەسـەر پرۆفیسـۆر قەناتـی کوردۆ لـە گۆڤاری زانکۆی سـەلاحەدین بڵاوکردۆتەوە.
- دوو بەرگ لاپەڕەی بیرەوەرییەکانم، چاپ کردووە و بڵاویکردۆتەوە.
- دەیـان وتـار و دیراسـەی هەمەجـۆری لـەم ڕۆژنامـە و گۆڤارانـە بڵاوکردووتەوە:(گۆڤـاری بیـری نـوێ، ڕۆژنامـەی ڕزگاری، ڕێگای کوردسـتان، بەربانـگ، چوارچـرا، سـەردەمی نـوێ، پەیـڤ، لەنـدەن، یەکگرتـوو، هیـوا، الثقافـة الكردیـة، ئارمانـج، ڕۆژا نـو- بـە کرمانجـی... چەندانـی دیکـە).





دکتـۆر جەمشـید حەیـدەری هـەر مامۆسـتای زانکـۆ و توێـژەر نییـە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسـێکی بە تواناو لێهاتـووە، لـە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشـنبیریی خۆیـدا، وەکـو نووسـەر و ئەندامـی دەسـتەی نووسـەران و سـەرنووسـەر و خاوەنـی ئیمتیـاز، ئـەم چالاکییانەشـی نوانـدووە:

- لە ساڵی ١٩٨٦- ١٩٩٠ خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ بووە لە سوید کە(٥٤) ژمارەی لێ دەرچووە، هەر بە خۆی زیاتر لە(٣٠) وتار و لیکۆڵینەوەی تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- هەر لە سوید ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(چوارچرا و بەربانگ) بووە، کۆمەڵێک وتاریشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- ئەندامی دەستەی نووسەران بووە لە گۆڤارەکانی(پەیڤ، لەندەن، یەکگرتوو لە دانیمارک، هیوا لە پاریس) وتاریشی تێدا بڵاوکردوونەتەوە.
- لە ڕووسیا نووسەر بووە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و وتاری بە زمانی ڕووسی تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٨ لە یادی (١٠٠ ) ساڵەی ڕۆژنامەی کوردستان، یەکەم پیشانگای ڕۆژنامەگەری ABF ی لە سوید کردۆتەوە.

ئەو ئەندام بووە و ئەندامە لەم ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیری و پیشەییانە و بەشداری لە زۆر لە چالاکییە ڕێکخراوەییەکان کردووە، لەوانە:



**لە لای ڕاستەوە: جاسمی جەلیلی، دکتۆر جەمشید حەیدەری**



دکتۆر جەمشید حەیدەری و هاوسەرەکەی شاعیر
کۆسرەت ئەحمەد بێکەس



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر جەمشید حەیدەری،
کوردۆیڤ ئێ

- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردو ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- لە ساڵی ١٩٦٦ بەشداری لە کۆنگرەی یەکێتیی قوتابیانی جیهانی لە سۆڤیەتی جاران کردووە.
- لە ساڵی ١٩٦٦- ١٩٦٧ بەشداری لە کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی لە بێلگراد(یۆگسلافیا) کردووە و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی کۆنگرەکە بووە.
- لە ساڵی ١٩٦٨ بەشداریی فیستیڤاللّی لاوان و قوتابیانی جیهانی لە سۆفیا(بولگاریا) کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ سەرۆکی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووە لە لینینگراد و ئەوروپا.
- ئەندامی لێژنەی زیندووکردنەوەی ڕێکخراوی قوتابیانی یەکێتیی گشتی بووە.

- لـه سـالّی ١٩٨٩ ماوەیـەک سـەرۆکی یەکێتیی نووسـەرانی کـورد بـووە لـە وڵاتـی سـوید.
- لـە سـاڵی ١٩٩٠ بەشـداری لـە کۆنفراسـی کوردەکانـی سـۆڤیەت لـە مۆسـکۆ کـردووە، وا وێنەکـەم هاوپێـچ کـردووە.
- دەیـان دیمانـە و چاوپێکەوتنـی لەگـەڵ کەناڵـە تەلەفزیۆنییـە کوردییـەکان لـە دەرەوەی وڵات و لـە نـاوەوە ئەنجامـداوە.

دکتـۆر جەمشـید حەیـدەری هێشـتا هـەر بەردەوامـە لـە نووسـین و هیوای سـەرکەوتنی بـۆ دەخوازین.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامـەی دکتـۆر جەمشـید حەیدری کـە لەسـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# جەعفەر مائی

ئەو دەڵێت:( ئازادانە هزرا مە بکەت، ئازادانە رەفتارا مە بکەت، ئازادانە بیروباوەڕ بۆ خۆ هەڵبژێری، ئازادانە چار چوپ کو مرۆڤ هەی ئازادانە تێدا بژیت)، نووسەر و چیرۆکنووس، ڕۆژنامەنووس و پسپۆڕ لە بواری پەروەردە و توندو تیژیی خێزانی، ڕەوانشاد جەعفەر مائی...

نووسەر و ڕۆشنبیر جەعفەر مائی لەساڵی ١٩٥٣ لە گوندی مائی لە بنەماڵەیەکی ئایینی و ڕۆشنبیر لە دایک بووە، باوکی مەلا بووە و دەستێکی باڵاشی هەبووە لە شیعر نووسین و منداڵەکانی خۆی بە ڕوحی نیشتمانپەروەری و کوردایەتی پەروەردە کردووە.

باوکی جەعفەر مائی هەر ساڵەی لە شوێنێک بووە، بۆیە ئەو خوێندنی سەرەتایی لە گوندی مائی و گەلاڵە و گوندی بادێ تا پۆلی چوارەمی خوێندووە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٦١ ناوچەکەیان لە لایەن ڕژێمی ئەوسای عێراق داگیرکراوە، بۆیە قۆناغەکانی دیکەی خوێندنی ناوەندی و دوا ناوەندی لە دهۆک و بەغدا تەواو کردووە.

جەعفەر مائی وەکو لاوێکی کوردپەروەر چووەتە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان و لە هێزی ڕزگاری درێژەی بە خەباتی خۆی داوە تاوەکو



**لە لای ڕاستەوە: پێنجەم کەس نووسەر جەعفەر مائی، نووسەر ئیسماعیل بادی،**
**ئەوانی دیکە پۆلێک لە شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیرانی شاری دهۆک**

نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥، لە ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵ دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان، جارێکی دیکە بۆتەوە پیشمەرگە و بەردەوام بووە لە خەبات تا ساڵی ١٩٨٦ بە ناچاری بە خۆی و خێزانەکەی ڕوویان لە ئێران کردووە و لە ساڵی ١٩٩٠ گەیشتوونەتە وڵاتی سوید، لەوێ وەکو پەنابەر نیشتەجێبووینە.

ئەو زۆر حەزی لە خوێندن بووە، لە سوید دەستی بە خوێندنی پرۆگرامی(ئارت) کردووە، کە پرۆگرامێکە بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی منداڵ و گەنجان و چۆنییەتی پەروەردە کردنیان، لە ساڵی ٢٠٠٤ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان وەکو پسپۆر و شارەزا لە بواری پەروەردەی خێزانی دەست بەکار بووە، بەردەوامیش بووە لە خوێندن تا کۆلێژی(یاسا و ڕامیاری- القانون و السياسة)ی لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە.

سەیدا جەعفەر مائی ئەندامی یەکێک لە خێزانە ناودارەکانی گوندی مائییە کە بەشی زۆری ئەندامانی خێزانەکەی ڕۆشنبیر و نووسەر و پسپۆڕی بواری ئەدەبی و هونەری وزانستینە لەوانە: (عەبدولقادر مائی،

نەزیف مائی، مەحفوز مائی، ڤیان مائی و چەندانی دیکە)، هەر گوندی مائی خۆی چەندین زانا و مەلا و ڕۆشنبیری تێدا هەڵکەوتووە.

دەستپێکی نووسینەکانی جەعفەر مائی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بووە، ئەو کاتەی دوو چیرۆکی بە ناوەکانی(مەم و زین و خورشیدی چاڤ ب خال) بە شێوەی تەمسیل کردن هەر لە ناو خوشک و برایەکانی خۆی بۆ ڕادیۆی کوردی بەغدا ناردووە، ئەو دوو چیرۆکە فۆلکلۆرییینە و زۆریش بەناوبانگن.


نووسەر جەعفەر مائی بەرهەمەکانی لە بواری پەروەردەی منداڵ و گەنجان و توندی و تیژی دژی ئافرەتان و ئازادیی ڕا دەربڕین و کۆمەڵێک بابەتی فیکری و کۆمەڵایەتیی دیکە نووسیوە، لە دوو کتێب بە زمانی کوردی و کتێبێکیش بە زمانی ئینگلیزی چاپ کردووە و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:


- ڤەکۆلینا (پایلوت) بۆ نەهێلانا توندوتیژیا د ناڤ پرۆسەیا پەروەردەیا خێزانێ دا، کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە بۆ پەروەردی خێزانی، ساڵی ٢٠٢١ لە ڕێگای پەرتووکخانەی (خانی) چاپکراوەو بڵاوکراوەتەوە.

- پەڤیشکێت ئاڤێ، چیرۆک، دوو چیرۆکن جیرۆکی(پەڤیشکێت ئاڤێ و ئەڤینەک ل ناڤ شکەفتێ)، دکتۆر عەبدولباقی هەردوو چیرۆکی شرۆڤە



**لەلای ڕاستەوە: نووسەر ئیسماعیل بادی، نووسەر جەعفەر مائی**


جەعفەر مائی بە جلی پێشمەرگایەتی




نووسەر جەعفەر مائی

کـردووە و لـە تـاران چاپکـراوە و بڵاوکراوەتـەوە، هـەردوو چیـرۆک زۆر گونجـاون بۆ ئـەوەی بکرێنـە زنجیرە درامـای تەلەفزیۆنـی ئەگـەر کەسـێک یـان لایەنێـک پشـتگیریی دارایـی بـکات.

- کتێبی بەلانس(Balance)، هـەڤ سـەنگی، کۆمەڵـە وتارێکی کۆمەڵایەتییە بـە زمانـی ئینگلیزی نووسـیوە، خۆ ئەگـەر وەربگێڕدرێتـە سـەر زمانـی کوردی سـوودی زیاتـری دەبێت.

ئـەو کۆمەڵێـک وتاریشـی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان و ماڵپـەڕە ئیلیکترۆنییەکانـی وەکـو (ڕوانگـە و ڕەخنـە) بڵاوکردۆتـەوە، بەشـی زۆریـان خەمـی خـۆی و لاوان و گەنجـان و هەمـوو گەلەکـەی بـە شـێواز و سـتایلێکی تایبـەت بـە خـۆی کـە گل و گازانـدە و ڕەخنەکانـی خـۆی خسـتۆتە ڕوو و چارەسـەریشـی بـۆ دەسـت نیشـان کـردوون، لـە یەکـێ لـە نووسـینەکانیدا کـە لـە دواییـن ڕۆژانـی ژیانیـدا نووسـیبووی، لـە یەکێـک لـە وتارەکانـی کـە لـە ڕۆژنامەی(ئەڤـرۆ)ی ژمـارە(٣١٣٢)ی ڕۆژی ١٩-



٤-٢٠٢٢ بلاوکراوەتەوە، دەڵێت:(ڕەوشەنبیری بەری هەر تشتی وە دکەت مرۆڤ هەست ب مرۆڤایەتیا خۆ بکوت، هینگێ جوداهی ل ناڤبەرا مرۆڤی و زیندەوەرێن دی دا چی دبیت. نەبوونا ڕەوشەنبیری وەکی ئاژەڵان، وی چەندی نیشان ددەت کو مرۆڤ یێ ل ئاستێ تێرکرنا خکی، هەتا زک تێر نەبیت مرۆڤ نەشێت ژ بازنێ بەسێ دەرکەڤیت و هندی مرۆڤ و بازنێ بەسێ دا بیت. مرۆڤ نەشێت ل ڕەوشەنبیری خودان دەرکەڤێت، واتە برس ڕێگرا پەیداکرنا ڕەوشەنبیرییە، یاکو مرۆڤی ژ ئاژەلی جوادا دکەت، دەمێ مرۆڤ ژ بازنێ بەسێ قورتال بووبا هینگێ مرۆڤ دێ ل هندەک ئالاڤێن باشترکرن ژیانێ گەڕێت، وێ دەمێ ئاستێ ڕەوشەنبیری بریارێ ل سەر باشترکرن و چاوانییا باشترکرنا ژیانێ ددەت).

نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەعفەر مائی هەردەم لە خەمی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا بووە، بۆ ئەم مەبەستەش دەیان بیرۆکەو پرۆژەی هەبووە لەوانە:


- پرۆژەی چاکسازی لەسەر خێزان و قوتابیان و لاوان، چۆنیەتیی










ژیان ب رەوشەنبیریێ خوەش دبیت و گەشە ب خوە ددەت


جەعفەر مایی
و بزاڤا وی یا رەوشەنبیری

بەرهەمەکانی نووسەر جەعفەر مائی

پەروەردەکردنیان و دادپەروەری لە نێوان ژن و پیاو و نەهێشتینی توندو تیژی.

- بە یارمەتیی ناوەندی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی(خانی) بیرۆکەی پڕۆژەی کێبڕکێی لاوان و گەنجان بۆ نووسینی کورتە چیرۆکی پێشنیار کردووە وەکو هاندانێک بۆیان، کە بریتی بووە لە (١٦) چیرۆک و وا بڕیار بووە(سێیەمین) باشترین چیرۆک خەڵات بکرێت و باشترین(١٠) چیرۆکیش لە کتێبێکی قەشەنگ و جوان بە ناوی(جەعفەر مائی) لە چاپ بدرێت، بەڵام داخی گرانم لە ژیانی خۆی ئەم ئامانجەی نەهاتۆتە دی، وەکو وەفایەک بۆ ئەو، هاوڕێکانی لە نووسەران و شاعیرانی دهۆک هەوڵ دەدەن ئەم پڕۆژەیە بە پێی توانا جێبەجێ بکەن.
- لە ڕۆژی ١٢-٨-٢٠٢١ جەعفەر مائی و کۆمەڵێک شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیری شاری دهۆک لە سەفەرێکیاندا بۆ سەیرانگای(مالتایێ) پێشنیاری پێکهێنانی لیژنەیەک دەکەن بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب بە ناوی(وەقفا نۆ بارا جەعفەر مائی بۆ بەلاڤکرنا رەوشەنبیریا چڤاکی)، ئەوەی بەندە بزانێ ئەم پڕۆژەیە کاری خۆی کردووە و تا ئێستا سێ کتێبیان لە چاپ و بڵاوکرۆتەوە.

**لە چالاکییەکانی دیکەی نووسەر جەعفەر مائی:**

- لە پاش کۆنگرەی پێنجەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد - مەڵبەندی گشتی ئەو ئەندام بووە، لە کۆنفراسی نووسەرانی لقی دهۆک لە ٦-١١- ١٩٧٨ بە ئەندامی(یەدەگ-إحتیاط)ی دەستەی بەڕێوەبردنی لقی دهۆک هەڵبژێردراوە، دەستی بە چالاکی کردووە و یەکەم چالاکیشی هەڵسەنگاندنی دەقی شیعرەکانی (٣) شاعیر بووە لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەدا.
- ئەو بەشداری کردووە لە کۆڕێکی چیرۆک خوێندنەوە لەگەڵ دوو چیرۆکنووسی دیکە و لە زۆر لە کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا بەشدار بووە و شرۆڤەی دەیان دەقی شیعری و چیرۆکی کردووە، لەوانە شرۆڤەکردنی چیرۆکی(الفهد) کە بە زمانی

عەرەبی بووە و لە نووسینی چیرۆکنووس(حیدر حیدر) بووە.

هەر بە هۆی چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی و هەڵوێستی بەرامبەر توندوتیژی دژی خێزان و ئافرەتان، لە ساڵی ٢٠١٢ خەڵاتی(ڕۆژی جیهانی ژنان)ی لە لایەن زانکۆی کوردستان لە هەولێر پێ بەخشراوە.

وەکو وەفایەک بۆ ئەم نووسەر و ڕۆشنبیرە زۆر لە نووسەرانی دهۆک و کوردستان، وتاری جۆراوجۆریان لەسەر بیروبۆچوونەکانی جەعفەر مائی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان نووسیوە، لەوانە نووسەران(ئیسماعیل بادی، عەبدولڕەحمان بامەڕنی، تریفا دۆسکی و چەندانی دیکە).

لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢٢، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و چیرۆکنووس جەعفەر مائی لە دهۆک کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ڕۆژی ٧-٥-٢٠٢٢ لە ئێوارە کۆڕێکی ماتەمینی دوای(حەفتە)یەک بەسەر کۆچکردنی، لە هۆڵی کۆنفرانس لە زانکۆی دهۆک، کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەدیب و ڕۆشنبیران و خانەوادەکەی ئامادەببوون، ئەوان پێشنیاریان کردووە کە ناوەندێکی ڕۆشنبیری یان قوتابخانەیەک یان هەر شوێنێکی ڕۆشنبیری بە ناوی جەعفەر مائی بکرێت بۆ ئەوەی بە نەمریی بمێنێتەوە.


سەرچاوەکان:

١ - وتارێکی نووسەر ئیسماعیل بادی لە ڕۆژنامەی (ئەڤرۆ)ی ژمارە(٣١٣٢)ی ڕۆژی١٩-٤-٢٠٢٢.

٢ - ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە.

٣ - ماڵپەڕی Waar Midia، لە ٧- ٥- ٢٠٢٢.

٤ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# بەیان سەلمان

شاعیر و نووسەر، ڕۆماننووس و وەرگێڕ، خاتوو بەیان سەلمان ....

ناوی تەواوی(بەیان سەلمان)ە، لە ساڵی ١٩٦١ لە گەڕەکی(تەپەی مەلا عەبدوڵڵا)ی ناو شاری کەرکووک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، قوناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٦ کۆلێژی ئابووری و بازرگانی لە زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، وەکو مامۆستا لە ئامادەیی بازرگانیی شارۆچکەی(ڕانیە) دەست بەکار بووە، لە ساڵانی ١٩٩٢- ١٩٩٨ لەگەڵ ڕێکخراوە مرۆییەکان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ ڕووی لە وڵاتی فەرەنسا کردووە و لە شاری پاریس نیشتەجێ بووە.

نووسەر و ڕۆماننووس خاتوو بەیان سەلمان، هەر کە گەیشتۆتە فەرەنسا دەستی کردووە بە فێربوونی زمانی فەرەنسی و بەردەوام بووە لە خوێندن، لە ساڵی ٢٠٠٠- ٢٠٠١ دبلۆمی لە ئەدەبی هاوچەرخ لە زانکۆی هەشتی باریس بەدەستهێناوە، لە ساڵانی ٢٠٠١- ٢٠٠٢ لیسانسیشی وەرگرتووە، لە ساڵانی ٢٠٠٢- ٢٠٠٤ بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە ئەدەبی هاوچەرخ و ئەدەبی فەرەنسی لە(ژیان و بەرهەمەکانی ئۆڤێکشن)



**لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: نە ناسراوە، نووسەر بەیان سەلمان،**
**لەگەڵ پۆلێك لە شاعیر و نووسەران- لە بەرلین- ئەڵمانیا**

وەرگرتووە، ڕۆماننووسی بەناوبانگی فەرەنسی(کریستین مۆنتالیبتی- Christine Montalbetti) سەرپەرشتی کردووە، لە ساڵی٢٠٠٤- ٢٠٠٥ بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی هاوچەرخ و ئەدەبی فەرەنسیی تایبەتمەند بە ئەدەبی خەیاڵدا بەدەستهێناوە، دیسان هەر ڕۆماننووس کریستین مۆنتالیبیتی سەرپەرشتیی نامەی ماستەرەکەی کردووە.

نووسەر و وەرگێڕ خاتوو بەیان سەلمان لە ساڵی ١٩٩٤ەوە، دەستی بە نووسینی شیعر و ڕۆمان و وەرگێڕان کردووە، سەرەڕای نووسینی وتار و لیکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و فیکری و فەلسەفی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکانی بڵاوی کردۆتەوە، ئەو بە زمانی کوردی و عەرەبی و فەرەنسی دەنووسێت، کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخ و بەهای لە بوارەکانی شیعر و ڕۆمان و وەرەگێڕان بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

**بەرهەمەکانی بە زمانی عەرەبی:**

- انا كما في حكايات الجنية، شیعر، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ٢٠٠٦.
- تلك الغيمة الساكنة،(سيرة الهجرة)، دار طباعة الزمان، سوريا ٢٠٠٨.

- بوراق، رواية- رۆمان، دار طباعة الزمان، سوريا ٢٠٠٨.

بەرهەکانی بە زمانی کوردی:

- نامۆیی سەر و هەرەس و دیمەنەکان، شیعر، ١٩٩٤.
- نەوەکانی مادایی، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد ٢٠١١، چاپی دووەم دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ ٢٠٢٠.
- بەسەرهاتەکانی خەزنە مەملوک، ڕۆمان، چاپی یەکەم، چاپخانەی یاد ٢٠١٢، چاپی دووەم دەزگای ئەندێشە ٢٠٢٠.
- لە بەرزایی شوراکانەوە، ڕۆمان، سلێمانی، چاپی یەکەم ٢٠١٣، چاپی دووەم دەزگای ڕەهەند ٢٠٢٢.
- شەوانی ئادەم، ڕۆمان، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەندێشە ٢٠١٥.
- یاداشتی عەتر و ئاگر، ڕۆمان، ناوەندی ئەندێشە ٢٠١٨.
- ئەڤین و جەنگ، شیعر، ناوەندی ئەندێشە ٢٠١٩.
- کرۆنیک، کۆمەڵە وتارێک دەربارەی تیۆری ئەدەبی و هونەری، دەزگای ژیان، سلێمانی ٢٠٢٠.



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز خاتوو شەونم یەحیا، ڕەوانشاد مهاباد دەرەداغی، نووسەر بەیان سەلمان**




- ئەو هەرەکپە( ژیاننامەی کۆڕەو) دەقێکی نووسەر بەیان سەلمانە لە لایەن نووسەر کاروان بازیان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی، چاپخانەی ڕەهەند ٢٠٢١.
- تیۆریما، دەربارەی چەند چەمکێکی ئەدەبی، چاپخانەی ڕێگا ٢٠٢١.
- دەریا و خەونە شاراوەکەی مەرجان، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەهەند، ٢٠٢٢.
- باڵنەدەکانیش دەنیشنەوە، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەهەند ٢٠٢٢.
- ئاهەنگی تۆبە کردن، ڕۆمان، چاپخانەی ڕەهەند ٢٠٢٢.

ئەو بەرهەمانەشی وەرگێڕاوە:

- ڕۆمانی(کهوف هایداهودا هوس)ی نووسەری کوردی سووری سەلیم بەرەکات لە عەرەبییەوە بۆ زمانی فەرەنسی ساڵی ٢٠٠٨.




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ بەیان سەلمان، خاتوو ژیان سەلمان**



لە لای ڕاستەوە: ڕۆماننووس بەختیار عەلی، شاعیر و ڕۆماننووس بەیان سەلمان

- کاندید، ڤۆلتێر، وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە، بۆ سەر زمانی کوردی ، ناوەندی ئەندێشە ساڵی ٢٠١٤.
- شەقامی دوکانە تاریکەکان، لە نووسینی نووسەر (پاتریک مۆدیانۆ) وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، ناوەندی ئەندێشە ٢٠١٤.
- کەرکەدەن، شانۆگەرییە، وەرگێڕان، دەزگای سەردەم ٢٠٢٠.




- پێداچوونەوە و ڕانانی زمانی فەرەنسی بۆ دوو دەقی وەرگێڕدراوی نووسەر توانا ئەمین لە فارسییەوە بۆ کوردی، دەقەکان(کەوتن)ی ئەلبێر کامۆ و (تریفەی مانگ)ی مۆپاسانە.
- بە فەرەنسی بدوێ، فەرهەنگێکی بچووکە، ڕێنمایی زمانی فەرەنسی- کوردی بە هاوبەشی لەگەڵ هەر یەک لە(حامید درودی، فیلیب دولارب)، دەزگای سەردەم ٢٠٢٢.



لە لای ڕاستەوە: خاتوو کەتان خادمی، نووسەر بەیان سەلمان



لە لای ڕاستەوە: نووسەر بەیان سەلمان، نە ناسراوە

- چەند پارچە شیعرێکی هەر یەک لە شاعیران(مالارمێە، ڕامبۆ، ڤێرلین، سۆفی دارمۆڤیل. ژان لۆران، ولییەم بلێیک، ئەلیکسەندەر پۆپ، پۆل ڤالێری، کیلڤیک لامارتین، ئەدونیس، سەلاح فایەق، پۆل ژان) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

هەر یەک لە نووسەران(ئازاد ئەحمەد ئەسوەد، زامدار مەحمود، هۆزان مەحمود، شاخەوان سەدیق، داستان بەرزان، سمکۆ بەهرۆز، ئەحمەد عەبدولکەکیم و نەجم خالد) لە کتێبەکانیان باسی نووسەر بەیان سەلمان-یان کردووە و تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی.

هەردوو کتێبی(شەوانی ئادەم و یاداشتی عەتر و ئاگر لە لایەن مدیدیاکار نەرمین سندی لە ڕادیۆی (هیلین) خوێندراوەتەوە.

نووسەر و ڕۆماننووس بەیان سەلمان لە بواری ڕێکخراوەیی و ڕۆژنامەگەری و چالاکیی مەدەنیش ئەم چالاکییانەی نواندووە:

- ئەندامێکی چالاکی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(شیعر) بووە.
- کاری نووسین و وەرگێڕان و سەرنووسەری سایتی(ترانسکولتوورە)ە.
- ئەندامی دامەزرێنەری دەستەی ژنانی(دیاسپۆرا)یە لە هەندەران.


ئەو چەندین جار لە لایەن دەزگا ڕۆشنبیری و ئەدەبییە فەرمی و نافەرمییەکانەوە خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لەوانە (خەڵات و ڕیزلێنان بۆ


بەرهەمەکانی لە بواری وەرگێڕان بە هاوکاریی یۆنسکۆ، خەڵات و پێزانین و سوپاسنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان و ....چەندانی دیکە).

شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێر خاتوو بەیان سەلمان، لە پاریس دەژییێت و بەردەوامە لە کاری نووسینی شیعر و ڕۆمان و وەرگێڕان، ناوەناوەش لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی بە وتارێک یان و لێکۆڵینەوە و ڕوونکردنەوەیەکی ئەدەبی و فیکری و فەلسەفی هەوادارانی بەسەر دەکاتەوە، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**وا پارچە شیعرێکی شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس، بەیان سەلمان- تان بۆ دەنووسمەوە:**

لەناو چیرۆکی پەریەکانم
چارەنووس
لە من
دابڕاوێکی دروست کرد
بەتەنیا
ڕووبەڕووی مەترسی بوومەوە
لەناو گوماندا دەمپشکنی










بەرهەمەکانی نووسەر بەیان سەلمان






**بەرهەمەکانی نووسەر بەیان سەلمان**

هەموو دڵنیاییەکم لێ بوو بە گومان
چاڵم هەڵکەند تاکو
ڕەوتی جۆگەلەی تێڕژێنم
هەڵەزنم بە دارە هەرە بەرزەکاندا
بۆ هەڵمژینی شنەبایەک
لە (با)وە هەڵدێت بۆ سینەم
بە چەترێکیش
توانیم ئاسمان فریودەم
تا چەند دڵۆپێک باران لە کێڵگەکەم دابارێت
من زۆر بەخشندەم
و تۆ
ئەی خودایە
زۆر کەللەڕەقیت
دەی ئاسمانەکانت بپێچەوە
چیدی ئەستێرەیان لێ نەما
خاکی خۆتیش ببەرەوە
هەرچۆن من چارەنووسم هەڵگرت...
چیدی تۆوی لێ نەما

لەنێوان تۆ و مندا
شەقامگەلێکی بیابانە
ئەو باڵەخانانەی بەر ئاسمان دەکەون
شیعریش لەسەر شاشەی زیوین دەخوێندرێتەوە
چۆن بگەڕێمەوە و خەنجەرێکم شاردۆتەوە ؟!
تۆ بڵێی من لە چیرۆکی پەریەکان نەبم؟
زڕدایک و زڕخوشکەکانم
دەمکەنە بارمتە
بیناییم لێڵ دەبێت و
هیچ سوارچاکێک نایەتە ڕێم
جەستەم گەیشتە
کەنارەکانی خاکێک
دەریا گەمارۆی داوە
بەڵام بێ ڕۆحە
من لە ڕۆژێکدا سەد جار دەمرم و
وەک هەرەمێکیش ڕاست دەبمەوە
هەموو تەڵەیەکم بە بیردا هات










**بەرهەمەکانی نووسەر بەیان سەلمان**


ئەوەیان نەبێ لە قوڕاودا پێشێلم بکەن و
تاو تاو گەلەگورگ تێم بەربن!
خەمی چیتە ئەی خودایە!
خۆ من بەردەوام دەتبینم
لە پشت مینبەرەکانەوە بە دەنگێکی گڕ
ئامۆژگاری دەکەیت
عەبای پێغەمبەران رادەوەشێنیت
ڕووباری هەنگوینیش بەسەر
خاکێکی بێ سەروبەر هەڵەرژیت
تا ئەو دایکانەی پێ ئاسودە بکەیت
کە هەر لە منداڵییەوە هەتیو ببوون
ئەوە منم لەناو چیرۆکی پەریەکان؟
لە سەحەرەوە
بەدوای بەرەبەیانێک دەگەڕێم
هیچ کاتیش شوێنەواری نادۆزمەوە
لەناو سندوقە پەمەییەکاندا
بۆ وشەیەکی گیرخواردوو
دەگەڕێم
تا ڕەوانەی ئەو وڵاتانەی بکە
کە هێشتا مرۆڤ پێیان تێ نەناوە

پاریس ٢٠٠٤

سەرچاوەکان:

١ - ژیاننامەی شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس خاتوو بەیان سەلمان کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## جەلال مەلەکشا

ئەو وتویەتی:

**ئاخۆ بڵێی ئەو ڕۆژە بێت**

**کاوەی کوڕم**


**جانتای سەفەر کاتە شانی**

**دەڵاڵانی دەم گەراجی شاری سنە**

**هاوار بکەن: سلێمانی سلێمانی**

شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و ڕەخنەگر و چالاکوانی بواری سیاسی و مەدەنی، ڕەوانشاد جەلال مەلەکشا ....

ناوی تەواوی(جەلال ئەحمەد ڕەحیمی مەلەکشان)ە، بە جەلال مەلەکشا ناسراوە، لە ١٩-١٠ ١٩٥٢، هەندێ سەرچاوەش دەڵێن: لە ٢٨-١٠- ١٩٥٢ لە گوندی(مەلەکشان)ی سەر بە شاری(سنە) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، لە تەمەنی(٥)ساڵان پێش ئەوەی بچێتە بەر خوێندن لەسەر دەستی مامی(عەبدولڕەزا) فێری خوێندن و نووسینی کوردی بووە، خۆی لە شوێنێکدا دەڵێت:(پێنج ساڵان بووم، کە مامم بە هاندان و بە زۆر، شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو نالی و مەحوی پێ لەبەر دەکردم).



**شاعیر جەلال مەلەکشا**


تەمەنی(٨) ساڵان بووە، باوکی لە دائیرەی کشتوکاڵی سنە دادەمەزرێت، بە ماڵەوە دەچنە شاری سنە و لەوێ نیشتەجێ دەبن، لە بەر ئەوەی ئەو کات خوێندن بە زمانی کوردی قەدەغە بووە، بە ناچاری دەچێتە قوتابخانە و بە زمانی فارسی دەخوێنێت، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی(شێخ مهاجری و سەعدی و چواری ئابان و سەعدی ژمارە ٢) تەواو دەکات، خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیش لە قوتابخانەکانی(شاپوور، بووعەلی، ڕازی، غەزاڵی و هیدایەت) تەواوکردووە، دیبلۆمی بەشی(ئەدەبی- وێژەیی) لە زمانی فارسی تەواوکردووە، لەبەر چالاکیی سیاسی و هەڵوێستە نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتییەکانی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنی باڵا بدات.

هەر زۆر زوو تێکەڵی کاری سیاسی بووە، بەهۆی چالاکییە سیاسییەکانی لە سەردەمی هەردوو ڕژێمی شا و کۆماری ئیسلامی زیاتر لە (١٢) جار دەستگیر کراوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆری بینیوە، بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەستی ئەو ڕژێمانە بە نهێنی لە شارەکانی(تاران، ورمێ، ئابادان، خوڕەمشەهر ، شیراز، ئەسفەهان، سەقز، مهاباد، بۆکان و چەندین شوێنی دیکە) ژیاوە.

شاعیر جەلال مەلەکشا لە سەرەتای کارکردنی لە گۆڤاری(سروە) کەمێک گوشاری لەلایەن دەزگا داپلۆسەرەکانی ڕژێمی شا، لەسەر کەم بۆتەوە، بەڵام دواتر تەنگیان پێهەڵچنیوە، هەوڵی گرتن و حوکمدانیان داوە، بۆیە لە شوێنێکدا دەڵێت:(ئیتر تاقەتی کەڵەپچە و زیندانم نەمابوو، بە قاچاخە ڕێگادا بەرەو باشووری کوردستان ڕۆیشتم) بۆیە ڕوو لە باشووری کوردستان دەکات و لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و بەغدا ژیاوە.

شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس جەلال مەلەکشا، هەر لە منداڵییەوە هۆگری شیعر و چیرۆکنووسین بووە، ئەو ئەو کاتەی لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە، یەکەم شیعری خۆی بە ناوی(خەمناییەک) بۆ مەرگی کچە دراوسێیەکەیانی نووسیوە، کە لەبەر دەستکورتی نەیتوانیوە بچێتە دکتۆر و داو و دەرمان بکرێت.

لە سەرەتای ژیانی شیعری بە زمانی فارسی نووسیوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەریی هەر یەک لە شاعیران(نیمابووشیج، مێهدی ئەخەوان سالیس، ئەحمەدی شاملوو)، لەم بوارەدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە، بە




**شاعیر جەلال مەلەکشا**


بێ ئەوەی کتێبی چاپکراوی هەبوو بێت، بۆتە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی ئێرانی.

لە ساڵی ١٩٧٨ لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەستی بە نووسینی شیعر و چیرۆک بە زمانی کوردی کردووە، لە ماوەی چەند ساڵێکدا وەک شاعیر و نووسەرێکی کورد ناووناوبانگی دەرکردووە، لە شیعر نووسیندا دیارە ڕێبازی شیعری نوێخوازی گرتۆتەبەر، شیعرەکانی (گۆران و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشیو و لەتیف هەڵمەت)، زۆر کاریگەریان تێکردووە، ئەو لە شیعرەکانی زیاتر سوودی لە(اسطورة- ئەفسانە)ەکان وەرگرتوە، شیعری نوێی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەرەو قۆناغێکی نوێتر بردووە، بە شێواز و ستایلێکی زۆر جیاوازتر لە شاعیرانی پێش خۆی نووسیوە، بەشی زۆری شیعرەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیدان.

لە ساڵی ٢٠٠٤ بۆ یەکەم جار بە نهێنی توانیویەتی یەکەم کتێبی شیعری خۆی چاپ بکات بە ناوی(زڕەی زنجیری دیلەکان)، لە ساڵی ٢٠١٤ کۆی بەرهەمەکانی خۆی لە کتێبێکدا دیسان بە نهێنی چاپ کردووە



**شاعیر جەلال مەلەکشا**




**شاعیر جەلال مەلەکشا**

بە ناوی(کۆی بەرهەمی شیعرەکانی جەلال مەلەکشا) کە هەموو شیعرە کوردی و فارسییەکانی لەخۆدەگرێت، بەڵام دیارە جۆری چاپکردنەکە باش نەبووە، ساڵی ٢٠١٦ بە کوالیتێکی باشتر دووبارە چاپی کردۆتەوە.

سەرەتا بە شیعر نووسین دەستی پێکردووە، ئەو کاتەی لە زیندان بووە، دەستی بە چیرۆکنووسینیش کردووە، ناردوویەتییە دەرەوەی زیندان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەم بڵاوکراونەتەوە، کە خۆشی لە گۆڤاری(سروە) کاری کردووە، بەشی زۆری چیرۆکەکانی ناو کتێبی(کارەسات)ی لە گۆڤاری سروە بڵاوکردووەتەوە.

شاعیر جەلال مەلەکشا، وەکو وەرگێڕیش چەندین شیعری شاعیران(شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵڵا پەشێو، لەتیف هەڵمەت، جەوهەر کرمانج)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.



**شاعیر جەلال مەلەکشا**

ئەو وەکو ڕۆژنامەنووسیش(١٤) ساڵ لە وەشانگای(سەلاحەدین ئەیوبی) لە گۆڤاری سروە بەرپرسی بەشی ئەدەبی بووە، لە هەولێریش ماوەیەک سەرنووسەری گۆڤاری(پرشنگ) بووە.

زۆر لە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیر جەلال مەلەکشا وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی، سویدی، ڕووسی و فەرەنسی.

لە ساڵی ٢٠١٥ لە شاری سنە بڕیار بوو ڕێوڕەسمێکی خەڵات و ڕێزلێنان بۆ شاعیر جەلال مەلەکشا بکرێت، بەڵام ڕژێمی کۆماری ئیسلامی نەیهێشتووە.

ماوەیەک لە دەزگای فەرهەنگی ئەندێشەی ئەحمەدێ خانی لە ورمێ

وەکو ڕاهێنەر و پەروەردەکردنی شاعیر و نووسەرانی گەنج دەست بەکار بووە.

مەلەکشا شاری سنەی زۆر خۆشویستوە، هەرگیز نەیویستووە بەجێی بهێڵێت، چەندین جار لێپرسراوانی باشووری کوردستان داوایان لێ کردووە بێتە باشوور بە هەمیشەیی تێیدا بژێت، بەڵام هەر لە سنە ماوەتەوە دوا کۆتاکانی ژیانی لەوێ بەسەر بردووە وەکو مامۆستای زمانی کوردی لە ئینستیتوی کوردی وانەی زمانی کوردی وتوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٥ لە تەمەنی(٢٤) ساڵیدا هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو(بەهیە






**گڵکۆی ڕەوانشاد جەلال مەلەکشا**

ئەژدەرنەژاد) کردووە، خاوەنی سێ کوڕن بە ناوەکانی(کاوە، شاهۆ، نیما).

ئەم شاعیر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ و ڕەخنەگرە نیشتمان پەروەرە لە ڕۆژی ٣١-١٠- ٢٠٢٠ لە شاری سنە بە نەخۆشیی دڵ کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی گوندی مەلەکشان بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و خوێندنی سرووودی(ئەی ڕەقیب) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

بە بۆنەی چلەی کۆچی دوایی شاعیر جەلال مەلەکشا، لە شارەکانی باشووری کوردستان، هەولێر، سلێمانی، ڕێوڕەسمی خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە، لە ئەوروپا و ئەمەریکاش کوردانی تاراوگە مەراسیمی چلەیان بۆ سازداوە.

وا چەند پارچە شیعرێکی شاعیر جەلال مەلەکشا- تان بۆ دەنووسمەوە:

**شیعر**

شێعر کە هات

دڵیش ئیتر

ئۆقرە ناگرێ، ئەیدرکێنێ

پۆلیس بۆنی پێوە ئەکا

بۆنی ئازادی لێوە بێ

هەردەست بەجێ

ئەیخنکێنێ!

********

**سەرئەنجام؟**

پرسیار، پرسیار...

تا چاو بڕ کات

خاڵ بە خاڵی ڕێگە هەموو
هەر پرسیارە من ڕێبوارێکم دەناسی
بەدرێژایی ڕێگە تەنانەت نەیتوانی
لە سێبەری وڵامێکدا
نەختێ ماندوویی خۆی دەرکا
سەرئەنجام لە ڕێگە، عاسی
خۆی بە ئاڵقەی پرسیارێکەوە هەڵواسی...
**********

**کارتە پۆستاڵ**

هەڤاڵەکان
وتم پیرۆزباییتان لێ بکەم
بەهار دێت و
شێعرێک تازە بهۆنمەوە بۆ کوردستان!
وتم بە جوانترین وشە نەورۆز بکەم بە ملوانک
بۆ گەردنی بەرزی کوێستان!
زۆر هەوڵمدا
بۆتان بڵێم شێعرێکی تەڕ
هەزار وشەم ڕست کرد و هەر
نەهاتە بەر!
پەنام بردە بەر پیکاسۆ
گرینیکای بۆم ڕەسم کرد و وتی هانێ
وتم لۆرکا ئەی تۆ، وتی:
شێعرەکانم
لە کاستیلا بە جێ ماون

ڕێگا نادەن گورگەکانی
وتم بە هایکۆی ژاپۆنی
ئەرکی شانم بەجێ بینم
هیرۆشیما گڕی گرت و
وشەی هایکۆ بوو بە فرمێسک
ڕژایە نێو گۆمی خوێنم!

هەڤاڵەکان!

ڕاستە بەهار جوان و شەنگە نەورۆز جێژنێکی تایبەتی گەلی کوردە لێم ببورن

پیرۆزباییتان لێ ناکەم
چۆن ناوێرم.
بەڵام کارتە پۆستاڵێکی هەڵەبجەتان بۆ دەنێرم.

سەرچاوەکان:


١ - ماڵپەڕی فەرمیی جەلال مەلەکشا، لە ٨-٨- ٢٠١٢.
٢ - ویکیپیدیا- ئیسکلۆپیدیای- ئازاد.
٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی دوارۆژ، جەلال مەلەکشا، قەڵەمی بوێر و یاخی، دەنگی هەژاران و چەوساوانی کۆمەڵگە.
٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Sahar، لە ٣١-١٠-٢٠٢٠.
٥ - ماڵپەڕی کوردستان و کورد، لە یادی جەلال مەلەکشا، وتارێکی نووسەر خالد توکلی.
٦- - Khaktv، لە ١٣-٦- ٢٠٢٠.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جەمیلە جاسم

ئـەو داوا و داخـوازی ئەوەیـە:( میلۆدیـا و ئـاوازی کـوردی لـە هەمـوو پارچەکانی کوردستان و لەهـەر کوێی دنیا هەیە، لـە ئینستیتیوی کەلەپووری سلێمانی جێی بکرێتـەوە و کۆبکرێتـەوە و بپارێزرێت)، مامۆسـتا و شـارەزا لـە بـواری ئـاواز و سـترانی کـوردی، ڕۆژنامەنـووس و کۆکـەرەوەی فۆلکلـۆر و کەلەپـوور و مێـژووی کـورد، خاتـوو جەمیلـە جاسـم....



نووسەر و هونەرمەند
خاتوو جەمیلە جاسم
بە جاحێڵی

نـاوی تەواوی(جەمیلـە جاسـم جەلیل)ە، لە سـاڵی ١٩٤٠ لـە شـاری یێریڤانی پایتەختی ئەرمنستان لـە خانەوادەیەکـی کـوردی ئێزیـدی لـە دایـک بـووە، ، ئـەو کچـی(جاسـمێ جەلیل)ە، ئینسـتیتیوی مۆزیکـی و پاشان(کۆنسـەرڤاتۆر)ی ئەرمینیـای خوێنـدووە، دواتـر بۆتـە مامۆسـتای مۆسـیقا لـە یەکـێ لـە قوتابخانەکانـی شـاری(یێریڤان-یەریڤان).

لـە سـاڵی ١٩٦٧- ٢٠٠٢ بەرپرسـی بەشـی کوردیـی ڕادیـۆی یێریڤـان بـووە، لـەو بارەیـەوە دەڵێت:(سـاڵانێک لـە بەشـی کوردیـی ڕادیـۆی یێریڤـان کارم کـردووە، بـە تایبـەت لـە دەستنیشـان



نووسەر جەمیلە جاسم لە کاتی کاری هونەریدا

کـردن و هەڵبـژاردن و بڵاوکردنـەوەی گۆرانـی و ئـاوازی کـوردی) ، ئـەو دەیـان هونەرمەندی مۆسیقاژەن و گۆرانێژی کوردی لـە ناوچـە جیاجیاکانی ئەرمینیا و هەمـوو پارچەکانـی دیکـەی کوردسـتان بانگهێشـت کـردووە، دیدار و کۆبوونـەوە و ڕاگۆڕینـەوەی لەگـەڵ کـردوون، هـەر لـە ماڵەکـەی خـۆی بەرهەمەکانیانـی بـۆ تۆمـار کـردوون، بەشـی زۆری دەقـە شـیعرییەکانی خـۆی بـۆ گۆرانـی داوەتـە گۆرانیبێـژ (کەرەمـی سـەیاد)، چونکـە دەنگـی ئـەوی پێخۆشـبووە.

خاتـوو جەمیلـە جاسـم، یەکـەم کتێبـی خـۆی لەسـەر ئـاواز و سـترانی کـوردی بـە نۆتـە نووسـیوە لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە یێریڤان لـە چاپـی داوە، دووەم کتێبیشـی لـە سـاڵی ١٩٥٥ بـە ناوی(مۆسـکاڤا) کـە ئەویـش هـەر لەسـەر ئـاواز و میلۆدیـای کـوردی بـووە لـە چاپـداوە، ئـەو (١٠) کتێبـی نووسـیوە، دەیـان وتار و لیکۆڵینـەوەی زانسـتی لەسـەر مۆسـیقاو ئـاوازی کـوردی لـە یەکێتیـی سـۆڤیەتی جـاران نووسـیوە و لـە ڕۆژنامـەو گۆڤارەکانـی ئەرمینیـا بـڵاوی کردۆتـەوە، ئەمانـەی خـوارەوە هەندێ لـە کتێبـە چاپکراوەکانییەتـی:

- Stran u Dilanen Kurdi، ستران و دیلانێن کوردی، یێریڤان ١٩٥٤.
- مۆسکاڤا، دەربارەی ئاواز و مۆسیقای کوردی، یێریڤان ، ساڵی ١٩٥٥.
- Awazen Kurdi، ئاوازێن کوردی.
- Stran u Awazen Aurdi، ستران و ئاوازێن کوردی، بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم.

هەموو بەرهەمەکانی بە پیتی لاتینی کوردی نووسیوە.

جەمیلە جاسم ئاوات و ئامانجی یەکگرتوویی و یەکڕیزیی میللەتی کوردە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە بتوانرێت زیاتر پەرە بە دۆزینەوەی ئاواز و مۆسیقای کوردی لە سەر ئاستی هەموو کوردستان و جیهان بدرێت و لە کتێبدا چاپ بکرێت، ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت:(ئاوات و ئامانج و داخوازیم ئەوەیە، کە میلۆدیا و ئاواز و سترانی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستان و جیهان لە ئینستیتیوی کەلەپووری سلێمانی جێی بکرێتەوە و بپارێزرێت، بۆ ئاشنا بوونی زیاتر لە لایەن هەمووان، ڕۆڵی هونەرمەندی



نووسەر جەمیلە جاسم لە کاتی کاری هونەریدا





نووسەر جەمیلە جاسم لە کارێکی هونەریدا



لە لای ڕاستەوە: ڕۆژنامەنووس کەنار قاسم باپیر، نووسەر جەمیلە جاسم



لە لای ڕاستەوە: نووسەر جاسمێ جەلیل باوکی نووسەر جەمیلە جاسم،

گەورەی کورد مەزهەری خالقیشی بەرز نرخاندووە، هەروەها بە هیوای هەوڵێکی زیاترە بۆ پاراستنی کەلەپوور و کەلتوور و فۆلکلۆری کوردی و پشتگیری و پشتیوانیی هونەرمەندان زیاتر بکرێت).

ئەو لە دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و سیمنارە هونەرییەکان دەربارەی مۆسیقا و ئاوازی کوردی ئامادە بووە و بە وتاری زانستی دەربارەی میلۆدیا و ئاوازی کوردی بەشدار بووە، لەوانە لە وڵاتانی (پۆلۆنیا، هۆڵەندا،




**بەرهەمەکانی نووسەر جەمیلە جاسم**

ئیتاڵیـا، لەنـدەن، تورکیـا، سـووریا، هەولێـر، سـلێمانی) سـێ جـار بـە وتـاری زانسـتی لەسـەر مۆسـیقا و ئـاوازی کوردی لە(سـمپۆزیومی)موزیک کە سـاڵانە یۆنسـکۆ لـە ئەرمینیـا سـازی کـردووە، بەشـدار بـووە.

هونەرمەنـد و نووسـەر جەمیلـە جاسـم ئەندامـی یەکێتیـی مۆسـیقاژەنان و ئەندامـی ڕۆژنامەنووسـانی یەکێتیی سـۆڤیەتی جـاران بـووە.

بـۆ نووســەر و کەلەپـوور و کەلتوورنـاس و میلۆدیـا و ئاوازناسـی بـە توانـای کـورد، خاتـوو جەمیلـە جاسـم هـەر سـاغ و سـەلامەت و سـەرکەوتوو بیـت بـۆ خزمەتـی ئـاواز و میلۆدیـای کـوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا، لە نووسینی نووسەر و ڕووناکبیر جەمیل مەلا قەرە.

٢ - فیلمێکی دوکیومێنتاری لە Youtube، دیدار لەگەڵ نووسەر و هونەرمەند جەمیلە جاسم، لە ئامادەکردنی میدیاکار ئەحمەد ئیسماعیل.

٣ - Puk Midia، لـە چاوپێکەوتنێکدا لـە گـەڵ نووسـەر جەمیلـە جاسـم، وتارێک بۆ ڕۆژنامـەی کوردستانی نوێ، لە ئامادەکردنی ڕۆژنامەنووس کەنـار قاسـم باپیـر، لـە ٢٩-٥- ٢٠٢١.

٤ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ع. ع. شەونم

خاوەنی سروودی:

**جەژنــە جەژنــی کوردســتانە جەژنــی نــەورۆزە**

**بــە تیشــکی ئاگــر ئەنووســم جەژنــە پیــرۆزە**

شــاعیر و نووســەر و وەرگێــڕ و فۆلکلۆرنــاس، هونەرمەنــدی شــێوەکار و خۆشــنووس، شــانۆکار و نووســەری تێکســتی گۆرانــی و ســروود و ئاوازدانــەری خۆڕســک، ڕەوانشــاد( ع. ع. شــەونم)...

نــاوی تەواوی(عەلــی عەبدوڵــڵا محەمــەد ســۆفی)یە، لەنێــو ئەدیــب و ڕۆشــنبیران بــە ناســناوی(ع. ع. شــەونم) ناســراوە،(پیتی ع)ی یەکــەم کورتــەی نــاوی خۆیەتی،(پیتــی ع)ی دووەم کورتــەی نــاوی باوکییەتــی، وشــەی شــەونم لــە ســاڵی ١٩٤٣ بۆ خۆی هەڵبژاردووە، بەم جۆرە بە ع. ع. شــەونم دیار و ناســراوە.

ع. ع. شــەونم لــە ســاڵی ١٩٢٥ لــە گەڕەکــی (پاشــا)ی شــاری هەڵەبجــەی ســەر بــە لیــوای سلێمانی(ئێســتا پارێــزگای ســلێمانی)یە لــە خانەوادەیەکــی ڕۆشــنبیر لــە دایک بووە، لــە تەمەنــی (٧) ســاڵیدا چۆتــە بــەر خوێندنــی حوجرە و قورئانــی پیــرۆزی (ختــم) کــردووە، گوڵســتانی خوێندۆتــەوە، ســاڵی ١٩٣٤ تەمەنــی(٩) ســاڵان بــووە خــۆی چووەتــە قوتابخانــە خۆی(قەید)کــردووە، واتــە



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ڕەوانشاد دکتۆر عەبدوڵڵا حەداد،**
**نووسەر ع. ع. شەونم**

ناوی خۆی نووسیوە بۆ خوێندن، لە ساڵی ١٩٤٠ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی پاشا لە هەڵەبجە تەواوکردووە لە تاقیکردنەوەی بەکەلۆریای شەشی سەرەتایی بە پلەی یەکەم دەرچووە لەسەر هەموو لیوای سلێمانی، چۆتە(دار المعلمين الريفي) لە بەغدا و ساڵی ١٩٤٥ تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە قوتابخانەکانی(بیارە، هەڵەبجە) پاشان لە بەر هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکانی گواستراوەتەوە ناحیەی (الشامية و الغماس و بغداد) دواتر گەڕاوەتەوە سەید سادق و ناو شاری سلێمانی، لە ساڵی ١٩٧٢ بۆتە سەرپەرشتیاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە چالاکیی قوتابخانەکان لە پەروەردەی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٨٠ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشین کراوە.

دەستپێکی نووسینی مامۆستا ع. ع. شەونم بە بڵاوکردنەوەی پارچە شیعرێک بووە بە ناوی(ئەی دڵ بەهارە)لە ساڵی ١٩٤٣ لە گۆڤاری گەلاوێژ، ئەو خاوەنی کۆمەڵێک بەرهەمی نایاب و ناوازەیە لە بواری نووسینی شیعر و شیعر بۆ منداڵان و نووسینی ئەدەبی و فەرهەنگی  و زمانەوانی و وەرگێڕان و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و پەندی پێشینیان و شیکردنەوە و

ساغکردنەوەیان، سەرەڕای کارە هونەرییەکانی لە بواری شانۆ و نووسینی ئۆپەرێت و تێکستی گۆرانی و سروود و ئاوازدانانیش، ئەو ئاوازدانەرێکی بە سەلیقە و خۆڕسک بووە، وا هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانی دەنووسمەوە:

**بەرهەمە ئەدەبییە لە چاپدراوەکانی:**

- دیوانی ع. ع. شەونم، کۆی سەرجەمی بەرهەمە شیعرییەکانییەتی، لە ساڵی ٢٠٢٢ چاپکراوە لە لایەن بنەماڵەکەی کە(١٣٤٦) لاپەڕەیە و بە گەورەترین دیوانی شیعری دادەنرێت، کۆی(١٣٨٠) بابەتی شیعری لە خۆگرتووە و لە(٩١٦٧) دێرە شیعر پێکهاتووە و(١٠٩٣) شیعرییان پەندە شیعرە.



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر ع.ع. شەونم

- فەرهەنگی کوردواتەنی، کە(١٠) بەرگە ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن بەڕێز فاروقی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵی سەفوەت کە بۆ چاپکردنی دەزگای(دوا ڕۆژ) ی بۆ تەرخان کردبوو.
- پیران و پەندیار، ساڵی ٢٠١٠.
- دیوانی شارەزوری، ساڵی ٢٠٠٧.
- سەلکەو پەلکە و قەباڵەی ڕێوی و گورگ و بزن و لەگەڵ کۆتر و بۆق، چەند نامیلکەیەکی شیعرین بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٢، ٢٠٠٥ لە چاپدراوە.
- مەتەڵی کوردەواری، ساڵی ٢٠٠١،(بەشێکی کەم لە مەتەڵەکان لەم بەرگەدایە).
- کارەساتی کانی ئاشقان، کە بەسەرهاتەکانی کوردی( کەرکوک، ئەنفال، گۆڕی بە کۆمەڵ، کوشتن و شەهید کردنی(١٠) هەزار بارزانی (١٢) هەزار کوردی فەیلی و چەندین کارەساتی دیکە) کە بە سەر میللەتەکەماندا هاتووە.
- جریوە(١)، شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٦٦.
- جریوە(٢) شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ١٩٨٤.



**٤ - لە لای ڕاستەوە: نووسەر و هونەرمەند ع. ع. شەونم، نووسەر و ڕۆژنامەنووس و فۆلکلۆرناس محەمەد مەردان**





نووسەر ع. ع. شەونم

- جریوە(٣) شیعر بۆ منداڵان، ساڵی ٢٠٠٠.
- سەرنجێک لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردی ، ساڵی ١٩٦١.

لە بواری وەرگێڕانیش ئەم شانۆگەرییانەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

- بازرگانی ڤینیسیا، شانۆگەری شکسبییر.
- هەزار و یەک شەو، سندباد.
- هاملێت، شکسبیر.
- ژیانی بتهۆڤن، .
- چل و پێنج یاری.
- بەشی یەکەمی چیرۆکی(الف لیلة و لیلة) بە شیعرەکانیشەوە.
- کتێبی ماتماتیک، جیاکاری، شیکار و بەرجەستەی بۆ پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بە هاوبەشی لەگەڵ مامۆستا عەبدولواحید سابیر.
- جوگرافیا بۆ پۆلی(٢)ی ناوەندی.

مامۆستا ع. ع. شەونم سەبارەت بە کۆکردنەوەی فۆلکۆر و پەندی پێشینان ڕای تایبەتیی خۆی هەیە و دەڵێت: پەندی پێشینان دەوڵەتێکی کوردییە، بەڵام بە بێ سوپا بۆ ئەمەش چوارینەیێکی بە ناوبانگی هەیە کە دەڵێت:





نووسەر ع. ع. شەونم

پەنـدی پێشـینان وەکـو یاسـایە

بـۆ کـورد دەوڵـەتـی بـە بـێ سوپایە

کـورد کـە ئێسـتا مـاوە و زینـدووە

هـەر بـەو دەوڵـەتـە بەڕێـوە چـووە

ئەو(٢٧٢٦٠) دەستەواژەی فۆلکلۆری کوردی کۆکردۆتەوە،(١١٩١) مەتەڵی کوردی لـە خۆگرتووە،(٦٣٦٢) پەندی پێشینان و لێکدانـەوە و شـیکردنەوە و نموونەشـی بۆ هێناونەتەوە.

ع.ع.شـەونم نووسـەرێکی داهێنـەر بووە، خاوەنـی داهێنانـی دەیان وشـەی زانسـتی کوردییە بۆ کتێبە مەنهەجییەکانی قوتابخانە سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەییـەکان، ئەو چەندین وشـەی بەکارهێناوە و دواتـر لـە زمانـی کوردی

شوێنی خۆی کردۆتەوە و چەسپاوە، وەکو وشەکانی(بازنە، چەق، لوولەک، قووچەک، ڕووبەر، قەبارە، ڕووتەخت، سێ گۆشە، چوارگۆشە، شەش پاڵوو، لێکەوت و جێکەوت، هاوجێ و تەریب، داتاشراو، تەواوکاری، ...هتد).

هەرچەند ئەو هیچ پەیمانگا و ئەکادیمییایەکی هونەری تەواونەکردووە، بەڵام بە سەلیقە و خۆڕسک هونەرمەند بووە، ئەمانەش هەندێ لە کارە هونەرییەکانییەتی:

- لە ساڵی ١٩٥٥ پێشەنگ بووە لە ئاوازدانان، ئاوازی بۆ(٢٠) گۆرانی و(١١) سروودیش داناوە هەمووی لە تێکستی شیعرەکانی خۆی بووە، لەوانە:(هاتم هاتم کە هونەرمەند عومەر ڕەزا وتوویەتی، ئاوازی توخوا کاکی شمشاڵژەن، خوا حافیز ناتناسم، خۆشە سەیران ڕۆژی بەهاران... و سروودەکانی جەژنە جەژنی کوردستانە، شنگال، ئاڵای کوردستان، فیدڕاڵی، هەڵەبجە، سەربەستی...چەندانی دیکە).
- لە ساڵی ١٩٥٥ شانۆگەریی(بازرگانی ڤینیسیا)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی هەر بە خۆشی تەختەی شانۆی دروستکردووە و پەردە و بەکرەشی بۆ داناوە و جل و بەرگ و هەموو ئارایشەکانی دیکەی لەسەر ئەرکی خۆی ئامادە کردووە و لە شاری هەڵەبجە نمایشکراوە.
- لە ساڵی ١٩٦٢ سرووده بەناوبانگەکەی نەورۆزی داناوە کە دەڵێت:

جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە

بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە

کە بە دەنگی چەند قوتابییەک لەسەر شەریت تۆمار کراوە و هەر هەمان





**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ع. ع. شەونم**

ساڵ ناردوویەتییە گەلاڵە و لە نەورۆزی ئەو ساڵدا بڵاوکراوەتەوە و دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبوو، ببووە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک لە هەر چوار پارچەی کوردستان، دواتریش هەر دوو هونەرمەندی گەورەی کورد(ڕەفیق چالاک و ئیبراهیم خەیات) بە دەنگە خۆش و زوڵاڵیەکەیان تۆماریان کردووە، کە تا ئێستا و هەتا دنیاش ماوە ئەم سرووودە هەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە، لە کۆتایی ئەم نووسینە تەواوی دەقی هۆنراوە و سرووودی(جەژنە جەژنی کوردستانە)تان بۆ دەنووسمەوە.

- لە ساڵی ١٩٧٦ ئۆپەرێتی(کەژاوەی مێژوو)ی داناوە بۆ چالاکیی قوتابخانەکان، کە باسی هەموو دەردەسەری و نەهامەتییەکانی مێژووی میللەتی کوردمان بۆ دەکات، ئەو (٢٧) ئۆپەرێتی نووسیوە هەمووی لە کتێبیکدا بە ناوی(کارەساتی ئاشقان) لە چاپداوە، تێیدا باسی کارەساتی ئەنفال و کەرکووک و کوشتن و ڕاگواستنی کوردانی فەیلی و .....هتد) دەکات.
- لە بواری وێنەکێشانیش دەستێکی باڵا و ڕەنگینی هەبووە، وێنەی(عەبابەیلێ) ی لەسەر دیواری قوتابخانە کێشاوە، وێنەی شێخ حوسامەدینی شێخ عەلائەدینی بیارە و وێنەی تەوزیحی لەشی مرۆڤی بۆ وانەی(ئەشیا و





سیحە- الاشیاء و الصحة) لەسەر دیواری قوتابخانە لە هەڵەبجە کێشاوە بۆ ئەوەی قوتابییەکان باشتر لە وانەکان بگەن، وێنەی هاوسەرەکەی خۆشی کێشاوە.

- ئەو وەکو هونەرمەندێکی میدیاکاریش بۆ ماوەی(٣)ساڵ بەرنامەیەکی ئەدەبی بە ناوی(ئیدیۆم-Idiom) بە هاوکاریی پەیامی کچی و پاکۆی کوڕی، لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا پێشکەشکردووە.

چەندین وتار و ئەدەبی و هونەری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

سەبارەت بەم نووسەر و شاعیر و هونەرمەندە نەمرە، با بزانین ئەم نووسەر و هونەرمەندانەی کورد چی دەڵێن:

نووسەر و چیرۆکنووسی گەورەی کورد مستەفا ساڵح کەریم دەڵێت:( هەم مامۆستا و هەم هاوڕێم بوو، لە فەترەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو ناویم بیستبوو وەکو شاعیر، ئاوازی بۆ شیعرەکانی دادەناو دەکرانە گۆرانی، لە ساڵی ١٩٦٣ پاش کودەتایەکەی بەعس من گیرام ئەویش گیرا بوو، لە هەمان قاوش بووین و (کاکەی فەلاح و حەمە ساڵح دیلان و شێخ حەسیب قەرەداغی)یشمان لەگەڵدا بووە، ئێوارەکان کۆڕی ئەدەبی و ڕۆشنبیرییمان دەبەست بۆ بەرزکردنەوەی ورەی بەندییەکان و باوەڕهێنانیان بە توانای گەلەکەمان بۆ هێنانە دیی ئامانجەکانی، ئەو یەکێک بوو لەوانەی ورەی خەڵکی بەرز دەکردەوە، لە بواری شیعری منداڵانیشدا بە یەکێک لە شاعیرە هەرە سەرکەوتووەکان هەژمار دەکرێت).

هونەرمەندی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی دەڵێت:(کاتێ باس لە ئەدەب و ڕۆشنبیری دەکرێت، دەبێ نووسەری گەورە ع. ع.شەونمان لە چاودا بێت، ئەو کاتەی باسی ئاواز و سروودی نیشتمانی کوردیش دەکرێت، دیسان دەبێت ئەو هونەرمەندە گەورەیەی کوردمان لە بەر چاودا بێت، ئەو کەسایەتییەکی جوان بوو و خزمەتێکی زۆری ئەدەب و هونەری کوردی کردووە، لە کێبڕکێی چالاکی قوتابخانەکان تێکستی گۆرانی و

سروودەکانی بە یەکەم دەردەچوون لە سەر ئاستی هەموو عێراق).

نووسەر و هونەرمەند ع. ع. شەونم خێزاندار بوو، خاوەنی حەوت منداڵ بووە بە ناوەکانی(پەیام، پەیبەر، پەیجور، پاکۆ، پاوان، بەریان) لە ساڵی ٢٠٠٧ هاوسەرەکەی کۆچی دوایی کردووە.

لە ڕۆژی ١٠-١٠-٢٠٢٠ بە هۆی نەخۆشیی کۆرۆنای نەگریس، نووسەر و هونەرمەند ع. ع. شەونم لە تەمەنی(٩٥) ساڵیدا لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بردراوەتەوە هەڵەبجە لەوێ بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ٢٠-١١- ٢٠٢٠ لە ڕێوڕەسمێکی شایستە و بە ئامادەبوونی نووسەر و شاعیران و ڕۆشنبیرانی شاری هەڵەبجە و کوردستان، چلەی ماتەمینی بۆ ئەنجامدراوە و پەیکەرێکیشی بۆ دروستکراوەو لە هەڵەبجە دانراوە.

**ع. ع. شەونم شیعری «جەژنی نەورۆز»ی نووسیوە و ئاوازی بۆ داناوە، ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:**

جەژنە جەژنی کوردستانە، جەژنی نەورۆزە
بە تیشکی ئاگر ئەنووسم جەژنە پیرۆزە
چاوگی ئاگر هێز و گیانمە
باوەڕی بەرزی کوردستانمە
سەیری کەن، سەیری کەن، سەیری کەن
شاخ و دەشت و شار و گوندم تاوی سەندووە
گۆڕی مەرگی دوژمنانم لێ هەڵکەندووە
پڕ بە دەم بانگ ئەکەم سەربەستیم ئەوێ
کوردستانم جێی شێرانە ئەبێ سەرکەوێ
مایەی شانازیمە بسووتێم و نەمێنم
بە ڕووناکی لەشم پەردەی شەو ئەدڕێنم
ڕۆژی ئازادییە نەک زەبوونییە

ئەی منیش وەک گەلان مافم بۆ نییە
بۆچی تاوانە گەر دیلی کەس نەبم
یا پلیشاوەی ژێر هەرەس نەبم
شەرتە ئەگەر وایە بسووتێم و نەمێنم
تاکوو بە خوێن مافی کوردستانم ئەسێنم
جەرگ ئەسووتێ، بۆن کڕووزی گەییە ئاسمان
تا لە ئێوە ئاشکرابێ، ئەی هەموو جیهان
مێژوومان چەند زوحاک و ماری خستە چاڵ
چەن کەسی کرد بە گوڵ بۆ بەهاری ساڵ
کۆرپەکان دایکەکان بێدەرەتانان
مۆمی هەڵگیرساون بۆ ئازادی کوردستان


سەرچاوەکان:

١ - کەناڵی k٢٤، دوو کورتە فلیمی دوکیومێنتاری لە ١٠- ١- ٢٠٢٠ و لە ٢٠-١١- ٢٠٢٠.

٢- - KURDSAT NEWS، فلیمێکی دوکیومێنتاری لە ١٠-١٠-٢٠٢٠.

٣- - Wikiwand.

٤- - NRT Tv، فلیمێکی دوکیومێنتاری لە ١٠-١٠-٢٠٢٠.

٥- -Zamanprees.com، لە ١٠-١٠- ٢٠٢٠.

٦ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای- ئازاد.

٧ - ئامادەکردن و زانیاری و نووسینی خۆم.



## فوئاد مەجید میسری

نووسـەر و سیناریست و وەرگێڕ و لێکۆڵـەر، توێژەری بە توانا و دیاری کورد، ڕووناکبیر فوئاد مەجید میسری...

نـاوی تەواوی(فوئـاد مەجید میسـری)یە، لـە سـاڵی ١٩٤٥ لـە گەڕەکی(مەڵکەنـدی) شـاری سـلێمانی لـە خانەوادەیەکـی ڕۆشـنبیر لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی هـەر لـە شـاری سـلێمانی تـەواو کـردووە.

سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو، بەنـدە لـە بەغـدا قوتابیی بەشـی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بووم و لـە ڕادیۆی کوردیی بەغداش وەکو(بێـژەر) دەسـتبەکار بـووم، نووسـەر فوئـاد مەجیـد میسـری هـەر ئـەو کات دەستی بە نووسین کردووە، ئەو دەسـتپێکی نووسینەکانی بە ڕەخنـەی ئەدەبـی دەسـت پێکـردووە، کـەم ژمـارەی هەفتەنامـەی ڕۆژنامـەی هـاوکاری هەبوو کە وتارێکی ڕەخنـەی ئەدەبی فوئـاد مەجید میسـری تێدا نەبێت، هـەر ئـەو کاتیـش بـوو دەسـتی بـە وەرگێڕانـی کتێـب و نامیلکەکانـی مارکسـیزم و لینینزم و ماوتسـی تۆنگ کردووە، ئەو لە نووسـینەکانیدا سـتایل و شـێوازێکی تایبـەت بـە خـۆی هەبـوو، زۆر بوێـر و ئازایانـە فیکـر و بیـر و ڕای خـۆی دەردەبڕی، هـەر ئـەو کاتیش بـوو کە یەکێک بوو لـە نەیارە سەرسـەختەکانی




**لە لای ڕاستەوە: نەناسراوە، مامۆستا عومەر کەریم ئاغا، هونەرمەندی گەورەی کورد ئەحمەد سالار، هێمن موکریانی شاعیر، نووسەر فوئاد مەجید میسری، بەڕێز جەمال ڕەشید، هونەرمەندی گەورەی کورد ئەنوەر قەرەداغی**

بزووتنەوەی(ڕوانگە)، هەموو نووسینەکانی بە زنجیرە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو سەردەم لەوانە( هاوکاری، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی کوردستان، بیری نوێ، ژین) بڵاودەکردەوە، دواتریش بەشی زۆری ئەو نووسینە بڵاوکراوانەی لە کتێبدا چاپکردوون، لە کۆتایی حەفتاکانیش دەستی بە نووسینی شانۆنامەو سیناریۆ و وەرگێڕانی شاکارە عەرەبی و جیهانییەکانی بواری شانۆ کردووە، ئەو کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخی لە چاپداوە و بڵاویشی کردوونەتەوە، بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- لە ساڵی ١٩٧٢ کتێبی(لەمەڕ ناکۆکی- في التناقض)ی (ماوتسی تۆنگ) کە یەکەم یاسای دیالیکتییە، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- ساڵی ١٩٧٣ نامیلکەی(دیکتاتۆریەتی دیموکراسی گەل)ی(ماوتسی تۆنگ)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاویکردۆتەوە.

- ساڵی ١٩٧٣ لێکۆڵینەوەیەکی بە ناوی(سەربەستیی ئافرەت) بە(٦) زنجیرە لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ٢٠٢٠ دەزگای(ئایدیا) لە کتێبێکدا بە ناو نیشانی( ئازادیی ژن لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە) بڵاویکرۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٤ لێکۆڵینەوەیەکی سەبارەت بە(کۆمۆنەی پاریس) لە هاوکاری بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٨ لێکۆڵینەوەیەکی دەربارەی( شیعر و فەلسەفە) کردووە بە کوردی دواتر لە کتێبێکدا لە چاپیداوە.
- هەر لە ساڵی ١٩٧٨ دەقی شانۆی(خەج و سیامەند)ی نووسیوە.
- لە ساڵی ١٩٧٩ دەقی شانۆی(ڕاپۆرت)ی نووسیوە.
- لە ساڵی ١٩٧٩ تێکستی شانۆی(ئادابا)ی کە شانۆگەرییەکی شیعرییە، وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کتێبێکدا لەچاپیداوە.
- لە ساڵی ١٩٨١ تێکستی شانۆی(ژیانی گالیلۆ)ی نووسەر(بەرتۆلد برێشت) ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کتێبێکدا چاپکردووە.



**لە لای ڕاستەوە: هەمزە عەلی دادە، شاعیر دڵشاد مەریوانی، هونەرمەند ئازاد حەمە بچکۆل، نووسەر فوئاد مەجید میسری، بەڕێز عەبدولڕەزاق پشدەری**

- له ساڵی ١٩٨١ تێکستی شانۆی(تەنەکە)ی لە نۆڤلێتی(تەنەکە)ی نووسەری تورکی یەشار کەمال، ئامادە کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٢ دەقی شانۆی(سەلەی نانکەر)ی لە ڕۆمانی نووسەری عێراقی(غائب طعمة فرمان)، وەرگێڕاوە و ئامادەی کردووە.
- ساڵی ١٩٨٢ کتێبی(ڕێنیسانس)ی دکتۆر کەمال مەزهەری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- ساڵی ١٩٨٥ تێکستی شانۆی(چرا)ی لە ڕۆمانی(القربان)ی نووسەر(غائب طعمة فرمان) کردووە بە کوردی و ئامادەی کردووە.
- ساڵی ١٩٨٦ کتێبی(چینی کرێکارانی عێراق)ی دکتۆر کەمال مەزهەری وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- ساڵی ١٩٨٦ نامیلکەی(دەوڵەت)ی(لینین)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠٢٠ (ناوەندی کۆمۆن) سەر لە نوێ چاپی کردۆتەوە.
- ساڵی ١٩٨٨ دەقی شانۆی(دادگای) نووسیوە.




**نووسەر فوئاد مەجید میسری لە دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان**




بەرهەمەکانی نووسەر فوئاد مەجید میسری


- ساڵی ١٩٩٢ دەقی شانۆی(دایکە ئازا)ی نووسەر بەرتۆلد بریشتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- ساڵی ١٩٩٤ دەقی شانۆی(شێر عەلی) نووسیوە.
- ساڵی ١٩٩٧ کتێبی(کۆمەڵگا لە سایەی دەوڵەتی خەلافەتدا)ی نووسیوە، تا ئێستا چوار جار لە چاپدراوەتەوە.
- ساڵی ٢٠٠٠ کتێبی(جیهانگیری) نووسیوە، ئەویش تا ئێستا سێ جار چاپکراوەتەوە.
- کۆ بەرهەمە شانۆکانم، ساڵی ٢٠١٩.
- لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٠٧ کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوەی سیاسی بە زمانی عەرەبی نووسیوە و لە گۆڤاری(الرؤية)دا بڵاوی کردۆتەوە، کۆی ئەو وتارانەی لە کتێبێکدا بە ناوی (المواقف تتسح المواثيق) لە چاپداوە.
- ساڵی ٢٠٠٦ نووسینەکانی(مارکس- ئینگلس دەربارەی ئەدەب و هونەر)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە کتێبێکدا لە چاپیداوە، ساڵی

٢٠١٩ دەزگای جەمال عیرفان سەر لە نوێ چاپی کردۆتەوە.

نووسەر و وەرگێڕ فوئاد مەجید میسری لەم ساڵانەی دواییدا هاریکارییەکی زۆر باشی لەگەڵ دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان کردووە و سێ کتێبیان لە بوارەکانی ئەدەب و هونەر و وەرگێڕان لە چاپداوە.

نووسەر و وەرگێڕ و ڕووناکبیر فوئاد مەجید میسری دەیان وتار و لێکۆڵینەوە و دیدار و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئەنجامدراوە، ئەو بیر و ڕای خۆی بە شێوەیەکی زانستیی و ئەکادیمی لە بوارەکانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و فەلسەفی و زانستی و ئایینی، لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار و کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، بەردەوامیش ئامادەی کۆڕوکۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و ڕەخنەیی بووە و خۆشی چەندین کۆڕو سیمیناری دەربارەی کاریگەریی ئەدەب لەسەر کۆمەڵگای کوردەواری بابەتی هەمەجۆری دیکە گێڕاوە لەوانە:

لە ١٥-١- ٢٠١٧ بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیب و ڕۆشنبیران، ناوەندی(سیکۆلار) لە وڵاتی دانیمارک سیمینارێکیان بۆ






نووسەر و ڕووناکبیر فوئاد مەجید میسری لەژێر ناونیشانی(جیاوازییە بنەڕەتییەکانی میتۆدی زانستی و میتۆدی ئایینی) ڕێکخستوە.

لە ١٩-٦- ٢٠٢١ بنکەی ڕووناکبیری گەلاویژ، ئێوارە کۆڕێکیان بە ناو نیشانی(ڕوانگە و نەیارەکانی) بۆ نووسەر و وەرگێڕ فوئاد مەجید میسری ڕێکخستووە، بە ئامادەبوونی ئەدیب و نووسەرانی شاری سلێمانی.

لای هەموومان ڕوون و ئاشکرایە نووسەر و وەرگێڕ و ڕووناکبیر فوئاد مەجید میسری خاوەنی سەدان بەرهەمی شانۆییە لە نووسین و سیناریۆ و وەرگێڕان، لە ٢١-٧-٢٠١٧ بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی شانۆ، ئەو کاتەی ویستوویانە خەڵات و ڕێزی لێ بنێن ئەو ڕەتی کردۆتەوە و وتویەتی:(پێم شەرم بوو و بە سووکایەتیم زانیوە، کە من لەپاڵ کۆمەڵێک کەسدا خەڵاتی ڕێزلێنان لە ڕۆژی جیهانیی شانۆدا وەربگرم، کە ئەوان هیچ پەیوەندییەکیان بە شانۆ و نووسینەوە نییە).

بۆ نووسەر و سیناریست و وەرگێڕ و ڕووناکبیر فوئاد مەجید میسری، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و شانۆ و ڕەخنەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیbmc، لە ٢١- ٧- ٢٠١٩.

٢ - Mawda Media، بەرنامەی دوان دیدار لەگەڵ نووسەر فوئاد مەجید میسری.

٣ - دەزگای جەمال عیرفان، وتارێک بە ناو نیشانی(فوئاد مەجید میسری خەزنەیەک لە وشە) لە ٢٩-١٢-٢٠١٩.

٤ - گوڵان میدیا، دیمانەی تایبەی لەگەڵ نووسەر فوئاد مەجید میسری.

٥ - ماڵپەڕی ڕەخنەی چاودێر، لە ١٩-٤-٢٠٢٠.

٦ - فیلمێکی دوکیومێنتاری Youtube، دیداری وێژە، لەگەڵ نووسەر فوئاد مەجید میسری، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار بێستون سلێمان. لە ١٨-١٢-٢٠١٤.

٧ - فیلمێکی Youtube، بەرنامەی چەپ و ڕاست، دیدار لەگەڵ نووسەر فوئاد مەجید میسری، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار عەلی مەحمود، لە ٢٢- ٢-٢٠١٥.

٨ - ماڵپەڕی فەیسبووکی وێنە کۆنەکانی سلێمانی، ٢٨-٨-٢٠٢٠.


٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نەژاد عەزیز سورمێ

شـاعیر و نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس، وەرگێـڕ و هونەرمەنـدی بـواری کـۆلاژ، نـەژاد عەزیـز سـورمێ...

ناوی تەواوی(نەژاد عەزیز سورمێ)یە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە شارەدێی (گەڵاڵە) ی سـەر بـە شـارۆچکەی (چۆمـان)ی ناوچـەی باڵەکایەتـی لـە خانەوادەیەکـی کوردپـەروەر لـە دایـک بـووە، بەشـێک لـە خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە گەڵاڵـە لەژێر تـۆپ و تەیـارەی ڕژێمـی عەبدولکەریم قاسـم و دواتر ڕژێمـی دیکتاتـۆری بەعـس تەواوکـردووە، ئـەو سـەردەم سـەرەتای دەسـتپێکردنی بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی گەلـی کورد(شـۆڕشـی ئەیلوولـی ساڵی ١٩٦١) بـووە، بەشـی زۆری گوندەکانـی دەوروبـەری گەڵاڵـە و چۆمـان ڕووخێنـدران و سـووتێندران، لـە ئاداری سـاڵی ١٩٧٤ بۆتـە پێشـمەرگەی کوردسـتان و وەکـو یەکەمیـن (پەیامنێری جەنگ- مراسل حربي) دەست بەکار بووە، ئەو لە بەشی زۆری بەرەکانی جەنگ بە تایبەتی لە بەرەی هێزەکانی(باڵەکایەتی و زمناکۆ و خەبات و هەتا لە بەرەکانی ناوچەی سلێمانی)



**شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ ساڵی ١٩٧١**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر جەلالی میرزا کەریم، بەڕێز حەمید سووری، بەڕێز ئەحمەد هەردی، بەڕێز نەجمەدین ئەنیسی، شاعیر نەژاد عەزیز سورمێ، بەڕێز مەجید سێکانی**

ش، بە بەردەوامی ڕووماڵی ڕووداوەکانی شەڕ و ڕیپۆرتاژی بۆ ئێزگەی دەنگی کوردستان ناردووە و پەخشکراوە.

پاش نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ بە چەند مانگێک دوورخراوەتەوە شارۆچکەی(الحسينية)ی نزیک کەربەلا و دواتر بۆ نەجەف و کوفەو و عەباسیە لە ناوەڕاستی عیراق، لە هەموو ئەو شوێنانەش خراوەتە ژێر چاودێری و زۆر ئازار و ئەشکەنجەی بینیوە، هەر بە هۆی چالاکییە سیاسییەکانی ماوەیەکیش زیندانیکراوە، دواتر ئازادکراوە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ لە پاش هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە(تاقیکردنەوەی دەرەکی- إمتحان خارجي) بڕوانامەی شەشەمی ئامادەیی بەدەستهێناوە و ساڵی ١٩٨٣ لە بەشی(شوێنەوارناسی- قسم الأثار)ی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا وەرگیراوە و ساڵی ١٩٨٧ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وەکو نووسەر و سەرنووسەر لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان دەست بەکار بووە و لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بۆتە ئەندام پەرلەمان و ئێستا خانەنشینە و لە هەولێر نیشتەجێیە.


شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ هەر لە تەمەنی(١٥) ساڵیدا سەوداو و عەشقی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی و ڕۆژنامەگەری بووە، جیا لە هاوتەمەنەکانی خۆی کە زۆربەیان لە تەمەنی لاوێتیدا بە شیعر نووسین دەستییان پێکردووە، دەستپێکی ئەو بە نووسینی چەند شانۆگەرییەک بووە، کە کاتی خۆی هەندێکیان نمایشکراون، بەڵام بڵاوی نەکردوونەتەوە بۆیە نەماون و فەوتاون، دواتر دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، هەموو ئەو نەهامەتی و ئازار و ئەشکەنجە و دەرەبەدەری و ئاوارەیی خۆی و ناوچەکەی و هەموو خەڵکی کوردستان بوونەتە سەرچاوەی تەقینەوەی کانیاوی شیعری و چەندین کۆمەڵە شیعری نووسیوە، هەر بۆ گەیاندنی هەموو ڕاز و نیاز و ئاوات و خەمەکانی خۆی و خەڵک و میللەتەکەی کە بەشیعر بۆی نەلوایە و بە ئاسانی نەزانیوە! بە شێوەی هونەرێکی نوێ کە بۆ یەکەمین جار و یەکەمین کەس لە کوردستان دەستی بۆ بردووە ئەویشی هونەری(کۆلاژ)ە، لەم بوارەدا (٦) پیشانگا نمایشی کردووە و لە چەند کتێبێکدا چاپی کردوون، دواتریش کۆمەڵێک شاکارە وەرگێڕدراوەکانی جیهانی لە زمانەکانی فارسی و عەرەبی وەرگێڕاوەتە



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆژنامەنووس جەلالی میرزا کەریم،**
**شاعیر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ ساڵی ١٩٧٥ لە مهاباد**

سەر زمانی کوردی، هەموو ئەوانەشی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و پاک و پاراو و بە تام و چێژ و دوور لە وشەی نامۆ و داتاشراو نووسیوە و بەشی زۆریشی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، پاشان هەندێکییانی لە کتێبی سەربەخۆ لە چاپداون و بڵاویشی کردوونەتەوە، لە بوارەکانی شیعر و کۆلاژ و وەرگێڕان و ڕۆژنامەگەری زیاتر لە(٢٨) کتێبی بڵاوکردۆتەوە کە دیارترینیان ئەمانەن:

- ئەو شەوانەی خەوم نایێ، کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی(النعمان) بەغدا، ١٩٧٧.
- تاڤگەی مەند، کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی(شفیق) بەغدا، ١٩٨٧.
- چەند کۆتەڵێکی جەنازەیی، کۆمەڵە شیعر، چاپی یەکەم ساڵی ١٩٩٤، چاپی دووەم دهۆک ١٩٩٥.
- هەندێ لەو شوێن پێیانەی بەسەرشەختەدا مابوونەوە، شیعر، چاپی یەکەم ٢٠٠٥.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر نەژاد عەزیز سورمێ، شاعیری نووسەر جەلال بەرزنجی لە ٢٠-١٢-٢٠٢٢**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر نەژاد عەزیز سورمێ، نووسەر و لێکۆڵەر محەممەد وەسمان**

- تاڤگەمەند و ئەوانیتر، کۆشیعری(٤) کۆمەڵە شیعر پێکەوە، چاپی یەکەم کوردستان، ٢٠٠٥.
- بەو ڕێیانەدا تێپەڕیم لەو کانییانەم خواردەوە، شیعر، چاپی یەکەم ٢٠١٠.
- ئەوەی لە دواخوانی بڕیاریاندا نەگوترابوو، شیعر، چاپی یەکەم، ٢٠١٥.
- کەویە بەفرەکانی دۆزەخ، شیعر، چاپی ٢٠١٦.
- تەلارساز و هەندێ لە زیندەخەونەکان، شیعر، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.
- کاژە بەژن بڵندەکانی ڕۆژهەڵات، شیعر، چاپی یەکەم، ٢٠٢٠.

پیشانگاکانی(کۆلاژ) کە بەشی زۆریان لە کتێبی سەربەخۆ چاپکراون:

- پایزی چاوەکان، کۆلاژ لە تاڕاوگەی شیعریدا، هەولێر ١٩٩٨.
- چاوەکانی هەمیشە چاوەکانی، کڵاوڕۆژنەیەک لە شەختەدا، هەولێر ١٩٩٩.
- دیسان چاوەکان، هەولێر، ٢٠٠٥.
- (شرفة) بە زمانی عەرەبییە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خەبات، دهۆک ، ١٩٩٨. چاپی دووەم بە زمانی کوردی بە ناونیشانی (گەمە شاراوەکانی با) کە نووسەر نەجات حەمید ئەحمەد، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی



**شاعیر نەژاد عەزیز سورمێ لە کاتی شیعر خوێندنەوە**
**لە فیستیڤاڵی شیعری کوردی لە شاری سلێمانی ساڵی ١٩٧٩**

کـوردی و نووسـەر خـۆی پێداچوونـەوەی بـۆ کـردووە، ٢٠٠٨.

- ساوی شتان لە فۆتۆگرافدا، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨.
- هونەری کۆلاژ، مێژوو...تەکنیک...ئەزموون، چاپی یەکەم، کوردستان ٢٠٢٠.

بەرهەمەکانی لە بواری وەرگێڕاندا :

- نووسـتوی بەربەیـان، شـیعر، لـە فارسـییەوە، چاپـی یەکـەم بەغـدا، ١٩٨٠، چاپـی دووەم بـە زیـاد کراوییـەوە هەولێـر ٢٠٠٥.
- ڕێگاوبـان،(٥) چیرۆکـی درێـژ و شـانۆنامەیەک، لـە نووسـینی(نیکۆلای خایتۆف)ە،چاپـی یەکـەم چاپخانەی(الحـوادث) بەغـدا ١٩٨٣، چاپـی دووەم هەولێـر دەزگای موکریـان، ٢٠٠٥.
- سـەرەتایەک بـۆ تێگەیشـتنی هونـەری شـێوەکاری، چاپـی یەکـەم چاپخانەی(حسـام) بەغـدا، ١٩٨٦، چاپـی دووەم دەزگای موکریـان، ٢٠٠٥.
- چەنـد نامەیـەک بـۆ تارانتابلـۆ، لـە نووسـینی نووسـەری تورکـی نـازم حیکمـەت، لـە عەرەبییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، چاپـی یەکەم چاپخانەی(الزمـان) بەغـدا ١٩٩٠. چاپـی دووەم کتێبخانـەی ئـەرزان لـە سـوید، چاپـی سـێیەم کوردسـتان ٢٠٠٥.
- دایکی کورد(دانیێل میتران)وەرگێڕان لـە عەرەبییـەوە، چاپـی یەکـەم ١٩٩٦، چاپـی دووەم ٢٠١١.

- شوانی بۆشایی، شیعر، چاپخانەی کوردستان، ٢٠١٠.
- ستراتیژی شەقام، شیعر، چاپی یەکەم ٢٠١٨.
- خەونمان بۆ زستان دی، شیعر، چاپی یەکەم ٢٠١٨.

لای هەمووممان و ڕوون و ئاشکرایە شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ، هەر زۆر زوو چۆتە ناو دنیای ڕۆژنامە و ڕۆژنامەگەرییەوە، ئەو وەکو پەیامنێر و نووسەر و سەرنووسەر لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی کاری کردووە و دەیان وتار و لیکۆڵینەوە و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەگەری بە زنجیرە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە و دواتر هەندێکیانی لە کتێبی سەربەخۆ لە چاپداوە، کە ئەمانەن:

- ڕۆژنامەگەریی کوردی و ڕۆژنامەنووسی کوردستان، بە ناوی خوازراوی(پاکزاد محەمەد کەریم) کە یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە(شاخ) ساڵی ١٩٨٤ بۆیان چاپکرووە، دواتر بە ناوی خۆی




**بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ**

لـه چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەدین لـە هەولێـر سـاڵی ١٩٩١ ی‌ۆ جـاری دووەم چاپکراوەتـەوە.

- پڕۆژەیـەک بۆ دەرکردنـی ڕۆژنامەیەکـی (ڕۆژانـەی)ی کـوردی، لێکۆڵینـەوە، لـە گۆڤـاری (ڕۆشـنبیری نـوێ) لـە بەغدا پایـزی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتـەوە.
- هەڵـەی چـاپ و ئەمـڕۆ و ئاسـۆی دواڕۆژ، لێکۆڵینـەوە، بـە دوو ئەڵقـە لـە ڕۆژنامـەی هـاوکاری سـاڵی ١٩٨٨ بڵاوکراوەتـەوە.
- وێنـە و کاریکاتێر و تایپۆگرافیا و بـەکار هێنانـی لـە ڕۆژنامەگەریـی کـوردی، لـە گۆڤـاری کۆنگـرە لـە دانیمـارک و چاپـی دووەم لـە چاپخانـەی خەبـات سـاڵی ١٩٩١، چاپـی سـێیەم هەولێر ١٩٩٧.
- ئاژانسـی دەنگوباسـی کوردسـتان (ئاداک-Adak)، پڕۆژەیەکـی دامەزرانـدن و بەڕێوەبـردن، لێکۆڵینـەوە، لـە ڕۆژنامەی(برایەتـی) بـە (١٣) ئەڵقـە سـاڵی ١٩٩٣ بڵاوکراوەتـەوە، بـە کتێبیـش چاپـی یەکـەم هەولێـر ١٩٩٣، چاپـی دووەم هەولێـر ١٩٩٧ و چاپـی سـێیەمیش هـەر لـە هەولێـر ٢٠٠٥، کاتـی خۆشـی ئـەم پڕۆژەیـەی پێشـکەش بـە پەرلەمانـی کوردسـتان کـردووە.
- درەختـی بنکۆڵکراو، پەنجەنمایێکـی ڕۆژنامەنووسـییانە بـۆ ڕووناکبیـری و کەلتـووری کـوردی، چاپـی یەکـەم کوردسـتان ١٩٩٥، چاپـی دووەم سـوید ١٩٩٦، چاپـی سـێیەم هەولێر ٢٠٠٦.
- ئازادی لـە بەهـاری تەمەنیدا، وتـار دەربـارەی ڕۆژنامەنووسـییەوە، هەولێر ٢٠٠٦.
- ڕۆژنامەگەریـی کـوردی و چەنـد سـەرەقەڵەمێک لـە بـارەی تەکنیـک و هونەرەکانـی، چاپـی یەکـەم هەولێـر ١٩٩٩، چاپـی دووەم هـەر هەولێـر ٢٠٠٦.
- شار لە هەڵبوون و کوژانەوەیدا، وتاری ڕۆژنامەنووسی، ٢٠٠٥.
- میدیای کوردی لە بازنەی گەمەکانی سیاسەتدا، چاپی یەکەم ٢٠٢٠.

شـاعیر و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ نـەژاد عەزیـز سـورمێ، لـە ژیانـی ئەدەبـی و ڕۆژنامەگـەری ئـەم چالاکییانەشـی لـە بـواری ڕێکخراوەیـی و ئەدەبـی و ڕۆژنامەگـەری نوانـدووە.




**بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ**

- ماوەی زیاتر لە (١٠) سەرنووسەری ڕۆژنامەی(خەبات) بووە.
- ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە.
- ئەندام و بەشدار بووە لە دامەزراندنەوەی یەکێتیی نووسەرانی کورد پاش ڕاپەڕین.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای شوێنەوارناسانی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکانی کوردستانە.
- ئەندامی یەکێتیی پەرلەمانتارانی کوردستانە.

شاعیر و ڕۆژنامەنوس نەژاد عەزیز سورمێ، هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆی ماوە و لە ناوەندی ئەدەبی دانەبڕاوە و بەردەوامە لە شیعر و وتار و لێکۆڵینەوە نووسین و بڵاوکردنەوەیان، لە کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان ئامادە دەبێت.

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمێ، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ڕۆژنامەگەریی کوردی.

پارچە شیعرێکی شاعیر و ڕۆژنامەنووس نەژاد عەزیز سورمی:

**بەری خۆرنشینی دڵ مەگرە**

جەنگاوەری کەپک و خەرەندان !

دەبینی ئێمە

ئاسوودەیی لێک دەستێنینەوە

تاریکی پێک دەڵێین

گۆشەگیریمان ،

بە سێبەری هێشووە گرمۆڵەبووەکانی

ڕەزی تەلانان سپاردووە

خەرمانەی ڕوئیاکانمان

لە چاڵی ڕوومەتی

کچانی خەون ون کردووە ..

چ شەپۆلێکی تووشە ئەم شەپۆلە

ڕووی لە بەندەری خولیاکانمان کردووە

دێت و ناگەڕێتەوە ..

چ ئاوازێکی خامۆشە

لە شەوی سەرکەشی برۆنزیمان ئەدا ..

بزەیە ، بزەیە ، بزە .

ڕۆحی مەرگ ،

دوای دەیان کۆستی درەوشاوە

پاش سەتان پەژارەی ئاسنین

گەرداوی قایەخی کون کون

لە ئاوێنەی دەستی

ڕووهەڵگران دەردەکەوێتەوە ..

گلێرەیە ، گلێرەیە ، گلێرە .

گیانی تەڕەبووی باران
سەمایەکی ژاکاو
چەشەخواز
شاڵاو دێنێ و
جەستەی تووکنی چیایان دەکوتێ ..
ئێمە لە کوێ و
عەشقی ژەنگاوی لە کوێ .. ؟
ئێمە لە کوێ و
ئەتەمی هێلانەی باڵندان لە کوێ ؟
ئێمە لە کوێ و
ڕەونەقی
نان و ئاوی سبەی لە کوێ ؟
ئێمە لە کوێ و
تامانی باڵانوێنی پەسیوان لە کوێ ؟
ئێمە لە کوێ و
لالەزاری عەتر و
بۆنی مەلە تۆراوەکان لە کوێ ؟
پاسەوانی عەییار و
لەککەی نەهلستییان لە کوێ ؟
ببینن !
ژوورە بنمیچ شووشەییەکان
بە چ شەیدایی و نیازەوە
تارای ڕەش
بەسەر خەیاڵی ئومێدا ئەدەن ..
ببینن !

کێڵگەکانی هەناومان
دەشتە کاکی بە کاکیەکانی بینایمان
چیمەنە چەرمووەکانی سنگمان
بڕستی هەنگاومانە
بەسەر سنووری
قەڵەمڕەوی تاسان و
پێخوستی سەهەند و
ئەندازەی دارایی .. ببینن !
ژێی دەنگمان ببینن
کە نازانین موبتەلای چی بوون
بۆ لە پێکەنین و گریان کەوتن ..
ئەی قیبلەنماکان پەیجووری چیان کرد ؟
ببینن !
پەنجەرە و کلاوڕۆژنان ببینن
چۆن وەرزی کوژاوەی پێدا دێن ..
چ خەمێکی موچڕکدارە (جیهانایەتی)
چ هەوایەکی تەوژمدارە
یەکەمینایەتی ..
شنەی دێ ناڵەی عاشقان
زەمین بڕبڕەی ناخمان
لە ڕووی زبر و تینووی دەسوێ ..
لەم باخچەیەدا
ئیتر درەخت
بە پەینی پاک تەرز ناوێن ، هەڵناچن
ڕووبارەکان بە هەڵەداوان ، بێ ئاوڕدانەوە

تێدەپەڕن
شتێکیان ون کردووە
نازانن چییە ..
هەڵۆ بە هاواری کوشندەوە
سەرەوخوار دەبنەوە
گوڵەگەنم
لە ژنانی ئەندێشە ڕووتترن ..
( ئای لەو بنبەستە هەڵایساوە
لەم ونگەیە سەحەرکوژە )
فرمێسک وای دەگێڕێتەوە .

سەرچاوەکان:
١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی دەنگەکان، لە ١٨-٣- ٢٠٢٠.
٢ - کوردیپیدیا.
٣ -ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنیی کوردستان نێت، لە ١٧- ١٢- ٢٠٢٢.
٤ - هەندێ زانیاری لە شاعیر و نووسەر نەژاد عەزیز سورمێ خۆی وەرگیراوە.
٥ - ئامادەکردن و زانیاری و نووسینی خۆم.



# ئەحمەد تاقانە

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و لێکۆڵەر و توێژەری دیار و ناسراوی کورد، ئەحمەد تاقانە...

ناوی تەواوی(ئەحمەد سەلمان ئەحمەد)ە، بە ئەحمەد تاقانە ناسراوە، لە ساڵی ١٩٤٤ لە گەڕەکی(بەگلەر)ی ناو شاری کەرکووک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری کەرکوک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٦ چۆتە کۆلێژی(شەریعە و ئەدەبی عەرەبی)( دیراساتی ئیسلامی- كلية الدراسات الإسلامية) لە بەغدا و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ وەکو یەکەم مامۆستا و بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندی شارۆچکەی(چوارقوڕنە) دەست بەکار بووە تا ساڵی ١٩٧٣، هەر لە ساڵی ١٩٧٣ تا ساڵی ١٩٨٠ لە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی عێراقی لە بەغدا خزمەتی کردووە، دواتر لە ساڵانی ١٩٨٠- ١٩٩٠ لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی ژمارە(٢) لە هەولێر بەردەوام بووە لە خزمەت، هەر لە ساڵی ١٩٩٠ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشین کراوە و گەڕاوەتەوە شاری کەرکووک.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ ئەحمەد تاقانە لە شاری کەرکووک خوێندنی بە زمانی عەرەبی خوێندووە، ئەو هەر لە لاوێتیدا حەز و خولیای چۆتە



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس تاریق کارێزی، نووسەر و شاعیر ئەحمەد تاقانە، ئەوانی دیکە نەناسراون.**

سەر شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی و عەرەبی وتورکمانییش، بۆیە لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو گرۆگاڵی نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک و بابەتی ڕۆژنامەوانیی هەمە جۆری کردووە، تا لە ساڵی ١٩٦٦ نۆبەرەی بەرهەمی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە بە زمانی عەرەبی بە ناو نیشانی(تعالی)لە ڕۆژنامەی (السیاحة)ی بەغدادی بڵاوکردۆتەوە، یەکەم بەرهەمیشی بە زمانی کوردی کورتە چیرۆکێک بووە بە ناوی(یادی دوێنێ)، لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژنامەی(دەنگوباس) کە پاشکۆی ڕۆژنامەی(الأخبار) بووە بە زمانی کوردی لە بەغدا بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٦٨ یش، یەکەم پارچە شیعری بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی(برایی) بڵاوکردووەتەوە.

شاعیر و نووسەر ئەحمەد تاقانە یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی دنیای ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، ئەو زیاتر لە(٥٠) ساڵە دەنووسێت و کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخ و بەهای لە بوارەکانی شیعر و لیکۆڵینەوە و توێژینەوە و وەرگێڕان لە زمانی عەرەبی و تورکی(تورکی عوسمانی و تورکی نوێ و



نووسەر ئەحمەد تاقانە
بە جاحێڵی

هەتا تورکی بە پیتی لاتینیش) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، هەموو نووسینەکانیش جێگای باوەڕ و متمانەن، ئەو چەندین شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو بابەتاهیری هەمەدانی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و شاعیری بەناوبانگی تورکی نازم حیکمەت و جەلالەدینی ڕۆمی، وەرگێڕاوە و شیکردنەوە و ساغکردنەوە و پیاداچوونەوەشی بۆ کردوون، بە تێکڕایی زیاتر لە(٢٥) کتێبی لە چاپداون و بڵاوی کردوونەتەوە و نزیکەی(١٠) کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و پاک و پاراو نووسیوە، ئەمانەش بەرهەمە لە چاپدراوەکانیەتی:

- چوارین – هەڵبەست و نیگار – « کۆمەڵە چوارینەیەکی شیعرییە، چاپخانەی السعدون، ١٩٧٥ بەغدا.
- جەلالەددینی ڕۆمی و سروودی نەی، چاپی یەکەم چاپخانەی العلاء ١٩٧٩



لە لای ڕاستەوە: خاتوو شەرمین هاوسەری نووسەر ئەحمەد تاقانە، نووسەر ئەحمەد تاقانە




**شاعیر و نووسەر ئەحمەد تاقانە**

بەغدا، چاپی دووەم لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٨ هەولێر.

- بە یادی تیترواسکەوە، کۆمەڵە شیعر،چاپخانەی ڕۆشنبیری و لاوان، ١٩٩٠ هەولێر.
- شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کەڵە شاعیری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە،١٩٩٩ هەولێر، چاپی دووەم چاپخانەی ئاراس ٢٠١٠ هەولێر.
- فەرهاد و شیرین، نازم حیکمەت، وەرگێڕان لە تورکییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠١٠ هەولێر.
- تۆفیق فیکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، لێکۆڵینەوە، لەگەڵ وەرگێڕانی ( ٤٥ ) پارچە شیعری شاعیر بە پەخشان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠١ هەولێر.


- ڕۆژژمێری ڕۆمی و... ، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە - هەولێر.
- کوردەکانی ئەستەنبووڵی کۆن، ڕۆهات ئەلاکۆم، وەرگێڕان لە تورکییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥ هەولێر.
- یوونس ئەمرە، خۆشەویستیی خاک و مرۆ، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکووک، وەرگێڕانی شیعریی ( ٢٥ ) پارچە شیعر لە تورکییەوە، چاپخانەی ئارابخا، کەرکووک ٢٠٠٥.
- دیوانی ئەسیری – بەراورد و پێداچوونەوەی( ئەحمەد تاقانە)، پێشەکیی(دکتۆر کوردستان موکریانی) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٦ هەولێر.
- شاعیرانی کوردستانی باشوور، لە کتێبی صوک عصر تورک شاعرلری دا، نووسینی: ئیبنولئەمین مەحموود کەمال (ئینال)، وەرگێڕان لە تورکییەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکووک، چاپخانەی ئارابخا ، ٢٠٠٦ کەرکووک.
- هاتنی سوڵتان سولەیمانی قانوونی بۆ گرتنی بەغدا، قەرەچەلەبی زادە، وەرگێڕان و توێژینەوە، لە تورکییەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، ٢٠٠٦ هەولێر.
- ڕۆژنامەی کەرکووکی کوردی ساڵی ١٩٢٠، (پێشەکی و کۆپیی کۆمەڵە ژمارەیەکی) لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،



بەرهەمەکانی نووسەر ئەحمەد تاقانە

چاپخانـەی ئـاراس، ٢٠٠٧ هەولێـر.
- بابـا تاهیـری هەمەدانـی، ژیـان و بەرهـەم و وەرگێـڕان و داڕشـتنەوە و ئامادەکـردن، لـە بڵاوکراوەکانـی دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، چاپخانـەی ئـاراس، ٢٠٠٧ هەولێـر.
- کرکوک و رد الضجیج المنحرف – نقد و بحث – باسم المستعار: عبدالله خدریـزاده، مـن منشـورات مؤسسـة ئـاراس للطباعـە والنشـر – مطبعـة ئـاراس، ٢٠٠٧ أربیـل.
- کـورد و کوردسـتان لـە قامووسـولئەعلامی ( شەمسـەددین سـامی ) دا، محەمـەد ئەمیـن بۆزئەرسـلان، وەرگێـڕان لـە تورکیـی لاتینییـەوە و بەراورد لەگەڵ چاپە عوسمانییەکەدا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، چاپی یەکـەم، چاپخانـەی ئـاراس، ٢٠٠٨ هەولێـر، چاپی دووەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئـاراس، چاپخانـەی ئـاراس، ٢٠٠٨ هەولێـر.
- ڕوخسـاری بـە نهێنـی – سـیناریۆی فیلـم، ئۆرهـان پامـوک، وەرگێـڕان لـە تورکییـەوە، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسـەرانی کورد- لقی کەرکووک چاپخانـەی ئەرابخا. ٢٠٠٩ کەرکووک.
- بـۆ ئـەوەی ڕسـتی تەسـبیحەکە نەپسـێ، کۆمەڵـە وتارێکـی ڕۆژنامەوانـی، کۆمەڵـەی ڕووناکبیـری و کۆمەڵایەتیـی کەرکـووک بڵاویکردووەتـەوە، چاپخانـەی کارۆ، ٢٠١١ کەرکـووک.
- عومـەر سـەیفەددین، ژیـان و بەرهەمەکانـی لەگـەڵ ١٦ کورتـە چیـرۆک، وەرگێڕان لـە تورکییـەوە، لـە بڵاوکراوەکانـی یەکێتیی نووسـەرانی کـورد – لقـی کەرکـووک، چاپخانـەی کارۆ، ٢٠١١ کەرکـووک.
- دیوانی شـێخ ڕەزای کەرکووکی(شـیعرە تورکییەکانی)، عەتـا تـەرزی باشـی، وەرگێڕان لـە تورکییـەوە، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئـاراس، چاپخانـەی ئاراس، ٢٠١٢ هەولێر.
- ڕۆچـوون بەناخـی هەڵبەسـتدا، کۆمەڵـە وتـار و لێکۆڵینـەوە، بڵاوکردنـەوەی دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئاراس، هەولێـر، چاپـی یەکـەم ٢٠١٢.
- مارتن لۆسەر کینگ، نووسینی کۆمەڵێک نووسەر، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە:










**بەرهەمەکانی نووسەر ئەحمەد تاقانە**

ئەحمـەد تاقانـە، چاپـی کـوردی، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٣ ( پـرۆژەی هاوبـەش لەگـەڵ – جامعـە اونـورر، المکتـب الاداری، لبنـان، بیـروت، إصـدار الطبعـة العربیـة: حرکـە حقـوق النـاس ١٩٩٩ بیـروت ).

- لـە لاپەڕەکانـی دۆزی کـوردەوە – نووسـینی: ڕەفیـق حیلمـی، لـە تورکیـی عوسمانییەوە: ئەحمـەد تاقانـە، لـە بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵـەی ڕووناکبیـری و کۆمەڵایەتیی کەرکـووک، چاپـی یەکـەم چاپخانـەی کارۆ، کەرکـووک ٢٠١٣.
- کەمانچـەژەن : لـە تورکیـی عوسـمانییەوە: پیرەمێـرد، ئەحمـەد تاقانـە ئامـادەی کـردووە بـۆ چـاپ و پەراوێـزی بـۆ کـردووە، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، چاپـی یەکـەم، هەولێـر ٢٠١٢.
- بەیتـی سـیامەند و خەجـێ(دەق و لێکۆڵینـەوە)، لەبڵاوکراوەکانـی کۆمەڵـەی ڕووناکبیـری و کۆمەڵایەتیـی کەرکـووک، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆ، ٢٠١٥ کەرکـووک.

ئەو بەرهەمانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

- تاسـەر پـەرۆش.. ( وەرگێـڕان و توێژینـەوە و پەراوێـز بـۆ کردنـی کتێبـی( شـوق المسـتهام فی معرفـة رمـوز الاقـلام –ی ئیبـن وەحشـییەی نەبەتیـە، کـە باسـی خەتـی نووسـینەکانی هـەزار سـاڵ لەمەوبـەر دەکات کـە خەتـی کوردیـش یەکێکـە لـەم خەتانـە.
- مێـژووی سـاڵانی شـا و پێغەمبەرانـی سـەرزەوی، وەرگێڕانـی کتێبـی( تاریـخ سـني ملـوک الارض والانبیـاء) ی، حەمـزەی کـوڕی حەسـەنی ئەسـفەهانییە.




- لە عەممانەوە بۆ ئامێدی، وەرگێڕانی کتێبی(من عمان الى عمادية) ی علي سیدو الگوراني يە.
- کورد و وڵاتەکەیان، وەرگێڕانی کتێبی( الاکراد و بلادهم) ی موقەددەم شێخ عەبدولواحیدە.
- ئەوانەی گەڕانەوە بۆ ئاسمان، وەرگێڕانی کتێبی( الذين عادوا الى السماء ) ی، أنيس منصور.
- مادۆننای پاڵتۆ کولکن، ڕۆمانی سەباحەددین عەلی، نووسەری ناوداری تورکە - لە تورکییەوە.
- بیست و پێنج کورتە چیرۆکی، سەباحەددین عەلی .
- دیوانی شەمسی تەبریزی، نامیلکەیەکی شیعریی بەرهەمی خۆی و چەند دانەیەکی بە کۆپی بڵاوکراوەتەوە.
- کۆمەڵە شیعرێکی زۆر – کە زۆربەیان بڵاو نەکراونەتەوە.

نووسەر ئەحمەد تاقانە هەر شاعیر و نووسەر نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە تواناشە، هەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەیان بابەتی هەمەجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بڵاوکردۆتەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویشی هەبووە لە ڕێکخراوە ئەدەبی ڕۆشنبیرییەکان، سەرەڕای نووسین و بەرهەمەکانی ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- لە ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە و لەو کاتیشەوە تا ئێستا بەردەوامە لە ئەندامێتی ئەو ڕێکخراوە ئەدەبییە.
- لە ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بووە، لە بەغدا.
- ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی بووە لە بەغدا، لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی کە لە ڕۆژانی ٥ و ٦ مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٧٩ گیراوە، ئەندامی دوا دەستەی بەڕێوەبردن

بووە، پێش لابردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە لایەن ڕژێمی بەعسی ئەو کات.

- لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو ماوەیەک جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر بووە، لە سەرەتای خوولی دووەم دەستی لە کار کێشاوەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٧- ٢٠٠٣ لە دەزگای گوڵان، گۆڤاری ڕامان وەکو نووسەر دەست بەکار بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق لە کەرکووک کاری کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠١٠ بەڕێوەبەری دەزگای ڕۆشنبیریی شەفەق بووە لە کەرکووک، ماوەیەکیش ڕاوێژکاری گۆڤاری(واتە) بووە، کە پڕۆژەیەکی هاوبەشی دەزگای شەفەق لە کەرکووک و دەزگای ئاراس بووە لە هەولێر.

ئەحمەد تاقانە هەرچەندە تۆزێ بە تەمەندا چووە، بەڵام هێشتا لە بواری نووسین و چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان دانەبڕاوە و ئامادەی بەشی زۆری کۆڕوکۆبوونەوە و سیمینار و کۆنفرانسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان لە شاری کەرکووک و شارەکانی دیکەی کوردستان دەبێت، هەر ساغ و سەلامەت و سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

لە ساڵی ٢٠٢٠ لە لایەن کۆمەڵەی ڕووناکی و کۆمەڵایەتیی کەرکووک، بڕوانامەی ڕێزلێنانی پێبەخشراوە.

ئەو خێزاندارە و خاوەنی دوو کوڕ و کچێکە بە ناوەکانی( سەلمان و ساز و کەرکوک)، خوا تەمەن درێژیان بکات.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ئەحمەد تاقانە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و زانیاری و نووسینی خۆم.



## دکتۆر فەرهاد پیرباڵ

ئـەو هـەر بـۆ خۆی(فەرهەنگێکـە)، مامۆسـتای زانکۆ و شـاعیر و نووسـەر و مێژوونـووس و وەرگێڕ، هونەرمەنـدی شـانۆکار و شـێوەکار و گۆرانیبێـژ، دکتـۆر فەرهـاد پیربـاڵ ...

دکتـۆر فەرهـاد پیربـاڵ لـە ٢٠-٨-١٩٦١ لـە بنەماڵەیەکی ناسراوی شـاری هەولێر لـە دایک بـووە، هەمـوو قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە هەولێـر تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٤ زانکـۆی سـلێمانی بەسـەرکەوتوویی تەواوکـردووە، پاشـان خـۆی گەیاندۆتـە شـاخ و بۆتـە پێشـمەرگەی کوردسـتان، هـەر لـە شـاخیش لـە ڕێگـەی نووسـەرانی کـورد یەکـەم بەرهەمـی خـۆی کـە شـانۆنامەیەک بـووە بـە ناوی(ماڵئاوایـی ئـەی وڵاتەکـەم)ی لـە چاپـداوە، بـۆ ئـەوەی سـەربازی نـەکات لـە ڕیـزی سـوپای ئەوسـای عێـراق ڕووی کردۆتـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان مـاوەی(٨) مانگێـک ماوەتـەوە، دواتـر چووەتـە وڵاتـی ئەڵمانیـا و لەوێشـەوە بـۆ وڵاتـی دانیمـارک دوو سـاڵ ماوەتـەوە، لـە ڕێگـای ئەنیسـتیتوی کـوردی لـە پاریـس زەمالـەی خوێندنـی وەرگرتـوە، لـە سـاڵی ١٩٩٤ بڕوانامـەی دکتـۆرای لـە مێـژووی ئەدەبی کـوردی لـە زانکۆی(سـۆربۆن)ی فەرەنسـی بەدەسـتهێناوە، هـەر پـاش وەرگرتنـی دکتۆراکـەی بـە هەفتەیـەک گەڕاوەتـەوە کوردسـتان لـە زانکـۆی سـەلاحەدین وەکـو مامۆسـتای زانکـۆ دەسـت بـەکار بـووە.




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر بەڕێز مەسعود پەرێشان، نووسەر دکتۆر فەرهاد پیربال**

دکتۆر فەرهاد پیربال لە ساڵی ٢٠١٧ وەکو مامۆستا لە زانکۆی سەلاحەین دوور خراوەتەوە، بە بێ کار و مووچە ماوەتەوە، لە ١٤-٧-٢٠١٩ بە هۆی ڕووداوێکی نەخوازراو ماوەی چەند مانگێک بەندکراوە، لە ١٩-١-٢٠٢٠ لە ڕێگای دادگا ئازاد کراوە، لە ٢٨-٦-٢٠٢٠ بە فەرمانێکی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دووبارە لە زانکۆی سەلاحەدین دامەزراوەتەوە.

دکتۆر فەرهاد پیربال خزمەتێکی زۆری زمان و ئەدەبی کوردی کردووە، زیاتر لە(٤٠) کتێبی لە بوارەکانی شیعر و ئەدەب و مێژوو و بیر و فیکر و فەلسەفە و وەرگێڕان و شانۆ و فلیمی سینەمایی نووسیوە و لە چاپیشی داون، زۆریش لە بەرهەمەکانی لەلایەن نووسەرانی کورد وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی فارسی.

**دیارترین بەرهەمانی دکتۆر فەرهاد پیربال ئەمانەن:**

- پەتاتەخۆرەکان. کۆمەڵەچیرۆک.
- مولازم تەحسین و شتی تریش.
- حەوت وێنەی ڕووتی ژنی جەنابی وەزیر.ڕۆمان.
- سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا، ڕۆمان، وەرگێڕان.
- منداڵباز،ڕۆمان، وەرگێران.


- پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین.
- عەبدولڕەحیم ڕەحیمی هەکاری.
- هوتێل ئەورووپا.
- حیکایەتەکانی باوکم،ڕۆمان.
- قەبرێکی سێگۆشە، ڕۆمان.
- زمانی حەیزەران.
- زێڕی ناو زبڵ.
- ڕەئیس ڕەمەزانەکان،
- زار و مارەکان.
- چیم دی؟
- ئەو کتێبانەی ژیانیان گۆڕیم.

شانۆنامەکان:

- ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم.
- کۆمەڵگای مەدەنی.



**شاعیر دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە کاتی خوێندنەوەی شیعر لەگەڵ مۆسیقا**

شاعیر دکتۆر فەرهاد پیربال لە کاتی شیعر خوێندنەوە


- بەیانی باش ئەی غەریبی.
- باوک، وەرگێڕان.
- سۆزانییە بەڕێزەکە، وەرگێڕان.
- نووسەرێکی گێل.
- حەشیشەکێشەکان.
- ئەو پیاوەی تەنیا لەکاتی خەودا دنیای پێ جوان بوو.

لە بواری لێکۆڵینەوە:

- دیوارێک لە هەولێر کە لەلایەن فەرهاد پیربالەوە وێنەی لەسەر کێشراوە.
- وێنەی کورد لە ئەرشیفی کوردناسەکاندا.
- کورد لە دیدی ڕۆژهەلاتناسەکانەوە.
- چەند نامەیەکی فەڕەنسی.
- دەستپێکی سەرهەڵدانی پەخشانی کوردی.
- سەرچاوەکانی کوردناسی.
- ژەنەراڵ شەریف پاشا.
- ئینجیل لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا.
- کرۆنۆلۆجیای کوردستان.
- ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ چاپی دووەم ٢٠٠٦.

- ئاڵای کوردستان.
- کرۆنۆلۆجیای هەولێر لە کۆنەوە تا ١٩٥٨.
- کرۆنۆلۆجیای کوردستان ٦٢٥پ.ز - ١٩٣٢ز.
- مێژووی شانۆ لە ئەدەبیاتی کوردی.
- وێستگەکانی تازەبوونەوەی شیعری تورکی.
- ڕۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی فەڕەنسی.

شیعر:
- پەناهەندەی ژمارە ٣٣٣٣٣.
- من پیاوێکی عەنتیکەم.
- گوڵبژێرێک لە شیعرەکانی ژاک پریڤێر، وەرگێڕان.
- جیاوازییەکانی من و نێوان شێت.
- پێنج کتێب و نیو.



شاعیر دکتۆر فەرهاد پیرباڵ لە کاتی سیمینارێکدا

- خەوننامەی فەرهاد پیربال.
- بەڵێ، من عاشقی فرۆغی فرۆغزادم، ئەزموونی شیعری.
- قورئان، داپیرەگەورەی کتێبان.
- فلیمی، حەوت کەم یەک.
- بیر.
- ڕەمز و مەغزا لە چیرۆکەکانی فەرهاد پیربالدا - نووسەر نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو.

دکتۆر فەرهاد پیربال هەر شاعیر نووسەر و مێژوونووس و وەرگێڕ نییە، بەڵکو هونەمەندێکی شانۆ و شێوەکار و ڕۆژنامەنووسیشە، ئەو وێنەی لەسەر دیوار کێشاوە و سیناریۆی بۆ چەند فلمێکی سینەمایی نووسیوە و وەکو نووسەر و پەیامنێر و سەرنووسەریش چالاکی هەبووە، ئەو کاتەی لە ئەڵمانیا و دانیمارک بووە، وەکو پەیامنێر و دەستەی نووسەران لە زۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەکو(خەرمانە، نودەم) لە ستۆکهۆڵم و(دەروازە) لە دانیمارک و(هیوا) لە پاریس کاری کردووە ، هەروەها ئەو کاتەی ساڵی ١٩٩٤ هاتۆتەوە کوردستان لە ڕۆژنامەی کوردستانی



**بەرهەمی شێوەکاری دکتۆر فەرهاد پیربال لەسەر دیوار**

نوێ بەرپرسی لاپەڕە بووە، سەرنووسەری گۆڤاری(وەرگێڕان) بووە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان دەریدەکرد و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە.

دکتۆر فەرهاد پیربال مرۆڤێکی بیر و ئاسۆ فراوان و پێشکەوتنخوازە،، زۆر سەربەست و ئازادنە دەژییێت، ئەو شێواز و ستایل و سیستەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە ژیاندا، زۆریش ڕاستگۆیە لەگەڵ خۆی هاوڕێکانی و میللەتەکەی، ئەو کاتەی قوتابی بووە لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی هەمیشە هاوکار و خەمخۆری قوتابییە کوردە هاوڕێکانی بووە، لەم بارەیەوە نووسەر و ڕەخنەگری ناسراوی کورد بەڕێز ڕێبوار سیوەیلی نامەیەکی بۆ دکتۆر فەرهاد پیربال نووسیوە و تێیدا دەڵێت:(نازانم من لەو ئاستەدام کە تۆ هەڵسەنگێنم یان نا، بەڵام وەک هاوڕێیەک حەز دەکەم هەندێ قسەت بۆ بکەم، بە لای منەوە ئەوەی تۆ بۆ کوردت کردووە کەمتر نییە لەوەی شەرەفخانی بەدلیسی کردوویەتی، تۆ یەک لەو کەسانەی کە شەو بێداری و قوربانییت لە پێناوی ئەم میللەتە داوە، دواجار بوویتە قوربانیی بەشێک لەو ناهوشیارییەی کە لە ئێستادا لەناو ئەم میللەتەدا بڵاوبۆتەوە، من لەوە باش تێدەگەم، بەڵام ئیرادەی تۆ گەورەتر ئەبینم لەوەی کە تەسلیمی ڕۆژگار و ئەو سایکۆلوجە باوەی جەماوەری خەلک ببی، تۆ هێشتا وزەیەکی زۆرت پێ ماوە بۆ ئەم میللەتە و هوشیارییەکی بەرزت هەیە لە ئاست داگیرکاری و چەوسانەوەکانیان، بۆ زمانی کوردی دەستکەوت و شاکاری زۆرت بەرهەم هێناوە، لە بواری مەعریفەدا هەموومانت قەزرداربار کردووە، کتێبەکانت لەسەر مێژووی کورد و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی و لەسەر مێژووی هونەر و گێڕانەوەی جوانی بۆ ڕوحی ئینسانی کورد، کە ئەمە دەڵێم خۆم بە قەرزداردارت دەزانم ئەوەشم لە بیرە کە تۆ وەک هاوڕێیەک، لە پاریس بە یەک کرۆن کە دەتخستە ناو سندوقی تەلەفۆنەوە، لە درەنگی شەوان و لە بەیانیانی زوو، دوو هەتا پێنج هاوڕێی خۆتت بەسەر دەکردەوە و پێت دەوتن: خۆشم دەوێن، بۆ ئەوەی دڵنیا بیتەوە کە هاوڕێ ئاوارەکانت لە چ حاڵەتێکدا ئەژین و خۆت ئەکرد بە ساحێبیان، تۆ یەکێک نەبووی کە پشت لە کەس بکەیت و نەشتکرد، هەموو ئەوانەی ئێستا ناودارن لە نەوەی خۆت بگرە و ئەوەی پێش خۆت و دوای خۆت قەرزاری تۆن، من ویستم

ئەوەت بیرخەمەوە....خۆشم دەوێیت).

دکتۆر فەرهاد پیربال دوو جار هاوسەرگیری کردووە، یەکەمجار هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو تەرزە جاف کردووە، کوڕێک و کچێکیان هەبووە بە ناوەکانی(ڕۆدان و تنۆک) خوا تەمەن درێژیان بکات، دواتر لێک جیابوونەوە، لە ساڵی ٢٠١٦ جارێکی دیکە هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو ئاڵا دڵشاد کردووە و لە هەمان ساڵدا لێک جودا بوونەوە.

بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە شاعیر و نووسەر و ڕۆشنبیران لە ١٨- ١٠- ٢٠٢٢ یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو، ئێوارە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەیان بۆ شاعیر فەرهاد پیربال ڕێکخستووە.

بۆ دکتۆر فەرهاد پیربال هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیری و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:


١-Rudawtv، بەرنامەی کەوانەی سوور، لە ئامادەکردن و پێشکەشکردنی میدیاکار ئارمانج ئیبراهیم.

٢ - ماڵپەریٚ Waar midia، بەرنامەی تاڤە هەیڤ، ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار سەبری سلێڤانی.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی زانیاری، لە ٢٥-٤-٢٠٢١.

٤ - یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، لە ١٨-١٠-٢٠٢٢.

٥ - کوردیپێدیا.

٦ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٧ - زانیاری و نووسینی خۆم.



## ئیبراهیم ئەمین باڵدار

پسپۆڕی زمانی کوردی، ئەدیبی دنیای منداڵان، نووسەر و چیرۆکنووس، ڕەوانشاد ئیبراهیم ئەمین باڵدار...

ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە ساڵی ١٩٢٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە سلێمانی تەواوکردووە و چۆتە خانەی مامۆستایانی لادێ لە بەغدا و ساڵی ١٩٤٠ تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە دێهات و شار و شارۆچکەکانی لیوای سلێمانی، لەوانە گوندەکانی ناوچەی هەورامان، هەڵەبجە، بناری چیای سووورداش و قەمچووغە و چەند گوندێکی دیکە، لەو ماوەیەدا ئەلف و بێی نوێی بۆ فێربوونی زمانی کوردی نووسیوە، دەستنووسەکەی ناردۆتە بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی، لەوێش لە لایەن لێژنەیەکی پسپۆڕەوە پەسندکراوە، ناردوویانە بۆ وەزارەتی(مەعاریف)ی عێراق لە بەغدا، لەوێش دیسان لێژنەیەکی پسپۆڕ لەگەڵ ڕێکخراوی (یۆنیسکۆ) ڕەزامەندییان لەسەر دەربڕیوە، ساڵی ١٩٥٠ بەر لەوەی لە چاپدانی تەواو ببێت، مامۆستا باڵدار گواستراوەتەوە شاری هەولێر، ئەو(ئەلف و بێ)یەی لە هەولێر گوتووەتەوە.

ئیبراهیم ئەمین باڵدار زۆر حەز و ئارەزووی لە خوێندن و درێژەدان بە خوێندن هەبووە، بۆیە لە ڕێگای تاقیکردنەوەی گشتی بڕوانامەی ئامادەیی




**لە لای ڕاستەوە: ئیسماعیل عەبدوڵڵا، ئەمین باڵدار باوکی ئیبراهیم باڵدار، ئیبراهیم باڵدار**

بە دەست هێناوە و چۆتە کۆلێژی(بازرگانی و ئابووری) لە زانکۆی بەغدا و بەسەرکەوتوویی تەواوی کردووە، هەر بەوەندەش نەوەستاوە، بەڵکو هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری داوە بۆ درێژەدان بە خوێندنی باڵا، تا لە ساڵی ١٩٦٠ بڕوانامەی ماستەری لە (کارناسی باڵا) لە زانکۆی(سان فرانسیسکۆ) ی ئەمەریکی وەرگرتووە و گەڕاوەتەوە بەغدا، لەگەڵ کردنەوەی زانکۆی سلێمانی لە کۆلێژی ئادابی ئەو زانکۆیە وانەی وتووەتەوە، ئەو کاتەی زانکۆی سلێمانی گواستراوەتەوە هەولێر و ناوەکەشی گۆڕاوە بۆ زانکۆی سەڵاحەدین، مامۆستا ئیبراهیم باڵدار بۆتە مامۆستا لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەڵاحەدین، دواتر چۆتەوە بەغدا لە زانکۆی (موستەنسریە) وەکو وانەبێژ دەست بەکار بووە.




مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار ئەم بەرهەمانەی هەبووە:

- ئەلف و بێی نوێی کوردی، بەغدا چاپی یەکەم




١٩٥١،(٩٨) لاپەڕەیـە، زیاتـر لـە(٣٥) جـار چاپکراوەتـەوە.

- ئەلـف و بێ بـۆ گـەوران، چاپـی یەکـەم ١٩٥٥،(٧٨) لاپەڕەیـە.

- الابنیـة المدرسـیة للمـدارس الابتدائیـة، بەغـدا ١٩٦٥، (٤٢) لاپەڕەیـە.

ئیبراهیـم ئەمیـن باڵـدار وەک ڕەمزێکـی دنیـای فێربوونـی نووسـین و خوێندنـەوەی کوردی هەژمـار دەکرێت، ئەو ئاوات و هـزر و بیر و فیکری منداڵانی کوردی بە نووسین و خوێندنی کوردی ئاشـناکردووە، لـە ڕێگـەی ئەلـف و بێـی پۆلـی یەکەمـی سـەرەتایی یەکـەم هەنـگاو و دەسـتپێکی منداڵان بـووە بۆ دەسـت پێکردنـی ژیانـی زانسـتی و مەعریفـەت.


دەربـارەی مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەمیـن باڵـدار، مامۆسـتا ئەمیـن چەپـان دەڵێت:(ئیبراهیـم ئەمیـن باڵـدار پڕۆفیسـۆری زمانـی کـوردی و ئەدیبـی دنیـای منـداڵان و شـاعیر و نووسـەر، خەڵـک وا دەزانێـت ئـەو کارە چیرۆکێکـی سـاکارە، بـەڵام ئـەو ئەلـف و بێ)یـەی باڵـدار زانسـتێکی تایبەتـە، ئـەوە ئـەو




ئیبراهیم ئەمین باڵدار لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانی










**بەرهەمەکانی ئیبراهیم باڵدار**






زانستەیە کە(ئەبوو خەلدوون- ساطع الحصري) لەسەر باڵدار وتویەتی(ئەو مامۆستای منە بەرهەمەکەی باڵدار لە خەلدوونەکەی من باشترە)، ساتع حوسەری کتێبی ئەلف و بێی کوردی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە و(سوحاتکی) وێنەکانی ناو کتێبەکەی بۆ کێشاوە، لە ساڵی ١٩٥٥ کچێکی ئەڵمانی بە ناوی(تۆڕۆدۆ) سەر لە نوێ وێنەی ناو دەقەکانی کێشاوەتەوە.

نووسەر و ڕەخنەگر ڕێبوار سیوەیلی کتێبێکی لەسەر ئەلف و بێی باڵدار نووسیوە بە ناوی(کتێبی پیرۆزی من) کە تێیدا شرۆڤەی کتێبەکەی کردووە لە ڕوانگەی پەروەردەیی و سیوسۆلۆژی و مەعریفییەوە، کاریگەریشی لەسەر ژیان و ئاستی فێربوونی منداڵان کردووە ...هتد، وا وێنەی کتێبەکەم هاوپێچ کردووە.




پەیکەرێک بۆ مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار لە مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر، لە قوتابخانەی(ئیبن خەلەکان) لە هەولێر داندراوە، کە هونەرمەند سامان هیدایەتی ساڵی ٢٠١٥ دروستی کردووە.

پەیکەرێکی دیکە لە شاری سلێمانی لەبەردەم چالاکیی قوتابخانەکان لە سلێمانی داندراوە، کە هونەرمەند ئاسۆ جاف ساڵی ٢٠١٧ دروستی کردووە.

لە ساڵی ٢٠١٤ لە سلێمانی باخچەیەک بە ناوی مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار کراوە.

بە داخەوە چەند ساڵێک لەمەوبەر لە ڕێگەی کۆنفرانسێکی پەروەردەیی



پەیکەری باڵدار لە مۆزەخانەی پەروەدەی هەولێر لە قوتابخانەی (ئیبن خەلەکان).




گڵکۆی باڵدار لە سلێمانی

ئەم ئەلف و بێیەی باڵدار لادراوە و کتێبێکی دوو وەرزی لە جیاتی داندراوە.

مامۆستا باڵدار لە ڕۆژی ١١-٧- ١٩٩٨ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بردراوەتەوە سلێمانی و لە گۆڕستانی گردی سەیوان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - کوردستانی نوێ، وتارێکی نووسەر سەدیق سەعید ڕواندزی، لە ١٤-٨-٢٠٢٢.

٢ - کتێبی پیرۆزی من، لە نووسینی نووسەر و ڕەخنەگر ڕێبوار سیوەیلی.

٣ - Khaktv، وتارێک لە ١١-٧-٢٠١٦.

٤ - کوردیپێدیا.

٥ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٦ - ماڵپەڕی فەیسبووکی قوتابخانەی ئیبراهیم ئەمین باڵدار.

٧ -ماڵپەڕی فەیسبووکی وێنە کۆنەکانی سلێمانی، ٣١-١٢-٢٠٢٢.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# عومەر عەبدولڕەحیم

ئەو ڕایسپاردبوو، ئەو دوو دێرە شیعرە لەسەر کێلەکەی بنووسرێت:

**دەبا مردن بێت، خێرا بم کوژێ**

**نابێت ببینم،کورد، کورد بکوژێ**

**با یەکێک کوژین کە ئەمان کوژێ**



نتائج الامتحان

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و شارەزای زمان و ڕێزمانی کوردی و عەرەبی، ڕەوانشاد عومەر عەبدولڕەحیم...

ناوی تەواوی(عومەر عەبدولڕەحیم ئەمین ساڵح عەلی ڕۆستەم تیکەلۆیی)یە، لە ساڵی ١٩٢٠ لە گەڕەکی(حاجی حان) ی شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی هەژار و دەستکورت و کوردپەروەر لە دایک بووە، ئەوان بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی(کۆڵەیی)



**٥ - مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم و کوڕو کچەکانی**

ی نزیک شاری سلێمانین، خوێندنی سەرەتایی لە سلێمانی تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٣٧ لەگەڵ هاوپۆل و هاوتەمەنەکانی خۆی هەر یەک لە(حەمەلاو بەرزنجی و ئەحمەد هەردی و حەمە سەعید بانەیی و حەمەڕەشید محەمەد) چۆتە(خانەی مامۆستایانی لادێی- دار المعلمین الريفي) لە بەغدا و ساڵی ١٩٤١ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستا لە گوندو شار و شارۆچکەکانی لیوای سلێمانی لەوانە:(چوارتا، بەرزنجە، قەرەداغ، سێوسێنان، و شوورەدزێ و نۆدێ و بزەنیان، عازەبان، بەرۆی و شاناخسێ و دواتر هاتۆتەوە ناو شاری سلێمانی، پاش(٣٠) ساڵ خزمەتکردن لە بواری پەروەردە لە ساڵی ١٩٧١ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشیکراوە.



**ڕۆژمێری ڕۆشنبیری**

**عومەر عەبدولڕەحیم**

مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم ئەمین مامۆستایەکی دڵسۆز بووەو زۆربەی تەمەنی خۆی بۆ خزمەتکردنی منداڵانی کوردستان‌و خوێندن‌و پەروەردە تەرخان کرد.ئەم مامۆستا هێژایە ساڵی ١٩٢٠ لەگەڕەکی حاجی حانی شاری سلێمانی لەدایک بووەK قۆناغەکانی خوێندنی لەسلێمانی تەواو کرد. ساڵی ١٩٤١ خانەی مامۆستایانی لادێی لەشاری بەغدا تەواو کردو لەشاری سلێمانی بەمامۆستا دامەزرا، زیاتر لە٣٠ ساڵ وەک مامۆستایەکی دڵسۆز دەرسی بەمنداڵانی کوردستان وتەوە دوای خانەنشینبونیشی هەر لەخزمەتی منداڵانی کوردستاندا بوو. مامۆستا عومەر سەرباری خزمەتو بەخششەکانی لەبوارەکانی پەروەردەو خوێندندا، لەبواری نوسین‌و ئەدەبی منداڵانیشدابەرهەمی جوان‌و ناوازەی پێشکەش بە منداڵان کردوخاوەنی چەندین بەرهەمی بەپێزی ئەدەبییە. مامۆستا عومەر کەسێکی نیشتمانپەروەرو بەهەڵوێست بوو، لەناوەڕاستی پەنجاکانەوە تێکەڵاوی جوڵانەوەی سیاسی‌و کاری ڕێکخراوەیی پیشەیی بوو، لەو بوارەدا ڕۆڵی دیاری هەبوو، بەهۆی هەڵوێستەکانیەوە تووشی گرتن‌و دوور خستنەوە بۆوە. بەداخەوە بەر لە ٢٢ساڵ لەمەوبەرو بەدیاریکراوی ٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٢ لەتەمەنی ٧٢ساڵیدا مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیمی خۆشەویستی خەڵکو منداڵان کۆچی دوایی کردو لەگردی سەیوانی شاری سلێمانی بەخاک سپێردرا. دروودی ڕێزو ئەمەکداری بۆ گیانی ئەم مامۆستا خۆشەویستە لەساڵڕۆژی دوا تۆغرکردنیدا.

خەلیل عەبدوڵڵا

ڕەوانشاد مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم، شارەزاییەکی زۆرباشی لە زمان و ڕێزمانی کوردی و عەرەبی هەبووە، پاش خانەنشینیشی ئەو خۆبەخشانە هەر بەردەوام بووە لە بواری پەروەردە و فێرکردن و بە تایبەتی فێرکردنی منداڵان، لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابردوو، وانەی(دەرەکی- تایبەتی- تدریس خارجي و خصوصي) بە کوڕان و کچانی بنەماڵە دێرینەکانی شاری سلێمانی وتووە و هەتا منداڵی خێزانە هەژارەکانیشی بێبەش نەکردووە لەم کارە پیرۆزەی، لە سەرەتای پەنجاکانیش چۆتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم هۆیەشەوە زۆر ئازار و ئەشکەنجەی دیوە و چەندین جار لە کاری مامۆستایی دوورخراوەتەوە.

مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم هەر چەندە بە شاعیر نەناسراوە، بەڵام خەرمانێک شاکاری شیعری نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری و کۆمەڵایەتی و بواری پەروەردەی منداڵانی بۆ بەجێهێشتووین، بەشێکی زۆر لە



سەردانی چەند کەسایەتیەکی شاری سلێمانی بۆ گوندی داری - کەلی - ناوچەی بازیان - بۆلای شێخ مەحمودی حەفید لە هاوینی ساڵی 1952 دا ، دوو کەسی پشتەوە خەڵکی گوندی (داری کەلی)ن .

ریزی پێشەوە لای ڕاست بۆ چەپ :

1. شێخ لەتیفی شێخ مەحمودی حەفید .. 2. م . عومەر عەبدولڕەحیم ئەمین .. 3. نەناسراوەتەوە .. 4. شێخ مەحمودی حەفید .. 5. م. عەبدوڵا سەید ئەحمەدی مەرەخەس .. 6 . ئەندازیار حەمە سالح ژاژڵەیی .

-دانیشتووەکە ( حەمە ڕەشید کۆیی ) شوفێری شێخ قادری حەفید ..

- منداڵەکە لە باوەشی مامۆستا عومەردایە ( کاوەی شێخ لەتیف )ە .


بەرهەمەکانی هێشتا هەر چاپ نەکراون و هەندێکیشی چاپکردووە و بڵاوکردۆتەوە لەوانە(دڵ لە گوڵ ناسکتر، دوو چیرۆک بۆ منداڵان، پاڵەوانی دوارۆژ، شەوچەرەی زستان، قوتابی پێشمەرگە، ئاژاوە، شانۆگەری منداڵان و خواجە یەودا، کتێبی ڕابەری مامۆستا کە باسی چۆنیەتیی وتنەوەی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەحمەد هەردی،**
**مامۆستای عومەر عەبدولڕەحیم، شاعیر کامەران موکری**




**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم، مامۆستا شەفیق ئەحمەد لە کاتی ڕێزلێنانی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم لە لایەن یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە ١٢-٨-١٩٧٢**



**مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم**

وانـەی زمانـی کـوردی دەکات)، دەیـان وتـار و نووسـینی هەمەجـۆری لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـی ئـەو سـەردەم بڵاوکردۆتـەوە.

ئـەو پیاوێکـی ڕووخـۆش و قسـە خـۆش و لـەش سـووک و وەرزشـەوان بـووە، حەزیشـی لـە ڕاوکـردن بـووە ئەمەیانـی لـە بنەماڵەکـەی بـۆ ماوەتـەوە.




**گڵکۆی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم**

یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزراندنی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان.

مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم لە ڕۆژی ٣- ١١- ١٩٩٣ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی سەیوان بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، خێزاندار بووە و چەند کوڕو کچی لە دوای خۆی بەجێهێشتووە، خوا تەمەنی خۆیان و نەوەکانیان درێژ بکات و ڕوحی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم شاد و ئارام و ئاسوودە و گڵکۆی پڕ گوڵ و گوڵزار و چراخان بێت.

چەند پارچە شیعرێکی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم- تان بۆ دەنووسمەوە:

**دۆست بم**

بێ سایە وسامان بێ پلەو پۆست بم

لە پێناو کوردی هەژار وکەم دەست

بەرگەگری گشت چەڵەمە و کۆست بم

***

تەمەنی مرۆڤ بێ وەفایەو شووم

ئەوەندەی لە ژیان من هاتووم و چووم

بەپێی وتەکەی باوکی دڵسۆزم

هەزار و نۆسەد و بیست لەدایک بووم

عومەر عەبدولرەحیم ١٩٤٢

هەرچەندە لە کوردستانم

دڵ خۆشم لە هێلانم

بەڵام کەوی کام کوێستان

باڵندەی کام دارستان

بە زمانی خۆی ناخوێنێ

بۆخۆی باڵ ناوەشێنێ

عومەر عەبدولڕەحیم .. ١٩٣٨

**چاکە**

چاکە بەدەگمەن، درۆ بە لێشاو

پیشەی مرۆڤەو بۆتە پەندو ناو

چەندێ خۆشیم دی، هەزار هەند تاڵاو

جگەر، گورچیلە هەمووی بوو بوو بە ئاو
سەرمایەی ژینمان هەر ناخۆشیە
ناخی دڵیشمان هەر رووپۆشیە
ئومێدم هەر تۆی پادشای شاهان
توو گەورەیی خۆت بم بەخشە یەزدان

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی فەیسبووک بە ناوی مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم، هەندێ لە وێنەکان لەوێ وەرگیراون.

٢ - کوردیپیدیا.

٣ - ماڵپەڕی وێنە کۆنەکانی سلێمانی، هەندێ وێنەش لەوێ وەرگیراون.

٤ - ڕۆژژمێری ڕۆشنبیری، نووسینێکی نووسەر خەلیل عەبدوڵڵا.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عەبدولڕەقیب یوسف

ئـەو دەڵێت: (هێنـدە عەشـقی کارەکـەم بوویمـە، ئەگـەر لـە مانگـی تەممـوز بچمە شاخ لە بەیانی تاوەکو پاش مەغریب نان و ئاو نەخۆم بە خەیالمدا نایـەت).

کەلتـوور و فۆلکلـۆر و مێژوونـاس و شوێنەوارناسـی گـەورەی کـورد مامۆسـتا عەبدولڕەقیـب یوسـف..

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ساڵی ١٩٤٣ لە شاری زاخۆ لە دایک بووە، هەندێ سەرچاوە ساڵی لە دایکبوونی دەگەڕێننەوە بۆ ساڵی ١٩٣٧ هەر لە شاری زاخۆ، باوک و باپیری ئەو بەرەچەڵەک خەڵکی باکووری کوردستان بوونە، لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو لە شاری مووسڵ بە هاندانی مامۆستای مێژوو و شوێنەوارناسی مووسڵ و عێراق(سەعید دیوەچی) کە بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری مۆزەخانەی مووسڵ بووە، حەز و خولیای چۆتە نووسینی مێژوو و کەلتوور و شوێنەوارەکانی کوردستان، ساڵانێک مامۆستا بووە لە ڕانیە و شار و شارۆچکەکانی سلێمانی، دواتر لە ساڵی ٢٠٠١ بۆتە ڕاوێژکار لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ کاروباری کەلتوور و شوێنەوارناسی و لە ساڵی ٢٠١٠ خانەنشینکراوە، ئێستا لە سلێمانی دەژییێت.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید،**
**نووسەر عەبدولڕەقیب یوسف**

مامۆستا عەبدولڕەقیب ماوەی(٦٢)ساڵە دەنووسێت خاوەنی زیاتر لە(١٧) کتێبی چاپکراو و دەستنووسە، لە ساڵی ١٩٨٥ کتێبێکی بە ناوی(بانگەوازێک بۆ ڕووناکبیرانی کورد) دەرکردووە، تێیدا داوای کۆکردنەوە و زیندووکردنەوەی کەلەپووری کوردی و پاراستنی کردووە، ئەگەر چی چەندین کتێبی نایاب و بە نرخی دیکەشی هەیە، بەڵام لەم کتێبەیدا بە وردی باسی پێویستیی پاراستنی هەموو لقەکانی کەلتوور و شارستانێتی هەموو کوردستان دەکات، هەندێ لە کتێبە چاپکراوەکانی لەوانە:(دیوانی کرمانجی، الدولة الدوستكية في كردستان، تابلۆکانی شەرەفنامە، بیرەوەرییەکانی ئەحمەدی حەمە ئاغای پشدەری، حدود كردستان الجنوبية، لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی شێخ مەحمود، بەرگریکردن لە قەڵای هەولێر، وێرانکردنی قەڵای کەرکووک و هەوڵدانم بۆ ڕزگارکردنی، دروستکردنی چەکی ئاگردار...و چەندانی دیکە).

جگە لە بڵاوکردنەوەی سەدان وتار و لێکۆڵینەوە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکانی کوردستان و عێراق و دەرەوەی وڵات.

ئـەو خولیـای گـەڕان و سـوڕان بـووە لـە دوای شـوێنەوارەکان، چەندیـن شـوێنەوار و شـاری کۆنـی دۆزیوەتـەوە لەوانـە سـاڵی ١٩٧٣ یەکەمیـن شـوێنەواری لـە دەربەنـدی ڕانیـە دۆزیوەتـەوە.

مامۆسـتا عەبدولڕەقیب یوسـف هەمـوو تەمەنـی خـۆی تەرخانکـردووە بـۆ خزمەتی کەلەپوور و کەلتوور و فۆلکلۆر و شـوێن و مێژووی شـوێنەوارەکان، لـەم بوارەدا خـەرمانێک بەرهەمـی بـە نرخـی لـە بەڵگەنامـە و تۆمـاری کاسـێت و ڤیدیـۆ و فۆتـۆ و چاوپێکەوتـن و دیمانـە لەگـەڵ کەسـایەتییە مێژوویـی و نـاودار و پسـپۆڕانی کەلتـووری کـوردی کـردووە و هەمـووی کۆکردۆتـەوە، کـە سـامانێکی نەتەوەیی گـەورەی کەلتـوور و شارسـتانێتیی کورسـتانە.

ئـەو نزیکەی(١٨)ملیۆن لاپـەڕە بەڵگەنامـە و(١٣٠٠) سـەعات تۆمـاری ڤیدیـۆ و کاسـێتی دەنگـی و(٧٠)هـەزار وێنـەی فۆتـۆی لـە ئەرشـیفەکەی خۆیـدا هەیـە، بەشـی زۆری ئـەو بەڵگەنامانـەی پێشـکەش بـە ئەرشـیفی نەتەوەیـی کوردسـتان کـردووە.

بەشـی زۆری ئـەو ئەرشـیفە بـە نرخـەی خـۆی بە(دیجیتال)کـردووە، نزیکـەی(١٥) سـاڵ کاری تێـدا کـردووە، زۆربـەی زانیـاری و بەڵگەنامەکانـی



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، نە ناسراوە**

لەژێر (٣٢) ناونیشانی سەرەکیدا بە حەوت زمان خستۆتە ڕوو، بە گەورەترین ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی بواری کەلتوور و شارستانێتی لە ناوچەکەدا هەژمار دەکرێت لە ڕێگای ئەو ماڵپەڕە، کەلتوور و شوێنەوار و فۆلکلۆری کوردی بە خوێنەر ئاشنا کردووە، ئەو دەڵێت:(ئامانجی لەوە ناساندن و هێشتنەوەی مێژووی شوێنەوار و کەلەپوور و ئەندازیاریی کوردییە).

مامۆستا عەبدولڕەقیب سەرەڕای کۆکردنەوەی ئەو هەموو خەرمانە زۆرە، لە بواری پاراستنی کەلتوور و شوێنەوارەکانی کوردستان چەندین هەڵوێستی ئازا و بوێرانەی نواندووە، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:


- بە هاوبەشی لەگەڵ بەڕێز هێمن قادر کتێبێکی نووسیوە بە ناو نیشانی(بەرگری کردنمان لە قەڵای هەولێر)، کە تێیدا باسی هەڵوێستەکانی دەکات دەربارەی دەستکاری کردنی قەڵای هەولێر، هەرچەندە پێشنیارەکانیشی بە هەند وەرنەگیراوە، بەڵام ئەو دەڵێت: ئەگەر ئێمە نەبووینایە، ئێستا قەڵای هەولێر لە یۆنیسکۆ تۆمار نەدەکرا.

- لە ساڵی ١٩٩٠ سەبارەت بە ڕووخاندنی قەڵای کەرکووک بەگژ




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، بەڕێز نووسەر هەینی قادر**




**سایتی تایبەتی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف**

(صدام حسین)سەرۆکی ئەوسای عێراق داچووە و برووسکەیەکی(٣) لاپەڕەیی  بۆ ناردووە کە قەڵاکە نەڕووخێنن، پاش ئەوەی(١٠٠) ماڵیان ڕووخاندووە دواتر کارەکانیان ڕاگرتووە، بەڵام(٦) ساڵ دواتر قەڵاکەیان هەر ڕووخاندووە، لەسەر ئەمەش کتێبێکی نووسیوە کە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠١٠ بۆی چاپکردووە.



**لەلای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولڕەقیب یوسف، ڕەوانشاد ئیسماعیل سەرهەنگ، ڕەوانشاد تەوفیقی مەلا سدیق - ٢٦/تەمموز/١٩٩٨**

- چەندین جار بە گژ سوپای عێراق داچووە بۆ ئەوەی ئەشکەوتەکانی کوردستان نەتەقێننەوە، چەندین جاریش لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری گۆڤاری رامان بەڕێز ئازاد عەبدولواحید و بەڕێز سەدیق ساڵح ئەحمەد بە ناو کێڵگەی(مین- ئەلغام) دا ڕۆیشتوون بۆ ئەوەی شوێنەوارەکانی کورستان لە دەست سوپای عێراق بپارێزن لە ڕووخاندن و تەقاندنەوەیان.

- سێ جار ویستوویانە سەرای سلێمانی کە(ڕەمزی شارەکەیە) بڕوخێنن، بەڵام ئەو یاداشتی(١٢) لاپەڕەیی بە ئیمزای(١٠١٠) کەس کۆکردۆتەوە، هەتا لە ڕانیە و چوارقوڕنەش خەڵک ئیمزای کردووە بۆ ئەوەی سەرای سلێمانی بپارێزرێت، هەروەها بۆ خانووە کۆنەکانی وەکو ماڵی کەریم کابان و خانووی پیرەمێرد و چەندین شوێنی کۆنی دیکە، کەمپینیان ڕاگەیاندووە، جگە لە چەند هەڵوێستی دیکەش.

- لە کۆنگرەی ڕاپەڕین لە شەقڵاوە ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ چەند نووسەر و ڕووناکبیر لەوانە( محەمەد ساڵح تۆفیق، سەلام مەنمی، محەمەد مەردان،

سەردار فەتاح، خالید دلێر و چەندانی دیکە) مامۆستا عەبدولڕەقیب بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمەڵەی کەلەپوور و کەلتووری کوردییان بۆ هاتووە، بۆیە لە ڕۆژی ١٠-١١-١٩٩١ لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی لە گەڕەکی بەختیاری ئەم کۆمەڵەیان دامەزراندووە و هەر خۆشی بە یەکەم سەرۆک هەڵبژێردراوە و پاش ماوەیەک نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد مەردان بۆتە سەرۆکی کۆمەڵەکە و تا ئێستا لە چالاکییەکانی بەردەوامە.

- مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف نە شاعیرە و نە گۆرانیبێژ، بەڵام خێزانەکەی پشت و پەناو یاریدەدەری بووە لە ئەنجامدان و بەرهەمهێنانی ئەو کارە مێژووییانەی، ناوی (پەخشان) بووە، کە کۆچی دوایی کردووە، دیارە بە دەنگی خۆی لاوکێکی بۆ وتووە و لە کاسێتێک تۆماری کردووە، لاوکەکە بە ناو نیشانی(دەنگێ خۆشی شەهریبانا کوردی و وەبیرئینانا پەخشانێ)، وا دیاریشە ئەو کاسێتە بەر دەست یان بەر گوێی خانمە گۆرانیبێژی باکووری کوردستان(شەهریبان) کەوتووە، بۆیە لە ڕۆژی ١٤-٤-٢٠٢٢، خاتوو شەهریبان بە تەلەفۆن دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە مامۆستا عەبدولڕەقیب کردووە، ئەویش سوپاسی دەکات و پێی دەڵێت: من سەرسامی دەنگە خۆشەکەی تۆم و کە دەنگی تۆم گوێ لێدەبێت پەخشانی خێزانم بە یاد دێتەوە.

لە ٣٠-٧-٢٠١٣ بەڕێز سامان فوزی ئەندامی لێژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن لە پەرلەمانی عێراقی سەردانێکی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسفی




**بەرهەمەکانی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف**

کردووە، بڕوانامەی ڕێزلێنانی لیژنەکەی پێ بەخشیوە.

لە ٢-١١- ٢٠٢٢ نووسەر بەڕێز هەینی قادر، سەردانی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف و ئەرشیفەکەی کردووە لە شاری سلێمانی و وێنەیەکی لەگەڵدا گرتووە، وا هاوپێچم کردووە.

لە ٢٦-١٢-٢٠٢٢ نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف و ئەرشیفەکەی بەسەر کردۆتەوە، وێنەیەکیشی لەگەڵدا گرتووە، وا ئەویشم هاوپێچ کردووە.

تێبینی: بۆ زیاتر زانیاری لەسەر وتارەکانی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، دەربارەی کەلتوور و شارستانێتی، دەتوانن سەردانی سایتی تایبەتی ئەو بکەن، وا بە وێنە لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچم کردووە.


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی تایبەتی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، بۆ کەلتوور و شارستانێتی.

٢ - هەندێ زانیاری دەربارەی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، لە نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید وەرگیراوە، سوپاسی دەکەم.

٣ -کوردیپێدیا.

٤ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٥ - Youtube، فلیمێکی دوکیومێنتاری لە ١٤-٤-٢٠٢٢.

٦ - کوردستان پۆست، لە ٣-٨-٢٠١٩.

٧ - Rudaw، فلیمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٥-٦-٢٠١٣.

٨ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی(سبەی) لە ١٩-١١- ٢٠١٩.

٩ - Wikiwand.

١٠ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بەشیر موشیر

باڵوێزخانەی کوردی لە شەقامی ڕەشید لە بەغدا، یانەی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی هەر لە بەغدا، شاعیر و فەیلەسوف و بەرگدروو و خاوەنی مەقەستی زێڕین، ڕەوانشاد ئوستاد بەشیر موشیر ...


ئوستاد بەشیر موشیر بە پێی هەموو سەرچاوەکان لە نێوان ساڵانی ١٨٨٥-١٨٩٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، بەڵام بە پێی شێوازی قسەکردنی و بەکارهێنانی وشەی(ئەمین) لە جیاتی من، دیسان هەر بە پێی هەندێ سەرچاوە، پێدەچێت لە ناوچەی نێوان کەرکوک و هەولێر لە دایک بووبێت، ئەو لە بەغدا گەورە بووە، دوکانەکەی بەشیر موشیر لە شەقامی ڕەشیدی بەغدا لە نزیک(ئوتێلەکان و بازاڕی سەرا و ئەمانەی عاسیمە و وەزارەتەکان)بووە ئەو کات، دوکانەکەی شوێنی کوردی بەغدا و ئەو کوردانەی دەهاتنە بەغدا هەر لە وەزیر و ئەفسەری کورد و ڕووناکبیران و شاعیر و ئەدیبان و قوتابیانی کورد بووە، مەڵبەندی کۆبوونەوەیان بووە، ئەو هەر لە ڕۆژانی شۆڕشی شێخ مەحمود تا مردنی هەر شوێنی کوردانی خەباتگێر و ئازادیخواز بووە.

ئوستاد بەشیر موشیر نەچۆتە هیچ قوتابخانەیەک، لە تەمەنی(١٧) ساڵیدا ناوی خۆی نووسیوە بۆ دەورەیەکی(زەفتە) بە مانای ئێستا(شرطي الاول- پۆلیسی یەک خەت) بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسین بێت، دوای




کۆڕێك لەسەر بەشیر موشیر(نەناسراون)

چەند ساڵێک خزمەتەکەی خۆی گواستۆتەوە بۆ ناو سوپای عوسمانی، هەر لە ساڵی یەکەمەوە بۆتە جێگای سەرنجی سەرکردە سەربازییەکان، چونکە لە شەڕەکان قارەمانێتی نواندووە هەر ساڵێک جارێک پلەیەکەیان بەرزکردۆتەوە تا گەیشتۆتە پلەی(زابتی قۆماندانی)، زۆر ئازا و زیرەک بووە، بۆیە کردوویانە بە بەرگدروو، سوپای عوسمانی لێی ترساون و وتویانە: ئەوە بگاتە پلەی موشیری لێمان هەڵدەگەڕێتەوە و لەوانەیە سەربەخۆیی کوردستان ڕابگەیەنێت و ڕیسەکەی مەلای خەتێ و مەلا ئیدریسی بەدتلیسی- مان لێ بکاتەوە خوری)، بۆیە منیان کرد بە بەرگدروو، هەر بە خۆی و لەسەر زمانی خۆی بۆ دکتۆر کامل ژیری گێڕاوەتەوە و وتویەتی:(ئەمین واتە من کەسێکی شیاو بووم بۆ موشیری هەر بەو پلەیەش گەیشتم ئەوەتا نەتەوەکەم بە(بەشیر موشیر) ناوم ئەبا، ئەوانیش(واتە عوسمانییەکان) با هەر سەری خۆیان لە بەرد بەن).



نزیکترین کەس لە بەشیر موشیر نهێنیی ژیان و بەسەرهاتی ئەویان نەزانیوە، ئەو هەرچەندە پیاوێکی کەمدوو بووە، بەڵام جار و بار(هفوات و طلعات)ی هەبوو، جارێکیان مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوڵی سەفوەت باوکی دکتۆر عیزەدین لەگەڵ دکتۆر عیزەدینی کوڕی لە دوکانەکەی بەشیر موشیر دەبن، ئەو باسی پیاوێک دەکات بە ناوی حەسەن حیلمی دەڵێت: زۆر برادەرم بوو، مەلا مستەفای سەفوەتیش دەڵێت: لە ڕێگای شیعر و ئەدەبەوە دۆستی یەکتربوون! ئەویش دەڵێت: نا بەیەکەوە لە قوتابخانە بووین، ئیتر مەلا مستەفای سەفوەت بە عیزەدینی کوڕی دەڵێت: (مەتەڵ-لوغزەکە)م حەل کرد، بە دکتۆر عیزەدین دەڵێت: ئەو حەسەن حیلمییە چەند ساڵێک لە من گەورەترە ئەوە (پۆلیس-شرطة) بوو، چووە دەورەیەکی(زەفتە) بۆ ئەوەی فێری خوێندن و نووسین بێت، دیارە بەشیر موشیریش لەگەڵ ئەو بەیەکەوە لەم دەورەیە بووینە.

بەشیر موشیر بەرگدروویەکی بەناوبانگ بووە لە شەقام ڕەشیدی بەغدا شاگردەکانی(یهود- جوولەکە)بوونە و زۆر پسپۆڕ بووینە لە بەرگدووریی. لە ساڵی ١٩٤٩-١٩٥١ کە بەغدایان بەجێهێشتووە و چوونەتەوە ئیسرائیل، بۆیە دوکانە بەرگدوورییەکەی ئەو، ئەو ڕەغبەتەی نەماوە هەر چەندە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ڕیکلامی بۆ کردووە، بۆ نموونە نووسیویەتی(بەرگدرووی بەشیر موشیر بەرگدروویەکی عەسکەری و مولکی، خاوەنی مەقەستی زێڕین، دانەری کتێبی سپاردەی حەقپەرستی نرخەکەی شەش عانەیە کتێبێکی عەجایب و غەرائیبیشی لە ژێر چاپدایە) بەڵام دیارە سوودی نەبووە، بۆیە کردوویەتی بە دوکانی فرۆشتنی کتێب و ررۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان.




دکتۆر جەمال نەبەز باوەڕپێکراوترین کەس بووە لە لای ئوستاد بەشیر موشیر، لە پاش ئەو چەند کەسانێکی دیکە هاتوون لەوانە(دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، ئەمین زەکی بەگ، تۆفیق وەهبی، ئەمین ڕەواندزی، ئەسیری شاعیر، عەلائەدین سەجادی، حوسێن حوزنی


موکریانی، گیو موکریانی، مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، هەژار موکریانی، شەهید عەبدولڕەحمان قاسملۆ، دکتۆر کامل ژیر، شاعیر عەبدوڵڵا گۆران، ئەحمەد هەردی، مەعروف جیاووک، ڕەفیق حیلمی، دکتۆر ئیحسان فوئاد، کەمال فوئاد و هەتا پیرەمێردی شاعیریش و چەندان ڕۆشنبیری دیکەی کوردی ئەو سەردەم).

دکتۆر کەمال فوئاد دەڵێت:( ئەگەر لە ئوستاد بەشیر موشیرت بپرسییایە تۆ چیت؟)، ئەو دەیوت: فەیلەسوفم بۆ حاڵەتی پێویست شاعیریشم، لەهەمان کاتدا بەرگدروویەکی بە ناوبانگ بوو لە بەغدا هەر خۆی بە خۆی دەوت خاوەنی مەقەستی زێڕین، ئەو زۆر ناسرا بوو لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان و هەتا بێگانەکانیش لە پاریس و لەندەن و ئەڵمانیا لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانییان باسیان کردووە.

بەشیر موشیر هیچ باسی ژیانی خۆی نەکردووە، تەنیا ئەوە نەبێت کە لە کۆلێژی ئەرکانی ئەستەنبوڵی حەربی دەرچووە، ڕوتبەی موشیری هەبووە و لە جەنگی یەکەمی جیهانی ئەندازیار(مهندس) بووە لە پڕۆژەی هێڵی شەمەندەفەری نێوان(بەغدا و بەرلین)، ئەو زمانی ئەڵمانیشی زانیوە، بەڵام لە بیری چووبۆوە، زۆر حیکایەت و ماجەرای هەیە کە هەندێکیان ڕاستە و هەندێکیشیان بۆی هەڵبەستراوە، هەموو باس و حیکایەتەکانی دەکرێت بچێتە خانەی پەند و فۆلکلۆری کوردی و سوودی لێوەربگیرێت، وا هەندێ لە بەسەرهاتەکان دەنووسمەوە بە پێی کەسەکان کە لە خۆیانم گوێ لێ بووە یان بۆیان گەڕاوەتەوە یان هەر بۆیان هەڵبەستاوە.



دکتۆر کامل ژیر لە کتێبی(ئەو سەرۆکەی... نە درۆی کردوە، نە ڕاستی وتوە) دەڵێت: دانیشتن لەگەڵ بەشیردا زانینی ئەویست، ئەبوایە ئەو چۆن لەخۆی گەیشتووە تۆش هەر بەم جۆرە لەوت بڕوانییایە! واتا وەک سەرۆکی کورد، فەیلەسوف، ئەدیب، عەسکەری، بلیمەت، موشیر، قۆز و هەڵکەوتوو، سەیرت بکردایە، هەرچی ئەوت




چونکە بەلای خۆیەوە ڕاست بوو ئەبوایە تۆش بە ڕاستی وەرتبگرتایە! ئەوی ئەو ڕێوڕەسمەی نەزانییایە، خۆی بەدەرکردن ئەدا)!.

دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ لە کتێبی(ئوستاد کارێکی ئەدەبییە) دەڵێت: مامۆستا تۆفیق وەهبی پێی وتم: ئێوە بەشیر موشیرتان کرد بە مەلای مەزبوورە، چاکیشتان کرد، بەڵام توخوا پێم بڵێ قسەیەک بە من وتراوە ئەو کردوویەتی یان نا؟ دکتۆر عیزەدین دەڵێت: زانیم دەڵێ چی، سوێندم بۆ خوارد کە وایە.. ، وتی: پێم خۆشە ئەو گەمژەیە ئەقڵی بە قسەی وا بشکێ با خۆشم بگرێتەوە.

لە یادگارەکانی پیرەمێردی شاعیر، چەند جارێک باسی بەشیر موشیر دەکات و دەڵێت: وەستا بەشیر موشیرێکمان هەیە خۆزگە حیس و سەوبەی وەتەنپەروەری ئەومان دابەش بکردایە، ئەمجارەش دەستێ جل قوماشی لە ڕەنگی تەبیعەتی خۆم بۆ ناردووم، وا دەزانم فورمەی موشیرییە. جارێکی تریش هەر پیرەمێری شاعیر باسی بەرگدروویی ئوستادی کردووە و وتویەتی: وەستا بەشیر بیبڕێ ...شاگرد بە ماکینە بیدوورێت ..تۆ لەبەری کەی.

دکتۆر کەمال فوئاد دەڵێت: کەسایەتییەکی کورد کە عەسکەریی خانەنشین بووە، دەستنووسی دیوانێکی حاجی قادری کۆیی بە ئوستاد پێشاندا، ئەویش لێی وەرگرت و بە جەمال نەبەزی وت: پێشەکییەکی بە قوەتم بۆ بنووسە بۆ ئەوەی چاپی بکەین، بەڵام ئەو دیوانە چاپ نەکرا، لەو کاتەدا، مامۆستا گیو موکریانی لەوێ دەبێت و دەچێتەوە هەولێر، دیوانی حاجی قادر چاپ دەکات، بەشیر موشیریش زۆر نیگەران دەبێت، ئێ بەشیر موشیر هەر کەسێ شیعری یان هەر نووسینێکی پێ نیشان دابێت، ئەو ئیمزای خۆی لەسەر کردووە و بە ناوی خۆی بڵاویکردۆتەوە یان هاویشتوویەتییە ناو(صندوق العجائب- سندوقە سەڕسوڕهێنەرەکە)ی.

جارێک مامۆستا گیو موکریانی هەندێ کتێب و ڕۆژنامەی لا دادەنێت

بۆی بفرۆشێت، پاش ماوەیەک دەچێتەوە بەغدا بۆ ئەوەی حیساب و کیتابی لەگەڵ بکات، بەلام ئوستاد دەڵێت: بۆشت بفرۆشم پارەشت بدەمێ، ئیتر مامۆستا گیو موکریانی هیچ دەنگ ناکات و دەچێتەوە هەولێر و لەو ڕۆژەوە هەر کتێبێکی چاپکردبێت بە خۆڕایی بۆ ئوستادی ناردووە.

بەشیر موشیر چەندین جار وتاری ڕەخنەیی لە دژی حکومەتی مەلەکی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردۆتەوە و حیسابیشی بۆ هیچ کەسێ نەدەکرد، هەموومان دەزانین سەعید قەزاز بەگ وەزیری ناوخۆ بوو، وەزیرێکی زۆر بە هێز و ئازاش بوو، لە گێڕانەوەکانی دکتۆر جەمال نەبەز سەبارەت بە ئوستاد بەشیر موشیر دەڵێت: ئێوارە سەعات(١٠)ی شەو بوو من و ئوستاد خەریک بوو دوکانەکەمان دادەخست، سەعید قەزاز بە خۆی و شوفێرەکەی هاتنە دوکانی ئوستاد و یەکسەر پێی وت: وەستا بەشیر ئەوە چی دژی حکومەت بڵاودەکەیتەوە و کێ بۆت دەنووسێ؟ ئەوەی ئاشکرایە لای ئەو کەسانەی ئوستاد بەشیریان ناسیوە ئەو بە دوو شت توڕە دەبوو یەکێکیان ئەگەر پێتوتبوایە وەستا، دووەمیان کێ بۆی نووسیت، ئەویش پێی وت: ئەوە چ دەڵێیت سەعید بەگ؟ شەرمت بە خۆ نییە ئەمین (ئەمن) قەڵەمەکەم بە قوەتە و کەس بۆم نانووسێت، پاشان لە دژی حکومەتی دەنووسم چونکە..... با واز لەو ......بێنێت تا بەم قەڵەمە بە قوەتە لەسەری نەنووسم، ئایا سەعید بەگ لە خۆت نەپرسیوە بۆ لە دژی تۆ نانووسم؟

سەعید قەزازیش دیارە ئوستاد بەشیر دەناسێت و پێی دەڵێت: باشە باشە بە کەیفی خۆت لەسەر حکومەت بنووسە، بەس لەسەر من نەنووسیت، دینارێکی دەداتێ و پاکەتێک جغارەی لێدەکڕێت، ئوستاد بەشیریش(باقییەکەی- خوردەکەی) ناداتەوە.

لە کاتی حوکمی مەلەکییەت زوو زوو کابینەی وەزارەتەکان دەگۆڕان، دیارە کاتی کابینەی نوێ بووە، یەکێک بە ئوستادی وتوە ئەمجارە ناوت لە کابینەی نوێدایە و دەتکەن بە وەزیر، ئەویش باوەڕ دەکات و چاوەڕوان دەبێت کە ناوی وەزیرەکان ئاشکرا دەکرێت ناوی(عەونی یوسف)ی تێدا بووە بۆ وەزیری، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ئەو کات مەیلی شیوعییەتی

هەبووە بۆ تێکدانی پەیوەندیی ئوستاد لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان دەچێتە لای ئوستاد و پێی دەڵێت: ئەوە پارتییەکان بە حکومەتییان وتوە تۆ نەکەن بە وەزیر و عەونی یوسف بکەن بە وەزیر، دیارە ئەو کات پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی هەبووە مام جەلال تاڵەبانی سەرنووسەر ڕۆژنامەی خەبات بووە دەچێتە لای ئوستاد بەشیر موشیر و پێی دەڵێت: عیزەدین برادەرتە؟ ئەویش دەڵێت: بەڵی، مام جەلال دەڵێت: ئەوا موکەڕەم تاڵەبانیش وەزیرە بە عیزەدین بڵی کارێکت بۆ بکات لە لای ئەو، ئیتر ئوستاد بەشیر تەکلیفی دکتۆر عیزەدین دەکات، بەڵام دیارە موکەڕەم تاڵەبانی کارەکەی بۆ ناکات، بۆیە ئوستاد بەشیر موشیر لە دکتۆر عیزەدین تورە دەبێت و لە(بەشیرستان) دەریدەکات.

کاتێک(عەباس خەلعەتبەری) دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئێران لێی دەپرسن لە بارو دۆخی کورد، ئەویش دەڵێت: کورد لە ئێران نییە؟ هەموومان یەک گەلین، دیارە پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمەی پێ ناخۆش بووە، نەیانویستوە ڕاستەوخۆ وەڵامی ئێران بدەنەوە، نەوەکو لەگەڵ عێراق پەیوەندییان بەرەو خراپی بڕوات، بۆیە دیسان مام جەلال تاڵەبانی خۆی دەگەیێنێتە لای ئوستاد بەشیر و پێی دەڵێت: من شتێک دەنووسم دژی ئەو تەسریحەی وەزیری دەرەوەی ئێران تۆ مۆر بکە و بۆ ڕۆژنامەی خەباتی بنێرە و منیش بڵاوی دەکەمەوە، بۆ ڕۆژی دواتر وتارەکەی مام جەلال بە ناوی بەشیر موشیر لە خەبات بڵاودەکرێتەوە و هەموو دانەکانیش دەفرۆشرێت.

ئوستاد بەشیر موشیر هەندێ بەرهەمی نووسراوی هەبووە، جگە لەو وتار و نووسینانەی کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاویکردۆتەوە لەوانە:

- کتێبی(سپاردەی حەقپەرستی) لە ساڵی ١٩٣١ لە بەغدا چاپکراوە.

- کتێبی(بەختنامە)ی وەرگێڕاوە، کە لە نووسینی ناپلیۆن پۆناپارتە، لە ساڵی ١٩٣٩ لە چاپدراوە.

لە ٢-٢- ٢٠١٧ لە شاری سلێمانی بە ئامادەبوونی لێپرسراوانی پارێزگا و ڕۆشنبیران، بەشێک لە باخچەیەک بە ناوی ئوستاد بەشیر موشیر

کراوە، هەق وایە لە هەولێریش شەقامێک، هۆڵێک، کتێبخانەیەک بە ناوی ئەم کوردپەروەرە بکرێت.

ئوستاد بەشیر موشیر هەر چەندی لەسەر بنووسرێت هەر کەمە، بە کتیبێکی(٥٠٠) لاپەڕەییش تەواو نابێت، وا ئێمە بەو چەندە دێرە چڕو پڕە بە یادی نەوەکانمان هێنایەوە.

لەساڵی ١٩٦٣ بەعسییەکان ئوستاد بەشیر موشیر دەگرن و زۆر ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن، دواتر ئازادیان کردووە، هەر لە ئەنجامی ئەو ئەزییەتدانە لە ڕۆژی ٣٠-٧- ١٩٦٣ لە بەغدا کۆچی دوایی کردووە، هەرچەندە ئەو وەسییەتی کردبوو کە لە گردی مامە یارە لە نزیک پیرەمێری شاعیر بینێژن، بەڵام وا دیارە کەس و کارەکەی وایان پێ باش بووە لە گۆڕستانی شێخ مەعروف - لە کەرخ- لە بەغدا بە خاک سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١- کتێبی (ئوستاد بەشیر موشیر کارێکی ئەدەبییە)، لە نووسینی دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ.

٢- کتێبی(بەشیر موشیر نە ڕاستی وتوە نە درۆی وتوە) لە نووسینی دکتۆر کامل ژیر.

٣- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیا ئازاد.

٤- فەیسبووکی دکتۆر کامل ژیر لە ٢٠-٢-٢٠٢١.

٥- کوردیپێدیا.

٦- ڕووداو نێت، وتارێکی پەیامنێر شادیە ڕەسوڵ.

٧- نووسین و دارِشتنی خۆم



# شوكری فەزڵی

ئەو وەڵامی نامەکەی شێخ مەحمودی حەفیدی، بەم کۆپلە شیعرە داوەتەوە:


ئیش کە ئێستا ڕوو لە هەورازە، سەرەو لێژی نەکەی
فیکری ووردیشی دەوێ، هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی

شاعیری بوێر و چاونەترسی سەردەمی خۆی، شاعیری سیاسی و نەتەوەیی کورد، ڕەوانشاد شوکری فەزڵی ...


ناوی تەواوی(شوکری کوڕی مەحمود ئاغای کوڕی ئەحمەد ئاغا)یە، بە ڕەچەڵەک خەڵکی شاری(سنە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سلێمانی ژیاون، لە ساڵی ١٨٨٢ لە شاری بەغدا لە دایکێکی(عەرەب) لە دایک بووە، لە منداڵییەوە(سەید ساڵح)ی خاڵی کە کارمەندێکی باڵادەستی دەوڵەتی عوسمانی بووە، پەروەردەی کردووە و ناردوویەتییە سلێمانی، لەوێش چۆتە بەر خوێندن.

شوکری فەزڵی زیاتر لە(٣٠) ساڵ لە سلێمانی ژیاوە، دۆستایەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر لە ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کوردی ئەو سەردەم هەبووە، لە قۆناغی خوێندنی سەرەتایی هاوپۆلی شێخ مەحمودی حەفید بووە، ساڵی ١٩٢٢ بە فەرمانی بەڕێوەبەری گشتیی(مەعاریف- معارف) لەگەڵ ڕووناکبیر تۆفیق وەهبی و دوو کەسی دیکە، ڕاسپێردراون بۆ وەرگێڕانی کتێبی قوتابخانەکان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردی.

شوکری فەزڵی لە ژیانی فەرمانبەریی خۆیدا گەڵێک کاری پێ سپێردراوە،




چەندین پۆستی حکومییشی هەبووە، ئەو بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکی و فارسی، شیعر و وتاری نووسیوە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە عێراقییەکانی ئەو سەردەم بڵاوی کردوونەتەوە، لە ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی) کە مێجەرسۆن لە بەغدا دەری دەکرد، شوکری فەزلی دەورێکی گەورەی بینیوە، ئەم شاعیرە گەورەیە بە یەکێک لە ڕووناکبیرە هەرە بوێر و چاونەترسەکانی سەردەمی خۆی دادەنرێت.




شوکری فەزلی ماوەیەک لای شیخ مەحمودی حەفید ژیاوە، لە ساڵی ١٩٢٣ دیارە هەڵسوکەوت و ئیدارەدانی شێخی بۆ وەزعەکە بە دڵ نەبووە، تا دڵی ڕەنجاوە و دڵیشی نەهاتووە ئەمە بە شێخ مەحمودی حەفید بڵێت، بۆیە بە بیانووی سەردانی خزمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەچێتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ماوەیەکی زۆر ناگەڕێتەوە، شیخ مەحمود نامەیەکی بۆ دەنێرێت و داوای لێ دەکات کە بگەڕێتەوە، ئەویش وەڵامی شێخ مەحمود بەم پارچە شیعرە دەداتەوە:

ئیش کە ڕووی ئێستە لە هەورازە سەرەولێژی نەکەی
فکری وردیشی ئەوێ، هەر بە دوعا و نوێژی نەکەی
گێرەشێوێنێ کە کای کۆنی بە با دا لە کنت
چاکە هەر لێی خوڕی، سەیری دەم و کاوێژی نەکەی
سەرەتای ئیش هەموو یەک بوونە، ئەویش نابێ هەتا
هەر برینێ کە لە دڵدا هەیە سارێژی نەکەی
حەیفە چاوێ کە جەفا کۆڵەوەژی تێدەشکان
تۆ بە کلچێوکی وەفا عەینی گەلاوێژی نەکەی
قەومی بێ سەر نییە ئەمڕۆ لە هەموو عالەمدا
ئەتەوێ تاجی سەری بی، بە هەوا گێژی نەکەی

شـا، وەکـوو شـایەکی شـەترەنجە لـە عالـەم ئەمـڕۆ
گـەورە قانوونـە، قسـەی کـورت ئەمەیـە، درێـژی نەکـەی.

شوکری فەزڵی و شاعیر شێخ ڕەزای تاڵەبانی چەندین نامەی شەڕە شیعر و شـەڕە جوێنیـان گۆڕیوەتـەوە، کـە بـە لووتکـەی شـیعری(هەجو) لـە ئەدەبـی کوردیدا هەژمـار دەکرێت.

شوکری فەزڵی پێنج خشتەکیشی نووسیوە لەسەر غەزەلی کوردی.

نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس دکتۆرعەبدوڵـڵا ئاگریـن، شـیعرەکانی شـاعیر شـوکری فەزلـی، لـە کتێبێکـی قەشـەنگدا بـە ناوی(شـوکری فەزڵـی شـاعیرێکی سیاسـی و نەتەوەیـی کـوردە) کۆکردۆتـەوە و دیراسـە و لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـردووە و سـاڵی ١٩٨٨ چاپـی کـردووە.

ئەم شاعیرە گەورەیەی کورد لە ١-٦-١٩٢٦ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

وا دوو پارچـە شـیعری شـاعیر شـوکری فەزڵـی، یەکەمیـان بـە کـوردی و دووەمیـان بـە زمانـی فارسـی دەنووسـمەوە:

لـە هیجـرا ڕۆژ و شـەو عاشـق خەریکـی ناڵەیـی زارە
پەرێشـان حاڵـە قوربـان، عاجـز و غەمبـار و بیـمارە
شـیفام بـا ماچـی لێـوت قـەت نییـە ئێسـتاکە، دڵ چونکـە
بـە نووکـی خەنجـەری موژگانـی خوونرێـژت برینـدارە
بنـازم وردە غەمـزەی چـاوی مەسـتت ئـەی کەمـان ئەبـرۆ!
کـە وا بـۆ کوشـتنی عاشـق عەجـەب تیرێکـی خوێنخـوارە
ئەگـەر بـۆ سـەیدی مورغـی دڵ نەبـێ کاکۆڵـی موشـکینت
لەبـەر چـی هـەر وەهـا چیـن چیـن و پێچاوپێـچ و خـوارە
لـە چینـی پەرچەمـی تـۆدا سـەبا سست هاتـە سـەفحەی بـاغ
مەگـەر سەرمەسـتە قوربـان بۆیـە وا ئاهیسـتە ڕەفتـارە
بـە کوشـتن شـاد ئەبـم ئێسـتا، بـە شـەرتێ گـەر بەجـێ بێڵـێ
لـە دڵـدا خەنجـەرێ بـۆ یـادگار ئـەو شـۆخە غـەددارە
حەمـەد بـەگ تـا بلێـی شـیرینە هەممـی هەروەکـوو نەزمـم
کـە هـەم مەشـهووری ئافـاق و پەسـندی یـار و ئەغیـارە

وا کاکۆڵـــی ئـــەو شـــۆخە بـــەدەم بـــادی ســـەباوە
لــە دووریــت تــا بــە کــەی عاشــق خەریکــی زار و ڕۆڕۆ بــێ

پارچە شیعرە فارسییەکە:

دســـت خیـــاط ازل خرقـــەی نامـــوس و عفـــاف
خـــوش بریدســـت بـــە بـــالای نقیـــب الاشراف
یعنـــی ینعـــم الخلـــف حـــضرت کاک احمـــد شـــیخ
آنکـــە بـــا شـــیر زنـــد پنجـــە بـــە میـــدان مصـــاف
مصطفـــی نـــام و چـــراغ نســـب مصطفـــوی
نطفـــەی هاشـــم و نقـــد کمـــر عبدمنـــاف
مدعـــی گـــو نزنـــد لاف ز همچشـــمی او
تکیـــە بـــر جـــای بـــزرگان نتـــوان زد بـــە گـــزاف
بـــە زیارتگـــە آبـــاء کرامـــش چـــە عجـــب
سر قـــدم ســـاختە آینـــد ملایـــک بـــە طـــواف
ای تـــو را بندگـــی مـــن نـــە بـــە امیـــد طمـــع
ندهـــم دســـت کریـــم تـــو بـــە صـــد وجـــە کفـــاف
امتیـــاز از دگـــران دادە خدادیـــت بـــە ســـە چیـــز
همـــت عالـــی و دســـت کـــرم و طینـــت صـــاف
تکیـــە بـــر مســـند جـــدت زن و اندیشـــە مکـــن
جـــز سر انگشـــت ندامـــت نگـــزد اهـــل خـــلاف
خصـــم را تیـــغ زبـــان مـــن و شمشـــیر تـــو بـــس
وای از آن روز کـــە ایـــن هـــر دو برایـــد ز غـــلاف
بشـــکافد دم شمشـــیر تـــواش مهـــرەی پشـــت
بگـــذرد نـــوک ســـنان منَـــش از حقـــە، نـــاف
کمتریـــن جـــود تـــو ای زبـــدەی اولاد حســـین
خـــرج دە ســـالە دولـــت ز دو لـــک خانـــەی جـــاف
تـــا بـــود همچـــو نبـــی آکلـــە بـــا آل علـــی

چــرخ در بــارەی اربــاب هــنر بــی انصــاف
بــاد انــدام عــدوی تــو بــه ســجیل قضــا
عصــف مأکــول لإیــلاف قریــش إیــلاف.


سەرچاوەکان:

١ - Wtari Kurd، وتارێکی نووسەر محەمەد بەرزی. لە ٢٠-٥-٢٠٢٠.


٢ - Kurdistan Times، وتارێکـی نووســەر ئیحســان وەڵـزی. لـە ٣١-٣-٢٠٢٠.

٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی لقمان بیارەیی. لە ٢٥-٩- ٢٠١٩.

٤ - کوردیپیدیا.

٥ - شـوکری فەزڵـی شـاعیرێکی سیاسـی و نەتەوەیی، لێکۆڵینـەوە و لەسـەر نووسـینی، نووسـەر عەبدوڵـڵا ئاگریـن، چاپـی یەکـەم سـاڵی ١٩٨٨.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەحمەد شوکری(دکتۆر شۆ)

شاعیری شیعری میللی کورد، ئەو پیاوەی بۆ یەکەمین جار وشەی(زانکۆ) ی خستە ناو فەرهەنگی کوردی، خۆشنووس و ڕووخۆش و قسە خۆش، ڕەوانشاد دکتۆر شۆ....

ناوی تەواوی(ئەحمەد شوکری)یە، لە ساڵی ١٩١٠ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، هەر لە منداڵییەوە عەشق و سەودای شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی بووە، لە تەمەنی لاوێتیدا لە بەغدا کاری(پیتچنین و تایپکردن)ی لە چاپخانەکانی ئەوێ کردووە، سەرەڕای نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک، شاعیری ناوداری کورد(پیرەمێرد)ی نەمر لە بەغدا دەیناسێ و داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە سلێمانی لای ئەو لە ڕۆژنامەی(ژین و ژیان)کار بکات.

شاعیر ئەحمەد شوکری(دکتۆر شۆ) دواتر وەکو(مضمد- برینپێچ) لە فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی دادەمەزرێت و ناوبانگ و شوهرەتی بڵاودەبێتەوە و ناسناوی(دکتۆر شۆ)ی پێ دەبەخشرێت.

شاعیر و چیرۆکنووس ئەحمەد شوکری، یەکەمین شاعیری میللی فرە شیعرە، لە شوێنێکدا دەڵێت:(فیردەوسی ئێرانم بەجێهێشتوە، ئێستا خاوەنی(١٥٠٠٠) بەیتە شیعرم و پتر لە(٥٠٠) چیرۆکی کورت و درێژم، هی وایان هەیە خۆی دەدات لە(٥٠)لاپەڕە و هەشیانە دوو سێ دێڕە، زۆربەیانم وەرگێڕاوەتە سەر زمانی نەتەوەکەم).




**لە لای ڕاستەوە: نەمر شێخ مەحمودی حەفید، شاعیر شوکری ئەحمەد**

ئەو هەشت بەرهەمی چاپکراوی هەیە،(١٣) بەرهەمی چاپنەکراویشی هەیە، وا بە دەستخەتی خۆی هاوپێچم کردووە.

یەکەم کەس بووە، وشەی(زانکۆ)ی بەکارهێناوە و چۆتە ناو فەرهەنگی کوردی و چەسپاوە.

بەشی زۆری شیعرەکانی خۆی لەبەر بووە، لە کۆڕو دانیشتنەکاندا خوێندوویەتییەوە.

ئەو وتویەتی:( بۆ هەر شتێ دابمێنم قەیناکە، بەڵام بۆ شیعر هەرگیز دانامێنم، حازر بە دەستم و چیم بوێ دەیخەمە ڕوو).

دکتۆر شۆ نامەی بە شیعر بۆ دۆستان و خۆشەویستانی خۆی ناردووە و شەڕە شیعریشی لەگەڵ بەرامبەرەکەی کردووە، (هەجووەکانیشی) بە هێز بووینە.

چونکە دەستخەتی زۆر خۆش بووە، شیعرەکانی زیاتر سەرنجی خوێنەری ڕاکێشاوە، بە قسەی خۆش و نەستەق و پسپۆڕ لە گێڕانەوەی نوکتە ناوبانگی دەرکردبوو.

ئەحمەد شوکری(دکتۆر شۆ)، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕۆڵێکی بوێری هەبووە لەناو ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییانەی کە کاریان کردووە بۆ هێنانە دیی مافە ڕەواکانی گەلی کوردمان، هەر بەو هۆیەشەوە چەندین جار دەستگیرکراوە و دەربەدەری و ئازار و ئەشکەنجەیەکی



**ئەم وێنەیە لە کۆنفراسی یەکێتیی نووسەرانی سلێمانی لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لە ٢- ١٠- ١٩٧٠ گیراوە، لە لای چەپەوە: شیخ محەممەدی خاڵ، مامۆستا کەریم زەند، مامۆستا ڕەئووف ئالآیی، شاعیر ئەحمەد شوکری، لە ئەرشیفی هاوکار عوسمان بەننا وەرگیراوە**



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا جەلال فەتاح سەعید، شاعیر ئەحمەد شوكری،**
**نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد حسێن ئەحمەد**

زۆری بینیوە، ئەو بە شیعر ستایشی سەركردەو كەسایەتییەكانی كوردی وەكو(شێخ مەحموودی حەفید، قازی محەمەد، مەلا مستەفای بارزانی، شێخ عەلائەدینی بیارە) كردووە، ئاشنایەتی و دۆستایەتیشی لەگەڵ بەشی زۆری شاعیر و ڕۆشنبیر و كەسایەتییەكانی سەردەمی خۆی هەبووە وەكو(پیرەمێرد، بێكەس، حەمدی، نەجمەدین مەلا، بێخود، میرزا مارف، مەمەند ئاغای فانی، زێوەر، قانع، دەیان شاعیر و نووسەری دیكە).

لە نامەیەكی دەستخەتی خۆی كە بۆ شێخ مەحموودی حەفیدی ناردووە، كە مێژووی نووسینی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨ كە تێیدا هاتووە: شێخ مەحموودی حەفید لە(داری كەلی)یەوە، داوای دەرمان لە دكتۆر شۆ دەكات، ئەویش هەندێك دەرمانی بە كەسێك بە ناوی(شێخ مستەفا قەرەداغی مودەڕیس) بۆ دەنێرێت، بەڵام بەر هۆیەك بێت دەرمانەكە نەگەیشتۆتە دەست شێخ مەحموود، بۆیە دكتۆر شۆ جارێكی دیكە هەندێ دەرمان بۆ شێخ مەحموود لەگەڵ ئەم هۆنراوەیە دەنێرێت:


**ئەم هەدییە و نووسراوەی من بە بۆ داری كەلی**


**بـۆ جەنابـی شـێخ دڵسـووتاو لەبـۆ بـەرزی گەلـی**
**پـاش عـەرزی ئیحترامـات و دوعـای سـەرکەوتنی**
**پێـی بڵێـن ویسـتی کەخـۆی بێـت، گرتیـان هەرچوارپەلـی**
**مەنعیـان کـرد و نەیانهێشـت وا ئەمانـەی نـاردووە**
**بـۆ ئەوانـەی دەوروپشـتت بیلخسـوس کوێـر و شـەلی**
**گـەر مەجالـی بێـت و بێڵـن خۆشـی دێ**
**چاوەڕێـی فرسـەت ئـەکا کـەی هەڵکـەوێ، بـۆی بـێ هەلـێ**
**پێـی بڵێـن: مـەدح و سـەنات پێنـاوێ هێنـدەت کافییـە**
**تـۆ لـە نوتفـەی زاتـی پاکـی فەخـری عالـەم بـی و عەلـی**
**وا لـە دنیاشـا بـە ڕوو سـووری ژیـاوی سـەد شـوکور**
**بـۆ نموونـەی ئاخیـرت دنیایـە پێـت نالـێ وەلـی**
**هتد.....**

بەڕێز مامۆستا دلێر کوڕی ئەحمەد شوکری بەشی زۆری بەرهەمەکانی باوکی کۆکردۆتەوە و لە چاپیداون، بەڵام لە بازاڕ نەماون و سەر لە نوێ چاپی کردووەتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئەحمەد شوکری، نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولوەهاب تاڵەبانی**






شاعیر و خۆشنووس ئەحمەد شوکری(دکتۆر شۆ)، خزمەتێکی زۆری شیعری میللیی کوردی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ - مێژووی کورد، ناوداران، ئەحمەد شوکری، یەکەمین شاعیری میللی فرە شیعر، وتارێکی نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئەحمەد حسێن ئەحمەد، لە ١٧-١- ٢٠١٩.

٢ - Kurd Collect.

٣ -ماڵپەڕی گەڕەکی مەڵکەندی و ئیبراهیم پاشا، لە ١٨-٧-٢٠١٧.

٤ - ماڵپەڕی وێنەکانی سلێمانی، لە ١٦-٦- ٢٠٢٢.

٥ - کوردیپیدیا.

٦ - وێنە کۆنەکانی سلێمانی، نامەی دکتۆر شۆ، بۆ شێخ مەحموودی حەفید، وتارێکی نووسەر ڕێبوار حەمە تۆفیق، لە ٢٤-٥-٢٠١٩.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




## عەبدولستار جەباری

هونەرمەنـدی خۆشـنووس و شـێوەکار، نووسـەر و ڕۆژنامەنـووس و وەرگێـڕ و لێکۆڵـەر، مامۆسـتا عەبدولسـتار جەبـاری ....

نـاوی تەواوی(عەبدولسـتار عەزیـز عەبدوڵڵا)یـە، لـە ناوەنـدی ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری بـە عەبدولسـتار جەبـاری ناسـراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە شـاری کەرکـووک لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی هـەر لـە شـاری کەرکـووک بـە زمانـی عەرەبـی تەواوکـردووە، ئـەو جگـە لـە زمانـی زگماکـی خـۆی هـەر زوو فێـرە زمانـی تورکیـش بـووە، سـەرەتا بـە خوێندنـەوەی شـاکارە عەرەبـی و جیهانییـە وەرگێـڕدراوەکان و شـیعری شـاعیرانی کلاسـیکی و هاوچەرخـی کـوردی دەسـت پـێ کـردووە، دەسـتی بـە نووسـین و وەرگێـڕان کـردووە، هونەرمەندێکـی خۆڕسکیشـە لـە بـواری خۆشنووسـی و شـێوەکاریدا، سـەرەڕای نووسـنیەکانی خـۆی چەنديـن شـاکاری عەرەبـی و تورکـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، کۆمەڵێـک بەرهەمـی خسـتۆتە بـەر دەسـت و دیـدی خوێنەرانـی کـورد کـە ئەمانـەن:

- دیداری ناسر ڕەزازی، ساڵی ١٩٨٣ چاپخانەی(الحوادث) بەغدا.
- خۆشنووسسازی کورد، لەسەر ئەرکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک چاپکراوە، ساڵی ٢٠٠٥.



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی گەورەی کورد مەزهەری خالقی، نووسەر عەبدولستار جەباری**



**بەرنامەی قەڵەندەر خانە**

**چالاك سدیق و خەندە ئیسماعیل و حەمید بانەی و عەبدولستار جەباری**

- ژووانگەی هونەر، یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک، ساڵی ٢٠٠٧.
- بژی نیشتمان، وەرگێڕان، لە نووسینی نووسەر عەزیز نەسین، ٢٠١١.
- ئەو هەتیوەی نابێت بە پیاو، وەرگێڕان، لە نووسینی عەزیز نەسین، ساڵی ٢٠١٢.
- لە بارەی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە لە کەرکووک، بە هاوبەشی لەگەڵ

چەند نووسەرێکی دیکە، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان- لقی کەرکووک، ٢٠١٢.

- گوڵبژێرێک لە ئەدەبیاتی تورکمانی، وەرگێڕان، لەسەر ئەرکی بەڕێوەبەرایەتیی کەلتووری تورکمانی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان چاپکراوە.
- بەشێک لە سیماکانی کەرکووک، چاپخانەی موکریان، ٢٠١٩.
- دیوانی تاهیر فوئاد کەرکووکلی، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند نووسەرێکی



لەلای ڕاستەوە نووسەر د. فەرهاد پیرباڵ، نووسەر عەبدولستار جەباری،



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولستار جەباری، هونەرمەند خاتوو (یەکبوون) لە باکووری کوردستان



لە لای ڕاستەوە: بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە، نووسەر و وەرگێڕ سەباح ئیسماعیل، نووسەر و هونەرمەند عەبدولستار جەباری





**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر عەبدولستار جەباری، لەسەر گڵکۆی شاعیر فەقێی تەیران لە گوندی مۆکس لە وان- باکووری کوردستان**

دیکە،چاپخانەی موکریان، ساڵی ٢٠١٩.

-(١٠٠) ناوداری کەرکوک، وەرگێڕان، چاپخانەی کارۆ سلێمانی، ساڵی ٢٠١٨.

- مرواربیەکانی کەرکوک، ڕشتەی یەکەم، تاران، ساڵی ٢٠٢١.
- بژی حکومەت، وەرگێڕان، لە نووسینی عەزیز نەسین، پەخشنامەی ڕاژە، مهاباد.


چەندین کتێبی دیکەشی ئامادەیە بۆ چاپ.




نووسەر و هونەرمەند عەبدولستار جەباری، هونەرمەندێکی خۆڕسکە، بە دەست و پەنجە ڕەنگینەکانی کۆمەڵێک بەرهەمی لە خۆشنووسین و چەندین تابلۆی بە نرخ و ناوازەی کێشاوە، جگە لەمەش زۆر چالاکە لە بواری ڕۆژنامەگەری و لەنێو ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکان، ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری(گزنگ)بووە، کە زمانحاڵی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی کەرکووک بووە.
- لە دەیان پیشانگای تایبەت و هاوبەشی هونەری خۆشنووسی و شێوەکاری و فۆتۆگرافی و ئەرشیفی لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات بەشدار بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نەوە) بووە.
- پەیامنێری گۆڤاری(مێرگ) بووە لە کەرکووک.




**بەرهەمەکانی نووسەر عەبدولستار جەباری**

- لە ٢٢-٩-١٩٨٢ەوە، ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسانی عێراق- مەڵبەندی گشتییە.
- ئەندامی کارای ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستانە.
- ئەندامی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی لقی کەرکووک بووە و سێ ساڵیش سکرتێری لقەکە بووە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی کەرکووکە، لە ساڵی ٢٠١١ەوە، بەرپرسی پەیوەندیەکانی دەرەوە بووە لەم سەندیکایە.
- دەیان وتاری هەمەجۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردی و عەرەبییەکان بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردۆتەوە.
- دەیان کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری لە زانکۆکان و ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان ئەنجام داوە.

هونەرمەند و نووسەر و ڕۆژنامەنووس عەبدولسەتار جەباری، ئێستا لە شاری کەرکووک دەژیت و بەردەوامە لە نووسین و چالاکە هونەرییەکانی دیکە، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و هونەرمەند عەبدولستار جەباری، کە لەسەر داخوازیی من نووسەر و وەرگێڕی دیاری کورد مامۆستا سەباح ئیسماعیل بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# نووری عەلی ئەمین

ئەو یەکێک بووە لە داڕێژەرانی قوتابخانەی ڕێزمان و ئیملاو زاراوەی کوردی، مامۆستا و شارەزای زمان و ڕێزمان کوردی، ڕەوانشاد نووری عەلی ئەمین ....

ناوی تەواوی(نووری عەلی ئەمین)ە، لە ساڵی ١٩٢٢ لە شارۆچکەی(چەمچەماڵ) لە دایک بووە، باوکی خەڵکی سلێمانی بووە و دایکیشی خەڵکی چەمچەماڵ بووە، خوێندنی سەرەتایی لە چەمچەماڵ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٤٢ پەیمانگای مامۆستایانی لە بەغدا تەواو کردووە و بۆتە مامۆستا لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لەوانە(پێنجوێن، گوندی نزارە، دهۆک، گوندی یەریڤان، تەقتەق، میرزا ڕۆستەم) دواتر هاتۆتەوە ناو شاری سلێمانی لە قوتابخانەکانی(گۆیژە و غازی و ئەیوبییە) تا ساڵی ١٩٥٨ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە، لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ بۆتە فەرمانبەر لە بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردی عێراق لە بەغدا، پاشان بۆتە بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی(٢٠) ساڵ لەو بەڕێوەبەرایەتییە خزمەتی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ خانەنشینکراوە.

مامۆستا نووری عەلی ئەمین، زانا و ڕێزماننووسێکی بە توانا و بەهرەدار



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز خاتوو سۆزان سەعدوڵڵا عەبدولغەنی، دکتۆر نەسرین فەخری، دکتۆر فوئاد حوسێن، دکتۆر وریا عومەر ئەمین**

بووە، بەرهەمێکی زۆری لە بواری زمان و ڕێنووس و زاراوەی کوردی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی نووسیوە و بڵاوی کردوونەتەوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو کاتیش بابەتی ئەدەبی و زمانەوانی بە ئەڵقە و زنخیرە بڵاوکردۆتەوە بەرچاوترین بەرهەمەکانی ئەمانەن:

- قەواعیدی زمانی کوردی لە(سەرف و نەحو- صرف و نحو)دا، بەرگی یەکەم، بەغدا، ساڵی ١٩٥٦.
- قەواعیدی زمانی کوردی لە(سەرف و نەحو)دا ، بەرگی دووەم، بەغدا، ساڵی ١٩٥٨.
- گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ساڵی ١٩٥٨.
- گرتنی کەلێنێکی تر لە ڕێزمانی کوردی(پێشگر- پاشگر) ، بەغدا، ساڵی ١٩٥٨.
- زاراوەی زانیاری لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری نەورۆز، ژمارە ٣ی ساڵی یەکەم، سلێمانی ١٩٥٩.
- ڕێزمانی کوردی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٦٠.
- زاراوەی زانستی، گۆڤاری(بڵێسە)ی ژمارە(٦)ی ساڵی یەکەم ، سلێمانی ١٩٦٠.

- ڕابـەرێ بـۆ ئیمـلای کـوردی، بەڕێوەبەرایەتیـی خوێندنـی کـوردی، بەغـدا، سـاڵی ١٩٦٦.
- گیروگرفتی نووسینی کوردی لـە تـای تـەرازووی پیتە(بزوێن و نەبزوێندا) گۆڤـاری کـۆڕی زانیاریـی عێراقـی- دەسـتەی کـوردی، بەرگـی (٩) بەغـدا، ١٩٨٢ لاپەڕەکانی(٣٦٠-٤١٩).
- نیشـانەکانی ڕێـژەی فەرمـان- بەشـی یەکـەم، گۆڤـاری ڕۆشـنبیری نـوێ، ژمـارە(١٠٦)ی بەغـدا ١٩٨٥، بەشـی دووەم هەمـان گۆڤـار ژمـارە(١٠٧)ی سـاڵی ١٩٨٥.
- ئـەرک و شـوێنی ڕانـاوە کەسـی یـەکان لـە ئاخاوتنـی کوردیـدا، دەزگای ڕۆشـنبیری و بڵاوکردنـەوەی کـوردی ، بەغـدا سـاڵی ١٩٨٦.
- شـێوازی(ئەرێ) لـە ئاخاوتنی کوردیدا، گۆڤـاری کـۆڕی زانیاریـی کـوردی، بەرگـی(١٥)ەم.
- ووشـەی ناسـادە لـە زمانـی کوردیـدا، کـۆڕی زانیـاری کـوردی، بەرگـی(٢٩) یـەم، سـاڵی ٢٠٠٢، لاپەڕەکانـی(٢٢١-٢٩٠).
- ڕێزمانـی کـوردی بـۆ پـۆلـی پێنجەمـی سـەرەتایی، لـە چاپـی یەکەمـەوە تـا چاپـی هەژدەمیـن.


لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابردوو مامۆسـتا نووری عەلـی ئەمیـن،



**لە لای ڕاستەوە: مامۆستا نووری عەلی ئەمین، نە ناسراوە، نە ناسراوە**



له لای ڕاستەوە: نە ناسراوە،
مامۆستا نووری عەلی ئەمین



مامۆستا نووری عەلی ئەمین
لە کاتی وانە وتنەوە




گڵکۆی نووسەر نووری عەلی ئەمین

ئەندامی یاریدەدەری کۆڕی زانیاریی کوردی بووە و دواتریش ئەندامی کارای دەستەی کوردی بووە لە کۆڕی زانیاری عێراقی و ئەندامی لیژنەی زمان و ڕێزمان و ڕێنووس و زاراوە بووە.

ساڵانێک وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و زمانەوانی لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا ئامادە و پێشکەش کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٢ لەسەر داخوازیی سەرۆک و هەندێ لە مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی(ئیبن ڕوشد) لە زانکۆی بەغدا، مامۆستا نووری عەلی ئەمین وانەی زمان و ئەدەبی کوردی وتووەتەوە و










**بەرهەمەکانی مامۆستا نووری عەلی ئەمین**

بەشداریش بووە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و وتووێژکردن لەسەر نامەی ماستەر و دکتۆرای قوتابیانی ئەو کات، لە ساڵی ٢٠٠٤ قوتابی خاتوو سۆزان سەعدوڵلا عەبدولغەنی، بڕوانامەی ماستەری لەسەر(ڕۆڵی نووری عەلی ئەمین لە بواری ڕێزمانی کوردیدا) لەهەمان بەش بەدەستهێناوە.

ئەو ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە.

لە ڕۆژی ٢٠-١٢- ٢٠٠٦ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - وتارێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین، لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی لە ٢٩-١٢- ٢٠٢٢.

٢ - کوردیپیدیا.

٣ - گەلی کوردستان، فلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢٩-١٢- ٢٠٢١.

٤ - هەواڵنامەی کتێب.

٥ - کوردستانی نوێ، وتارێکی نووسەر مەریوان مەسعود لە ٣٠-٤-٢٠٢٢.

٦ - ئامادە کردن و زانیاریی خۆم.



## دکتۆر فەریاد فازیل

شاعیر و مامۆستای ئەکادیمی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان، فەرهەنگناس و لێکۆڵەر و توێژەر، دکتۆر فەریاد فازیل عومەر ....

ناوی تەواوی(فەریاد فازیل کوڕی عومەر ئاغا کوڕی سەلیم ئاغا کوڕی فەتاح ئاغا کوڕی میران ئاغای زەنگەنە)یە، لە ١١-٩- ١٩٥٠ لە گەڕەکی(سەرشەقام)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٦٦ کە تەمەنی (١٦)ساڵان بووە، خۆی و باوکی و دوو مامی لە دائیرەی ئەمنی ڕژێمی بەعس لە شاری کەرکوک دەستگیرکراون، شەش مانگ لە زیندان بووە، ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە، دوای ئازاد بوونی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بەشی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواوکردووە، تا سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ مامۆستای زمانی کوردی بووە لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سلێمانی.

لە ساڵی ١٩٧٨ ڕووی لە وڵاتی ئەڵمانیا کردووە و لەوێ نیشتەجێ بووە، دەستی بە خوێندنی زمانە ئێرانییەکان کردووە لە زانکۆی(برلین الحرة- بەرلینی ئازاد)، وانەی زمانی کوردی بە هەر دوو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجی ژوورو بە قوتابیانی کورد وتووە، لە بواری شیعر و



ڕێوڕەسمی خەڵات و ڕێزلێنانی سەرۆکی ئەلمانیا بۆ دکتۆر فەریاد فازیل

لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و وەرگێڕان و فەرهەنگ و مێژووی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکان زیاتر لە(٤٤) کتێبی نووسیوە و لەچاپداون و بڵاویشی کردوونەتەوە لەوانە:

- داستانی(مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی کە چیرۆکێکی مێژوویی و سیاسی و ئەڤینداربیە، وەریگێڕاوەتە سەر زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی لە ساڵی ٢٠١٧، بەمەش ناوەڕۆکی ئەم شاکارە گەورەیەی کوردی بە گەلانی ئەوروپا و دنیا ئاشنا کردووە.

- لە ساڵی ٢٠١٢ دیوانی شاعیری گەورەی کورد(عەبدوڵڵا گۆران)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی، ئەمەش هەر کارێکی مەزنە و شیعر و ئەدەبی نوێی کوردی بە گەلی ئەڵمانیا ئاشنا کردووە.

- ڕێزمانی کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵمانی و ڕێزمانی ئەڵمانیشی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی، ساڵی ٢٠١٦.

- ڕۆمانی(پینۆکیو) بۆ منداڵان.

ئەو شەش دیوانی شیعری هەیە و هەندێکیان وەرگێڕدراونەتە سەر

زمانەکانی عەرەبی و فارسی، لەوانە نووسەر زوهدی داودي ساڵی ١٩٩٤دیوانی (قصائد الغربة) لە کوردی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.


- دیوانی(دەنگی هۆنراوەیەکی غەریب) بە زمانی کوردی و ئەڵمانی، ساڵی ١٩٩٨.

- دیوانی(اصوات في الغربة) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی.

- فەرهەنگی گەورەی لە زمانی کوردی بۆ زمانی ئەڵمانی و بە پێچەوانەش لە زمانی ئەڵمانی بۆ زمانی کوردی، کە زیاتر لە(٢٠٠٠٠٠) وشە لە خۆدەگرێت، بەشێوازێکی نوێ و هاوچەرخانە داڕێژراوە.

چەندین کتێبی دیکە لە بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و مێژوویی و کەلتووری هەیە.

دکتۆر فەریاد فازیل نزیکەی(٢٨) ساڵە لە زانکۆی بەرلینی ئازاد وانەی زمانی کوردی و زمانە ئێرانییە بە قوتابیان دەڵێتەوە، ئەو لە ساڵی ١٩٨٨ەوە، خاوەنی ئینستیتوی خوێندنی کوردییە لە ئەڵمانیا، کتێبخانەکەشی زیاتر لە(٢٠) هەزار کتێبی مێژوویی و زانستی و ئەدەبی بە نرخ لەخۆدەگرێت، ئەو زمانەکانی ئێرانی کۆن و ئاڤێستا و عوسمانی و کلدانی و ئینگلیزی و



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کازم حەبیب، دکتۆر فەریاد فازیل**

ئەڵمانی عەرەبی و هەر دوو شێوازاری کوردی(سۆرانی و کرمانج ژووروو) دەزانێت.

ئەو خۆبەخشانە هەوڵ و کۆشش و یارمەتی و هاریکارییەکی زۆری گەلانی چەوساوە و بەشخوراوانی داوە، دژی ڕەگەزپەرستان و دژی کوشتن و ئاوارەکردنیان بووە بە تایبەتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە هەر سێ کیشوەرەکانی(ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتینی).

لە ١٥-٢-٢٠٢٢ زانکۆی سەلاحەدین بڕوانامەی(دکتۆرای شانازی-فەخری)یان بە دکتۆر فەریاد فازیل بەخشیوە.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ لە لایەن سەرۆکی ئەڵمانیای فیدرال خەڵات و



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر فەریاد فازیل، میدیاکار خاتوو ئەحلام بنادی**





دکتۆر فەریاد فازیل




ڕێزلێنانی بۆ کراوە، لە ٢٣- ١- ٢٠٢٣ لە هەولێر لەلایەن سەرۆک بارزانی پێشوازی لێکراوە، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێوڕەسمێکی شایستەدا خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ کردووە.

بۆ ڕۆشنبیر و ڕووناکبیری کورد دکتۆر فەریاد فازیل هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.




**بەرهەمەکانی دکتۆر فازل**

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی عەشتار، دیدارێک لەگەڵ دکتۆر فەریاد فازیل، لە لایەن دکتۆر کازم حەبیب. لە ٢٩-١٢-٢٠١٦.

٢ - کوردیپیێدیا.

٣ - ماڵپەڕی Basnews، لە ١٥-٢ - ٢٠٢٢.

٤ - فیلمێکی دوکیومێنتاری لە Tv٢٤، بە زمانی عەرەبی لە پێشکەشکردنی میدیاکار خاتوو ئەحلام بنادی.

٥ - زاگرۆس Tv، لە ٢٣-١-٢٠٢٣.


٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئیبراهیم هەورامانی

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، پسپۆڕ لە بواری کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید، مامۆستا ئیبراهیم هەورامانی...

ناوی تەواوی(ئیبراهیم فەرەجەڵڵا حەمەوەیس)ە، لە ١٢-١٠-١٩٦٣ لە شارِی هەڵەبجەی شەهید لە خانەوادەیەکی نیشتمانپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی پیشەسازی هەر لە شاری هەڵەبجە تەواوکردووە، لە نیوەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هۆی شەڕی عێراق و ئێران و بانگکردنی بۆ سەربازی و نەچوونی، دەستگیرکراوە، لە دادگای سەربازی بە(٥) ساڵ سزا دراوە و پاش چەند مانگێک ئازاد کراوە و دیسان هەر بە فیرار ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٨٨ بەر لێبووردنی گشتی کەوتووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ – ٢٠٠٦ وەک یەکەمین بەڕێوەبەری (مۆنیومێنتی) هەڵەبجە دەست بەکار بووە، لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠١١ بەڕێوەبەری ڕۆشنبیریی هەڵەبجە بووە، ماوەیەکیش بەڕیوەبەری ڕۆشنبیریی منداڵان بووە هەر لە هەڵەبجە، ئێستاش فەرمانبەرە لە بەڕێوەبەرایەتیی لاوانی شاری هەڵەبجە.



نووسەر ئیبراهیم هەورامانی
بە جلی کوردی و بە جاحێڵی



**له لای ڕاستەوە: شاعیر ئەدۆنیس، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس، شاعیر ئیبراهیم هەورامانی**

شاعیر و نووسەر ئیبراهیم هەورامانی هەر لە تەمەنی لاوێتیدا سەودا و عیشقی شیعر و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، یەکەمین نۆبەرەی شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٨٤ لە ژمارە(٦)ی گۆڤاری(ڕەنجی کرێکار) بڵاوکردۆتەوە، دواتر لە ساڵی ١٩٨٨ بە بۆنەی ڕۆژی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە هۆنراوەی شازدەی ئازاری بە دەستخەت لە ئۆردوگای هەڵەبجەییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکردۆتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩٨٩ ئەم هۆنراوەیە لە نامیلکەیەکی خنجیلانە بە ناوی خوازیار(مامۆستا بەیان) هەر لە ئێران چاپ و بڵاوکراوەتەوە.




پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، شیعرەکانی خۆی هەر بە ناوی مامۆستا بەیان لە گۆڤاری (ئەدەبی کرێکار) بڵاوکردۆتەوە، دەیان پارچە شیعر و وتاری هەمەجۆری دیکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات بڵاوکردۆتەوە لەوانە (کوردستانی نوێ، هەولێر، کاروان، رامان، نەوشەفەق، هەڵەبجە ئێستا، پەیڤ، سیروان، دیدگا، ئاوات، گەلی کوردستان، بۆکان و چەندانی دیکە).




شاعیر و نووسەر ئیبراهیم هەورامانی تا ئێستا کۆمەڵیک بەرهەمی شیعری ناوازە و ئاست بەرز و چەند بەرهەمێکی دیکەشی دەربارەی کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و ڕەوان و بە تام و چێژی ناوچەی هەورامان نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویشیکردوونەتەوە، بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- تەنیاتر لە شەوەکانی دایکم، کۆمەڵە شیعر.
- قومیَ شەراب، کۆمەڵە شیعر.
- حیکایەتەکانی موسافیرێک، کۆمەڵە شیعر.
- گۆرانیەکانی مانگی مارت، کۆمەڵە شیعر.
- عیشق بە تامی گێلاس، کۆمەڵە شیعر.
- با کەس نەزانیَ تۆم خۆشدەویَ، کۆمەڵە شیعر.
- هێشتا کات ماوە بۆ خۆشەویستی، کۆمەڵە شیعر.
- ئەم شارە پۆستەچی تێدا نییە، کۆمەڵە شیعر.
- مانفێستی کتێبی سوور، کۆمەڵە شیعر.
- حیکایەتەکانی شیرین و فەرهادێکی تر، کۆمەڵە شیعر، لە دەزگای زایەڵە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چاپدراوە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئیبراهیم هەورامانی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری ناوداری کورد لەتیف هەڵمەت، شاعیر ئیبراهیم هەورامانی**

- ماڵم لە هەڵەبجەیە، کۆمەڵە شیعر.

ئەو زیاتر لە(١٥) ساڵە سەرقاڵی نووسینە لەسەر کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە، ئازار و ئەشکەنجە و ڕاگواستن و دەردەسەری و نەهامەتی خەڵکی شاری هەڵەبجە و هەموو خەڵکی کوردستانە، لەم بوارەشدا ئەم کتێبانەی بە چاپ گەیاندووە:

- یادگارییەکانی هەڵەبجە.
- یانزە و سی و پێنج خولەک، بە سێ زمان، کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.
- ئەو وێنانەی دنیایان هەژاند، هەر بە سێ زمان، کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.
- لە هەڵەبجە بووین، بە زمانی کوردی و عەرەبی.
- چوارشەممەی خوێناوی.
- ٤٨ کاتژمێر.

نووسەر و شاعیر ئیبراهیم هەورامانی خاوەنی بیرۆکەی نووسینەوەی بەڵگەنامە زارەکییەکانە لەسەر دۆسێی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە، تا ئێستا ئەم کتێبانەشی لەم بوارەدا لە چاپداوە:


- دوای دۆزەخ.
- بۆتانی دەگێڕمەوە.
- بە تەنیشت مەرگەوە.
- بۆ مێژوو.
- کامەران نەورۆز.

ئەم کتێبانەشی ئامادەیە بۆ چاپ:

- نهێنییەکانی ناو جانتای شاعیرێک.
- هەڵەبجەییەکان وا دەڵێن.
- هنوز برای دوست داشتن وقت مانندە، وەرگێڕانی سەعید فەلاحی.

چەندین بەرهەمی شاعیر و نووسەر ئیبراهیم هەورامانی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و شێوەزای کرمانجی ژووروش لەوانە:

- اكثر وحشية من ليالي امي، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لە لایەن نووسەر ئەحمەد سەڵاح.
- حكايات مسافر، نووسەر ئەحمەد سەلاح، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- بيتي في حلبجه. وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی، نووسەر ئاوات ئەحمەد سوڵتان.



لە لای ڕاستەوە: نووسەر هەڤاڵ کوێستانی، شاعیر و نووسەر ئیبراهیم هەورامانی



لە لای ڕاستەوە: شاعیر ئیبراهیم هەورامانی، نووسەر و چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد



**نووسەر ئیبراهیم هەورامانی و هاوسەرەکەی**

- تنهاترین مردم دنیا، نووسەر نەسیم جو و سوهەیل سخنپژو، کردوویانەتە فارسی.
- عشق با طعم گیلاس، نووسەر باست موردای، وەریگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.
- تو گەمیروی نلییز میامد نووسەر سەعید فەلاحی، کردوویەتییە فارسی.
- سومین کتاب تنهایی، وەرگێڕانی نووسەر سەعید فەلاحی بۆ سەر زمانی فارسی.
- خانەم در حلبجە است، وەرگێڕانی نووسەر جەلیل عەباس.
- کەسێک نییە وێنەمان بگریت، نووسەر ڕەشاد حامد، کردوویەتییە شێوەزاری کرمانجی ژوورو.
- لەبەر تۆ بومەتە باخەوان، نووسەر ڕەشاد حامد بە کرمانجی کردووە.
- مالم لە حەلەبجەیە، نووسەر شەهاب ئاکرێی بە کرمانجی کردووە.

ئیبراهیم هەورامانی هەر شاعیر و نووسەر نییە، بەڵکو ڕۆژنامەنووسێکی بە توانا و خاوەن ئەزموونە، ئەو زیاتر لە(٣٠)ساڵ لە بواری ڕۆژنامەنووسی وەکو نووسەر و پەیامنێر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان کاری کردووە، لەوانە:(بۆ پێشەوە، هەرێمی کوردستان، رای گشتی، ئاڵای ئازادی، ڕۆژنامە، کورستانی و چەندانی دیکە).

- زیاتر لە(٨) ساڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە، لە هەڵەبجە و هەورامان و شارەزوور.
- یەکەمین ڕۆژنامەنووسی کوردە، ساڵی ٢٠٠٦ لە وڵاتی یابان ڕاپۆرتی ڕۆژنامەگەری لەسەر یادەوەری(هیرۆشیما) بۆ ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و سایتی puk، ناردووە.
- لە ساڵی ٢٠١٧-٢٠٢١ سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان-لقی هەڵەبجە بووە، ئێستاش ئەندامی لیژنەی باڵای یەکێتیی نووسەرانی جینۆسایدی کوردستانە.



**لە لای ڕاستەوە: وێنەگری جەنگی ئێرانی ساسان موئیدی، سینەمەکاری ئەفغانی خاتوو سامرە، یاساناس بەفراو ڕێشاوی، وێنەگر عەلی فەرەیدونی لە مەرزی باشماخ، نەناسراوە، شاعیر و نووسەر ئیبراهیم هەورامانی**




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر ئیبراهیم هەورامانی

خێزانداره و دوو کوڕ و دوو کچی هەیە بە ناوەکانی(ئاژین، ڕۆڤار، شاملۆ، شارۆ) خودا تەمەنی خۆی و خیزان و منداڵەکانی درێژ بکات، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

**( بەرەو ئازادی )**

**شیعر: ئیبراهیم هەورامانی**

بەزیندان،

دەمانترسێنن؟

نانمان،

لێ دەشارنەوە و
مەیدانی کار..
خاڵی دەکەن لە کرێکار.
دەمانترسێنن،
دەڵێن،
هێزمان هەیە،
سەربازو
پۆلیس و دەربار.
بە گەورە وڵاتانا دەنازن.
پول و
پایە دەناسن.
دەڵێین نا،
تیرۆرست،
دێننە بەر چاومان.
وەسفمان دەکەن،
بە ئەڵقە لەگوێ و پیاوی دوژمنان.
دەمانترسێنن،
بە هێزی بێشومارتان.
چی دەخوازن،
چیتان پێ دەکرێ،
بێ منەت بن،
ترسنۆک نین ،
ترسنۆکان.

**برسیمان دەکەن،**
ئێمە زیاتر ڕق ئەستور دەبین.
لە ناو زیندانمان دەنێن،
ئێمە زیاتر بە ئومێد دەبین.
چەندە بە ڕق بن،
زیاتر جەسورانە دەبین.
کۆسپ و
هەوراز و نشێو.
مەرگ و
سێدارەو
جەستەی تەزیوو.
هەڵهاتنی،
ڕۆژی ئازادیمان ناوەستێنێ.
سوپاو
هێزی بێشومارتان،
دەنگی ئێمە کپ ناکات و
بەرەو
هەواری خۆشبەختی،
هەنگاوی،
تێکۆشانمان
ماندوناکات،
بەشەوقەوە، لێی دەڕوانێ

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر ئیبراهیم هەورامانی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر مەدیحە سۆفی

شـاعیر و نووسـەر، لێکۆڵـەر و توێـژەر، پسـپۆڕی بـواری ژینگـە دکتـۆر مەدیحـە سـۆفی...

ناوی تەواوی(مەدیحە سابیر سۆفی)یە، لە سالّی ١٩٦٠ لە گەڕەکی(تەپەی مەلا عەبدوڵلا)ی ناو شاری کەرکووک لە خێزانێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی مامۆستای سەرەتایی بووە لە گوندەکانی دەوروبەری شـاری کەرکـووک، ئـەو تەمەنـی(٥) سـاڵان بـووە، باوکـی لـە قوتابخانـەی گوندەکـە پۆلێکـی بـۆ خوێندنـی کچـان کردۆتـەوە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ باوکـی گواستراوەتەوە ناو شاری کەرکووک، بۆیە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هـەر لـە نـاو شـاری کەرکـووک تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ بەشی(سامانی ئاژەڵ)ی لـە کۆلێـژی کشـتوکاڵی زانکـۆی سـەلاحەدین تـەواو کـردووە و  وەکـو ئەندازیـاری کشـتوکاڵی دەسـت بـەکار بـووە، لـە سـاڵی ١٩٨٥ ماوەیەک بە خۆی و هەموو خێزانەکەی دەستگیر کراون، دواتر ئازاد کراون و بە ناچاری چوونەتە شاری هەولێر، لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە.

لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماجستێری لە بواری(ژینگە) لە زانکۆی(بۆن) لە ئەڵمانیا وەرگرتووە، درێژەی بە خوێندنی باڵاش داوە تا لە ساڵی ٢٠١٦



**دکتۆر مەدیحە سۆفی لەگەڵ هەندێ لە هاوڕێکانی**

بڕوانامەی دکتۆراشی هەر لە بواری ژینگە و لە هەمان زانکۆ بەدەستهێناوە، ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری پسپۆڕیی خۆی لە تەک نووسینی شیعر و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی.

دکتۆر مەدیحە سۆفی هەر چەندە دەرچووی کۆلێژی کشتوکاڵە، بەڵام ئەو هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای چۆتە زمان و شیعری و ئەدەبیاتی کوردی، لە ساڵی ١٩٧٢ کە تەمەنی(١٢)ساڵان بووە دەستی بە نووسینی پەخشان و کورتە چیرۆک و شیعر کردووە، لە ساڵی ١٩٨٩ چیرۆکێکی بە ناوی(زەنگی ڕۆژگارێکی ژانگرتوو) لە گۆڤاری(بەیان) بڵاوکردۆتەوە، ڕژێمی بەعس ئەو ژمارەی گۆڤاری بەیانیان لە کتێبخانەکانی شاری کەرکووک کۆکردۆتەوە، چاودێریی ئەویشان کردووە، بۆیە بەشی زۆری ڕۆژگارەکانی خۆی لە شاری کەرکووک بە نهێنی و خۆ حەشاردان بردۆتە سەر.

شاعیر و نووسەر دکتۆر مەدیحە سۆفی کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی لە شیعر و پەخشان و کورتە چیرۆک، هەندێ بەرهەمی زانستی و ئەکادیمیشی لە بواری پسپۆڕیی خۆی بە زمانێکی کوردیی جوان و ڕەوان نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویشیکردوونەتەوە، سەرەڕای چەندین لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستی بە زمانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤار و سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردۆتەوە، هەندی بەرهەمەمی ئەدەبی و زانستیشی

ئامادەن بۆ چاپ، بەرهەمە ئەدەبییە چاپکراوەکانی دکتۆر مەدیحە سۆفی ئەمانەن:

- سورمێ، کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی نەوار، ساڵی ٢٠١١.
- نامە تاریکەکان، کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی کارۆ ، سلێمانی ٢٠١٧.
- هەناسەکانی ڕوح، کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی ٢٠١٧.
- ئاوابوون، کۆمەڵە پەخشانێکی ئاوەرن، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٢.

بەرهەمە زانستییەکانی:

- مشروع الغاب التركي و تأثيره على الموارد المائية و الواقع البيئي في العراق، سەنتەری کوردستان بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، سلێمانی ٢٠١٧.
- وزە چەتری دەسەڵاتە، چاپخانەی کارۆ ساڵی ٢٠٢٠.
- سیاسەتی ئابووری لە جیهاندا، ئەوەندی سیاسییە، ئەوەندە ئابووری نییە، چاپخانەی کارۆ سلێمانی ٢٠٢٢.

کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و زانستیشی ئامادەیە بۆ چاپ.

دکتۆر مەدیحە سۆفی، جگە لە نووسینی شیعر و بەرهەمی ئەدەبی و



دکتۆر مەدیحە سۆفی لە بۆنەیەکی ڕۆشنبیریدا




**لە لای راستەوە: خاتوو بەیان سەلمان، خاتوو دکتۆر مەدیحە سۆفی**

زانستی، چەندین چالاکیی دیکەی لە بواری ڕێکخراوەییش نواندووە، لەوانە:

- سەرۆکی ڕێکخراوی سەوزی ئەوروپی- کوردستانییە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی لاپەڕەی(ترانسکولتوورە).
- چەندین کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و زانستی لە کوردستان و لە ئەوڕوپا ئەنجامداوە.
- چەندین دیمانە و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕۆژنامەگەری لەگەڵدا کراوە.

بۆ دکتۆر مەدیحە سۆفی هەر سەرکەوتوو سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی و سەرکەوتووش بێت لە بواری ژینگە بۆ خزمەتی هەموو مرۆڤایەتی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر مەدیحە سۆفی- تان بۆ دونووسمەوە:

ئێستا بۆنی پونگەی نیشتیمانێک دەکەم
نەجارێکیتر وەکو بارانی ئەوین دادەبارێ
نە جریوەیەکی لە توێی ڕوحا دەنوێ
نە پریشکی سۆزی بەر ڕامانی ئیوارانێک دەکەوێ

نە لەمەودوا یادەوەریەکی ئیشتیاقی لێ دەچۆڕێ
بۆنی پونگەی نیشتیمانێک دەکەم
جارێکیتر خۆزگەیەکی لە پێڵوی چاوی هەژارا ناڕوێ
تازە تۆوی هیچ هیوایەک ناخی بەیاری ناکێڵێ
هیجرەتێکی قووڵ، نامۆییەکی تاڵ
پەشیمانییەکی برسی، سیمای نیشتیمانی کردە هاواری لاڵ




**بەرهەمەکانی دکتۆر مەدیحە سۆفی**

ئەم کۆستە، ئەم بەزینی خەونە،
ئەم ئاسمانە هەمیشە هەورە، ئەم پەنجەرە ماندووە
ئەم قەومە لێوبەبار و کەسیرەیە، ئەم مەنفای ڕوحە
ئەم ڕۆژگارە چرچولۆچەی،
ساتێکی تیا نادۆزیتەوە بۆ نووسینەوەی شکۆ و
هیلالێکی تیا هەڵنایات بۆ موژدەی جەژن و خوڕڕەی ڕوبارێک،
وشکەساڵی ناخێکی ئاودێر ناکا
ئەم جارەیان، لە سەدەیەکی سەوزتر
کۆمەڵە ئەستێرەیەک، ملوانکەیەک لە گەردنی خۆر،
پرشنگێک لە قەڵبەزە ڕوناکتر
ڕەنگینتر لە تاوس و ورشەدارتر لە یاقوتی ڕوح ،
لە ئەدگاری فریشتە پاکیزتر
شەبەنگێک لە توخمی ئیرادە و لە سوێسکەی بنارەکانی دڵنیایی
سیمایەک بە شیری بڕوا نۆشکراو،
بووەنەتە سیمبولێکی نوێ
بە سوێندی نێو هۆبەکانی ڕوحیان،
هیوا زیندوو دەکەنەوە و
نەمامی ئازادی ئاو دەدەن،
تابلۆ ڕەشەکانی دوێنێ کاڵ دەکەنەوە و
گزنگ بانگ دەکەن گزنگ خودایە ئەمجارە خەون نەبێ
ئەم جارە ماچی شەختە،
بانگی خۆر، باڵای سنەوبەر،
دەفتەری سوێند، فەرشی دڵنیایی
بەژنی تۆڵە، شەنگەی سەدە، ڕوباری خوڕ،
پەنجەرەی ئاسۆ، بڵندگۆی حەقیقەت وا بەڕێوەیە

لەناکاو مەلێکی باڵ هەڵپڕوکاو دەنگی مەلوولی دەیخوێند؛
نەکەن، ئاورِ لە فەریکە بێشە نەدەنەوە،
گڤەی دوورِەگی نەتانشێکێنتەوە،
سرودی دەمتان لاڵ نەبێ،
ئێوە تۆفانی زیندوبوونەوەن، کلیلی چەخماخەن،
مشتێ ئومێدی زیوینن، سواخی وەرِسی دەدەن و
گەندەڵی دەهارِن و چلێسی زیندەچاڵ دەکەن
ئێوە دارمێوی یەکسانی دەکەنە کەپر و مەسکەن

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی دکتۆر مەدیحە سۆفی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا

خاوەنی گۆڤاری(سیخوڕمە)ی تەنزئامێز و بەرنامەی(بەرنامە)،(١٤) ساڵ نووسینی گۆشەیەکی تایبەت لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووسی تەنزئامێز، دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا ...

نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری تەنزئامێز دکتۆر شێرکۆ ناوی تەواوی(شێرکۆ عەبدوڵڵا ڕەشید)ە، لە شاری سلێمانی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواوکردووە، لە کۆلێژی پزیشکی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە.

لە هاوینی ساڵی ١٩٧٣ وەکو گەنجێکی کوردی باوەڕ بە بیروباوەڕی مارکسیزمی لینیزم پەیوەندی بە ئەڵقە ڕۆشنبیرییەکان کۆمەڵەی مارکسی کردووە کە دواتر کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی لێ دروست بووە، ئەو کاتەی قوتابی بووە بەشداریی بەشی زۆری چالاکییە ئاشکرا و نهێنییە سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی کوردی کردووە، دواتریش لە شاخ ئەو کاتەی بۆتە پێشمەرگەی کوردستان هەر بە هەمان شێوە لە بواری پزیشکی و وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی (بەرەنگاری- مقاومة) زۆر دڵسۆز و چالاکانە خزمەتی کردووە، زیاتر خەباتی سیاسیی دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێ دەگەڕێم.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس فوئاد سەڕاج، نووسەر ڕۆژنامەنووس دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵلا، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید حەمە کەریم جاف**

لە ساڵی ١٩٩٦ دکتۆر شێرکۆ فەرمانی بۆ دەرچووە کە ببێتە بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی(ئیدارەی سلێمانی)، بەڵام دیارە فەرمانەکەیان جێبەجێ نەکردووە، ئەو هەر بە پلە و موچەی بەڕێوەبەری ئاسایی ماوەتەوە، بەڵام کارەکانی خۆی زۆر بە بە سەرکەوتوویی ئەنجامداوە، لە ساڵی ٢٠٠١ بووەتە بەڕێوەبەری تەندروستیی شاری سلێمانی، کۆمەڵێک پڕۆژەی گرنگ لە کەرتی تەندروستی لەسەردەمی ئەو هاتۆتە دی، لەوانە(نەخۆشخانەی هیوا، سەنتەری چارەسەری دڵ، بەشی چاندنی مۆخی ئێسقان، تاقیگەی ناوەندی، تاقیگەی هاوسەرگیری، سەنتەری کۆئەندامی هەرس، بەشی نەشتەرگەریی منداڵان، دروستکردنی نەخۆشخانەی فریاکەوتن، وەرشەی ئێمێرجینسی، سەنتەری چارەسەری تیشک و چەندین پرۆژەی دیکە).

هاوسەرەکەشی(خاتوو ئەمیرە کچی حەمەدەمین ئاغا)یە، دەرچووی زانکۆی سلیمانییەو ئەویش هەر وەک دکتۆر شێرکۆ مرۆڤێکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەرە و بەشداریی خەباتی سیاسیی کوردایەتیشی کردووە،

بەڕێوەبەری گشتی بووە لە وەزارەتەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی و پەروەردە، بەڵام نەیتوانیوە لە هەولێر دەوام بکات و خۆبەخشانە خۆی خانەنشین کردووە.

دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا وەکو شاعیر و نووسەر و ڕووناکبیرێکی کورد، تا ئێستا زیاتر لە(١٨) کتێبی هەمەجۆری لە بوارەکانی(فیکر و سیاسەت و فەلسەفە و ئەدەب و جوگرافیا و مێژوو) لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بڵاویشی کردوونەتەوە،(٨) شانۆگەریشی وەرگێراوە بۆ سەر زمانی کوردی.

لە بواری ڕەخنە و نووسینە تەنزئامێزەکانیدا، نووسینی تەنزئامێز لە وڵاتانی پێشکەوتوو و ئەوروپا کارێکی زۆر باوە و بە پێی پسپۆڕییە، تەنزی تایبەت بە سیاسەت و ئابووری و وەرزش و کۆمەڵایەتی و هەموو بوارەکانی دیکە هەیە و زۆریش ئاساییە لای خەڵکەکە، بەڵام لە وڵاتی ئێمە لە کوردستان شتێکی باو نەبووە، بەڵام دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا زۆر ئازا و بوێرانە و وەک ڕێچکەشکێنێک هاتۆتە ئەو مەیدانە و نووسینە




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، نە ناسراوە**



تەنزئامێزەکانی بە شێوازێکی زانستی و ئەکادیمیانە لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵی کوردەواری بە سیاسیشەوە دەنووسێت، بە بێ(ئیحراج و ئیستیفزاز)کردنی هیچ کەس و لایەنێک، تەنها ئامانجی وشیار کردنەوەی کۆمەڵی کوردەواریمانە، ئەو خەمی خۆی و خەڵک و میللەتەکەی بە شیعر و پەخشانە شیعر و قسەی جوان و نەستەق، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و پاک و پاراو دەخاتە ڕوو و چارەسەریش بۆ هەندێ لە گیروگرفتەکان دەخاتە ڕوو و لەم لایەنەشەوە تا ڕادەیەکی سەرکەوتووانە ئامانج و ئاکامی خۆی پێکاوە، قسە نەستەق و خۆشەکانیشی بوونەتە وێردی سەر زمانی خەلک.

دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکاریش لە ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- بەشداری لە بەشی زۆری بۆنە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکان کردووە، لەوانە بەشداربوونی لە یادی(٢٠٠) ساڵەی دامەزراندنی شاری سلێمانی بە خوێندنەوەی هۆنراوەی( هەنگاوێک بۆ هەورازەکە).
- لە کاتی پێشمەرگایەتی بەشداریی بەشی زۆری چالاکییە ئەدەبی و

ڕۆشنبیرییەکانی کردووە، لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ چەند  نووسەرێکی دیکە گۆڤاری دیموکراسییان دەرچوواندووە کە گۆڤارێکی ڕەخنە ئامێز بووە لە کار و سیاسەتی بەرەی کوردستانی ئەو کات.

- لە ساڵی ١٩٩٧ لەگەڵ هەر یەک لە نووسەر و هونەرمەندان (ئاکۆ غەریب و زاهیر سەدیق و خەلات عومەر) بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگای (خاک) یان هەبووە و ئەم دەزگایەیان دامەزراندووە و گۆڤاری (سیخوڕمە)ی تەنزئامێز و بەرنامەی (بەرنامە) ی ئامادەو پێشکەش کردووە.
- ئەو بۆ ماوەی(١٤)ساڵ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ گۆشەیەکی تایبەتی هەبووە و نووسینە ڕەخنە و تەنزئامێزەکانی تێدا بڵاوکردۆتەوە، بۆ ئەمەش کە وەستاوە لە نووسینی ئەم گۆشەیە وتەیەکی هەیە لە کۆتایی ئەم نووسینە بۆتانی دەنووسمەوە.


ورگ: ڕیازەکەمان جوانە
حکومەت: سەرمان بە فەرزی خوادا نەداوە
کۆرۆنا: قنگمان بە قنگی ئێرانەوەیە
ئەم نەوعە حیز بانە:خوا تا کێو نەبینێ بەفری تێ ناکات
ئەژنۆ: کاڵەکی پێ بشکێنین
جگەرگۆشەی مەسئولەکان: بڵێین سەد ڕەحمەت لەکفندز
پەرلەمان: دوعای شێخ و مشایەخمان لێ گیرا بووە
حاکمەکەی هەولێر : لە باتی عەزابی ئەو دنیا
عەبول تاوگۆزی: تێ بگەین هەرچی سمێڵی زل بوو عەزیز وەیسی نی یە
تەزبیح: ئەوەندە دەست نەبەین بۆگەڵ و گونمان
دڵ: وەزعەکە تووشی جەڵتەی بکات
سنوور: بۆ تورکی  بخەینە سەرپشت
ویستی سەربەخۆیی:  عەیب نەبێ ئەمانخورێ






- لـە خولـی دووەمـی ئەنجومەنـی پارێـزگای سـلێمانی خۆبەخشـانە کاری کـردووە.
- لـە سـاڵی ١٩٩١ لەگـەڵ هـەر یـەک لـە شـاعیر و نووسـەران(شـێخ حەسـیب قەرەداغـی و محەمـەد فەریـق حەسـەن و خالیـد دلێـر و خاتـوو کـەژاڵ ئەحمـەد) بـە ئەندامـی دەسـتەی کاتیی بەڕێوەبردنـی یەکێتیی نووسـەرانی کـورد - لقـی سـلێمانی هەڵبژێـردراون.

دکتـۆر شـێرکۆ عەبدوڵـڵا ئێسـتا سـەرۆکی یەکێتیـی نووسـەرانی کـورد-لقـی سـلێمانییە، بەشـداری لـە بەشـی زۆری کـۆڕو کۆبوونـەوە و سـیمینار و کۆنفراسـە ئەدەبی و ڕۆشـنبیریەکان دەکات، بەردەوامیش لێدوان و دیمانـە و چاوپێکەوتن لەگـەڵ کەناڵـە لـۆکاڵ و ئاسـمانییەکانی کوردسـتان دەکات و زۆر سـەربەسـت و ئازایانـە ڕای خـۆی دەردەبڕێـت.

چەندیـن نامـەی ماسـتەر لەسـەر بەرهەمەکانـی دکتـۆر شـێرکۆ لـە لایـەن قوتابیانـی زانکۆکانـی کوردسـتان نووسـراون و وەرگیـراون، دکتـۆر شـێرکۆ عەبدوڵڵا خـودی خـۆی بەرهەمەکانی کەرسـتە و هەوێنێکی خەسـت و چڕوپڕن بـۆ دیراسـە و لێکۆڵینـەوە لـە لایـەن قوتابیانـی زانکۆکانـی کوردسـتان.

لـە کاتـی وەسـتانی لـە نووسـینەکانی لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ، پرسـیاریان لێکـردووە، ئەویـش بـەم جـۆرە وەڵامـی داوەتـەوە:

پیاڵەیەک پرسیار... دەنکە وەڵامێک

ناوەکـەی ناڵێم بـا بـە دەم شـڕ دەرنەچـم ، بـەڵام ناوەڕۆکـی قسـەکەیتان



بیر ئەخەمەوە کە فەرموویەتی ئێوە تا ئێوارە قەزوان بخۆن من بەدەنکی چەقالە ئەتانگرمەوە.. ئەو بلیمەتە مەبەستی بووە هەقیقەتێکی فەلسەفی بشەرحێنێ کە عەیب نەبێ لە زۆر مەسائیلدا عەدەدفشەیە، کوالیتی شەرتی ئەساسە، بیل ئەخەص لە سەروتار و ژێرتەقریردا . تەبعەن ڕوونکردنەوەش ئەگەر زۆر کلکە قنگێی بدەیت ئەبێ بە لیخنکردن. لیخنیش خوا دایناوە ڕاوی تیا بکەیت، ڕاوی ماسی بۆ نامناسی؟ باوەجوو بۆ بمناسێ ؟ چواردەساڵی حیز بۆ گۆشەی ڕۆژانەی ساتیربازی لە پێچی مێزەرێک ئاسانترە. ئیتر ئەنووسم نانووسم کەی موشکیلەیە؟.

دەردی کابرای جاف وتی واپەز ئەمرێ ، گۆشە بمێنێ و نەمێنێ کەی موشکیلەیە؟. وەڵا موشکیلەیە.. چەند ساڵە تەقلەدەو ئەدەم گوناحە وا بەبەلاش لێی دەرچم..بەلام خۆ هەر من گوناح نیم .. کوردستانی نوێش گوناحە کە تا دوو سێ مانگیش بێ منیی پێوە دیار ئەبێ و ئەوسا ئیتر خەڵکەکە بە یەک شاد و شکور ئەبنەوە و منیش هاتمەوە هیچیان نەدامێ.

بۆ دکتۆر شێرکۆ هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕەخنەی کوردی و نموونەشی هەر زۆر بێت لەم کوردستانە جوان و ڕەنگینەمان.

سەرچاوەکان:


١ - کوردپیدیا.

٢ - فلمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی ڕووداو، لە ئامادە و پێشکەشکردنی میدیاکار ئاسۆ سەراوی، لە ٢٦-٧- ٢٠٢١.

٣ - Milletprees، لە ١- ٦- ٢٠٢١.

٣ - ڕووداو، لە ٢٧- ٣- ٢٠٢٠.

٤ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی چاودێر، لە ١- ٥- ٢٠٢١.

٥ - ئەرشیفی ئەکادیمیی کوردی، لە ١٠-١٠- ٢٠٢٠.

٦ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## دکتۆر حەجیێ جندی

ئەو وەسییەتی بۆ هەر(٥)کچەکەی کردووە و وتویەتی(کوردستانا ئازاد وێ هەیە و دەما ریا کوردستانێ ڤەبە هوون من ئاگاهدار بکن؛ بڤن چەنگە ئاخا سەر مەزەلێ من لسەر ئاخا وەلێت برەشینن)، نووسەر و زماننناس و فۆلکلۆرناس و مێژووناس دکتۆر حەجیێ جندی..

حەجیێ جندی لە ساڵی ١٩٠٨ لە گوندی(ئەمانچاییر)ی دەڤەری دیگۆری سەر بە قەزای قارسی باکووری کوردستان لە خێزانێکی کوردی ئێزیدی لە دایک بووە،

بە منداڵی لە گوندەکەی خۆیان ژیاوە، لە ساڵی ١٩١٨ بە هۆی جەنگی یەکەمی جیهانییەوە گوندەکەیان داگیرکراوە و وێران بووە، ڕوویان لە یەکێتیی سۆڤییەتی جاران کردووە و لە ئەرمەنستان گیرساونەتەوە، پاشان لە ساڵی ١٩١٩ ماوەیەک گەڕاونەتەوە قارس و چوونەتەوە گوندەکەی خۆیان، بەڵام دیسان گوندەکەیان لە لایەن تورکی داگیرکەر تاڵانکراوە، لەم ساڵەدا ئەمەریکییەکان(سێویخان- ئیتیمخانە- دار الایتام) یان لە شاری قارس کردۆتەوە بۆ بەخێوکردنی منداڵە(هەتیو و بێ باوکەکان)، حەجیێ جندی لە گەڵ برا بچووکەکەی لەم ئیتیمخانەدا بوونە، بە هۆی هێرشی دڕندانەی تورکەوە ئەمەریکییەکان ئەم منداڵانەیان بە




**لە لای ڕاستەوە: خاتوو فەریدە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەسەن سلێڤانی سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی دهۆک، بەڕێز فەرحان جەوهەر**

شەمەندەفەر گواستۆتەوە ئەرمەنستان، هەر لەو ئیتیمخانە حەجیێ جندی بە زمانی ئەرمەنی دەستی بە خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی کردووە و بە سەرکەوتوویی تەواویکردووە، چۆتە پەیمانگای پەروەردەیی لە ساڵی ١٩٢٩ ئەویشی تەواوکردووە بۆتە مامۆستا لە گوندە کوردنشینەکانی ئەرمنستان لەوانە گوندی(قوداخساز و چانووشڤانێ) لەوێ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن و دەستی کردووە بە فێربوونی زمانی کوردی، شێوەزاری کرمانجی و کۆکردنەوەی فۆلکلۆر و پەند و داب و نەریت و داستانە کوردییەکان.




حەجیێ جندی لە ساڵی ١٩٣٠ وەکو یەکەمین قوتابیی کورد چووەتە پەیمانگای زمانناسی لە زانکۆی یێریڤان لە ئەرمنستان، لە ساڵی ١٩٣٢ لە ئەنستیتوی مێژووی چاندنی(مەتریال- مادي)





دەستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی کردووە، ساڵی ١٩٣٠ لە پەیمانگای پەروەردەیی یێریڤان بەشی زمانی کوردی دەکرێتەوە ئەو دەبێتە مامۆستای زمانی کوردی لەوێ، هەر لە هەمان ساڵدا لە ڕۆژنامەی(ڕییا نوو- ڕییا تازە) دەبێتە لێپرسراوی بەشی ئەدەبی و بەرهەمەکانی خۆشی تێدا بڵاودەکاتەوە، لە ساڵانی ١٩٣٠ تا وەکو ١٩٣٧ بەرپرسی بەشی کوردی بووە لە ڕادیۆی یێریڤان.

نووسەر و زماناس حەجیێ جندی لە ساڵی ١٩٣٤ بۆ یەکەمین جار کۆنفراسی کوردناسی لە یێریڤان ئامادە و پێکهێناوە و پسپۆرانی زمانی کوردی لە یێریڤان و مۆسکۆ و لینینگراد و مامۆستایانی زمانی کوردی لە ئەرمنستان و ئازەربایجان و تورکمانستان بانگهێشت کردووە و بەشدارییان تێداکردووە.

حەجیێ جندی لە ساڵی ١٩٤٠ دکتۆرای وەرگرتووە و تێزی



**حەجیێ و هاوسەرەکەی کچەکانی(زینەڤا ئیڤۆ هاوسەرەکەی، فەریدە، فریجە، سەکنینە، نازێ، نووری)**




دکتۆراکەشی بە ناونیشانی(کەر و کولکێ سلێمانێ سلێڤانی) بووە، لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی فۆلکلۆری نیشتمانپەروەریی کوردی کۆکردۆتەوە، دوو کتێبی چاپ کردووە و بڵاوی کردوونەتەوە، ئەو هەر لە ساڵی ١٩٣٦ تا وەکو ١٩٥٩ لە ئەنستیتوی زانستی لێکۆڵینەوەی لە سەر زمان و فۆلکلۆر و مێژووی کورد کردووە، بە تێکڕایی زیاتر لە(٦٠) کتێبی بڵاوکردۆتەوە لەوانە:( هەشت کتێبی پەروەردەیی و نۆزدە کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ قوتابخانەکان و پێنج کتێبی داستانی کوردی لەگەڵ لێکۆڵینەوە و شازدە کتێبی فۆلکلۆری و دوو کتێبی ڕێزمانی زمانی کوردی و دوو کتێب لەسەر ئەدەبی کوردانی ئەرمنستان و و کۆمەڵێک هۆنراوە و شیعری کوردی)، بەرچاوترین بەرهەمانی ئەمانەن:



**حەجیێ جندی لە کاتی دەرس وتنەوە**



دکتۆر
حەجیێ جندی



دکتۆر حەجیێ جندی بە
منداڵی



لە لای ڕاستەوە: حەجیێ جندی،
ئەمینێ عەڤدال



گڵکۆی حەجیێ
جندی

- هەواری، ڕۆمان، ئەرمنستان ساڵی ١٩٦٧.
- فۆلکلۆری کورمانجا، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەمینێ عەڤدال، ساڵی ١٩٣٦.
- کلامی کوردی، گەلەری ، ساڵی ١٩٣٦.
- کەڕ و کولکێ سلێمانێ سلێڤانی، لێکۆڵینەوە، ساڵی ١٩٤١.
- فۆلکلۆری کوردی، ساڵی ١٩٤٧.
- کورئوغلی بە کوردی، ساڵی ١٩٥٣.
- لێکۆڵینەوە لەسەر مەم و زین، ساڵی ١٩٥٦.
- بەیت و سەرهاتی کوردی، ١٩٦٢.






فیستیڤاڵی ڕێزلێنان لە حەجیێ جندی لە دهۆک ساڵی ٢٠٠٨

- کلامی جەماعەتا کورْدایێ ئێراق، ١٩٧٥.
- تێکست و لیکۆڵینا ڕۆستەمی زاڵ کوردی، ساڵی ١٩٧٧.
- تێکست و لیکۆڵینا یوسف و زولێخا، ٢٠٠٣.

چەندین بەرهەمی دیکەشی ماوە هێشتا چاپ نەکراوە.

حەجیێ جندی کورد و کوردستانی زۆر خۆشویستوە و بە ئاوات بووە گەلی کورد بگاتە ئامانجی خۆی، بۆیە وەسییەتی بۆ کچەکانی کردووە و وتویەتی:( کوردستانا ئازاد وێ هەیە و دەما ریا کوردستانێ ڤەیە هوون من ئاگاهدار بکن؛ بڤن چەنگە ئاخا سەر مەزەلێ من لسەر ئاخا وەلێت برەشینن)، هەروەها بە کچەکانی خۆی ووتوە: ئێمە وەکو باڵوێزی کوردان زمان و ئەدەب و مێژووی کوردمان لە وڵاتی بێگانان پاراستووە).

ئەو(٥) کچی لە دوای خۆی بە جێهێشتووە، هەر هەموویان خوێندنی باڵا و زانستیان تەواکردووە و ڕێچکەی باوکیان گرتووە بۆ خزمەتی ئەدەب و زانستی کوردی.

یەک لە کچەکانی کە ناوی(فەریدە)یە، نازناوی فەریدە حەجی جەواری بۆ خۆی هەڵبژاردووە، دوو کتێبی لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی

خێزانەکەیان نووسیوە و لە چاپی داوە، یەکەمیان کتێبی(حەجیێ جندی ژیان و کار) ئەویتریان(بیرانینێن من دەرحەقا حەجیێ جندی و مالباتا ویدا) ئەم کتێبەیان نووسەر(وەزیرێ ئەشۆ) پێشەکی بۆ نووسیوە و تیشکی خستۆتە سەر ژیانی نووسەر حەجیێ جندی و پوختە پەروەردە کردنی خێزانەکەی(زەینەڤا ئیڤۆ کە هاوسەری بووە، هەر یەک لە کچەکانی: فەریدە و فریجە و سەکنینە و نازێ و نووریێ).

حەجیێ جندی لە ١-٥-١٩٩٠ لە شاری یێریڤان کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

لە ٢١-٤- ١٩٩٨ ئینستیتوی ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای کۆماری ئەرمنستان بە بۆنەی(٩٠)ساڵیادی دوکتۆری فیلۆلۆژی پرۆفیسۆر حەجیێ جندی سیمینارێکیان بۆ ڕێکخستووە.

لە ١٤-١٢- ٢٠٠٨ ئەنستیتوی کوردی لە پاریس بە بۆنەی(١٠٠) ساڵەی یادی دکتۆر حەجیێ جندی سیمینارێکیان رێکخستووە، کە ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی کورد تێیدا بەشدار بوونە.

هەر بە هەمان بۆنەوە لە ٢٢-١٢-٢٠٠٨ نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر حەسەن سلێڤانی وەکو سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی دهۆک و بە ناوی هەموو ئەدیب و نووسەرانی کورد بانگهێشتی (خاتوو فەریدە) کچی حەجیێ جندیان بۆ دهۆک کردووە و لە فیستیڤاڵێکدا خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ باوکی(حەجیێ جندی) ئەنجامداوە،



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز کیناز میرزوییڤ، حەجیێ جندی**



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز خاتوو روودێنکۆیێ، حەجیێ جندی**

وا دوو وێنــەی فیســتیڤاڵەکەم لەگــەڵ نووســینەکەم هاوپێــچ کــردووە، ، هــەر لــە هەمــان کاتدا خاتــوو فەریــدە ســەردانی(لالش)ی کــردووە و چۆتــە هەولێر و لەلایـەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان کە ئەو کات ڕەوانشــاد فەلەکەدیــن کاکەیــی وەزیــری ڕۆشــنبیری بــووە، پێشــوازییەکی گەرمــی لێکــراوە.

سەرچاوەکان:

١ - کتێبــی( حەجیــێ جنــدی ژیــان وکار) لــە ئامادەکردنــی فەریــدە حەجــی جــەواری، ســاڵی ٢٠١١.

٢ - کتێبی(بیرانینێــن مــن دەرحەقــا حەجیــێ جنــدی و مالباتــا ویــدا) لــە ئامادەکرددنــی فەریــدە حەجــی جــەواری، لــە ســاڵی ١٩٩٨.

٣ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر موحیب مهابادی، لە ٦-٥-٢٠٢٢.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی نووسەر فاروق فەرهاد، لە ١٤-٤- ٢٠٢١.

٥- Wikiwand.

٦- ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٧- هەندێ وێنە، نووسەر و ڕۆشنبیر جەمیل مەلا قەرە بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٨- ئامادە کردن و زانیاری و نووسینی خۆم.



# مەحفوز مایی

شاعیر و نووسەر، ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، مەحفوز مایی...

ناوی تەواوی(مەحفوز عەبدولڕەحمان ئەحمەد)ە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە گوندی(مایی)ی سەر بە دەڤەری بەرواری باڵای قەزای ئامێدی لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی مایی تەواوکردووە، خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری دهۆک تەواوکردووە، ئەو بە نیاز بووە درێژە بە خوێندن بدات لە (پەیمانگای تەکنیکی- المعهد الفني) لە سلێمانی یان بەغدا، بەڵام لەبەر باری سیاسیی ئەو کات و چالاکییە سیاسییەکانی خۆی نەیتوانیوە خوێندنی باڵاتر تەواو بکات، لە ساڵی ١٩٨٣ ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان وەکو بێژەر(مذیع)ی شێوەزاری کرمانجی ژوورو (بەهدینانی)دەست بەکار بووە، پاشان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ چۆتە وڵاتی ئێران و ماوەیەک لە شاری کەرەج بووە، لەوێ چاوی بە شاعیری گەورەی کورد هەژار موکریانی کەوتووە، هەر ئەو کات دیوانە شیعرێکی



شاعیر مەحفوز مایی بە جاحێڵی



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر مەحفوز مایی، دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ**

دەستخەتی هەبووە بە هەژاری شاعیری پێشانداوە و ئەویش زۆر بە دڵی بووە و پێشەکی بۆ نووسیوە، بەڵام بە هۆی پێشمەرگایەتی و دەرچوونی بۆ دەرەوەی وڵات لە شاری(نەغەدە) ئەم دیوانە دەستخەتەی لێفەوتاوە.

شاعیر و نووسەر مەحفوز مایی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٦ ڕووی لە وڵاتی سوید کردووە و لەوێ وەکو پەنابەری سیاسی نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە دهۆک دەژیت.

شاعیر مەحفوز مایی هەر لە سەرەتای لاوێتیدا خولیا و عەشقی شیعر و ئەدەب و زمانی کوردی بووە، ئەو کوڕی مەلا عەبدولڕەحمان مایییە کە پیاوێکی ئایینی و ڕۆشنبیر و شاعیریش بووە، بنەماڵەکەیان ژمارەیەک شاعیر و نووسەر و هونەرمەندی تێدا هەڵکەوتوون لەوانە (تەها مایی، شاعیر مەلا ئەنوەر مایی، حافز مایی، هەردوو براکانی عەبدولباقی و جەعفەر مایی)، بۆیە ئەو کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەوان و شیعری شاعیرانی کلاسیکی هەر یەک لە(ئەحمەدی نالبەند و مەلای جزیری و خانی و فەقێی تەیران و شیعری شاعیرانی نوێخواز، وەکو شێرکۆ بێکەس و دکتۆر بەدرخان سندی و محسن قۆچان) .


شاعیر مەحفوز مایی لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە



**شاعیر مەحفوز مایی لە کاتی شیعر خوێندنەوە لە ئامادەیی برایەتی ساڵی ١٩٧٨**

نووسینی شیعر و وتار و بابەتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی هەمەجۆر کردووە، یەکەم دەستپێکی شیعرەکانیشی ساڵی ١٩٧٦ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی وەک(هاوکاری، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، کاروان، بەربانگ، هەولێر، خەبات)، ئەو کە گەیشتۆتە سوید بەردەوام بووە لە نووسین و چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی، تا ئێستا(٣) دیوانی شیعری و کۆمەڵێک شیعری شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەسی وەرگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کرمانجی بە پیتی لاتینی، هەمووشی لەچاپداون و بڵاویشکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- ئەز و شەڤ و بێدەنگی، شیعر.
- چیاییێن ب زمان، شیعر.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر مەحفوز مایی، شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەس**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر مەحفوز مایی، شاعیری دیار و ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە**



**شاعیر مەحفوز مایی**
**لە کاتی خوێندنەوەی بابەتێك**



**شاعیر مەحفوز مایی لە کاتی**
**وتار خوێندنەوە**

- پەیڤێن پاییزی، شیعر.
- گوڵبژێرەک ژ هەڵبەستێن شێرکۆ بێکەس، بە پیتی لاتینی.
- (٣٠) ساڵ لەگەڵ بارزانی، بیرەوەرییەکانی محەمەد عیسا مێرگەسۆری.


مەحفوز مایی جگە لە شعیر نووسین، ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی بە تواناشە، لە ماوەی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندندا ئەم چالاکییانەشی هەبووە:



**Rewşa edebiyata kurmancî li Kurdistana Başûr**

**دیدارێکی ڕۆژنامەگەریی شاعیر مەحفوز مایی لەگەڵ هەر یەك لە ڕۆماننووس محەممەد ئۆزون و خەلیل دهۆکی لە سوید ساڵی ١٩٨٩ بۆ ڕۆژنامەی کوردستان پرێس**

- لە ساڵی ١٩٧٧ بەشداری لە فیستیڤاڵی شیعری گەنجان کردووە کە شاعیرانی گەنجی(سلێمانی و هەولێر و دهۆک) تێیدا بەشداربوون، ئەو بە پلەی یەکەم هەڵبژێردراوە.
- لە ساڵی ١٩٨٣ ئەو کاتەی پێشمەرگە بووە، وەکو بێژەری کرمانجی لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان کاری کردووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(بەربانگ) بووە، کە لە لایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید دەردەچوو.
- هاوکاری و یارمەتیی دکتۆر جەمشید حەیدەری و نووسەر و میدیاکار کەریمی حوسامی کردووە، لە نووسینی بەشی لاتینی لە ڕۆژنامەکەیاندا.



**ستافی ڕادیۆی دەنگی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕاستەوە: عیسمەت ڕەجەب (تەکنیککار- فني)، سەیفەدین شنگالی(تەکنیککار)، ئەندازیار حەسەن زاوێتەیی، شاعیر و بێژەر بە شێوەزاری کرمانجی مەحفوز مایی، ئەندازیار پێشڕەو شاڵی، قادر حەسەن بێژەر بە شێوەزاری سۆرانی.**



**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر مەحفوز مایی**


- بەشداریی چەندین کۆڕو کۆبوونە و کۆنفراسی ئەدەبی و ڕۆشنبیری لە سوید و ئەڵمانیا کردووە.
- پاش ساڵی ٢٠٠٢ کە گەڕاوەتەوە کوردستان، ماوەیەک بەرپرسی دەزگای گوڵان بووە.
- ماوەیەکیش بەرپرسی KTVی مەرکەزی و بەڕێوەبەری کەناڵی ئاسمانیی زاگرۆس بووە.
- ماوەیەکی دیکەش بەڕێوەبەری دەزگای خانی بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی دهۆک و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

شاعیر و نووسەر مەحفوز مایی، هێشتا زۆر چالاکە و بەشداری لە بەشی زۆری جموجۆڵییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی شاری دهۆک و شارەکانی دیکەی کوردستان دەکات و بەردەوامیشە لە شیعر و نووسین و بابەتی جۆراوجۆری دیکە و لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاویان دەکاتەوە.

بۆ شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار مەحفوز مایی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر مەحفوز مایی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەڕەم محەمەد ئەمین

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، ڕەوانشاد محەڕەم محەمەد ئەمین...

نووسەر و چیرۆکنووسی پێشکەوتنخواز محەڕەم محەمەد ئەمین لە ساڵی ١٩٢١ لە گەڕەکی (دەرگەزێن)ی شاری سلێمانی لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٢٨ چۆتە بەر خوێندنی سەرەتایی و لە ساڵی ١٩٣٦ تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٤٣ قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی تەواو کردووە و لە کۆلێژی(ماف- حقوق) لە بەغدا وەرگیراوە، بەڵام لەبەر نەبوونی و بێدەرامەتی تەنیا(١٥) ڕۆژ دەوامی کردووە و نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنی زانکۆ بدات، لە ساڵی ١٩٤٤ بۆتە فەرمانبەر لە دائیرەی(تەموین- تموین)، دواتر ماوەیەک لە دائیرەی قەڵاچۆکردنی(مەلاریا) کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە دائیرەی مەعاریف دامەزراوە، پاشان وەکو ئەمینداری کتێبخانەی شاری سلێمانی دەست بەکار بووە، لە ساڵی ١٩٧٠ لە شارەوانیی سلێمانی خزمەتی کردووە، لە هەموو ئەو شوێنانەی کاری کردووە نموونەی فەرمانبەرێکی ڕاست و دەستپاک بووە، پاش ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ گواستراوەتە بەغدا لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی وەکو بەرپرسی کارگێڕی دەست بەکار بووە، لە ژمارە(٢٥)ی گۆڤاری(بەیان)ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧٥ تا ژمارە(٣٥)




**محەڕەم محەمەد ئەمین**
**بە جلی کوردی و بە جاحێڵی**

ی نیسانی ساڵی ١٩٧٩ سکرتێری نووسین بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ خانەنشین کراوە و گەڕاوەتەوە شاری سلێمانی.


نووسەر محەڕەم محەمەد ئەمین، هەر لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٤٦ بۆتە ئەندامێکی چالاکی ئەو حیزبە، ئەو زۆر چالاک بووە، لە بەشی زۆری خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەشداری کردووەو پێشەنگیش بووە، لەبەر هەڵوێستە سیاسییەکانی هەردەم لە ژێر چاودێریدا بووە.


محەڕەم محەمەد ئەمین جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بە باشی زانیوە، زنجیرەیەک چیرۆکی واقیعی سەرکەوتوو و هەندێ چیرۆکی لە عەرەبییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بە تایبەتی چیرۆکەکانی نووسەران(گۆگۆڵ، مەکسیم گۆرگی، دیستۆڤیسکی)، سەرەڕای چەند بابەتێکی فیکری و فەلسەفی و زانستی و سیاسی، چەندین



**نووسەر و چیرۆکنووس محەڕەم محەمەد ئەمین وهاوسەرەکەی**

وتـار و بابەتـی دیکـەی هەمەجـۆری لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییەکانـی وەکو(ژیـن، ڕۆژی نـوێ، بڵیسـە، شـەفەق، نـەورۆز، بەیـان) بڵاوکردۆتـەوە، ئـەو کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخی بۆ نەوەکانمان بەجێهێشـتووە کـە ئەمانـەن:






- مـام هۆمـەر، چیرۆک، هەولێر چاپخانـەی کوردستان سـاڵی ١٩٥٤.
- گۆمـی شـڵەقاو، چیرۆک، بەغدا چاپخانـەی ئەسـعەد سـاڵی ١٩٥٧.
- یـادگاری گۆڕسـتانەکە، وەرگێـڕان لـە عەرەبییـەوە، بەغـدا، چاپخانـەی ئەسـعەد سـاڵی ١٩٥٨.
- گـردی شـەهیدان، چیـرۆک، چاپـی یەکـەم سـلێمانی سـاڵی ١٩٥٨، چاپـی دووەم سـلێمانی سـاڵی ١٩٥٩.
- ڕێگای ئازادی، سلێمانی ساڵی ١٩٥٩.
- شۆڕشـی بـەرزان، لـە عەرەبییـەوە وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، سـاڵی ١٩٥٩.
- مەبدەئە سەرەکییەکانی فەلسەفە، سلێمانی ساڵی ١٩٦٠.
- ئادەمیزاد، چیرۆک، سلێمانی ساڵی ١٩٦٩.
- مافی بڕینەوەی دوارۆژ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، سلێمانی ساڵی ١٩٧٢.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٨ بنەماڵەکـەی هەمـوو بەرهەمـە ئەدەبـی و سیاسـی و فەلسـەفییەکانی نووسـەریان لە کتێبێکی قەشـەنگ بە ناو نیشـانی(محەرەم محەمـەد ئەمیـن) بـە قـەوارەی(٥٥٧) لاپـەڕە کۆکردۆتـەوە و لـە چاپیـان داوە.

دکتـۆر ئـازاد حەمـە شـەریف لـە کتێبێکدا بە ناوی(شاکارنووسـانی کـورد زنجیـرە(٢)، تیشـکی خسـتۆتە سـەر ژیـان و بەرهەمەکانـی چیرۆکنـووس محـەرەم محەمـەد ئەمیـن.

ڕەوانشـاد نووسـەر کەریم شـارەزا، لـە کتێبی ناودارانـی کورد لـە تۆماری ژمـارە(١٧) ئەویش باسـی لـە بەرهەمەکانی نووسـەر محـەرەم محەمـەد ئەمین

کردووە.

نووسەر محەڕەم محەمەد ئەمین زۆر بەسەربەرزی ژیا و هەر بە سەربەرزیش کۆچی دوایی کردووە لە ١٥-٧-١٩٨٠ دائیرەی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی دەستگیری دەکەن و پاش ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆر لە ڕۆژی ٢٣-٧-١٩٨٠ کۆچی دوایی کردووە.

لە ڕۆژی ٢٨-٨- ١٩٨٠ یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی ئێوارە کۆڕێکی ماتەمینییان لە باخچەی نووسەران بۆ گێڕاوە، سەرۆک و نوێنەری یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر ئامادە بووە، لە وتەیەکدا وتوویەتی:(مرۆڤی خزمەتگوزاری میللەت لە ڕێگەی کارە چاکەکانیەوە ژیانی لەگەڵ مردنی کۆتایی نایەت؛ بەڵکو لە ڕێگەی بەرهەمە بە نرخ و خزمەتگوزارییەکانی بۆ میللەتەکەی لە دوای ونبوونی جەستەکەی ناوبانگی هەر دەمێنێ و لە ناو دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانی میللەتەکەیدا بە نەمری دەمینێتەوە).

ڕوحی پاکی نووسەر و چیرۆکنووس محەڕەم محەمەد ئەمین شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ - دکتۆر مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، هەولێر ٢٠٠٦.

٢ - کەریم شارەزا، ناودارانی کورد، تۆماری ژمارە(١٧)، وتارێکی نووسەر ئا. کەریم شارەزا.

٣ - مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد، بەغدا چاپخانەی ئەسعەد ١٩٨٦.


٤ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٥ - ماڵپەڕی خاک تیڤی، لە ٢٧-٧- ٢٠١٧.

٦ - ماڵپەڕی وێنە کۆنەکان، سلێمانی لە ٢٠-١١- ٢٠٢١.

٧ - ماڵپەڕی نووسەر محەد ئەمین پێنجوێنی لە ٢-٥- ٢٠٢٠.

٨ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# دڵزاری شاعیر

بەشداریی جەنگی دووەمی جیهانی کردووە، شاعیری ناوداری کورد، ڕەوانشاد دڵزار..

ناوی تەواوی(ئەحمەد مستەفا محەمەد ئاغای حەویزی)یە، لە ٨-١-١٩٢٠ لە داوێنی چیای باواجی سەرکەش و شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیە لە خانەوادەیەکی ناسراو و دیار لە دایک بووە، لە تەمەنی(٧) ساڵیدا باوکی ناردوویەتییە بەر خوێندنی حوجرە لەلای مەلا ئەسعەد، ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بووە لە خوێندنی ئایینی، لە ساڵی ١٩٢٩ کە تەمەنی (٩) ساڵ بووە دەستی بە خوێندنی سەرەتایی کردووە و تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٣٧ بۆ یەکەمین جار قوتابخانەی ناوەندی لە کۆیە کراوەتەوە و ئەویش بەردەوام بووە لە خوێندن، بەڵام دیارە خوێندنی ناوەندی تەواو نەکردووەو شەڕی دووەمی جیهانیش دەستی پێکردووە، لە ٢٨- شوباتی ساڵی ١٩٤٣ بۆتە سەرباز لە سوپای(لیڤی)ی عێراقی.




دڵزاری شاعیر بە جلی سەربازی(لیڤی) لە سوپای عێراق



**لە لای ڕاستەوە: یەحیا عەبدولکەریم، عەونی شاعیر، عەبدوڵڵا گۆرانی شاعیر، نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەممەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دڵزاری شاعیر**


دڵزاری شاعیر لە سەرەتای لاوێتیدا چۆتە ڕیزەکانی حیزبی شیوعیی عێراقی و بە بیروباوەڕێکی پتەوەوە خەباتی کردووە بۆ هێنانە دیی مافەکانی گەلی عێراق و کورد، لەم ڕێگایەشەوە دەردەسەری و ئازار و ئەشکەنجەو ڕاونان و خۆحەشاردان و زیندانیکردنی دیوە، ئەو چەندین جار لەسەر شیعرە سیاسییەکانی دەستگیرکراوە، بەڵام هەمیشە بە ورە بەرزی ماوەتەوە و بەردەوام بووە لەو خەباتەی کە باوەڕی پێی هەبووە، ئەو هەمیشە لەگەڵ یەکسانیی نێوان چینەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا بووە و پشت و پەنای چینی کرێکار و کاسبکار و هەژار و لێقەوماوان بووە.

دڵزاری شاعیر لە ساڵی ١٩٥٥ ئەو کاتەی لە خەباتی نهێنیدا بووە لە شاری کەرکوک، لەگەڵ نووسەر و ڕۆژنامەنووس کاکەی فەلاح بە نهێنی ڕۆژنامەی( ئازادی)یان دەرکردووە تاوەکو هەڵگیرساندنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، دوای شۆڕشیش هەربەردەوام بووینە و بە ئاشکرا ئەو ڕۆژنامەیان دەرچوواندووە، ئەو لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و




گۆڤارەکانی زەمانحاڵی حزبی شیوعیی عێراقی وەکو(ڕۆژنامەی ئازادی، طریق الشعب، بیری نوێ، رسالة العراق، الثقافة الجديدة) کاریکردووە، لە شاخیش لەگەڵ نووسەرانی دیکە یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیان پێکهێناوە و گۆڤاری نووسەری کوردستانیان بە چاپ گەیاندووە.

لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەممووز ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی عێراق بووە کە شاعیری گەورەی عێراق محەمەد مەهدی جەواهیری سەرۆک بووە، ئەندامی ئەنجومەنی ئاشتیی عێراق بووە کە عەزیز شەریف سەرۆکی ئەنجومەنەکە بووە، ئەو هەردوو کەسایەتییەش دۆستی کورد بوونە، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣- ١٩٧٩ نوێنەری بەرەی نیشتمانی کوردی بووە لە لێژنەی هەولێر و ئەندامی خولی یەکەمی ئەنجومەنی یاسادانانی هەرێمی کوردستان بووە، ئەو چەندین خولی ڕێکخراوەیی و پیشەیی بینیوە لە مۆسکۆ و سۆفیا.



**لە لای ڕاستەوە: دڵزاری شاعیر، شاعیری نەمری کورد عەبدوڵڵا گۆران**



**دڵزاری شاعیر**

دڵزاری شاعیر بە خۆی خۆی فێرە زمانی عەرەبی کردووە و دەستی کردووە بە خوێندنەوەی(ألف لیلة و لیلة) تا گەیشتۆتە بەرهەمەکانی جورجی زیدان و شیعرەکانی شاعیرانی جاهیلی و ئەندەلوسی و کلاسیکیی عەرەبی وەکو( باروودی و شەوقی و حافز ئیبراهیم و زەهاوی و ڕەسافی) و شاعیرانی دوای ئەوان، لەوانە(سەیاب و بلند حەیدەری و عەبدولوەهاب بەیاتی و نازک مەلائیکە)، شیعری شاعیرانی کلاسیکیی کورد(نالی و حاجی قادر و سالم و شێخ ڕەزای تاڵەبانی و وەفایی) خوێندۆتەوە، ئەو زۆر حەزی لە شیعر بووە، زۆریش حەزی لێبووە ببێتە شاعیر تا لە ئەنجامدا بۆتە ئەو شاعیرە گەورە وناودارە.

**لە بەرهەمەکانی دڵزاری شاعیر:**

- کۆمەڵە شیعری( ئاوازی ئاشتی) کە لە ساڵی ١٩٥٨ بڵاویکردۆتەوە،

هەندێ شیعری سیاسی و نیشتمانپەروەیشی بە زمانی عەرەبی نووسیوە، شیعری ستایشیشی بۆ سەرکردەی حیزبی شیوعی(فهد) نووسیوە و بە قارەمانی داناوە، سەبارەت بەم کۆمەڵە شیعرەی و شیعرە عەرەبییەکانی نووسەری عەرەبی(الوردي) دەڵێت:(ئەم شاعیرە کوردە ئەگەر لە میللەتێکی سەربەست و ئازا بوایە، گومانم نەبوو ئێستا مەدالیای ئاڵتونی بە سینگییەوە دەبوو، بەڵام منیش دەڵێم: لە جیاتی ئەو مەدالییایە، کۆت و کەلەپچە و زنجیر وەک پووش بوون بۆ ئەو و هەزارانی وەک ئەو کە لە زیندانەکانیاندا حەشار درابوون لە پێناوی ئازادی).

- دیوانی شیعری(خەبات و ژیان) لە ساڵی ١٩٦٠ بڵاوکراوەتەوە و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ پێشەکی بۆ نووسیوە، لە پێشەکییەکەدا دەڵێت:(دلزار نموونەیەکی باشە بۆ شاعیری ئەم ڕۆژەمان و ئەبێ شاعیرەکانمان بەو ڕێگەیەی دلزاردا پەلی خوێندەواران بگرن و ڕووە و بەرزکردنەوەی ڕادەی لە هونەر گەیشتنیان تا بە تەواوی بەرهەمیان بۆ گەل بێت، بەشێک بێت لە خەباتی گەل و بەردێک بێت لەو تەلارەی




تەرمی دلزاری شاعیر لە کاتی بە خاکسپاردنی.

ژیانی بەختیاریی گەلدا کە بەرز ئەبێتەوە و هەر بەمە خۆشیان ئەبن بە شاعیری گەل، شاعیری خەبات و ژیان).

- چوارینەکانی بابەتاهیری هەمەدانی لە شێوەزاری لوڕی وەرگێڕاوەتە سەر شێوەزاری کرمانجی خواروو(سۆرانی).
- بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوە.

هەندێ شیعری دڵزاری شاعیر کراونەتە گۆرانی و سروود لەوانە شیعری(تاکەی) کە هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناسری ڕەزازی کردوویەتییە سروود.

ئەو چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد و بنکەی گەلاوێژ و حزبی شیوعیی عێراقی و لایەنی ڕۆشنبیریی دیکە.

دڵزاری شاعیر لە ڕۆژی ١٠- ٤- ٢٠٢١ کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەبارەت بە کۆچی دوایی دڵزاری شاعیر، یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر لە ڕاگەیاندنێکدا لە ١٠-٤-٢٠٢١ دا نووسیویانە:( مامۆستا دڵزار نەک هەر شاعیرێکی ناودار و تێکۆشەر بوو، بەڵکو هەموو ژیانی خۆی لە پێناوی خەبات و کوردایەتی و خزمەتکردنی ئەدەب و کەلتووری کوردی بردەسەر).

**دڵزار شیعری سیاسی و ئەڤینی و دڵداری و بۆ سروشتی جوانی کوردستانیش نووسیوە، وا دوو نمونەی شیعری ئەڤینی، جوانی سروشتی کوردستان-تان بۆ دەنووسمەوە:**

## ١

کوردستان جوانی ئێجگار شیرینی
بێ شک بەهەشتی سەر رووی زەمینی
خاوەن غیلمان وحوری نەخشینی
دایم رازاوە و جوان و رەنگینی

هەوێنی ژینی
لەگەڵ سوۆلاڤدا ئەوها دەدوێ:
ئەم لاکەژێکە ئەو لاکەژێکە جوان وسەخت و بەرز
لە ناوەراستا دۆلی سۆلاڤە پڕ لە باخ و رەز
لەهەرلا چڵە نەغمەی بولبولە خۆش ودڵکێشە
شنەی شەماڵە کانگەی خەیاڵە دوور ئیش ونێشە
لەپاڵ هەر بەردێ لە قەد هەر گەردێ ئاوازی دەردێ
هی کەو و سوێکە کەغەم ناهێڵێ لەسەر دڵ گەردێ
لەگەڵ مانگی نیسانا هاوار دەکاو دەڵێ:
دیسان مانگی نیسانە
گەرمەی وەرزی گولانە
کاتی شایی وسەیرانە
روژی جەژنی عاشقانە
هەستە گیانەکەمم.

## ٢

**شیعری «ماهی تابان»**

ماهی تابانە ئەسیری شوعلەیی ڕوخساری تۆ
موشکی تاتارە زەبوونی پەرچەمی خونخواری تۆ
چونکە سوتاوە دڵی من وا بە کڵپەی کوڵمەکەت
لەت لەتە جەرگم بە ژەهری زولفەکەی ڕەشماری تۆ
عەینی بارانی بەهاران خوێن دەڕێژێ دیدەکەم
چەشنی مەجنون شێت و شەیدام من لەبۆ ودیداری تۆ
کارو بارم هەر گرین و ناڵەو هاواری یە
چونکە کێشاویە دڵم چاوەکەی سەحاری تۆ

شاهیدی عەشق و جەفایە ڕەنگی زەردو ئاهی سەرد
باعیسی سوتانی دڵمە ڕوومەتی گوڵناری تۆ
سا عیلاجی دەردەکەم کە ئەی تەبیبی عاشقان
نوشداروی زەخمی دڵمە ماچی غونچەی زاری تۆ
وا لە سوتانە دڵی دڵزاری بێ سەبرو قەرار
چەشنی پەروانە بەرامبەر لالەیی ڕوخساری تۆ


سەرچاوەکان:

١ -ماڵپەڕی ڕێگای کوردستان، وتارێکی نووسەر عەبدولمەسیح سەلام سوور، لە ٢١-٢- ٢٠٢٠.

٢ - Rudaw ، لە ١٠-٤- ٢٠٢١.

٣ - ماڵپەڕی Xwakurk، لە ١٠-٤- ٢٠٢١.

٤ - ماڵپەڕی دەنگەکان، وتارێکی نووسەر سەلام عومەر.

٥- - Dimentv، لە ١٠-٤- ٢٠٢١.

٦ - یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر لە ١٠-٤-٢٠٢١.

٧ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# جەلال مەدحەت خۆشناو

ئەو دەڵێت:(جا لێم مەگرن ئەگەر بووکی شیعرەکانم ئاڵای ڕۆمانسیان بەسەر خۆیان دادابێ)، شاعیر و ئەندازیاری کوردپەروەر، ڕەوانشاد جەلال مەدحەت خۆشناو...

ناوی تەواوی(جەلال ئەحمەد مەدحەت کوڕی تەها فەندی کوڕی قازی ئەحمەد)ە، دایکیشی(خاتوو حەلیمە کچی حەمەدی ڕەسوڵ بەگە لە بەگزادەکانی شەقڵاوەن)، لە ساڵی ١٩٣٤ لە داوێنی چیای سەفینی سەرکەش لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی شەقڵاوە لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٤٦ خوێندنی سەرەتایی لە شەقڵاوە تەواوکردووە، ساڵی ١٩٥٢ قۆناغی خوێندنی ناوەندی لە شاری هەولێر تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٥٦ کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە و وەکو ئەندازیار دەست بەکار بووە، لە ساڵی ١٩٦٤ بۆتە پەرپرسی ڕێگاوبانی هەولێر، لە ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٦٩ بەڕێوەبەری ئەشغالی کوت و ناسریە بووە، لە ساڵی ١٩٧١ بووەتە بەڕێوەبەری ئەشغال و ئیسکانی هەولێر، لە ساڵی ١٩٨٢ بەڕێوەبەری دائیرەی نەخشە و پلان بووە لە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی تەنفیزیی ئۆتۆنۆمی کوردستان، دوای ڕاپەڕینیش ماوەیەک ڕاوێژکار بووە لە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان.



**له لای ڕاستەوە: شاعیر جەلال مەدحەت خۆشناو، نزار خالید مەدحەت، خاتوو سەلما مەدحەت**

شاعیر و ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو هێشتا قوتابی سەرەتایی بووە حەز و خولیای چووەتە سەر زمان و ئەدەبی کوردی، ئەو لەسەر دەستی مامۆستای(خەلیل محەمەد خۆشناو) فێری خۆشەویستیی زمان و ڕێزمان و شیعری کوردی بووە، زانیاریی ئایینیش لە(مەلا سادق) ی خاڵی وەرگرتوە، هەر زۆر زوو دەستی بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو(حاجی قادری کۆیی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی) و شاعیرانی دیکە کردووە، بۆیە لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە، لە سەرەتای شەستەکانیش دەستی کردووە بە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی ئەو کات، تا لە سەرەتای حەفتاکانی بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای شیعر نووسینەوە، ئەو لە ژیانی خۆی(٥) دیوانی شیعری چاپ کردووەو بلاوکردۆتەوە و دوو بەرهەمیشی هێشتا چاپ نەکراون.

ئەگەر تەماشای بەرهەمەکانی شاعیر جەلال مەدحەت خۆشناو بکەین، دەبینین هەندێک لە شیعرەکانی لەسەر کێش و سەروای سووکی خۆماڵی کوردینە و کەمتر خۆی لە کێش و سەروای(عروض)ی عەرەبی داوە، ئەو

لە شەقڵاوە پەروەردە بووە، دیمەنە جوانەکانی و ئاو و هەوا شیرین و سازگارەکەی و دیمەنە جوان و ڕەنگینەکانی دیکەی سروشتی کوردستان زۆر کاری تێکردوون، جگە لە هەست و هەڵوێستە نیشتمانپەروەرییەکەی و دڵداری و ئەڤینی و باری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵی کوردەواری و مافی ژنان و منداڵە چاو گەشەکانی کوردستان، هەموو ئەوانە لە شیعرەکانی زۆر بە ڕوونی ڕەنگی داوەتەوە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی ڕەسەن و سادە و ساکار و ڕەوان و جوان و بە تام و چێژی ناوچەی خۆشناوەتی نووسیوە، ئەمانەی خوارەوەش بەرهەمە ناوازە و بە نرخەکانییەتی:

- دیوانی کاروانی یار،ساڵی ١٩٧٥.
- سێ دەنگی تورە، ساڵی ١٩٧٥.
- ئاسمان و ئاو خاک، ١٩٨١.
- نەوای حەیرانێکی چڕ، ساڵی ١٩٨٢.
- گرەو، ساڵی ١٩٨٢.



**شاعیر و ئەندازیار جەلال مەدحەت خۆشناو لە چەند وێنەیەکدا**



**شاعیر جەلال مەدحەت خۆشناو**

ئەم بەرهەمانەشی هێشتا لە چاپنەدراون:

- کاروانی یاد.
- ژانی گەل.

جەلال مەدحەت خۆشناو شیعری چوارینە و پێنج خشتەکیشی نووسیوە، لەوانە پێنج خشتەکی لەسەر شیعری شاعیری نەمر عوسمان خۆشناو.

ئەو لە ساڵی ١٩٧٠ ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ ماوەیەکیش جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە، هەتا لە ژیان مابوو لە بەشی زۆری جالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان ئامادە دەبوو.

یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر بڕوانامەی ڕێزلێنانیان بە شاعیر جەلال مەدحەت خۆشناو بەخشیوە، وا هاوپێچم کردووە.

ئەو زیاتر لە(١٠٠) کتێبی جۆراوجۆری بەخشیوەتە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبجانە گشتییەکان لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، ئەوانیش بڕوانامەی سوپاس و پێزانییان بۆ ناردووە، وا ئەویشم هاوپێچم کردووە.

لە ٢٩- ١- ١٩٩٨ لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی بردراوەتەوە شەقڵاوە و لە گردی(زەیتون) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی پاکی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی:


شیعری نیشتمانپەروەی:

منی مرۆڤ، منی ئینسان
فرچکم بەو ئاوە گرتووە
هێزم لەو خاکە بردووە
هەر ئاواتمە لەویّ ژیان
کە دەشمرم لام وا چاکە
گۆڕم بخرێتە ئەو خاکە

**********

بۆ جوانی سروشتی کوردستان:

مگێزی باخ و ڕەز ئەکەم
وا حەز ئەکەم
پەنجەم جۆتە داری بگری
دیدەم شەبەق بکری، بگری!
چاوم بچنی، دەس تۆم بکا
هەردوو وەردێکا شۆم بکا
لە دامێنا
دەریای درەختی خاوێنا
هەر هیچ شەپۆلی شۆم نەکا







بەرهەمەکانی شاعیر جەلال مەدحەت خۆشناو

هەر لەو وەختە
ئەڕنم شەختە
لە لووتکەی ئەو شاخە سەختە
لە کاتێکا
لە دوو لکەی دار
کرمۆچە کار
لەنگ بکا زار و پاتێکا
قاژووی گوڵزار بڕەتێنێ
باشوکە هەلخەڵەتێنێ
بۆ شالوورێ
ئاواز بدڕینێ بلووری!
خۆزگەم وە با
دەستم لە خانزاد گیر ببا
جارێکی تر نادۆڕێنم
ناکولێنمەوە برینم
با ڕەشەبا
لەگەڵ گاڕانی پا شکاو
لە گەردوونا
وەک گەڵاداری هەڵتەکاو
هیی زەیتوونا
بە گوڕ بە سەرما بچۆڕێ
بە دوژمنانە بنۆرێ
لێناگەڕێم بەردێ تەڕ بێ
کە بۆم فەڕ بێ
چیلکە بەتاو ڕەپێش ئەکەم

سارێژی دەرد و ئێش ئەکەم
پێش کێش ئەکەم!
با بێتە کار
پاپۆڕی ئاسمانی بەهار
برووسکەدار
هەر چی بکا
ناکەم تکا
گەر تەمۆخی چیلە ڕفتن
گوڵ لە باخانا بشکفتن
بە هۆی هەورێ
هێزی بەورێ
لە کۆسپێ خۆم حەشار ئەدەم
لە نۆرینگێ
بۆ قولێنگێ
وەک پلینگێ
گورج دەرئەپەڕێنم سینگێ!
چۆن ڕوار ڕاز دیدار ئەدەم
هەر غار ئەدەم
گزرەی ئاگردان جۆش ئەکەم
خۆش خۆش ئەکەم
هەڵئەبەزم
لەناو ڕەزم
کە نابەزم!
با چەپکە گوڵ لە جوستەما
هیی باخی زوڵم و ستەما

هاوار بکا
بەهار بکا
سکاڵا و ڕازی یار بکا
گەش بێتەوە
هۆنراوە بهۆنێتەوە
دەردی ژیان
بکا پەخشان
بۆ خاتری دوو چاوی لەیلێ
ئەکەم مەیلێ!
متووی چەپکە گوڵ خەڵاتم
هۆگری ئافتاوهەڵاتم
بۆ وڵاتم،
بۆ وڵاتم!

سەرچاوەکان:
١ - کوردیپیدیا.
٢ -- ماڵپەری فەیسبووکی شاعیر جەلال مەدحەت خۆشناو، هەموو وێنەکان و کورتەیەک لە ژیان و بەرهەمەکانی، ١٣-١٢-٢٠٢٠.
٣ - ماڵپەڕی ڤەژینبۆکس، شاعیر جەلال مەدحەت خۆشناو، دەفتەری شیعری.
٤ - ماڵپەڕی دیالۆگی نیشتمانی، لە ٢٧-٧-٢٠٢٢.
٥ - زانیاری و نووسینی خۆم.



# دکتۆر سەلام ناوخۆش

مامۆستای زانکۆ، زمانناس و فەرهەنگناس و مێژوووناس، وەرگێڕ و توێژەر و لێکۆڵەر، ڕەوانشاد دکتۆر سەلام ناوخۆش ...

ناوی تەواوی(سەلام ناوخۆش بەکر)ە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی(زێبارۆک)ی سەر بە قەزای شەقڵاوەی جوان و ڕەنگین لە دایک بووە، ساڵی ١٩٦٩ تەمەنی(٣) ساڵان بووە ماڵیان چووەتە هەولێر، خوێندنی سەرەتایی پۆلی(١ تا ٣)ی لە قوتابخانەی زاگرۆس خوێندووە و پۆلی(٤ تا ٦)ی لە قوتابخانەی مەولەوی و قۆناغی ناوەندی لە ناوەندی قوتەیبە و ئامادەییشی لە ئامادەیی هەڵمەتی کوڕان تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٦ لە بەشی زمانی ئینگلیزی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە و ساڵی ١٩٩٠ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، بۆتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە شاری هەولێر و دەوروبەری، لە ساڵی ١٩٩٣- ١٩٩٦ ماجستێری لە زمانی ئینگلیزی لە زانکۆی سەلاحەدین بەدەست هێناوە و بووەتە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆک و وانەی شەریعەشی وتووەتەوە، لە ساڵی ١٩٩٩ ناسناوی زانستیی مامۆستای وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٠-٢٠٠١ لە زانکۆی مالیزیا دکتۆرای لە فەلسەفەی ئەدەب وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتۆتەوە زانکۆی سەلاحەدین و لە ساڵی ٢٠٠٦




**وەك ئەندام لەكاتی گفتوگۆی ماستارنامەی قوتابییەكدا**

پلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەری پێبەخشراوە، بەردەوام بووە لە خزمەتكردن لە زانكۆكانی هەرێمی كوردستان.

دكتۆر سەلام ناوخۆش خاوەنی كۆمەڵێك بەرهەمی بە نرخ و بەهایە، لە بوارەكانی فەرهەنگ، مێژوو، زمانەوانی، ئایینی، ئەدەب، سیاسی، فیكری و فەلسەفی، پەروەردەیی و وەرگێڕان، جگە لە دەیان توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی زانستی و ئەكادیمی، هەمووشی بە زمانێكی كوردیی پاك و پاراو نووسیوە، ئەو زیاتر لە(٧٠) كتێب و نامیلكەی لەچاپداوە و بڵاویشیكردوونەتەوە كە ئەمانەن:

**لە بواری فەرهەنگی:**

١- فەرهەنگی ئۆكسفۆرد. ئینگلیزی-كوردی.

٢- فەرهەنگی ئۆكسفۆردی نوێ سۆرانی- بادینی- ئینگلیزی.

٣- فەرهەنگی سیدرا. كوردی-عەرەبی- ئینگلیزی.

٤- فەرهەنگی هیوا. ئینگلیزی-کوردی.

٥- فەرهەنگی هەراشان، بە هاوبەش.

٦- فەرهەنگی زاراوەی لەشکری، بە هاوبەشی.

٧- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی، بە هاوبەشی.

٨- فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش.

٩- فەرهەنگی یاسایی ئۆکسفۆرد.

١٠- فەرهەنگی کارگێڕی، بە هاوبەشی.

**کتێبەکانی لە بواری زمانناسیدا:**

١- زمانناسی و هەندێ دەربارەی زمانناسی کوردی.

٢- پوختەیەک دەربارەی زمانناسی.

٣- ئایین و زمانناسی.



**لە ڕاستەوە: دکتۆر سەلام ناوخۆش، سەلام محەمەد خاوەنی چاپخانەی ڕۆژهەلات**

٤- واتاسازی بە هاوبەشی لەگەڵ م. نەریمان.
٥- سیاسەتی زمان و زمانی سیاسەت.
٦- سارا، بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی.
٧- سێ بەرگی هەزار لاپەڕەیی بە ناوی ( زمانەوانی )، بە هاوبەشی لەگەڵ د . نەریمان خۆشناو.
٨- کۆبەرهەمی زمانەوانی، چوار بەرگە زیاد لە هەزار لاپەڕەیە.
٩- خوێندنەوەی پڕاگماتیکی قورئان.
١٠- زمانی قورئان.
١١- زمانەوانی لە پانینەوە بۆ چۆمسکی بە ئینگلیزی و کوردی.

**کتێبە وەرگێڕدراوەکانی:**

١- قورئان و زانستی نوێ لە ئینگلیزییەوە.
٢- کورد و کوردستان لە نێوان بەرداشی داگیرکاران.
٣- کرۆنۆلۆژیای مەسەلەی ویلایەتی موسڵ لە ئینگلیزییەوە.
٤- یاسا بنەڕەتییەکان لە ئینگلیزییەوە.
٥- نۆ چیرۆک لەبارەی خەڵکەوە.
٦- دەقەکانی سیڤەر لە ئینگلیزییەوە.
٧- یاسا بنەڕەتییەکانی ڕستەی کوردی، ماستەرنامەکەی پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
٨- ئایا عائیشە بوکێکی ٦ ساڵان بوو؟
٩- نەخشە ڕێگا لە کوردییەوە بۆ ئینگلیزی.
١٠- کورد لە سایەی دوو حوکمڕانی زەردەشتی.

**کتێبیەکانی لەبواری مێژووی سیاسی:**

١- کوردستان چۆن داگیرکراو دابەشکرا.

٢- هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی مووسڵ.

٣- سێکوچکەی هەرەس.

٤- مافی مێژووی غەیرە کورد بەسەر کوردەوە.

٥- ململانێی ئینگلیز و تورک.

٦- شێخ مەحموود و سێ ئەفسەرەکەی داگیرکەران.

٧- ئایین و ناسیۆنالیزم.

٨- پرۆسەی داگیرکردن و دابەشکردنی کورد.

٩- فەشەلی عەلمانییەکان و غیابی ئیسلامییەکان.

١٠- زەردەشتیەتی نوێ.

١١- کودرۆلۆجی هاوبەش.

١٢- کوشتاری کورد یا ئەرمەن؟

١٣- مێژووەک لە پەرتەوازەیی.

١٤- دوالیزمی نەتەوەیی.

١٥- ئافرەت و کولتور.

١٦- کوردستانی ساسانی.




بەرهەمەکانی دکتۆر سەلام ناوخۆش

**کتێبە ئیسلامییەکانی:**

١- سەربردەی پێغەمبەرەکان.

٢- قورئان و سیکۆلەری کورد.

٣- قورئان: کۆتایی مێژوو.

٤- خوێندنەوەی پڕاگماتیکی قورئان.

٥- زمانی قورئان.

٦- خودا و سیستمی ستەمکاری مرۆڤ.
٧- ڕۆژئاواانناسی.
٨- ڕەهەندی ئایین لە دەستور.
٩- کۆمەڵگەی کراوەی پێغەمبەر.
١٠- ئیسلام یان توراس.

**کتێبە ئەدەبیەکانی:**

١- ڕەخنەو ڕۆمان و ڕۆژنامەگەری ئیسلامی.
٢- موحەممەد پێغەمبەر لە شیعری کلاسیکیی کوردی.
٣- شیعری هاوچەرخی کوردی.
٤- ناسیۆنالیزمی ناوەکی و دەرەکی لە شیعری کوردیدا.

- دکتۆر سەلام ناوخۆش چەندین توێژینەوەی لە زانکۆکانی بەغدا و دهۆک و سلێمانی و سەلاحەدین بڵاوکردۆتەوە و بەشداریی لە بەشی زۆری کۆنفرانسەکانی زمان و ئەدەب و پەروەردەیی لە زانکۆکانی کوردستان کردووە.
- سەرپەرشتیی دەیان نامەی ماجستێری بۆ قوتابیانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان کردووە.
- خاوەنی ئیمتییازی گۆڤاری(زماننناسی) بووە.
- سەرۆکی ڕێکخراوی زماننناسی بووە، بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی.
- دەیان دیمانە و چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی لەگەڵدا کراوە، کە باسی ڕەوشی پەروەردە و زمانەوانی و مێژووی نوێ و هاوچەرخی کوردی کردووە.
- دەیان کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمیناری ئەدەبی و زمانەوانی و پەروەدەیی ئەنجامداوە.
- ئەو تا پێش کۆچکردنی لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی زۆر چالاک و

ڕاشکاوانە بیر و باوەڕ و هەڵوێستی خۆی دەربارەی گیروگرفت و کێشەکانی زمان و پەروەردە و بابەتی هەمەجۆری دیکەی خستووەتە ڕوو.

لە ڕۆژی ٢٣-١٢-٢٠٢١ بە هۆی تووشبوونی بە نەخۆشیی کۆرۆنای نەگریس، لە نەخۆشخانەیەکی هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕەوانی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:

١ - وتارێکی دکتۆر وریا عومەر ئەمین لە ماڵپەڕی فەیسبووکی لە ٢٤-١٢-٢٠٢٢.

٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی دکتۆر سەلام ناوخۆش، لە ١-٨-٢٠٢٢.

٣- -Youtube، فلیمێکی دوکیومێنتاری لە XYZ .

٤ - فلیمێکی دوکیومێنتاری لە Youtube، لە ئامادەکردنی نووسەر سەنگەر حەسەن نەجیم.

٥ - کوردیپیدیا.

٦ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕۆژ هەڵەبجەیی

شاعیر و پەخشاننووس، ئەو بەشی زۆری شیعرەکانی بە شێوازی سریالی(فوق الواقعیة) دەنووسێت، پۆستەرە شیعر و هایکۆش دەنووسێت، خاتوو ڕۆژ هەڵەبجەیی..

ناوی تەواوی(ڕۆژ محەمەد لایق حەسەن)ە، لە شاری هەڵەبجەی شەهید لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری هەڵەبجە تەواوکردووە، پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی تەواوکردووە و بۆتە مامۆستا لە شار و شارۆچکەکانی سلێمانی، دواتر بۆ ناو شاری سلێمانی، ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە.



شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی بە منداڵی

شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی هەر لە منداڵییەوە سەوداو عەشقی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە، هێشتا قوتابیی سەرەتایی بووە، شیعری عامودی نووسیوە و پیشانی هاوپۆلەکان و مامۆستای زمانی کوردی داوە، ئەوانیش پێیان جوان و باش بووە و هانیان



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر و چیرۆکنووس ڕەئوف بێگەرد، شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی**

داوە کە بەردەوام بێت لە نووسینەکانی، ئەو شیعری ئازاد و نوێخواز دەنووسێت، یەکەم نۆبەرەی شیعری خۆی لە ساڵی ١٩٨٧ بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ بە هۆی کیمیابارانی کردنی شارەکەیان(هەڵەبجە) لە لایەن ڕژێمی بەعس، ئاوارەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، ماوەیەک لە خوێندنەوە و نووسینی شیعر دوور کەوتۆتەوە، دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە هاتۆتەوە باشووری کوردستان و لە شاری سلێمانی نیشتەجێ بووە، هاوڕێیەتی و ئاشنایەتی لەگەڵ زۆر لە شاعیرانی نوێخواز و هاوچەرخ و ڕۆشنبیرانی سلێمانی و هەموو کوردستان پەیدا کردووە لەوانە شاعیران( نەمر شێرکۆ بێکەس، ، قوبادی جەلیزادە، دڵشاد عەبدوڵڵا، جەمال غەمبار و چەندانی دیکە).

بۆیە ئەمجارە بە گڕوتینێکی بە هێز چۆتەوە مەیدانی شیعر و پەخشاننووسین، وەکو کچە کوردێکی ئازاو بوێر، بە شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی شیعر دەنووسێت، شیعرەکانی بە شێوەی(سریالی)،

دەنووسێت، کەرەستە واقیعیەکان بە شێوەی(ڕەمز)، خەون و خەیاڵەکانی بە  تابلۆی جوان و ئاست بەرزتر لە واقیعیەت دەنەخشێنێ و دەیانخاتەڕوو.

شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی، هۆنراوە(قەسیدە) و شیعری پۆستەر و هایکۆ دەنووسێت، شیعری نیشتمانپەروەری، جوانیی سروشتی کوردستان، ئەڤینی، کێشە و نەبوونی یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، هەموو ئەوانە و خەمی خۆی و خەڵک و میللەتەکەی لە شیعرەکانی ڕەنگی داوەتەوە، هەمووشی بە زمانێکی کوردیی سادەو ساکار و ڕەوان نووسیوە، لە نیوەی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو تاوەکو ئێستا (٧) کۆمەڵە شیعری لە چاپداوە، پێنج کۆمەڵە شیعری لە دیوانێکی شیعری بە ناوی(دیوانی ڕۆژ هەڵەبجەیی) لە چاپداوە و دوو کۆمەڵەی دیکەشی بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانەن:

- تارمایی پێی مەراقێک، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٠.
- نەخوڕەی دەرگایەک نە قومێک کەس، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٢.
- تا خەو دائەگیرسێ بنوو، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٤.
- ئەو موناجاتێکە لە چاوەکان، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٦.
- پاییزێک بە پاڵتۆی کانوونێکەوە، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠٠٨.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی، شاعیر خاتوو کەژاڵ ئەحمەد**

پێنج کۆمەڵە شیعری لە دیوانێکدا چاپ کردووە بە ناوی دیوانی(ڕۆژ هەڵەبجەیی).

- نیشتەجێی نیشتمانێکم نەخۆشخانە، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ٢٠١٧.
- دێرێک دارستان و تاڵێک چۆلەکە، کۆمەڵە شیعر، ٢٠٢١.

کۆمەڵێک پەخشانی ناسک و جوانیشی نووسیوە و ئامادەیە بۆ چاپ.

شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی لە تەک نووسینی شیعر و پەخشان چەندین



لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو ئەرخەوان ڕەسووڵ، شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی، نووسەر محەمەد موکری





شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی



**له لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نە ناسراوە، شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی**

چالاکی لـه بـواری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیری نوانـدووە، ئەمانـه هەندێکیانـن:

- بەشـداریی بەشـی زۆری فیسـتیڤاڵی سـاڵانەی گەلاوێـژی کـردووە، لـەو فیسـتیڤاڵانه(٥) جـار خەڵاتکـراوە.
- له فیستیڤاڵی ڕۆشنبیریی سلێمانی خەڵاتی یەکەمی وەرگرتوە.
- لـه فیسـتیڤاڵی ژنـان کـه یـەک جـار لـه سـلێمانی ڕێکخـراوە خەڵاتـی دووەمـی پێ بەخشـراوە.
- لـه فیسـتیڤاڵی پیرانشـار کـه لـه ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان سـازکراوە، هـەر لـه ڕیـزی یەکەمـەکان بـووە.
- دەیـان پارچـه شـیعر و پەخشـانی لـه ڕۆژنامـه و گۆڤـاره کوردییـەکان بڵاوکردۆتـەوە لەوانه(ئاینـدە، هەنـار، رامـان، کاروان، کوردسـتانی نـوێ، هەولێـر و چەندانـی دیکـه).
- دەیـان جـار خـەڵات و ڕێزلێنانـی لـه لایـەن دەزگا ئەدەبی و ڕۆشـنبیرییەکان بـۆ کـراوە.

دەیـان جاریـش کراوەتـه لێژنـەی(دادوەری- تحکیـم) لـه کێبڕکێـی شـیعری ئـازاد و هاوچـەرخ، لەوانـه فیسـتیڤاڵەکانی(گوڵەعەنبەر و شـارەزوور و هەڵەبجه و(هایمـا) لـه سـلێمانی و لەسـەر ئاسـتی عێراقیـش کـه لـه بەغـدا ئەنجامـدراوە.




**بەرهەمەکانی شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی**

- بەشداریی لە کۆڕی شیعر خوێندنەوە لە زۆربەی شار و شارۆچکەکانی کوردستان کردووە.

شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی، هێشتا زۆر چالاکە لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی، ناوە بە ناوە، ئەدەبدۆستان و هەوادارانی خۆی بە پارچە شیعرێک یان قەسیدەیەک یان پەخشانێکی جوان و ناسک بەسەر دەکاتەوە، هەر سەرکەوتوو و سەفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و شیعر و ووشەی کوردی.

وا پارچە شیعرێک و چەند پۆستەرە شیعر و چەند هایکۆیەکی شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی- تان بۆ دەنووسمەوە:

ژنبوون
من بەهەموو بوونمەوە تۆم هەبوو،
تۆ سەرەتایی سەفەرێکت ڕاپێچ کرد،
تا بچیتە ناخمەوە بگەیتە کۆتایی..
من دەستم کردە ملی سەفەرێک،
تا دووری ڕاکێشم ، نزیکی فرێدەم..

بۆ ئەوەی بزرت نەکەم ،
چوومە قوڵایی شەڕەکانتەوە..
تا شەڕ هەبێت دەکەومە قەراغتەوە
تا شەڕ هەبێت، لەهزرما دەخولێیتەوە..
تا چاوەڕوانی هەبێت ، نزیکم لەسەرەتاوە..
ئاخر چاوەڕوانی، ناچێتە چاوی کۆتایی..
مرۆڤ واتە چاوەڕوانی، واتە لێدانی دڵ
ئەم ڕۆشناییەم وشکی کرد
ئەوەندە کۆتاییت تۆخ کرد، یەقینم گرتەوە،
من بۆ ئەوەی نەگەمە کۆتایی،
هێرشێک بۆ شعور دەکەم ،
تا ژنبوونم لێ نەکەوێ..
ژنبوون گۆچانە بۆ هەستانەوە !

پۆستەرە شیعر:
١
داگیرسان...کوژانەوە
درەخت ئاوەدانی
باخچەیە ئەمە چڵێکە لەداگیرسان..
بەرد چاو دائەگرێ
لەتەنهایی،
ئەمە کوژانەوەیەکە ،
لەڕۆحمان!!

٢

خەیاڵێک دائەگیرسێ،

لەگوڵەگەنمێکدا

خەونی

برسییەکان...

خەیاڵێک دەکوژێتەوە،

گوڵاڵەسورەیەک

نەخۆش بەقاچی ڕەشەبا!

٣

مناڵێک دائەگیرسێ بە،

بەرز بوونی باڵای...

پیرێک دەکوژێتەوە،

بە دەست هەڵبڕینی مردن!

٤

باڵندەیەک قریوە دەپۆشێ،

ئاسمان بەدەستەسڕی ،

شین دائەگیرسێ..

باڵندەیەک بەترسێک دەکوژێتەوە،

ئاسمان بەهەور دەپژمێ !

٥

(با) لەئینجانەدا هەناسە ئەدا،

ئەمە داگیرسانی گوڵێک..

(با) لەتابووتێکدا ڕادەکشێ،
ئەمە کوژانەوەی ئینسان

*********

شیعری هایکۆ:

تک،تک تێرامان
لم پێڵاوی بیابانە،
کاسکێتی شاخیش بەفر

٢
تابووتی مرۆڤەکان دارەمەیتە،
هی گوڵەکانیش ئینجانە

٣
کۆیلە بوونی باڵندە قەفەسە،
هی مرۆڤیش بەندیخانە

٤
لە ناوشانی شاخدا داربەڕوو دەڕوێ،
لە هەناسەی بیابانیشدا، لم

٥
کەروێشکەی گیا ڕیشی زەوییە،
پشتوێنی کەمەریشی گوڵاڵە سوورە

٦

که دیواری دڵ درزی برد،

ماڵئاوایی هەڵدەچنێ،

مەحەبەت

٧


زۆر جار گوڵ کە دەشنێ

لەناو پاکی ئینجانە نا، لەزبڵخانە

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر ڕۆژ هەڵەبجەیی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد تۆفیق وەردی

خاوەنی دەقی سروودی ئەی شەهیدان ....

ئەی شەهیدان نامرێ ناو و نیشانتان

شاعیر و نووسەر و مێژوونووس و کەلتوور و فۆلکلۆر و داستانناسی دیاری کورد، ڕەوانشاد محەمەد تۆفیق وەردی....

محەمەد تۆفیق وەردی لە ساڵی ١٩٢٣ لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی کۆیە لە دایک بوو، لە ساڵی ١٩٤١ خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری کۆیە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٤٤ خانەی مامۆستایانی لە بەغدا تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە شارۆچکەی(تەقتەق و قەڵادزێ)، ئەو هەر زوو ڕێبازی(چەپ- چەپڕەو)ی گرتۆتەبەر بەم هۆیەشەوە تووشی ئازار و ئەشکەنجە و ڕاونان و گرتن هاتووە، لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٥ ئەو کاتەی مامۆستا بووە لە قەڵادزێ پەیوەندی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە و خۆی گەیاندۆتە شاری مهاباد، لە ٢٢-١-١٩٤٦ کە کۆماری دیموکراتی کوردستان(مهاباد) بە سەرۆکایەتیی شەهید قازی محەمەد دامەزراوە، ئەو بەشدار بووە لە ئاهەنگی دامەزراندن و ڕاگەیاندنی ئەو کۆمارە ساوایەی کورد، بە شیعر

و نووسینەکانی خزمەتی کردووە، لە سروودە بەناوبانگەکەی بۆ کۆماری مهاباد کە دەڵێت:

**میللەت بە شۆڕش دەبێ ڕزگاری**

**لە دەست خوێن مژین لە چنگ بەدکاری**

**بە سوڵح و خۆشی هەق وەرناگیرێ**

**بۆ کرێکار و چینی جووتیاری!**

ئەو دەوری(١١) مانگ لە مهاباد بووە، لەوێ ئاشنایەتییەکی باشی پەیدا کردووە بە خوێندنەوەی بابەتی فۆلکلۆری و کەلتووری و نووسینەکانی ئەدیب و نووسەرانی قەوقاز بە پیتی(لاتینی-سلاڤی)، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد لە ٧-١٢- ١٩٤٦ بە ماوەیەکی کەم گەڕاوەتەوە کۆیە و بێ کار و کاسبی ماوەتەوە، چۆتە ڕیزی حیزبی شیوعیی عێراقی-ڕێکخستنەکانی کوردستان و بەردەوام بووە لە چالاکییە سیاسییەکانی، پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ وەکو مامۆستا گەڕاوەتەوە سەر کارەکەی، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە، چەندین هۆنراوە و سروودی سیاسی و نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ پاڵپشتیی چینی هەژار و



**محەمەد تۆفیق وەردی لە ناوچەی تەق تەق**

کاسبکاران دژی دەرەبەگ و چەوسێنەرەکان نووسیوە لەوانە سروودی تاکەی؟ کە دەڵێت:

**تاکەی؟**

**تاکەی هەژار بێ چارە بێ**

**سەرسام و مەست ئاوارە بێ**

**تاکەی دوو دڵ بێ کارە بێ**

**حەیفە ژین و حاڵی وەها**

**بۆ دەوڵەمەند بخوا پڵاو**

**ئێمەش نەمان بێ نان و ئاو**

**بۆ چی دۆشەک پێخەفی بێ**

**ئێمەش لبادێکمان نەبێ.**

شاعیر و نووسەر و فۆلکلۆرناس محەمەد تۆفیق وەردی لە ماوەی ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی خۆی (٣٩) کتێبی لە بواری شیعر و فۆلکلۆر و کەلەپوور و کەلتوور و مێژوو و داستانە نەتەوایەتییەکانی کورد بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاویکردوونەتەوە، دیارترینیان ئەمانەن:

- حەسەن و مریەم،ساڵی ١٩٥٥.
- ناسر و مار مار، ساڵی ١٩٥٥.
- ئەنجامی داوێن پیسی، ساڵی ١٩٥٦.
- گوڵی ناکام، بەغدا ساڵی ١٩٥٧.
- خانزاد و لەشکری، بەغدا ساڵی ١٩٦٠.
- مامەیارەی قارەمان، بەغدا ساڵی ١٩٦١.
- فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم و دووەم ساڵی ١٩٦١، بەشی سێیەم ساڵی ١٩٧٢.
- هەندێ لە بەیت و هەڵبەستەکانی عەلی بەردەشانی، بەغدا ساڵی ١٩٧٢.

- چوونی بارزانی قارەمان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت، ساڵی ١٩٦١.
- سەرەتایەک لە مێژووی میللەتی کورد، وەرگێڕان، ساڵی ١٩٥٧.

ئەمەو جگە لە چەندین بەرهەمی دیکە لە بواری شیعر و شانۆنامە و مێژوو کە لە چاپ نەدراون.

ئەو خاوەنی سروودی ئەی شەهیدانە، کە لە هەموو بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی پەیوەند بە شەهیدان لێدەدرێت و وەکو ئەی ڕەقیب سروودێکی زیندووە و هەمیشە و هەرگیز بە بەرزی و زیندوویی دەمێنێتەوە، وا تەواوی دەقی سروودی ئەی شەهیدان-تان بۆ دەنووسمەوە:

**ئەی شەهیدان ....**

**ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان**

**ئێوە بوونە ڕەهبەری ئێمە**

**بوونە پشت و سەنگەری ئێمە**

**ئەی شەهیدان .....**

ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان

**تاجی بەرزیتان لە سەرنا**

**دوژمنی گەلتان وە دەرنا**

**ئەی شەهیدان ....**

**ئەی شەهیدان نامرێ ناونیشانتان**




**گڵکۆی نووسەر**
**محەمەد تۆفیق وەردی.**

**تا شەهید خوێنی نەڕێژێ**

**تاکو گەل تاڵی نەچێژێ**

**ئەی شەهیدان .**

**ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشنتان**

**داری ئازادی شین نابێ**

**باخی ژینمان ڕەنگین نابێ**

**ئەی شەهیدان ....**

**ئەی شەهیدان نامرێ ناوونیشانتان.**

نووسەر محەمەد تۆفیق وەردی لە ٢-١٢-١٩٧٥ لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە، هەر لەوێش بە خاک سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - Puk prees، دەنگی لایەنگران، وتارێکی نووسەر دانا حاجی لە ٢-١٢-٢٠١٣.

٢ - کتێبخانەی ئەلیکترۆنی کوردی- نووسەر محەمەد تۆفیق وەردی.

٣ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی(OPAC)، نووسەر کەریم شارەزا، شاعیر و نووسەر و فۆلکلۆرناس محەمەد تۆفیق وەردی ١٩٢٣-١٩٧٥، هەولێر.

٤ - کوردیپیدیا.

٥ - لاپەڕەی مۆزەخانەی پەروەردەی هەولێر، نووسینێکی نووسەر خەلیل عەبدوڵلا.

٦ -زانیاری و نووسینی خۆم.



# حەسەن قزڵجی

یاسا شکێن و سوننەت شکێن و داب و نەریت شکێن، نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ و زمانەوان، ڕەوانشاد حەسەن قزڵجی...


ناوی تەواوی(حەسەن کوڕی مەلا عەلی کوڕی مەلا محەمەد قزڵجی)یە، لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری(بۆکان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر لە دایک بووە، لە تەمەنی(٦)ساڵیدا لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر لای مەلا محەمەد فەوزی و مەلا ئەحمەد تورجانی و چەند شوێنێکی دیکەی کوردستان گەڕاوە بۆ درێژەدان بە خوێندن، لە ساڵی ١٩٤٢ بۆتە ئەندام لە(ژ.ک- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان) لەژێر ناوی نهێنی(ژیر) درێژەی بە خەباتی سیاسی داوە، پاشان بووەتە فەرمانبەر لە مهاباد و لە گەڵ چەند ڕۆشنبیرێکی دیکە لە بۆکان یەکێتیی نەوجەوانانی کوردستانیان پێکهێناوە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە بۆکان گۆڤاری(هەڵاڵە)ی وەک زمانحاڵی کۆماری کوردستان لە مهاباد دەرکردووە، وتار و وەرگێڕانیشی تێدا بڵاوکردۆتەوە، پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مهاباد بە ناچاری ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە، لە دێی(سیتەک) لای شێخ لەتیفی حەفید نیشتەجێ بووە، دواتر چووەتە بەغدا، لەوێ کرێکاری و چاپچێتی و لە چێشتخانەی (عەبدوڵڵا شەریف) وەکو(کاتب) کاری کردووە،


لـە سـاڵی ١٩٥٣ حکومەتـی ئەوسـای عێـراق سـاڵێک دەسـتگیری کـردووە و ناردوویانەتـەوە ئێـران، بـەڵام ئـەو توانیویەتـی لـە دەسـت پۆلیـس ڕابکات و گەڕاوەتـەوە عێراق لـە بازیـان خەریکی توتنەوانی بـووە، پاشـان گەڕاوەتـەوە بەغدا لای شـاعیر هـەژار موکریانـی.

پاش شۆڕشـی ١٤ ی گەلاوێژی ١٩٥٨ لـە تـرس ڕزگاری بـووە و دەسـتی بـە نووسـین کـردووە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییەکانـی ئـەو کات، لـە سـاڵی ١٩٦١ چۆتـە وڵاتـی بولگاریـا و لـەوێ لەگـەڵ کەریمـی حیسـامی، وەکـو بێـژەر لـە ڕادیۆی(پەکـی ئێـران) دەسـت بـەکار بـووە و لەگـەڵ دکتـۆر قاسـملۆ و کەریمـی حیسـامی ڕۆژنامەی(کوردسـتان)یان دەرکـردووە، کـە تـا ئـاداری سـاڵی ١٩٧٠ بـەردەوام بـووە و(٢٦) ژمـارەی لـێ دەرچـووە.

نووسـەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ حەسـەن قزڵجی پاش ڕووخانی ڕژێمی شـای ئێران گەڕاوەتـەوە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و وەکـو ئەندامێکـی حیزبـی تـوودە چالاکیـی نوانـدووە و دواتـر بۆتـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەندیـی ئـەو حیزبـە و لـە بەشـی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاری کـردووە، بەشـداریش بـووە لـە دەرکردنـی ڕۆژنامـەی (نامـەی مـەردم) کـە زمانحاڵـی حیزبـی تـوودە- لقـی بۆکان بـووە، کـە حکومەتـی ئیسـلامیی ئێـران بڕیـاری قەدەغەکردنـی حیزبـی توودەی داوە، لە ٥-٢-١٩٨٣، دەسـتگیرکراوە و پاش ئازار و ئەشـکەنجەیەکی زۆر لـە ٢٨-٩- ١٩٨٥ لـە زیندانـی (ئێڤیـن- ئەڤیـن) لـە تـاران کۆچـی دوایـی








بەرهەمەکانی نووسەرو چیرۆکنووس حەسەن قزڵجی




کـردووە و لەژێـر چاودێریـی حکومـەت، تەرمەکـەی لـە گۆڕستانی(بەهەشـتی زارا) ی تـاران لـە شـوێنێکی نادیـار بـە خـاک سـپێردراوە.

نووسـەرو چیرۆکنـووس حەسـەن قزڵجـی، زمانەکانـی تورکـی و فارسـی و عەرەبـی و بولـگاری و ڕووسـی زانیـوە، ئـەو وەکـو وەرگێـڕ کۆمەڵێـک شـاکاری جیهانـی وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، شـارەزاییەکی باشـی لـە هەمـوو شـێوەزارەکانی کـوردی هەبـووە، هەرچەنـدە بەشـی زۆری نووسـینەکانی بـە شـێوەزاری موکریـان نووسـیوە، بـەڵام هەورامـی و سـنەیی و شـارەزووریش لـە نووسـینیەکانی بەرچـاو دەکەوێـت، جگـە لـە چیرۆکەکانـی کۆمەڵێـک وتـاری وەرگێـڕدراوی سیاسـی و فیکـری و فەلسـەفیی و ڕەخنەیـی نووسـیوە و دەیـان وتـاری زانسـتی لـە ڕادیـۆی (پەکـی ئێـران) بڵاوکردۆتـەوە کـە لەسەر(مارکسـیزم و لینینیـزم و دیالێکت و ستراتیژ و شۆڕشـی کۆمەڵایەتی و ماتریالیزم و سـەرمایەداری و پەیوەندییەکانی بەرهێنان و چینەکانی کۆمەڵگا و دەوڵـەت و تێوری پراکتێک و شـێوەکاری و چەندیـن بابەتـی دیکـە)، ئـەو پیاوێکـی چەپـڕەو بـووە، بەشـی زۆری نووسینەکانیشـی پشـتگیری لـە چینـی کرێـکار و کاسـبکار و هـەژاران کـردووە، ئەمـەش لـە چیرۆکەکانـی و نووسـینەکانی بـە زەقـی ڕەنگیداوەتـەوە.

**بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:**

- سـەرجەمی بەرهەمـی حەسـەن قزڵجـی، لـە سـاڵی ٢٠٠٣ لەلایـەن نووسـەر محسـین قزڵجـی، لـە کتێبێکـی(٥٥٠) لاپەڕەیـی لـە باشـووری کوردسـتان چاپکـراوە.
- پێکەنینـی گـەدا، کـە بریتییـە لـە(١٤) کورتـە چیـرۆک، پێکەنینـی گـەداش یەکێکـە لـە چیرۆکـەکان، دوو جـار چاپکـراوە، جـاری یەکـەم سـاڵی ١٩٨٥ لـە بەغـدا بـە شـێوەی نامیلکەیـەک لـە چاپخانەی(عـلاء) چاپکـراوە.

- ئاشتیخوازی لادێی و پەیمانی دوو لایی، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر عەبدولڕەحمان زەبیحی، بەغدا ساڵی ١٩٥٩.
- هەر دوو چیرۆکی(چەکمە ڕەق و بێچووە قەڵ) لە زیندان لێی فەوتاوە.

ئەم بەرهەمانەشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:

- مەرگی فەرمانبەر، خۆکوشتن، لە نووسینی ئەنتۆن چیخۆف.
- چارە ڕەشەکان، چیرۆک، فیکتۆر هیگۆ.
- پەنجەرەیەک بەرەو ڕۆژئاوا، لە نووسینی عەزیز نەسین.
- عیشق(ئەڤین) ئیڤانۆڤ، ئەو نووسەرە بولگارییە زیاتر بە ناوی(ئێلین پێلین) ناسراوە.
- هەندێ لە شاکارەکانی ئەم نووسەرانەش(شۆلۆخۆف، مەکسیم گۆرکی، ئۆ- هانری ئەمەریکی.

**بەرهەمە چاپنەکراوەکانی:**

- تیۆری ئەدەبی، وەرگێران لە زمانی بولغارییەوە.
- زاراوەی سیاسی کۆمەڵایەتی، وەرگێران.
- چەند کورتە چیرۆکێکی(ئەنگیل کارالچیڤ، لە بولگارییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.


ئەو وەکو نووسەر و ڕۆژنامەنووسیش دەیان وتاری هەمەجۆری لەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانە بڵاوکردۆتەوە(گۆڤاری کۆڕی زانیاری کوردی، هەڵاڵە، نووسەری کورد، بەیان، ڕۆشنبیری نوێ، کاتێک گەڕاوەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕۆژنامەی(نامەی مەردم).

نووسەر حەسەن قزڵجی لە هەندێ لە چیرۆکەکانی وەکو(خەملی پەمۆ، عادەتی بازار، سەرفیترە، شەهیدی زوڵمە، پێکەنینی گەدا)، ئیستیعارە و تەشبیە و ئیشاراتی بەکارهێناوە، دەتوانین بڵێین: تەنز ئامێزن.

زۆر هاوڕێی هەژاری شاعیر و نووسەر عەبدولڕەحمان زەبیحی بووە، هەژاری شاعیر لە کتێبی(چێشتی مجێور)دا بە خۆیانی وتوە:(سێ تفەنگدار).











بەرهەمەکانی نووسەرو چیرۆکنووس حەسەن قزڵجی

لە ٢٦-١١-٢٠١٦ بە بۆنەی(١٠١)ەمین، ساڵرۆژی لە دایک بوونی مامۆستا حەسەن قزڵجی بنکەی ڕۆشنگیری لە شاری کۆلۆنی ئەلمانیا کۆڕیکی یادکردنەوەیان ئەنجامداوە، کە تیایا کتێبی(پێکەنینی گەدا) بە زمانی فارسی نمایشکراوە، هەر بەم بۆنەیەش کتێبیک بە ناوی(کۆڕ یادی(١٠١) ساڵەی مامۆستا حەسەن قزڵجی) چاپکراوە، هەریەک لە نووسەران (ئەنوەر سوڵتانی، حەسەن ئەیوب زادە، ڕەشاد مستەفا سوڵتانی، فاروق فەرهاد و چەندین نووسەری دیکە) تیشکیان خستۆتە سەر ژیان و بەرهەم و خەباتی سیاسی ئەم نووسەرە مەزنەی میللەتەکەمان.

لەم کتێبەدا لە نووسینێکی نووسەری مافناس حەسەن ئەیوب زادەدا هاتووە: پێشەوا شەهید قازی محەمەد سەرۆک کۆماری مهاباد، لە خۆشی وتارێکی حەسەن قزڵجی بە هێمن موکریانی شاعیری وتوە:(ئەو نووسەرە بە قەدر و قیمەتە خۆی ستەم لێکراوتر لە حەمە ڕەش بووە).هەر لە لاپەڕە(٤٠)ی ئەم کتێبەدا لە نووسینێکی نووسەر ڕەشاد مستەفا سوڵتانی دا هاتووە سەبارەت بە نووسەر حەسەن قزلچی، کە تێیدا دەڵیت: بە قەولی شاعیر و نووسەر فەرهاد شاکەلی (کۆماری مهاباد جوانەمەرگ کراوە، لەو هەموو تەقەمەنی و چەکە هیچمان بۆ نەماوەتەوە، تەنها بەرهەمەکانی هێمن و هەژار و عەبدولڕەحمان زەبیحی و حەسەن قزڵجیێ نەبێت، ئەم ئازادیخواز و نیشتمانپەروەرانە ناچار کراون ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەجێبێڵن و ڕوو لە باشووری کوردستان بکەن، حەسەن قزڵجیش یەکێک بووە لەو ئازادیخوازانەی کە ژیانی ئاوارەیی هەڵبژاردووە و ناچار بووە بۆ ژیانی

ڕۆژانـەی توتنەوانـی و کرێـکاری و چاپچییاتـی و وێنەگـری و جووتیـاری بکات، ئـەو وەکو کوردێکی(دیاسـپۆرا) لـە بولگاریـا بەرهـەمی جوانـی پێشـکەش بـە گەلـی کـورد کـردووە).

لـە سـاڵی ١٩٩٨ لـە هەولێر نووسـەر و ڕۆژنامەنووس ئـازاد عەبدولواحید و نووسـەر مەحمـود زامـدار لـە هەیڤپەڤینێکدا لەگـەڵ نووسـەر شـوکر مسـتەفا، لەژێـر ناونیشانی(گەشـتێک بـە نـاو زمـان و فیکـر و ئیسـتاتیکادا) ئەنجامیـان داوە و لـە گۆڤاری(رامـان) بڵاوکراوەتـەوە، تێیـدا نووسـەر شـوکر مسـتەفا باسـی ژیـان و بەرهـەم و بیرەوەرییەکانـی لەگـەڵ نووسـەر حەسـەن قاڵچـی کـردووە.

**سەرچاوەکان:**


تێبینی: نووسـینێکی شـاعیر و نووسـەری دیاری کـورد فەرهـاد شـاکەلی کە بە زمانـی ئینگلیـزی دەربارەی نووسـەر حەسـەن قزڵجی نووسـیوە، نووسـەر ڕەشـاد مسـتەفا سـوڵتانی وەریگێڕاوەتـە سـەر زمانـی کـوردی، منیـش دەقـی وەرگێڕانەکەی ئـەوم وەکو خـۆی نووسـیوە.

١ - مامۆسـتا حەسـەن قزڵجـی لـە مێـژووی کۆمـاری مهابـاد، لـە نووسـینی نووسـەر حەسـەن ئەیـوب زادە.

٢ - کۆڕیادی(١٠١)ەمین، سـاڵڕۆژی لـە دایکبوونـی مامۆسـتا حەسـەن قزلچـی، بنکـەی ڕۆشـنگیری. لـە مانگـی ١١ی سـاڵی ٢٠١٧ ئەڵمانیـا.

٣ - کوردیپیدیا.

٤ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.

٥ - وتارێکی نووسەران ڕەفیق ساڵح و سدیق ساڵح ، بنکەی ژین ، ٢٠٠٧.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی دەنگەکان، لە ٢٩-١١- ٢٠١٦.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین

مامۆستای زانکۆ و نووسەر، مێژوونووس و توێژەر و لێکۆڵەر، دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین...

ناوی تەواوی(ئەحمەد حەمەدەمین ئۆمەر حەمەدەمین عەلی)یە، لە ٢٣-١ -١٩٧٧ لە گەڕەکی(مەنتکاوە)ی ناو شاری هەولێر لە خانەوادەیەکی هەژار و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی (کنێر)ی سەرەتایی و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی لە ئامادەیی(کاروان) تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٩٦-١٩٩٧ لە بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین وەرگیراوە و ساڵی ٢٠٠٠ بە ڕیزبەندی(شەشەم)لەسەر هاوپۆلەکانی تەواوی کردووە و لە ٢٥-١١-٢٠٠٠ بە پلەی یاریدەدەری توێژەر لە سەرۆکایەتیی زانکۆی سەلاحەدین دەست بەکار بووە، لە ١٢-٢-٢٠٠٦ ناسناوی مامۆستای یاریدەدەری پێ بەخشراوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بڕوانامەی ماجستێری لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، لە ساڵی



دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین
بە منداڵی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر کامەران محەمەد حاجی، دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین، نووسەر و ڕۆژنامەنووس مومتاز حەیدەری، دکتۆر شاخەوان سابیر**

٢٠١٤ دکتۆرای لە هەمان پسپۆڕی و هەمان زانکۆ وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠١٧ پلەی زانستیی پرۆفیسۆری یاریدەدەری وەرگرتووە، ئێستاش وەکو مامۆستا لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی سەلاحەدین لە خزمەتکردن بەردەوامە.

دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە، دەستی بە نووسین کردووە لە بواری پسپۆڕی خۆی، کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و بە نرخی لە بوارەکانی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد و کەسایەتییە مێژوویی و ناودارەکانی کورد، بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی، بە زمانێکی کوردی سادە و ساکار و پاراو نووسیوە، ئەو(١٢) بەرهەمی لە چاپدراوی هەیە لەگەڵ زیاتر لە(٢٤) توێژینەوەی زانستی کە هەموویانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، ئەمانە دیارترین بەرهەمە لە چاپدراوەکانییەتی:

- ڕواندز - ١٩١٨- ١٩٣٩، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، چاپی یەکەم ٢٠٠١، چاپی دووەم ٢٠٠٨.

- ئەندامە کوردەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی لە ڕۆژگاری پاشایەتیدا ١٩٢٥-١٩٥٨.
- دۆزی کورد، لە چەند باسێکی مێژووییدا،
- ڕەوتی چەپ لە باشووری کوردستان، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەک نموونە.
- پارتی دیموکراتی کورد- عێراق بەرەی پێشکەوتوو ١٩٥١- ١٩٥٦.
- چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق.
- وەهاب ئاغای ڕواندزی ١٩٠٩- ١٩٧٢.
- کاریگەری بەیاننامەی زەهاو ١٦٣٩ لەسەر کوردستان.
- بیبلۆگرافیای گۆڤاری ڕزگاری لە ٢٠ نیسانی ١٩٦٩- تا ٢٧ ئاداری ١٩٧٠.
- بارودۆخی سیاسی باشووری کوردستان لە ماوەی دانوستنەکانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان و ڕژێمی بەعسدا ١٩٨٣- ١٩٨٥.
- گۆڤاری دیوان لە یەکساڵی تەمەنیدا.
- مومتاز حەیدەری و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسی کوردیدا، ڕۆژنامەی



**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر خەلیل عەلی موراد، د. مەهدی محەمەد قادر، دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین، دکتۆر عەبدولفەتاح بۆتانی، د. دلێر شاوەیش، د. عوسمان محەمەد علی، ڕەوانشاد دکتۆر ئازاد عوبێد ساڵح**

هـاوكارى وەك نموونـە.

بەشـێک لـە لێکۆڵینـەوە و توێژینەوەکانـی دکتـۆر ئەحمـەد حەمەدەمیـن، کـە لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان و گۆڤـاری زانکۆکانـی کوردسـتان و گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی بڵاوکراونەتـەوە:

- ڕەنگدانـەوەی نووسـینەوەی مێژووی هەولێر، لـە ڕۆژنامـەی کوردسـتانی نوێ.
- سـەرژمێری پارێزگای(حەسـەکە) سـاڵی ١٩٦٢ لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان، هۆکار و ئەمجامەکانی، بە هاوبەشـی لەگەڵ مامۆسـتای یاریدەدەر نەهرۆ محەمـەد عەبدولقادر.
- پارتـی ڕەفـاه لـە تورکیـا، لـە بنەڕەتـدا، گۆڤـاری مێژوو، ژمـارە(٢١) سـاڵی ٢٠١٢.
- پەرەسـەندنە سیاسـییەکانی میسـر لـە مـاوەی حوکمڕانـی ئەنـور سـادات ١٠٧١-١٩٨١.



دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین بە خۆی و خێزانی و منداڵەکانی



**له لای ڕاستەوە باوکی دکتۆر ئەحمەد، دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین، دایکی دکتۆر ئەحمەد**

- خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران و جەماوەری هەولێر ساڵی ١٩٨٢، گۆڤاری کۆزان .
- سیاسەتی سووریا بەرانبەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا، ١٩٧٦- ١٩٨٨.
- پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و ئێران ١٩٥٨- ١٩٦٨.
- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.
- ودرۆ وڵسن، سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ١٨٦٥- ١٩٢٤، توێژینەوەیەکی مێژوویی لە ژیان و ڕۆڵی سیاسی و سەرۆکایەتی.
- دکتۆر خەلیل عەلی موراد، پیاوێک لێوان لێو لە ڕەوشت و زانست.
- پەرتووکی بەدرخانییەکان، ماڵباتێکی خەباتکار، خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و شیکارێکی بابەتییانە.
- لە پەڕاوێزی ڕۆژێک بۆ پێشمەرگە.




**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین، خاتوو ڕازی کچی**




**دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین لە کاتی خوێندنەوەی وتارێک**

- بیرەوەرییەکانی نوری شاوێس، هەڵسەنگاندن- ڕاستکردنەوە، گۆڤاری زانکۆی دهۆک.
- بایەخی نووسینەوەی مێژووی کورد لە ڕۆژنامەی هاوکاری ١٩٧٠-١٩٧٥، لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی(٢٤) ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ بڵاوکراوەتەوە.
- حیلمی عەلی شەریف و ڕۆڵی لە ڕۆژنامەنووسی کوریدا، بە هاوبەشیی لەگەڵ مامۆستا نەورۆز یاسین محەمەد، لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە(٥٢) ساڵی ٢٠٢٢ بڵاوکراوەتەوە.
- سیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریکا لە بەرانبەر دۆزی کورد لە باشووری کوردستان- شۆڕشی ئەیلول وەک نموونە، لە گۆڤاری کۆزانی ژمارە(٥) ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.



دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین، وەکو نووسەر و مامۆستای زانکۆ، چەندین چالاکیی دیکەی نواندووە، لە بوارەکانی ڕۆژنامەنووسی و میدیا و

ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و پیشەییەکان، کە ئەمانەن:

- سەرپەرشتیی(٤) نامەی ماجستێری قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدینی، کردووە و بەشداریش بووە لە گفتوگۆکردن لەسەر(٤) نامەی ماجستێر و (٤)نامەی دکتۆرا.
- بەشداری لە ژمارەیەک کۆنفراسی زانستیی زانکۆکانی کوردستان کردووە.
- ماوەیەک سەرپەرشتیار و ڕاوێژکاری بەرنامەی دوکیومێنتاری بووە، لە تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان.
- بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردییە.
- ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی دامەزرێنەری سەندیکای مامۆستایانی زانکۆ و پەیمانگاکانە.




**بەرهەمەکانی دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین**

دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین خێزاندارە و کچێک و دوو کوڕی هەیە بە ناوەکانی(ڕاز، ڕەوان، ڕەوین) خوا تەمەنی خۆی و هاوسەر و منداڵەکانی درێژ بکات، بۆ خۆشی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی مێژووی نوێ و هاوچەرخی کورد و زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیانی دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین کە لە سەر داخوازیی من ، بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی


خاوەنی کورترین(کورتیلە چیرۆکە)، مامۆستای پەروەردە و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، مامۆستا ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی....

ناوی تەواوی(ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی)یە، لە نەوەی(شێخ ئیسماعیلی ولیانی)یە، لە ساڵی ١٩٤٧ لە گوندی(عەوێنە)ی دەشتە پان و بەرین و جوان و ڕەنگینەکەی(شەمامک)ی سەر بە پارێزگای هەولێر، لە خانەوادەیەکی ئایینی و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(ئیبن خەلەکان و خەبات) تەواوکردووە، ناوەندی و دواناوەندیشی هەر لە شاری هەولێر تەواوکردووە و چۆتە پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان و بۆتە مامۆستا لە گوند و شار و شارۆچکەکانی هەولێر و دواتریش ناو شاری هەولێر، لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە تا خانەنشین بوونی بەردەوام بووە.



**چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی بە منداڵی**

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، هێشتا زۆر منداڵ بووەماڵیان



**لەلای ڕاستەوە:دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن- چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی**

هاتۆتە هەولێر، سەرەتای ژیانی لاویتی بە وەرزشی(لەش جوانی- کمال الاجسام) دەست پێ کردووە تا ساڵی ١٩٧٤ لە یانەی وەرزشیی(بروسک) کە تاکە یانە بوو لە شاری هەولێر، ئەندام و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یانەکەش بووە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٥ وازی لە وەرزش هێناوە، هەر لە هەمان ساڵ حەز و ئارەزووی کەوتۆتە سەر خوێندنەوەی زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی، هەر لە ناوەڕاستی هەمان ساڵ دەستی بە چیرۆکنووسین کردووە، نۆبەرەی بەرهەمی خۆی کە چیرۆکێک بووە بە ناوی(شووشەیێ خوێن) لە گۆڤاری(بەیان) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی کورتە چیرۆک و چیرۆکی درێژ و و ڕۆمان، ووەردە ووردە و بە بەردەوامیش لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی بڵاوی کردوونەتەوە لەوانە (گۆڤاری بەیان، ڕۆژنامەی هاوکاری، پاشکۆی عێراق، گۆڤاری کاروان، هەولێر، دیوان و چەندانی دیکە).


تا ئێستا چەندین چیرۆک و ڕۆمانی چاپ کردووە و بڵاویشیکردوونەتەوە، هەموو بەرهەمەکانیشی بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و جوان و ڕەوان، بە تام و چێژی دەشتی شەمامک نووسیوە، کە ئەمانەن:

- شووشەیێ خوێن، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٧٨.
- دیدارێکی دوور، چیرۆکێکی درێژە، ساڵی ١٩٨٤.
- چاوە ماندووەکان، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ١٩٨٥.
- خەم بە پێوەری ڕێختەر، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٣.
- کوڕی چیا، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٥.
- تووڕەبوونی ئاسمان، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٨.
- هەورازەکانی دنیا، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٥.
- بەفر یا ئەشکەوتی مراز، ڕۆمان، ساڵی ٢٠٠٣.
- فاتە، ڕۆمان، ساڵی ٢٠٠٤.



**لەلای ڕاستەوە: چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی- ڕەوانشاد شێرزاد عەبدولڕەحمان**







**چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی**

- کانەبیان، ڕۆمان، ساڵی ٢٠٠٩.
- پەنجاو دوو ڕۆژ لە دۆزەخدا، ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٤، ئەم ڕۆمانە لە لایەن نووسەر نەجات خۆشناو، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

- مەمەد تەعجیلی، ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٥.
- شەیتان، ڕۆمان، ساڵی ٢٠١٨.
- سەگەکە و من، ڕۆمان، ساڵی ٢٠٢٠.

لە ساڵی ١٩٧٨ کە کۆمەڵە چیرۆکی(شووشـەیێ خوێن)ی بڵاوکردۆتـەوە، لـە دوای ڕاپەڕین کۆمەڵێک لە هونەرمەندانی شاری سلێمانی کردوویانە بە فلیمێک لە تەلەفزیۆنە کوردییەکان پەخشکراوە.

چیرۆکنـووس و ڕۆماننـووس ڕەزا سـەید گـوڵ بەرزنجـی لـە ژیانـی ئەدەبـی




**بەرهەمەکانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی**

و ڕۆشنبیریی خۆی، سەرەڕای نووسینی چیرۆک و ڕۆمان، ئەم چالاکییانەشی هەبووە:

- ماوەیەکی زۆر لە گۆڤاری(ڕەنگین) بابەتی کەلەپووری و کەلتووریی کوردەواری بڵاوکردۆتەوە.
- بەشداریی لە دیداری یەکەمی چیرۆکی کوردی کردووە، کە لە هاوینەهەواری سەڵاحەدین بەستراوە، بەشدارییشی لە دیداری دووەمی چیرۆک کردووە کە لە هەولێر سازکراوە.
- بە چیرۆکی(ئاڵا) بەشداریی لە دیداری چیرۆکی(موحەرەم محەمەدین) کردووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێرە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری نووسەری نوێ بووە.
- چەندین جار لە لایەن یەکێتیی نووسەرانی کورد و بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەری لە هەولێر خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ کراوە.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، هێشتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیەتی و بەردەوامە لە نووسینە بە تام و چێژەکانی و بەردەوامیشە لە ئامادەبوون لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە کۆنفراسە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان کە لە شاری هەولێر و شارەکانی دیکەی کوردستان دەبەسترێت.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووس ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## ڕووناك شوانی

مامۆستای پەروەردە، نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ، خاتوو ڕووناک شوانی ....

ناوی تەواوی(ڕووناک عوسمان عەبدوڵڵا)یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە ڕووناک شوانی ناسراوە، لە گەڕەکی(قەڵا)ی کەرکووک لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەر لە دایک بووە، لە گەڕەکەکانی(ئیمام قاسم و ڕەحیماوە) بە هەستی و ڕوحی کوردایەتی پەروەردە و گۆشکراوە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بە زمانی عەرەبی لە شاری کەرکووک تەواوکردووە، لە ساڵی خوێندنی ١٩٨٤-١٩٨٥ بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، هەر لەبەر ئەوەی کورد بووە، لە شاری کەرکووک دایاننەمەزراندوە، بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ تا ساڵی ١٩٩١ وەکو مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی شاری سلێمانی دەست بەکار بووە، لە ساڵی ١٩٩٤ ڕووی لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی سوید نیشتەجێ بووە.

نووسەر و وەرگێڕ و ڕۆماننووس ڕووناک شوانی هەرچەندە قۆناغەکانی خوێندنی بە زمانی عەرەبی خوێندووە، بەڵام ئەو هەر لە منداڵییەوە عەشق و خولیای زمان و ئەدەبی کوردی بووە، هێشتا قوتابیی ناوەندی



له لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولکەیم شێخانی، نووسەر ڕووناک شوانی





نووسەر ڕووناک شوانی

و ئامادەیی بووە گرۆگاڵی نووسینی شیعر و پەخشان و کورتە چیرۆکی کردووە، لە سەرەتای نۆهەتەکانی سەدەی ڕابردوو بەرهەمەکانی خۆی لە شیعر و کورتە چیرۆک و وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

نووسەر و وەرگێڕ ڕووناک شوانی، جگە لە زمانی کوردی، زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئینگلیزی و سویدیش بە باشی دەزانێت، بۆیە

زۆر بە تواناییەوە چۆتە ناو دنیای وەرگێڕانەوە، ئەو چەندین شاکاری ناوازە و ئاست بەرزی لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و سویدییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ڕۆمانێکیشی بە کوردییەکی ڕەوان و پاک و پاراو نووسیوە، هەموو ئەوانەی لە چاپداوە و بڵاویشیکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- بەشی من( سهم من)، وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە، لە نووسینی پەرینوش سەنیعی، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، دەزگای ئاراس چاپی دووەم




**لە لای ڕاستەوە: نووسەر عەتا محەمەد، نووسەر ڕووناک شوانی، بەڕێز هاشم ئەحمەدزادە، نووسەر و ڕووناکبیر شێرزاد حەسەن**





**نووسەر ڕووناک شووانی، مۆسیقاژەن چیا مەدەنی، نە ناسراوە**



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر و نووسەر مهاباد قەرەداغی،**
**نووسەر حەمەی حەمەباقی، نووسەر ڕووناك شوانی**



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕووناك شوانی، نووسەر و ڕۆماننووس عەتا محەمەد**
**لە ساڵیادی کۆچی دوایی شاعیر و نووسەر ئەحلام مەنسور**

چاپخانەی غەزەلنووس، چاپی سێیەم دەزگای ئەندێشە.

- ڕوخسارە بەندکراوەکەم (چهرەی ممنوعەی من) وەرگێڕان لە فارسییەوە، لە نووسینی لەتیفە، چاپخانەی ئەندێشە، ٢٠١٣


- باوکی ئەو( پدر ان دیگری) وەرگێران لە زمانی فارسییەوە، لە نووسینی

پەرینووش سەنیعی، چاپخانەی ئەندێشە، ٢٠١٤، ئەو بەرهەمە سێ جار چاپ کراوەتەوە.

- منداڵە پێخاوسەکان( بچەهای پا برهنە) وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە بۆ زمانی کوردی، لە نووسینی تەقی کاغەزچی، چاپخانەی غەزەلووس، ٢٠١٦.
- ئەفغانی( افغانی) وەرگێڕان لە فارسییەوە بۆ کوردی، لە نووسینی عارف فەرمان، چاپخانەی غەزەلنووس، ٢٠١٩.
- ڕۆمانی (کەژاڵ) وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە بۆ کوردی، لە نووسینی مەندانە موعینی، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١.
- ڕۆمانی (ئەوانی ڕۆیشتن و ئەوانی مانەوە) وەرگێڕان لە فارسییەوە، لە نووسینی پەرینووش سەنیعی دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١.
- ڕۆمانی (پیاوێکی بێ چارەنووس) وەرگێڕان لە زمانی سویدییەوە بۆ کوردی، لە نووسینی ئیمرە کیرتێش، ٢٠١٥ چاپخانەی ئەندێشە.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەکیم کاکەوەیس، نووسەر ڕووناک شوانی**



**نووسەر ڕووناک شوانی لە قەڵای کەرکوک لەبەردەم گومبەتی سەوز**

- بیرەوەری (ئامینە کاکەباوە لە پێشمەرگایەتییەوە بۆ پەرلەمانی سوێد) بیرەوەری ئامینە کاکەباوە، لە سویدییەوە وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی، ٢٠٢٢.
- ڕۆمانی (نهێنییەکانی ئاگر) وەرگێڕان لە سویدییەوە، لە نووسینی هێنینگ مانکێل، دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٢.
- سەمای کەزی و ڕووبار( رقصة الجديلة و النهر) وەرگێڕان لە زمانی عەرەبییەوە بۆ سەر زمانی کوردی، لە نووسینی وەفا عەبدولڕەزاق، چاپخانەی ئەندێشە، ٢٠١٩.
- ڕۆمانی (ڕۆژ لێرەوە هەڵدێت) نووسینی ڕووناک شوانی.

نووسەر و ڕۆماننووس ڕووناک شوانی، هەر ڕۆماننووس و وەرگێڕ نییە، بەڵکو لە چەندین بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەیی چالاکی نواندووە لەوانە:

- لە چەندین ڕێکخراوی حکومی و مەدەنی، وەکو ئافرەتێکی ڕۆشنبیر و زمانناس و چالاکوان ڕۆڵی هەبووە، لە بوارەکانی مافی مرۆڤ، مافی منداڵان، مافی ژنان، ڕوونکردنەوە و ناساندنی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە




بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس ڕووناک شوانی

و جینۆسایدی کوردیدا کاری کردووه، بۆ ئاشناکردنی گەلانی ئەورووپا بەو زوڵم و زۆرییەی کە لە گەلی کورد کراوە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ ماوەیەک بە هاوکاریی هونەرمەندی ڕەوانشاد(مەرزیە فەریقی)، بەرنامەی (ژیلەمۆ)ی بۆ تەلەفزیۆنی (میدیا) کە ئەو کات تاکە تەلەفزیۆنی ئاسمانی کورد بووە، ئامادە کردووە.

لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، وەکو مامۆستای زمانی کوردی و عەرەبی لە وڵاتی سوید کاردەکات.

بۆ نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ، خاتوو ڕووناک شوانی هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ووشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ -کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر خاتوو ڕووناک شوانی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## جوان حاجۆ

خاوەنی ئەسلی گۆرانی؛

**تــە ئــەز کوشــتم نەســرینێ    دلــم خــوازە تــە ببینــێ**
**کولیــکا ســۆر و شــینێ    تــە ئــەز پیرکــر لــێ دینــێ**

گۆرانییەکانی ئەو، کلاسیکیی ڕەسەن، فۆلکلۆر، ڕیتمەکانی ئەرەبیسک و ڕۆک و پۆپ و جاز و هەموو ئەوانەیان تێدایە، هونەرمەندی گۆرانیبێژ جوان حاجۆ ...

هونەرمەند جوان حاجۆ لە ١٧-٨-١٩٥٧ لە گوندی(تربەسپیێ)ی سەر بە ناوچەی قامیشلۆ لە دایک بووە، ئەو لە بنەماڵەی حاجۆ ئاغایە لە پاش شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران ناوچەی(مێردین)یان بەجێهێشتووە و لە ڕۆژئاوای کوردستان لە قامیشلۆ نیشتەجێبووینە.

لە ماڵەوە ئامێری سازیان هەبووە، باوکی و مامی سازیان ژەنیوە، لە تەمەنی(١٠-١١) ساڵاندا دەستی بە ژەنینی ساز کردووە، دواتر لە تەمەنی(١٢-١٤) ساڵیدا دەستی بە گۆرانیی وتن کردووە، سەرەتا حەزی لە گۆرانیی کوردی(عەلەوی) کردووە، داوای لە دوڵبەری خوشکی کردووە بۆی چێ بکات، بەیەکەوە لە گەڵ خوشکی(١٠-١٢) گۆرانییان تۆمارکردووە،



هونەرمەند جوان حاجۆ لە چالاکییەکی هونەریدا

لە تەمەنی(١٤) ساڵیدا یەکەم کاسێتی خۆی تۆمارکردووە بە ناوی(ئەمینا ئەمینا).

هونەرمەند جوان حاجۆ لە تەمەنی(١٧) ساڵیدا لە شوێنێکی گشتی گۆرانی وتوە، لە ساڵی ١٩٧٩ چۆتە وڵاتی ئەڵمانیا لە زانکۆی(Ruhr university Bochum) دەستی بە خوێندنی مۆسیقا کردووە، لەم ماوەیەدا ئاشنایەتی لەگەڵ هەر یەک لە مۆسیقاژەنانی ئەڵمانی(تیۆ، لیۆ، ڕامس و Udo Herdst) پەیدا کردووە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرییان، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە مۆسیقای ڕەسەن و فۆلکلۆری کوردی بە تایبەتمەندییەکانی مۆسیقای پۆپ و ڕۆکی ئەوروپی و ڕۆژئاوایی بە شێواز و ستایلێکی تایبەت بە خۆی بڵێت و ئەلبومەکانی تۆمار بکات، دیارە ماوەیەکیش لە(نەرویژ) ژیاوە، مۆسیقاژەنانی ئەویش کاریان کردۆتە سەری و ئەزموونێکی باشی پەیدا کردووە.




بەشی زۆری گۆرانییەکانی هونەرمەند جوان حاجۆ نیشتمانپەروەری و شۆڕشگێڕی




**هونەرمەند جوان حاجۆ لەگەڵ گۆرانیبێژی تورك هۆلیا ئەڤشار**

بوون، بەڵام پاش ساڵی ١٩٩٩ کە هاوسەرگیری لەگەڵ خانمێکی ئایسلەندی کردووە، گۆرانییەکانی زیاتر بەرەو ئەڤینی و دڵداری چووە.

جوان حاجۆ تا ئێستا (١٦) ئەلبومی تۆمار و بڵاوکردۆتەوە کە ئەمانە؛(دیاربەکر، ئەڵمانیا ساڵی ١٩٨١، گولا سۆر، ئەڵمانیا ساڵی ١٩٨٣، لەیلا، ئەڵمانیا ١٩٨٥، گرتییێن ئازادییێ، ئەڵمانیا ١٩٨٧. چاو بێلا، ئەڵمانیا ١٩٨٩. سی وسێ گولێ، ستاڤانگیر- نەرویژ ١٩٩١، دووری، ستاڤانگێر- نەرویژ ١٩٩٤، بلوورا من، ستاڤانگێر- نەرویژ ١٩٩٧، دەستانا ئەگیدەکی ستاڤانگێر- نەرویژ ١٩٩٨، دەریا، ئۆسلۆ- نەرویژ ٢٠٠٣، نا نا، هامبۆرغ ئەلمانیا ٢٠٠٤، ڤەگەر، کە دووایین ئەلبومیەتی ساڵی ٢٠١٢).

هونەرمەند جوان حاجۆ لە ساڵی ٢٠٠٧ بەشداریی لە فلیمێکی سینەمایی بە ناوی(دۆل)کردووە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند هونەر سەلیم بووە.




لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕێگای پێدراوە بچێتە باکووری کوردستان لە شاری(باتمان) کۆنسێرتێکی

ئەنجامداوە کە زیاتر لە(٢٠٠) هەزار کەس ئامادە بووینە.

ئەو بە دوو قۆڵی لەگەڵ خانمە گۆرانیبێژی تورکی(هۆلیا ئەڤشار) گۆرانی وتوە.

هەروەها لە کاتی شەڕی داعش گۆرانی بۆ پێشمەرگە وتوە، هونەرمەند جوان حاجۆ گۆرانی بۆ شەهید شیفا گەردی وتوە لە شوێنێکدا دەڵێت:(شەهید شیفا بووەتە سیمبولی بوێری و بەرخودانی ژنانی کورد، بۆیە بە شانازییەوە گۆرانییەکم لە ئەلبومە نوێیەکەمدا لە بارەی ئازایەتی و نەبەردیی شەهید شیفا وتوە، لە ڕێوڕەسمی دابەشکردنی خەڵاتی جیهانی شیفا لەبەردەم ئامادەبووان و سەرۆکی پیشووی فەرەنسا پێشکەشم کردووە).


میلۆدیی گۆرانیی(تە ئەز کوشتم نەسرینێ) هی ئەوە و تێکستی گۆرانییەکەش هی(دلبەر)ی خوشکییەتی، چەندین گۆرانیبێژ ئەم گۆرانییەیان وتوە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ خاوەنەکەی بکەن.

ئەو خێزاندارە و خاوەنی دوو کچە بە ناوەکانی(لۆرین و ڕۆزا).

بۆ هونەرمەند جوان حاجۆ هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەر و گۆرانیی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Vin، ساڵی ٢٠١٨.
٢ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای ئازاد.
٣ - سایتی هەولێر لە ١٩-١٠-٢٠٢٢.
٤ - ماڵپەڕی مۆزیک و گۆرانیی کوردی، لە ٦-٨-٢٠١٧.
٥ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Sulyon لە ٢٨-٧- ٢٠٢٠.
٦ - Rudaw وتارێکی نووسەر هیوا سەلاح لە ٢٠-٣-٢٠١٩.
٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جان دۆست

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ، چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی دیاری کورد، مامۆستا جان دۆست...

نووسەر جان دۆست لە ساڵی ١٩٦٥ لە کۆبانیی ڕۆژئاوای کوردستان لە خانەوادەیەکی ئایینی و کوردپەروەر لە دایک بووە، باوکی مەلا بووە، لەسەر دەستی باوکی فێری خوێندن و نووسینی عەرەبی و کوردی بووە، ئەو دەڵێت:(لە شاری کۆبانی لە ماڵباتێکی ئەدەبدۆست و حەز بە هونەر لە دایک و گەورە بوومە، باوکم مەلا بووە فێری زمانی عەرەبی و دەرسی قورئانی کردم، هەردوو برا گەورەکانم شیعریان بە عەرەبی و کوردی دەنووسی، حوجرەی باوکم پڕ بوو لە کتێبی جۆراوجۆر)، قۆناغەکانی خوێندنی تەواوکردووە و چۆتە زانکۆی(حەلەب- حلب) بەشی بایۆلۆژی تەواوکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیت.

نووسەر جان دۆست سەرەتا بە شیعر نووسین دەستی پێ کردووە، یەکەمین دیوانی بە ناوی(قەڵای دمدم) ساڵی ١٩٩١ لە ئەڵمانیا لەچاپداوە و بڵاوی کردۆتەوە دواتریش لە ئەستەنبوڵ، (دیوانی جان) لە دوبەی و ئەستەنبوڵ بڵاوکردووەتەوە، پاشان دەستی بە کاری وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە کردووە، لە تەمەنی(٤٠) ساڵیدا دەستی بە ڕۆمان نووسین



شاعیر و ڕۆماننووس جان دۆست


کردووە، لە شوێنێکدا دەڵێت:(ئەو کاتەی دەستم بە ڕۆماننووسین کرد خۆم دۆزییەوە و کەوتمە سەر ڕێگای ڕاست و دروست).

نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ جان دۆست کۆمەڵێک بەرهەمی ئاست بەرزی لە شیعر و ڕۆمان و وەرگێڕانی شاکارە بیانی و عەرەبییەکان هەیە، چەندین شاکاری فارسی و کوردیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەش لە عەرەبییەوە بۆ زمانی کوردیش، بە تێکڕایی ئەو بەرهەمانەی لەچاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە:

- مژاباد، ڕۆمان، وەرگێڕان، ساڵی ٢٠٠٤.
- سێ هەنگاو و سێدارەیەک، ڕۆمان، وەرگێڕان، ساڵی ٢٠٠٧.
- میرنامە، ڕۆمان، وەرگێڕان، ساڵی ٢٠٠٩.
- ڕۆمانی(بیرەنتا- جنان- متاهة- الجن)ی نووسەر حەسەن مەتیی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی بۆ پرۆژەی(الكلمة)، لە (ابو ظبي) چاپکراوە و بڵاوکراوەتەوە.
- مارتینێ بەختەوەر، ڕۆمان، وەرگێڕانی بۆ عەرەبی، ساڵی٢٠١٢.
- عشيق المترجم، ڕۆمان، بە زمانی عەرەبی، ٢٠١٤.

- دم علی المئذنة، ڕۆمان، بە زمانی عەرەبی، ٢٠١٤.
- نواقیس روما، ڕۆمان، وەرگێڕان، ٢٠١٦.
- کۆبانی، ڕۆمان بە زمانی عەرەبی، ٢٠١٧، ئەم ڕۆمانە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و هەر دوو شێوە زمانی کوردی(سۆرانی و کرمانجی ژووروو).
- باص اخضر، ڕۆمان، وەرگێڕان، ٢٠١٨.
- کۆمەڵێک شیعری شاعیری نوێخوازی عەرەبی عێراقی(بدر شاکر السیاب)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- هەر دوو ڕۆمانی(مهاباد بەر بەئۆلومپیادا خودێ، پەری)ی ڕۆماننووسی کوردی ڕۆژئاوا سەلیم بەرەکاتی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
- کتێبی(الحدیقة الناصریة)ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.
- (قاموس بدائع اللغة)ی لە فارسییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.


نووسەر و وەرگێڕ مامۆستا سەباح ئیسماعیل ڕۆمانەکانی(مارتینێ



**شاعیر و ڕۆماننووس جان دۆست**

بەختەوەر، عشیق المترجم، میرنامە)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، نووسەری فارسی دکتۆر جەمال ئەحمەد ڕۆمانی میرنامەی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی، نووسەر بەکر غەفووریش ڕۆمانی(سێ هەنگاو و سێدارەک)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

ڕۆمانی کۆبانی نوێترین بەرهەمی نووسەر جان دۆست-ە، کە باسی




**بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆماننووس جان دۆست**

ڕووداوەکانی کۆبانی دوای ساڵی ٢٠١٤ و منداڵی و ژیان و گەورەبوون خۆی و دواتر بوونی پەنابەر دەکات، سەبارەت بە ڕۆمانی کۆبانی دەڵێت:(ئەویێ جێگای منداڵی و یادەوەری و گەورەبوونی منە، ئیشێکی گەورەیە و پێم وایە ناتوانم بە ڕۆمانێک و دووان ئازاری خۆم دەربڕم، وەلێ من ناچارم بنووسم).

ڕۆمانی کۆبانی بە زمانی عەرەبی و هەر دوو شێوەزاری سۆرانی کرمانجی ژووروو، بە هەماهەنگی دەزگای میدیای باس و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی(الرافدین) لە ڕۆژی ١٧-١٠- ٢٠١٨ بە واژووی خۆی لە هەولێر ناساندن و نمایش و دابەشی کردووە.

بۆ شاعیر و ڕۆماننووس جان دۆست، هەر سەرکەوتوو و بەردەوام بیت لە نووسین و وەرگێڕانی ئەم شاکارە جوان و بە نرخانە، بۆ خزمەتی ئەدەب و خۆشیی مرۆڤەکان.


سەرچاوەکان:

١ -ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی Bas news، لە ١٥-١٠- ٢٠١٨.

٢ - KDP، لە ١٦-٧-٢٠١٩.

٣ - ماڵپەڕی سایتی هەمەوەند، مێژووەکەی دیار نەبوو.

٤ - Mehr news Agency.

٥ - دەزگای ڕۆشنبیریی جەمال عیرفان، لە ٢٩-٦- ٢٠١٩.

٦ - ویکیپیدیا- ئیسکلۆپیدیای- ئازاد.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شەماڵی عەبە ڕەش

هونەرمەندی بواری شانۆ و تەمسیل، ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنەر و دەرهێنەر و گۆرانیبێژ، شەماڵی عەبە ڕەش...

ناوی تەواوی(شەماڵ عەبدوڵلا عەلی)یە، لە ناوەندی هونەری و ڕۆشنبیری بە شەماڵی عەبە ڕەش ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، پاشان چووەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا و بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٧ بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە گوندی (کەنارۆی) ماوەی (٦) مانگ لەوێ وانەی هونەری وتووەتەوە، دواتر گواستراوەتەوە بەڕێوەبەرایەتیی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی، بەرپرسی شانۆ بووە تا ساڵی ١٩٩٣.

پاش هەڵوەشاندنەوەی تیپی شانۆی سۆران، لەنێوان ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥ ئەندامی تیپی شانۆی پێشڕەو بووە، لە ساڵی ١٩٧٥ەوە، ئەندامی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کوردی بووە و بەشداریشی لە بەشی زۆری کارە هونەرییەکانی ئەم کۆمەڵەیە کردووە و تا ئێستاش هەر ئەندامە، لە




**٢ - لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش، خاتوو شادان فوئاد( خانمە ئەکتەر و هاوسەری هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش**


ئاداری ساڵی ١٩٧٤ ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و بەشداریی لەو چالاکییە هونەرییانە کردووە کە لە شاخ نوێندراوە.

لە ساڵی ١٩٩٣ ڕووی لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ بووە، ئەو هەرگیز لە چالاکییە هونەرییەکان دانەبڕاوە، بەڵکو وەکو ئەکتەر و یاردیدەدەری دەرهێنان و دەرهێنەر بەردەوام بووە، لە کۆمەڵێک کاری هونەریی نایاب و ناوازە بەشدار بووە، بەرچاوترین بەرهەمەکانی ئەمانەن:

- لە کورتە فیلمێک بەشدار بووە، کە لە زمانی هۆڵەندی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی لە دەرهێنانی هونەرمەند حسێن سێودین بووە و لە کەناڵی تەلەفزیۆنی RTL٤ ی هۆڵەندی پەخشکراوە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ بەشدار بووە لە فلیمی(ئەو هەرزەکارەی کە ئیتر نادوێ) بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندی ناسراوی هولەندیBen Sombogard، چەند هونەرمەندێکی کوردی دیکە لەوانە (ئەکرەم سەلمان)، وێنە و دیمەنەکانی ئەم فلیمە لە وڵاتانی(هۆڵەندا و بەلجیکا و مەغریب) گیراوە.
- لە ساڵی ١٩٩٦ بەشدار بووە لە کاری شانۆیەک بۆ منداڵانی پەنابەر بە ناوی(تاجەکەی شازادە).
- لە ساڵی ١٩٩٧ وەک یاریدەدەری دەرهێنەر بەشدار بووە، لە گەڵ

دەرهێنـەری هۆڵەنـدی(Erik van waalaihk van Doorn) لـە بەرهەمهێنانـی کاری مۆزیکـە لایـک(Oparet).

- لە ساڵی ١٩٩٨ بە شانۆگەریی(دووبارە داستانێک) بەشداریی لە یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی کوردی لە تاراوگە لە بەرلینی وڵاتی ئەڵمانیا کردووە، کە لە ئامادەکردن و دەرهێنانی هونەرمەند سیروان ڕەحیم بووە.
- ساڵی ٢٠٠٠ بەشداریی لـە دووەم شـانۆی کـوردی لـە تاراوگـە بـە شـانۆگەریی(پێنج تابلـۆ) کـردووە کـە لـە ئامادەکـردن و دەرهێنانـی هونەرمەنـد شـۆڕش قـادر بـووە، لـەم فیسـتیڤاڵەدا خەڵاتـی باشـترین ئەکتـەری وەرگرتـووە.
- ساڵی ٢٠٠١ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە فلیمی سینەمایی(٣٥ملم)ی کە بە ناوی(ڕۆژانـی زەرد) بـووە، ئـەم بەرهەمـە بەرهەمێکـی ئەڵمانـی بـووە و بەشـداریی لـە چەنـد فیسـتیڤاڵێکی جیهانـی کـردووە.
- ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆگەریی(شـەوی زاوایەتی) بینیوە، کە بـە زمانـی هۆڵەنـدی بـووە، لـە نووسـینی هونەرمەنـد(Vera Aikend) و



هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش لە کارێکی هونەریدا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش، نەناسراوە



هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش لە کارێکی هونەریدا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش، هونەرمەند عەبدولی حەمە جوان

دەرهێنانی هونەرمەندی عەرەبی(رسول الصغیر) بووە.

- هەر لە ساڵی ٢٠٠٢ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە درامای تەلەفزیۆنی(Hallo Holand)، کە لە نووسینی هونەرمەند ئەکرەم سلێمان بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕۆڵی سەرەکی لە درامای تەلەفزیۆنی(نامۆیی) بینیوە، کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند شۆڕش قادر بووە.
- ساڵی ٢٠٠٥ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە کورتە فلیمی(Gekleurde ijs) بە زمانی هۆڵەندی کە بۆ(زانکۆی هونەری-Art Univwesity) بەرهەم هێنراوە، لە دەرهێنانی هونەرمەند ئاکۆ سیرینی بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕۆڵی سەرەکی لە شانۆگەریی(De Herineringen) بینیوە، کە بە زمانی هۆڵەندی بووە، لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند کامەران ڕەئوف بووە وهونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش وەریگێڕاوەتە سەر زمانی هۆڵەندی و(Tom Theo) پێداچوونەوەی زمانی هۆڵەندی بۆ کردووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشداریی کردووە لە زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی بە زمانی ئینگلیزی بە ناوی(Casualtym) کە لە دەرهێنانی هونەرمەندی ئینگلیزی (Ben Morris) بووە.
- هەر لە ساڵی ٢٠٠٦ ڕۆڵی سەرەکی لە کورتە فلیمی(دڵشاد) بینیوە، کە

لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ئاکۆ سیرینی بووە، بەرهەمەکە بۆ زانکۆی هونەری Art University بووە لە شاری ئوترێخت Utrecht.

- لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە شانۆگەریی(دەرگە) بە زمانی کوردی، کە لە نووسینی نووسەری عەرەبی(یوسف الصغیر) و وەرگێڕانی هونەرمەند جەمال خەمبار بۆ کوردی و وەرگێڕانی شەماڵی عەبە ڕەش بووە بۆ سەر زمانی هۆڵەندی.
- هەر لە ساڵی ٢٠٠٧ ڕۆڵی سەرەکی لە(٨) ئەڵقە زنجیرە درامای(Nederlands aan het werk) کە بە زمانی هۆڵەندی و دەرهێنەریشی هونەرمەندی هولەندی(Ruben Bults) بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٨- ٢٠٠٩ ڕۆڵی سەرەکی بینیوە لە(٥) ئەڵقەی زنجیرە درامای منداڵان بە زمانی هۆڵەندی بۆ کۆمپانیای(Ooit) لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند ئەکرەم سوڵتان بووە، کە لە هۆڵەندا نمایشکراوە.
- هونەرمەند شەماڵی عەبە ڕەش پاش ئەوەی لە بەریتانیا نیشتەجێ بووە، بەشداریی لە ڕێکخستن و سەرپەرشتی کردنی فیستیڤاڵی مۆنۆدرامای کوردی لە لەندەن کردووە، لە هەمان کاتیشدا بەشدار بووە لە زنجیرە درامای(Guardisns of yhe Museum) ، کە درامایەکی نوێیە و لە کەناڵی تەلەفزیۆنیی(BBC1) پەخشکراوە.
- لە ساڵی ٢٠١١ لە زنجیرە درامای(ئاکامی نهێنییەکان) بەشداری کردووە، کە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند سالار سوڵتان بووە.
- ساڵی ٢٠١٩ لە گەڵ کۆمەڵێک ئەکتەری دیکە بەشدار بووە لە شانۆگەریی(باوک )کە نووسەر دلاوەر قەرەداغی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە نووسینی(ئاو گۆست ستریند بیرگ) و دەرهێنانی هونەرمەند سەدیق عەزیز بووە.
- ساڵی ٢٠٢٠ بە هاوبەشی لەگەڵ کۆمەڵێک هونەرمەند و ئەکتەرانی خاوەن ئەزموون لەوانە (دەرهێنەر ناسر حەسەن، یونسی کاکە حەمە، شادان فوئاد، سەلام کۆیی، ئیبراهیم حەکیم، خەرمان هیرانی، کەنار سەرچڵ، پێشڕەو حوسێن، ئاکام تاهیر، ڕۆژە فایەق) بەشدارییان لە زنجیرە درامای(دوو شەو) دا کردووە، کە لە دەرهێنانی هونەرمەند کارۆخ ئیبراهیم حەکیم بووە.

هونەرمەند شـەماڵی عەبـە ڕەش، دەنگێکی ناسک و بـە سۆزیشـی هەیـە، چەندیـن گۆرانـی بـە تـام و چێـژ و ئاسـت بـەرزی پێشـکەش بـە هەوادارانـی کـردووە، لەوانـە گۆرانییەکانی(هـەر چەنـد ئەکـەم، ئـەو خەیالـەی پێـی مەسـتم، ئێوارەیـە، قـژ زەرد..و چەندانـی دیکـە).

وەک ڕێزلێنانێـک بـۆ هونەرمەنـد شـەماڵی عەبـە ڕەش سـاڵی ٢٠٠٩ لـە ڕێوڕەسـمێکی شایسـتەدا بـە بێ ئامادەبوونـی خـۆی، مەدالیـای ئاڵتونـی پـێ بەخشـراوە.

هونەرمەنـد شـەماڵی عەبـە ڕەش، هاوسـەرگیری لەگـەڵ خاتـوو شـادان فوئـاد کـە ئەویش(خانمـە ئەکتـەرە) کـردووە، دوو کـچ و کوڕێکیـان هەیـە بـە ناوەکانی(شـنۆ، شـایی، شـارۆ) خـوا تەمەنـی هـەر هەموویـان درێـژ بـکات، بـۆ هونەرمەنـد شـەماڵی عەبـە ڕەش هـەر سـەرکەوتوو و سـەرفراز بیـت بـۆ خزمەتـی هونـەر و شـانۆی کـوردی.


سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی خەندان، لە ٣- ٢- ٢٠٢٢.

٣ - فلمێکی دوکیومێنتاری لە کوردسات.

٤ - ماڵپـەڕی فەیسـبووکی سـابوونکەران(پەیجی سـابوونکەران)، لـە ٣١-٨-٢٠٢٠.

٥- ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیی ڕوانگـە و ڕەخنـە، وتارێکی نووسـەر عەبدولڕەحمـان هیوا.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەید ئەحمەد ڕواندزی

هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری ناسراوی کورد، مامۆستا سەید ئەحمەد ڕواندزی ...

هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر سەید ئەحمەد ڕواندزی لە ساڵی ١٩٦٣ لە شارۆچکەی ڕواندزی جوان و ڕەنگین لە خانەوادەیەکی هونەردۆست لە دایک بووە، باوکی چایخانەی هەبووە لە ڕواندز، زۆر لە هونەرمەندان لەوێ دانیشتوون و گۆرانیشیان وتوە، لەوانە(حەسەن زیرەک، تایەر تۆفیق، مەزهەری خالقی، حەسەن سیساوەیی و چەندانی دیکە).

هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری ڕواندز تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ چۆتە بەشی مۆسیقا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی موسڵ و ساڵی ١٩٨٥ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە، ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتیی هونەری لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبەری هونەری مۆسیقای هەولێرە و لە کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردستانیش بەرپرسی هونەری و سەرپەرشتیی بەرنامەی(فەراشین)یش دەکات.

هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی هەر لە منداڵییەوە حەز و ئارەزووی لە مۆسیقا بووە، لە ساڵی ١٩٧٧ ئەو کاتەی قوتابی بووە لە پۆلی(٥)



هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی لەگەڵ کۆمەڵێك مۆسیقاژەن

ی سەرەتایی، مامۆستای هونەرمەند و مۆسیقاژەن زرار ئەحمەد مستەفا وانەی هونەری و وانەی ئینگلیزی پێ وتوون و خولێکی فێربوونی مۆسیقا و خۆشنووسین و وێنەکێشانی بۆ کردوونەتەوە، ئەو دەڵێت:( لەسەر دەستی مامۆستا زرار محەمەد مستەفا فێرە ژەنینی مۆسیقا بوویمە و خۆم بە قەرزاری ئەو دەزانم، ڕەوانیشاد بێت).

هونەرمەندی مۆسیقاژەن سەید ئەحمەد ڕواندزی وەکو کەمانجەژەن لەگەڵ تیپی مۆسیقای پاشای گەورە و تیپی مۆسیقای هەولێر کاری کردووە، چ وەک گرووپ و چ بەتەنیا کۆمەڵێک پارچە مۆسیقای گرنگ و ئاست بەرز و بە نرخی داناوە و ئاوازیشی بۆ چەندین گۆرانیبێژی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان داناوە، مۆسیقای بۆ زنجیرە درامای(مەمی ئالان) داناوە کە لە دەرهێنانی هونەرمەند ناسر حەسەنە و هونەرمەند عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە مۆسیقاکەی دابەش کردووە.

وەکو وەفایەک بۆ ڕۆژئاوای کوردستان پارچە مۆسیقایەکی غەمگینی بە ناوی(دەریایەک لە چاوەڕوانیی ئالان) داناوە، پێشکەشی ئالانی کردووە کە لەگەڵ برایەکی لە دەریای(ئیجە) خنکاون، ئەو دەڵێت:(خنکانی ئالان لە دەریادا زۆر کاریگەری لەسەرم هەبوو، بۆیە میلۆدییەکی خەمگین لە دایک بوو، تەنیا مۆزیک و هونەرم شک برد وێنەی ئەو کارەساتە گەورەیە

بکەم، بۆیە بڕیارم دا پارچە مۆزیکێک پێشکەشی هەموو ئالانەکان بکەم کە لە ڕێگای کۆچبەریدا گیانیان سپاردووە).

هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی شارەزاییەکی تەواوی لە دروستکردنی ئامێری(کەمانجە) هەیە و وەرشەیەکی تایبەتی بە خۆی هەیە و حەزیشی لێیە چەند کەسێک فێری ئەم پیشەیە بکات تا هاریکاریی بکەن و لە دواڕۆژیشدا ئەوانیش کەمانجە بە ستانداردی گونجاو دروست بکەن.

وەکو ڕێزلێنانێک بۆ ئەو هونەرمەندە گەورەیە لە ساڵی ٢٠٠٠ کە هونەرمەند (موجتەبای میرزادە) هاتۆتە کوردستان(کەمانجە)ی خۆی بە دیاری داوەتە هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی.



**لە لای ڕاستەوە: بەڕێز مەحمود زیرەك، هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی، نە ناسراوە،**





**هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی**

هونەرمەندی مۆسیقاژەن سەید ئەحمەد ڕواندزی خزمەتێکی زۆری هونەر و ئاواز و موسیقای کوردی کردووە، با بزانین سەبارەت بەو هونەرمەندە، ئەم هونەرمەندانە چ دەڵێن:

هونەرمەندی مۆسیقاژەن شێرزاد سەرسپی دەڵێت:(بە شێوەیەکی گشتی سەید ئەحمەد ڕواندزی هونەرمەندێکە جێگەی ئەوەیە هەموو لایەک شانازی پێوە بکەین، چونکە ژەنیارێکی زۆر باش و لێهاتووە و سەرکەوتووە لە بواری ژەنینی کەمانجەدا، جگە لەوەش لە بواری ئاوازدانان ڕۆڵی خۆی بینیوە، کەمتەرخەم نەبووە لەم بوارەدا، کارەکانی خۆی زۆر بە ڕێکی ئەنجامداوە، من چ وەکو برادەرێکی ئەو یاخود وەک بەڕێوەبەری ئەو زۆر لە کارەکانی ڕازیم و شانازی بە کارە هونەرییەکانی دەکەم).

هونەرمەند مامۆستا جەمال محەمەد ئەدیب سەرۆکی تیپا مۆسیقای دهۆک دبێژیت:(ل گور ناسینا من ب سەید ئەحمەد ڕواندزی ل سالێن ١٩٨٠ هەیا نها شیایە خزمەتەکا ئێک جار گەلەک پێشکێشی خەلکی




**کۆمەڵێك قوتابی مۆسیقاژەن لەگەڵ هونەرمەندی مۆسیقاژەن مامۆستا زرار محەمەد مستەفا، ناوەکانیان نووسراوە**







له لای ڕاستەوە: میدیاکار ژڤان عابد، هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی

کوردستانێ بـە گشـتی، ب تایبـەت ل سـالێن ١٩٨٠ شـیایە چەندیـن کارێـن مۆزیکی بکەت چ گروپ یان تاک بۆ سترانبێژا، پشتی سەرهەلدانا پیرۆز ل سالێ ١٩٩١ دەست هاڤێتیتە کەمانجا خۆ ل گەل هەڤالێن خۆیێن موزەکژەن وەک گروپ دیسان خزمەتـەکا ئاشکرا پێشکێش کریـە و بـەردەوام بـووە ل سـەر کارێ خـۆ تـا چوویـە نڤیسـەنگەها سـەتەلایتا کوردسـتان، هـەر دیسـان وەک سـەر کێشـێ گروپـێ موزیکـی چەندیـن کارێـن جـوان پێشـکەش کرینـە، ماندیبوونـەکا گەلـەک مـەزن و بـۆ چەندیـن هونەرمەنـد و سـترانبێژێین هـەر چـار پارچێـن کوردسـتانێ، ژ لایـێ ئـاوازی ڤـە ژی هونەرمەنـدێ تـا فێـری گەلـەک گەلـەک ئاواز دانایـنە بـۆ چەندیـن سترانبیژا و هاریکاری بوویـە د گـەل هـەمـی هونەرمەنـدا ژ بـۆ پێشئێخسـتنێ هونـەری کـوردی).

هونەرمەند ئامانج غازی دەڵێت:(٣٤ ساڵە من و سەید ئەحمەد ڕواندزی بە یەکەوەین لە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکان، وەک ئەوەی ناسیومە هەست دەکەم کە هونەرمەندێکی ژانگرتووە بۆ میللەتەکەی خۆی و هەمیشە ویستوویەتی برەو بە کارەکانی خۆی بدات و داهێنان پێشکەش بکات).

هونەرمەند هێمن حوسێن دەڵێت:(ئەو هونەرمەندە کەسێکی سادە و ساکارە، بە ڕاستی دەبێت زۆر ڕێز لە کارەکانی بگیرێت، بە سادە و جوانییەکەی خۆی ئەوەی لە لامان دروستکردووە کە وەکو هاوتەمەنی خۆمان سەیری بکەین، نەوەک جیاوازیەکی هەبێت، مامۆستا سەید ئەحمەد ڕواندزی سالآنێکی زۆر بەرپرسیارێتیی کاری هونەری زۆر قورس و گرانی لە ئەستۆدا بووە، چ لە کەناڵەکان چ لەو دەزگایانەی کە کاری لێ کردوون، دەیتوانی بەو توانایەی خۆی کەسایەتییەکی دیکە بۆ خۆی دروست بکات).

بۆ هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی هونەر و موسیقا و ئاوازی ڕەسەنی کوردی


سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی گولانی هونەر، لە ١١-٦-٢٠١١.

٢ - ماڵپەڕی فەیسبووکی سەعید ئەسعەد عەلی ، لە ٢٨-٣-٢٠٢١.


٣ - فلمێکی دکیومێنتاری، Zhyan Radio، لە ١٠-١٠- ٢٠١٩.

٤- Rudaw, وتارێکی نووسەر هیوا ساڵح لە ٢-١١- ٢٠١٥.

٥ - کوردیپیدیا.

٦ - فلیمێکی دوکیومێنتاری کەناڵی K٢٤، ئامادەو پێشکەشکردنی میدیاکار ژڤان عابد.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# جەلیل کاکەوەیس

مامۆستای پەروەردە و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، وەرگێڕ و لیکۆڵەر، مامۆستا جەلیل کاکەوەیس...

ناوی تەواوی(جەلیل کاکەوەیس ئیسماعیل)ە، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری کەرکووک لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی هەر لە کەرکووک تەواوکردووە، بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، بۆ ماوەی(٣) ساڵ بە میلاکی(معلم جامعي) بۆتە مامۆستای زمانی کوردی لە شاری(عمارە)ی خوارووی عێراق، دواتر گواستراوەتەوە پەروەردەی شاری سلێمانی(١٦) ساڵ بەردەوام بووە لە خزمەتکردن، پاشان چووەتە هەولێر و لەویش زیاتر لە(١٧) ساڵ هەر لە بواری پەروەردە خزمەتی کردووە، لە ساڵی ٢٠١١ خانەنشین بووە.

نووسەر و ڕۆماننووس و وەرگێڕ جەلیل کاکەوەیس، هەر لە لاوێتیدا حەز و ئارەزووی لە زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی چیرۆک و وتاری ئەدەبی هەمەجۆر کردووە، تا لە ساڵی ١٩٧٤ یەکەمین چیرۆکی خۆی بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەی لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و وەرگیران و دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی و





فیکری ومێژوویی و بابەتی جۆراوجۆری دیکەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە، بەرهەمە لە چاپدراو و بڵاوکراوەکانی ئەمانەن:

- میراو، کۆمەڵە چیرۆک.
- چرکە زیندووەکان، کۆمەڵە چیرۆک.
- وەچەکانی مەولانە، کۆمەڵە چیرۆک.
- بۆنی ئەشکەوت، کۆمەڵە چیرۆک.
- شتێ لە گیرفانی دایکمدا، کۆمەڵە جیرۆک.
- ڕاوە سێبەر، کۆمەڵە چیرۆک.
- وتیارێک ڕووی لەکەس نییە، ڕۆمان.
- بۆنی بنیادەم، ڕۆمان.


کۆمەڵێک وتار و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەیە لەم کتێبانەش لە چاپداوە:

- ڕۆمانی کوردی.
- خوێندنەوەی بیست تێکست.
- ڕایەڵەکان.













**بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس جەلیل کاکەوەیس**









**بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس جەلیل کاکەوەیس**

ئەم نامیلکانەشی بڵاوکردۆتەوە:

- ڕێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی.
- بیبلۆگرافیای ١٠٠ ژمارەی ئەدەب و هونەری برایەتی.

بەشێک لەو دیدارانەی لەگەڵیدا کراون لە دوو توێی کتێبێکدا ئاکاری کوڕی کۆی کردوونەتەوە و لەچاپیداوە.

- کۆدە خودییەکانی جەلیل کاکەوەیس (چاوپێکەوتن).
- کورد لە سەدەی حەوتەمەوە تا دەیەمی زایینی (مێژوو)، وەرگێڕان، نووسینی ئارشاک پۆلادیان.




- (الساعات المتوقفة) ، کۆمەڵە چیرۆکێکە، بە عەرەبی بڵاوبوونەتەوە کە وەرگێڕانی کۆمەڵێ وەرگێڕ و سێ چیرۆکیش خۆی وەریگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی .
- خڵتەی دنیا (کۆمەڵە چیرۆکێکی عەرەبی و بیانی)، وەرگێڕان.
- بەدگۆڕان (ڕۆمان) فرانتز کافکا، وەرگێڕان.
- باخچەی بەردین (ڕۆمان) نیکۆس کازانتزاکیس، وەرگێڕان.

- سۆفیگەری ـ کازانتزاکیس.
- دەریاچەکە (ڕۆمان)، یاسۆناری کاواباتا.
- ئاهەنگی تەگەکە (ڕۆمان)، ماریۆ بارگاس یۆسا.
- ڕۆژەکە لە سەدەیەک درێژتر دەبێتەوە (ڕۆمان)، جەنگیز ئەیتماتۆڤ.
- شلۆمۆ کوردە و من و ڕۆژگار (ڕۆمان)، سەمیر نەقاش.
- چل ڕێساکەی عەشق (ڕۆمان)، ئەلیف شەفەق.
- کوڕەی شەیدا و مامۆستاکە (ڕۆمان)، ئەلیف شەفەق.
- ڕاپۆرتی پەپووسلێمانکە (ڕۆمان)، حەبیب عەبدولڕەب.
- خانمانی سیبریا (ڕۆمان)، هنری ترۆیا.
- قەڵای فەردەقان (ڕۆمان)، یوسف زێدان.
- بانگەڵای تیترواسک (رۆمان)، تەها حوسێن.


چەندین چیرۆکی چیرۆکنووس جەلیل کاکەوەیس وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و ئیتاڵی.

کۆمەڵێ نووسەر و لێکۆڵەریش تیشکیان خستۆتە سەر بەرهەمەکانی نووسەر جەلیل کاکەوەیس.

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ مامۆستا جەلیل کاکەوەیس ، هێشتا چالاکە و لە نووسینەکانی بەردەوامە، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر جەلیل کاکەوەیس، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ڕەحیم حەمید

نووسەر و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و لێکۆڵەر، مامۆستا ڕەحیم حەمید...

ناوی تەواوی(ڕەحیم حەمید عەبدولکەریم)ە، لە ٢-٥-١٩٥٨ لە گوندی(شێخ باوە)ی سەر بە ناحیەی(جەلەولا)ی قەزای خانەقین لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە گوندی(ئەمین حەبیب) تەواوکردووە، قۆناغەکانی ناوەندی و ئامادەیی لە شارۆچکەی جەلەولا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی بەغدای بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ٢١-٤-١٩٨٣ بۆ یەکەمین جار وەکو ئەندازیاری کشتوکاڵی لە لقی کشتوکاڵی کەلار دامەزراوە، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٩ بۆتە بەڕێوەبەری کشتوکاڵی گەرمیان، لە ساڵی ٢٠١٥ لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەکار بووە، نوێنەری ئەو وەزارەتەش بووە لە وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی فیدراڵی عێراق، هەر بەو پلەیەش درێژەی بە خزمەتکردن داوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ بەتەمەنی یاسایی خۆی خانەنشینکراوە.

نووسـەر ڕەحیـم حەمیـد هێشـتا هـەر قوتابیـی کۆلێـژی کشـتوکاڵ بـووە، حـەز و ئـارەزووی چۆتـە زمـان و ئـەدەب و ڕۆشـنبیریی کـوردی و دەسـتی بـە نووسـینی وتـاری هەمەجـۆر کـردووە، یەکـەم بەرهەمـی خـۆی لـە سـاڵی ١٩٧٨ لـە گۆڤاری(شۆڕشـی کشـتوکاڵی) بڵاوکردۆتـەوە و بەردەوامیـش بـووە لە بڵاوکردنـەوەی بابەتـی جۆراوجـۆر بە هـەردوو زمانـی کـوردی و عەرەبی.


لـە دوای ڕاپەڕیـن و سـەرەتای نۆهەتەکانـی سـەدەی ڕابـردوو زیاتـر نووسـینەکانی لـە بوارەکانـی مێـژوو، ئابـووری، سیاسـی، زانسـتی، بـووە و لـە گۆڤـارە کـوردی و عەرەبییـەکان بـڵاوی کردوونەتـەوە، پـاش ڕاگواسـتنی خەڵکـی گوندەکەیان(شـێخ بـاوە) لـە ئەنجامـی سیاسـەتی تەرحیـل و تەرهیبـی حیزبـی بەعـس، لـە شـارۆچکەی کفـری نیشـتەجێ بـووە، لـە پـاش سـاڵی ٢٠٠٩ەوە، لـە کـەلار دەژیـت.


نووسـەر ڕەحیـم حەمیـد چەنـد بەرهەمێکـی پوخـت و نایابـی نووسـیوە کـە ئەمانـەن:


- کتێبی(ئەمەیـە ئەمەریـکا)ی نووسـەر(محەمەد حەمـە سـاڵح تەوفیـق) کـە یاداشـتنامەی خۆیەتـی لـە وڵاتـی ئەمەریـکا، لـە زمانـی کوردییـەوە وەرگێڕاوەتـە سـەر زمانـی عەرەبـی.
- کتێبی(ڕاگواسـتن و تەعریـب لـە ناوچـەی خانەقیـن) کـە بریتییـە لـە لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی و جوگرافـی و سیاسـی دەربـارەی قـەزای خانەقین بە ناحییەکانیشیەوە، تێیدا پرۆسەکانی ڕاگواستن و تەعریبکردن، بـە بەڵگەنامـە خسـتۆتە ڕوو، سـاڵی ٢٠١٤ لـە چاپیـداوە و بـڵاوی کردۆتـەوە.
- کتێبی(شـێخ بـاوە)، لێکۆڵینەوەیەکـی مێژوویـی و جوگرافـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتییـە، کـە تایبەتـە بـە ڕاگواسـتن و تەرحیـل و تەعریبـی ناوچـەی شـێخ بـاوە و دەوروبـەری، هەمووشـی بـە بەڵگـە ڕوون کردۆتـەوە.

نووسـەر و وەرگێڕ و لێکۆڵـەر ڕەحیـم حەمید ، لـە مـاوەی ژیانـی ئەدەبی و ڕۆژنامەگـەری و پیشـەیی خـۆی، چەندیـن ڕۆڵ و چالاکیـی دیکـەی هەبـووە کـە ئەمانـە هەندێکیانـن:

- لـە سـاڵی ٢٠٠٤ ئەندامـی ئەنجومەنـی دامەزێنەری(المجلـس التأسيسـي العراقـي) بـووە وەکـو نوێنـەری شـاری کفـری لـە بەغـدا، ئـەم ئەنجومەنـە








**بەرهەمەکانی نووسەر ڕەحیم حەمید**

پێش ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دامەزراوە.

- لە ساڵی ٢٠٠٦- ٢٠٠٩ بەڕێوەبەری گۆڤاری(بانە ڕۆژ) بووە، کە کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوک دەری دەکرد.
- ساڵی ٢٠٠٦ لێپرسراوی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی(صدى گەرمیان) بووە، کە لە شاری کفری بە زمانی کوردی و عەرەبی دەردەچوو.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(كركوك اليوم) بووە، کە بە زمانی عەرەبی کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوک دەری دەکرد.
- ئەندامی لێژنەی باڵای کۆمەڵەی ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتیی کەرکوکە.
- ئەندامی ناوەندی ڕۆشنبیری و ئەدیبان و نووسەرانی کەلارە.

بۆ نووسەر و لێکۆڵەر و ڕۆژنامەنووس ڕەحیم حەمید ، هەر سەرکەوتوو بێت و بەردەوام چالاک بێت بۆ خزمەتی نووسین و ئەدەبیاتی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر ڕەحیم حەمید، کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## حەسەن گەرمیانی

یەکەم بەرهەمی گۆرانیی ئەو:

**خـۆم قوربانـــی، ســوخمەی کۆنـــی**

**وەک میخەکبەنـد، دەڕوا بۆنـــی**

خاوەنـی سـێ تێهەڵکێشەی(سـۆزەی گەرمیـان، سـاڵدانە، هـەی نەخشـانم)، هەمـوو گۆرانییەکانـی ئـەو، هەڵقـوڵاوی فۆلکلـۆر و سـۆزی گەرمیانـە، هونەرمەنـدی گـەورەی کـورد حەسـەن گەرمیانـی...

نـاوی تەواوی(حەسـەن عەبدوڵـڵا محەمـەد ئاغا)یـە، لـە سـاڵی ١٩٤٥ لـە شـارەدێی(قادر کـەرەم)ی سـەر بـە ناوچـەی گەرمیان لـە دایک بـووە، خوێندنی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـە قادرکـەرەم تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٥-١٩٦٦ ئامادەیی کشـتوکاڵی لە سلێمانی تەواوکردووە، لە ٢٩-١١-١٩٦٦ وەکو(معید-موعید) لـە ئامادەیی کشـتوکاڵی(بەکرەجۆ) دەسـت بـەکار بـووە.

یەکـەم بەرهەمـی گۆرانیـی حەسـەن گەرمیانـی گۆرانیی(خـۆم قوربانـی، سـوخمەی کۆنـی.....وەک مێخەکبەنـد دەڕوا بۆنـی) لەسـەر شـانۆی ئامادەیـی سلێمانی لەگـەڵ تیپـی مۆسـیقای سلێمانی پیشـکەشـی کـردووە، بەڕێکەوتیش کامیرەمانێکـی تەلەفزیۆنـی بەغـدا بـە ڕەش و سـپی تۆمـاری کـردووە.

لـە سـاڵی ١٩٧١ بـە بۆنـەی دووەم سـاڵیادی ڕێکەوتننامـەی ١١ ئـاداری



**هونەرمەند حەسەن گەرمیانی لە گەڵ هاوسەرەکەی**
**لە کاتی هاتنەوەیان بۆ هەولێر لە ٢٤-٧-٢٠١٩.**

ساڵی ١٩٧٠، لە هۆڵی(خلد) لە بەغدا حەسەن گەرمیانی هەر لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی هەردوو گۆرانی(کەمەرەشل و مەیلەنگێنە)ی پێشکەش کردووە، کە دەنگ و سەدایەکی زۆری دایەوە، لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا بە هەموو کوردستاندا بڵاوبووەوە، بووە وێردی سەر زمانی هەموو خەڵک.

لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، ڕژێمی بەعس زۆری هەوڵدا کە هونەرمەند حەسەن گەرمیانی هاوکار و هاوپاریان بێت لە بۆنەکانییان، بەڵام ئەو هەرگیز بەشداریی هیچ لەو بۆنانەی ئەوانی نەکرد، بۆیە تووشی ئازار و ئەشکەنجە و گیرانیش بووە، دواتر کە ئازاد کراوە، ماڵەکەی لە کەرکووک بردۆتە هەولێر، بەڵام لەوێش هەر لە ژێر فیشار و چاودێریی ئەو



**هونەرمەند حەسەن گەرمیانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانی گۆرانی(دیسان بارانە)**

ڕژێمە دیکتاتۆرییە بووە.



تیپی مۆسیقای سلێمانی.

هونەرمەند حەسەن گەرمیانی لە ساڵی ١٩٩٧ ڕوو لە هەندەران دەکات و لە وڵاتی(نەرویج) وەکوو پەنابەری سیاسی نیشتەجێ دەبێت، ئەو بەردەوام دەبێت لە چالاکییە هونەرییەکانی لە ساڵی ٢٠٠٤ بەرهەمێکی نوێی بە ناوی(گەرمیان) لە لایەن هونەرمەند (بێلان)ی کوڕی، کارە هونەرییەکانی بۆ ئەنجامدراوە، پاشان لە ساڵی ٢٠٠٨ ئەلبومێکی دیکەی بە ناوی(خواست) کە بە یارمەتی و هاوکاریی کۆمپانییای ئاسیا سێل و کۆمپانیای چوارچرا بەرهەمهێنراوە.

هونەرمەند حەسەن گەرمیانی لە شوێنێکدا دەڵێت:(من موڵکی هیچ کەس و لایەنێک نیم، هەموو کەس و لایەنێکیش بە موڵکی خۆم دەزانم). ئەو زۆر بە وەفا و نمەکدارە، هەموو هونەرمەند و ڕۆشنبیر و گوێگران و هەوادارانی خۆی خۆشدەوێت و سوپاسی هەموو ئەو هونەرمەندانە دەکات کە کاری بەرهەمهێنانی هونەرییان بۆ ئەنجامداوە لەوانە(ئەنوەر قەرەداغی، خالید سەرکار، سەلاح ڕەئووف، ئەلبێرت عیسا، وریا ئەحمەد، مامۆستا سەردار، مامۆستا حەسەن، ئامانج غازی، سەید ئەحمەد ڕواندزی، فەرهەنگ غەفور، شێرزاد سەرسپی، گۆران جەمیل، دلێر حسێنی برازای، چەتۆ نەورۆز، فاروق باپیر و بێلانی کوڕی).



لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، هونەرمەند حەسەن گەرمیانی.

هونەرمەند حەسەن گەرمیانی لە ساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندامی تیپی مۆسیقای سلێمانی، بەشی زۆری بەرهەمەکانی هەر لەگەڵ ئەو تیپە تۆمار و نمایشکردووە، کۆمەڵێک گۆرانیی خۆش و ئاست بەرزی پێشکەش بە میللەتەی کردووە، کە بەشی زۆریان لە دەقی فۆلکلۆریی نەتەوەکەمان و هەڵقوڵاوی هەست و سۆزی ناوچەی گەرمیان و هەموو کوردستانە، هەموو بەرهەمەکانیشی زیندوون و هەمیشە بە زیندوویی دەمێننەوە، لە گۆرانییە دیارەکانی(دیسان بارانە، کەمەرەشل، لێم یاخییە، سەوزەڵێ، گۆزەی سەرشانی، مەیلەنگێنە، سێ گۆرانی تێهەڵکێش- سۆزەی گەرمان- ساڵدانە- هەی نەخشانم، لانکێ، لەرزان، کەژاڵێ، ئێوارەی پایز، جوانیی ڕێبوار، سابات، لەناو ڕەزان، کزەی جەرگانم، خواست...چەندین بەرهەمی دیکە).

هونەرمەند حەسەن گەرمیانی دیارە لە ٢٤-٧-٢٠١٩ گەڕاوەتەوە کوردستان لە فڕۆکەخانەی هەولێر هونەرمەند فەرهەنگ غەفور بەڕێوەبەری گشتیی ڕۆشنبیری و هونەری لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بە یاوەریی چەند کەسایەتییەکی دیکە پێشوازیان لێکردووە، لە ڕۆژی ٢٩-٧-٢٠١٩ لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان خەڵات کراوەو و ڕێزی لێندراوە.

ئەو زیاتر لە(٤٠) ساڵ خزمەتی هونەر و گۆرانیی کوردی کردووە، هەر سەرکەوت و سەرفراز بێت.

سەرچاوەکان:
١ - Rudawnet، لە ٢٤-٧-٢٠١٩.
٢ - چەند کورتە فلمێکی دوکیومێنتاری لە youtube، کە بەروارەکەیان دیار نەبوو.
٣ - کوردیپیدیا.
٤ - ئامادەکردن و زانیاری و نووسینی خۆم.



# عەبدوڵلا زێڕین

هونەرمەندی دەنگ ناسک و خۆش، ئەکتەر و گۆرانیبێژی نیشتمانپەروەر، عەبدوڵـڵا زێڕین...

نـاوی تەواوی(عەبدوڵـڵا ئیبراهیـم ئەحمـەد)ە، لـە ناوەنـدی هونـەری بـە عەبدوڵـڵا زێڕیـن ناسـراوە، لـە نـاو خەڵکیش بـە بابێ(زێنـێ)ش ناسـرابوو، لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە شـارۆچکەی ئامێـدی لـە دایـک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە ئامێـدی تـەواو کـردووە و هەتـا قۆناغـی ناوەنـدی خوێنـدووە، لـە سـاڵی ١٩٦٩ لەگـەڵ تیپی(ئێکەتیا پـالا) وەکـو ئەکتـەری شـانۆ کاری کـردووە، دواتـر لـە سـاڵی ١٩٧٠ چۆتـە دهـۆک لـە تیپـی(١١ی ئـادار)ی ئـاواز و مۆسـیقا و شـانۆگەری دامـەزراوە، بۆتـە ئەنـدام لـەو تیپـە و چەندیـن شـانۆگەرییان پێشکەش کـردووە، ئەو لـە چەند شانۆگەرییەک وەک ئەکتـەر ڕۆڵـی ئافرەتـی بینیـوە لەوانـە شـانۆگەریی(بزاڤیا قوتابیـا، یۆتێـلا، سـحەرکەر، دوو شـاهی).

هونەرمەنـد عەبدوڵـڵا زێڕیـن لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو ڕووی کردۆتـە هونـەری گۆرانـی و مۆسـیقای کـوردی، سـەرەتا لـە ئێزگـەی کوردیـی بەغـدا وەکو(کـۆڕس) دەسـت بەکاربـووە، دواتـر لـە پەیمانگای(معهد التدريـب الإذاعـي) دەرهێنانـی مۆسـیقای خوێنـدووە و لـە سـاڵی ١٩٧٩ بۆتـە یاریـدەدەری ئەندازیـاری دەنـگ لـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغـدا، ئـەو زیاتـر



**هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین و گۆرانیبێژی ناسراوی کورد گوڵبەهار لە گۆرانییەکدا**

لە(٤٠) گۆرانی بۆ ڕادیۆی کوردی بەغدا تۆمارکردووە و(١٥) گۆرانیشی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکردووە، لە ساڵی ١٩٧٣ گۆرانیی(شیرین دەلال)ی بۆ تەلەفزیۆنی موسڵ تۆمارکردووە، لە ساڵانی نەوەدەکان بۆ چارەسەری پزیشکی چۆتە ئەڵمانیا و چەند نەشتەرگەرییەکی کردووە، بەڵام هەر بەردەوام بووە لە گۆرانیی وتن، لە ساڵی ٢٠٠٠ دوو جار هاتۆتەوە کوردستان و بەشداریی لە چەندین ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک کردووە، بەشداریش بووە لە فیستیڤاڵی گۆرانیی کوردی ساڵی ١٩٧٣.



**نەناسراوە، هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین**

هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین شێواز و ستایلێکی تایبەتی هەبوو لە گۆرانیی وتن، ئەو لە شوێنێکدا دەڵێت:(بەریخۆ بدە سالین پێنجاکان و شێستاکانی سەدەی ڕابردوو هەمی سترانێن کۆشک و دیوەخانان بوون، سترانێن شەڕا بوون، لە سەرەتای شەستەکان یەکەمین هونەرمەند ل دەڤەرا



هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین لە نواندنێکدا ڕۆڵی ئافرەتی بینیوە

سۆران(شـەمال سـائیب) بـوو، ستران پیچەک پێشخستن، هەروەها ل دەڤـەرا مـە هونەرمەند(تەحسـین تەهـا)، ئـەو هونـەرمەندێ پشـتی وان هاتیـن چـاڤ لـەوان کـرن).

هونەرمەنـد عەبدوڵـڵا زێڕیـن، هونەرمەنـدی گۆرانیبێـژ محەمـەد عـارف جزیـری و مریـەم خـان بـە قوتابخانـەی گۆرانیـی فۆلکلـۆری و ڕەسـەنی کـوردی دادەنێـت، ناوەڕۆکی گۆرانییەکانی بەشی زۆری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیین، گۆرانی بـۆ ئەڤینـی و پالـە و قوتابیـان و مامۆسـتانیش وتـوە.

ئەو بە بەردەوامی لە دوای شیعری کوردی گەڕاوە و(٥) پارچە شیعری شاعیر مەحفوز مایی کردۆتە گۆرانی، لەوانە(نازدار چاڤێن تە دەریانە دلی من گەمیا خەما).

ئەو بە دوو قۆلی گۆرانی:

هەی لێ لێ دەلال لێ، دەنگی هونەرمەند( عەبدوڵڵا زێڕین).



هونەرمەند عەبدوڵڵا زێڕین لە چالاکییەکی هونەریدا



وەی لۆ لۆ دەلال لۆ ، دەنگی خانمە گۆرانیبێژ( گوڵبەهار).

ئەم گۆرانییە لە دەرهێنانی هاوڕێی دێرینم دەرهێنەر، ڕەوانشاد بەختیار سیامەنسورییە و هەتا دنیا ماوە بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

هونەرمەند عەبدوڵلا زێڕین گەلێک خزمەتی هونەر و گۆرانی و مۆسیقای کوردی کردووە و زۆریش خەمخۆری گەل و نیشتمانەکەی بووە، لە ڕۆژی ٢٨- ٥- ٢٠١١ لە شاری دهۆک کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی(شاخکێ) بە خاکی نیشتمان سپێردراوە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.


سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیانی هونەرمەندی گۆرانیبێژ عەبدوڵلا زێڕین، نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەڕێز ئیسماعیل بادی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢- Kurd collect

٣- Manu Midia

٤- Rudaw - ,ساڵیادی کۆچی دوایی هونەرمەند عەبدوڵلا زێڕین، وتارێکی نووسەر کاروان عەلی لە ٢٨-٥-٢٠١٧.

٥ - کوردیپیدیا.

٦- Youtube، فلیمێکی دوکیومێنتاری، لە ئەرشیفی بەڕێز حەسەن بیبو.

٧ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## حسێن میسری

بەبێ ئەوەی چووبێتە بەر خوێندن، بەبێ ئەوەی دەرچووی هیچ پەیمانگاو ئەکادیمیایەکی هونەری بێت، هونەرمەندی خۆڕسک، ئەکتەر و شانۆکار و سیناریست و دەرهێنەری گەورەی کورد، ڕەوانشاد حسێن میسری...

هونەرمەند حسێن میسری لە ساڵی ١٩٥٧ لە ناوچەی(شوان)ی سەر بە پارێزگای کەرکووک لە خێزانێکی هەژار لە دایک بووە، لەبەر باری سەختی ژیانی خێزانەکەیان نەیتوانیوە بچێتە بەر خوێندن، بۆیە هەر خۆی خۆی فێرە خوێندن و نووسین کردووە، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا بۆتە خوێنەرێکی باشی دەقە شانۆییەکانی عەرەبی و بیانی، ئەو جگە لە زمانی کوردی زمانەکانی عەرەبی و تورکی و هیندیشی زانیوە.

هونەرمەند حسێن میسری لە ساڵی ١٩٧٧ بە مەبەستی خوێندنی کۆرسێکی شانۆیی چووەتە وڵاتی میسر، لەو کاتەی لە میسر هاتۆتەوە بە حسێن میسری بانگیان کردووە، دەستپێکی کاری هونەری ئەو، لە ساڵی ١٩٧٣ لە شاری مووسڵ وەکو ئەکتەر بەشدار بووە لە شانۆگەریی(من الذي قتل الوحش) کە لە نووسینی عەلی سالم و دەرهێنانی هونەرمەند عەدنان جوید جاتی بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ لە شاری کەرکووک پەیوەندیی بە تیپی شانۆیی(ئەزمونگەری) کردووە، هەر لەگەڵ ئەو تیپە بەشداریی چەند



هونەرمەندی ئەکتەر عەبدولی حەمەجوان          هونەرمەند حوسێن میسری

شانۆگەرییەکی کردووە، لەوانە(باڵندە و ڕێوی) لە دەرهێنانی هونەرمەند جەعفەر موسا و نووسینی نامق خەڵووسی بووە و وەکو ئەکتەر و یاریدەدەری دەرهێنان بەشداریی لەم شانۆگەرییانەشدا کردووە(دوا گۆرانی، بەسەرهاتی دۆستی ئاژەڵ، گەمەی سوڵتان و وەزیر، دارستانی یوتوبیا، حب ابیکاک و موتە)، پەرەی بە تواناکانی خۆی داوە و یارمەتیی هەموو هاوڕێ هونەرمەندەکانی داوە لە هەموو کەمە نەتەوایتییەکانی شاری کەرکوک.

هونەرمەند حسێن میسری لە ساڵی ١٩٨٥ چۆتە شاری سلێمانی، بۆتە ئەندامێکی چالاکی تیپی نواندنی سلێمانی، وەکو نووسینی سیناریۆ و ئەکتەر و دەرهێنەر بەشداری لە کۆمەڵێک شانۆگەری و زنجیرە دراما و کورتە دارامادا کردووە، لەوانە(گوڵی بەهار هات، هەڵهاتنی مانگ، سێتای ئاسنین، ئەو پیاوەی خۆی بە بارمتە دانا، نجنسکی ساتی زەماوەند، سەمایەکی بێ ناونیشان، نواندن لە فلیمی فرمێسکی ڕەش، مەرگی کورسییەکان...هتد).

هونەرمەندی دەرهێنەر حسێن میسری پاش دامەزراندنی تەلەفزیۆنی خاک - Khaktv، ئەو دامەزرێنەری بەشی دراما بووە و لێپرسراوی ئەو بەشەش بووە و کۆمەڵێک بەرهەمی هونەریی گەورەی دەرهێناوە بە بەشداری پێکردنی هونەرمەندانی گەنج لە شارەکانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و دهۆک و ناوچەکانی کەلار و ڕاپەڕین، هەموو کارەکانیشی هەڵقوڵاوی ناو داب و نەریت و کەلتوور و کەلەپووری ڕەسەنی کوردی

بووە، ئەو یەکەمین هونەرمەندی کوردە کە خاوەنی(٢١) کورتە دراما و (٨) درامای درێژە.

لە ساڵی ١٩٩٧ تاوەکو ٢٠٠٩ ئەم کارە هونەرییانەی لەگەڵ تەلەفزیۆنی خاک ئەنجامداوە:

- دەرهێنانی درامای(خۆرنەوازان) کە (١٥) ئەڵقەیە، لە بیرۆکەی خاتوو هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بووە.
- ئامادەکردن و دەرهێنانی کورتە درامای منداڵان (ئەردەڵان و کۆمپیوتەر، سۆرانی بۆیاخچی، ئەحمەدی نەوت فرۆش).
- نووسین و دەرهێنانی درامای(خەمی چۆلەکەکان) کە(٢٩) ئەڵقەیە.
- ئامادەکردنی سەکۆی شیعر و دەرهێنانی شانۆگەریی(گۆڕستانێکی بێ گۆڕ) و ئاهەنگە شیعری شاعیری ناسراوی کورد قوبادی جەلیزادە.
- هەناسەکانی ئەنفال، کە شانۆی گەڕۆک بووە، لە ناو خوێندکاران و فەرمانبەران و لەسەر شەقامەکان و هەتا لە ناو پاسەکانیش نمایشکراوە.
- نووسین و دەرهێنانی زنجیرە درامای(ڕەشەی پۆلیس) کە(٣١) ئەڵقەیە.

جگە لە کۆمەڵێک بەرنامەی هەمەجۆری دیکە، چەندین کار و چالاکیی هونەریی دیکەی هەبووە وەکو:

- ئەو یەکەمین هونەرمەندی کوردە کاری شانۆیی بردۆتە سەر شەقام و شوێنە گشتییەکان بە شێوەی کەرنەڤاڵ لە شەقامی مەولەوی تا بەر دەرکی سەرای سلێمانی و کەرنەڤاڵی ئاشتی لە ئەمنە سوورەکە، کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالیشی نمایشکردووە.






**لە زنجیرە درامای(ڕەشەی پۆلیس).**



گڵکۆی هونەرمەند حسێن میسری

سەبارەت بە هونەرمەند حسێن میسری، هونەرمەندی ئەکتەر عەبدولی حەمە جوان دەڵێت:( کۆمەڵێک خەڵک کاری هونەریی جوان دەکەن، بەڵام دوای هونەرمەند حسێن میسری هەمووومان بێ لانە ماینەوە، هەموو دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان گرنگی بە کاری هونەری نادەن، زیاتر بایەخ بە کار و درامای بیانی دەدەن، ئەو لە دوای ڕاپەڕین بەردی بناغەی درامای کوردی داناوە).

هونەرمەند حسێن میسری لە ژیانی هونەری خۆی چەندین جار خەڵات و ڕێزلێنانی بۆ خۆی و بەرهەمەکانی کراوە.

لە ڕۆژی ٣١-٥-٢٠٠٩ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە، ڕوحی شاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ - کوردیپیدیا.

٢ - Kurdsat، دوو فلیمی دوکیومێنتاری لە ١١-٧-٢٠١٩ و ٢٨-٩-٢٠٢٠.

٣ - ماڵپەڕی NHD، Yuotube،

٤ – زانیاری و نووسینی خۆم.



# سەمیر زاخۆیی

هەر چەندە ئەو بەڕەچەڵەک و ڕەگەز لە نەتەوەی عەرەبە، بەڵام لە ناو جەرگەی شارۆچکەی زاخۆ لە دایک بووە و خزمەتێکی زۆری هونەری مۆسیقاو ئاواز و گۆرانیی کوردی کردووە، مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی گەورەی کورد، سەمیر زاخۆیی ....

ناوی تەواوی(سەمیر محەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد محەمەد)ە، لە ١-٤-١٩٤٩ لە گەڕەکی(سووک)ی قەراغ ڕووباری خابوور لە خێزانێکی هونەردۆستی دەستکورت لە شارۆچکەی زاخۆ لە دایک بووە، ئەوان لە نەتەوەی عەرەبن، لە عەشیرەتی(الحسيني)نە، کە عەشیرەتێکی زۆر گەورە و پەرش و پڵاوە لە وڵاتانی عێراق و سووریا و ئوردن و فەلەستین دەژین، سەید عەبدوڵڵای باپیریان لە مووسڵ ژیاوە، دیارە بە مەئموری چۆتە زاخۆ و لەوی ماوەتەوە، باوکی سەمیر سەرتاش بووە، باوکی و مامێک و ئامۆزایەکیشی مۆسیقاژەن بووینە.



هونەرمەند سەمیر زاخۆیی بە جاحێڵی


هونەرمەند سەمیر زاخۆیی خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(الاحداث) و ناوەندیشی هەر لە زاخۆ خوێندووە، هەر لە منداڵییەوە حەزی لە مەلەوانی



**لە لای ڕاستەوە: سەید عەبدوڵڵا باپیری هونەرمەند سەمیر زاخۆیی،**
**هونەرمەند سەمیر زاخۆیی بە منداڵی، باوکی هونەرمەند سەمیر زاخۆیی**

و تۆپی پێ و مۆسیقا بووە، هێشتا هەر زۆر منداڵ بووە، جارێکیان لەگەڵ دایکی لە ناو بازاڕی زاخۆ چاوی بە دوکانێکی فرۆشتنی ئامێری مۆسیقا دەکەوێت و داوا لە دایکی دەکات(بلوور- شمشاڵ)ێکی بۆ بکڕێت، دایکیشی بە دینارێک شمشاڵەکەی بۆ دەکڕێت، ئەویش بە شمشاڵ ژەنین دەست پێ دەکات، هەتا وایکردووە هەموو دەرو جیران لێی بێزار بووینە، دواتر ئامۆزایەکی لە مووسڵ کەمانێکی بۆ دەکڕێت، پاشان ئەو لەسەر ژەنینی ئامێری(عود) بەردەوام دەبێت، لە ساڵی ١٩٦٣ دەست بە ژەنینی عود دەکات و زۆریش سەرسام بووە بە هونەرمەند و مۆسیقاری عەرەبی(فريد الاطرش) و عودەکەی.

هونەرمەند و مۆسیقاژەن و ئاوازدانەر سەمیر زاخۆیی کە خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات حەزی لە تەواوکردنی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا بووە، ئەو لەوێ وەرگیراوە، بەڵام دایکی پێی وتوە:(چشتەک نەما تە بخوینێ مۆسیقا نەبێ ژ بەغدادیش)، بەم جۆرە زۆر دڵی دەشکێ، بۆیە دەست دەکات بە خوێندنەوەی کتێب دەربارەی هونەر و گۆرانی مۆسیقا، زیاتر بە زمانی عەرەبی، هونەرمەند و شاعیر و ئاوازدانەر مامۆستا عەبدولعەزیز سلێمان هاوکار و هاندەری بووە و چەند شیعر و ئاوازی بۆ داناوە، بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ژەنینی مۆسیقا و گۆرانی ووتن.





لە ساڵانی ١٩٦٧- ١٩٦٨ دەستی کردووە بە کاری هونەری و ئاوازدانان لەگەڵ تیپەکانی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی کوردستان لە زاخۆ، لە ساڵی ١٩٧٠ بە بۆنەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئادار، لە گەڵ تیپی ١١ی ئازار و تیپی نەورۆز لە ئامادەیی کاوە و لە ئاهەنگە نیشتمانی و نەتەوەییەکانی شارەکانی زاخۆ و دهۆک و ئاکرێ و چەند شار و شارۆچکەیەکی دیکەی دەڤەری بەهدینان بەشدار بووە، بە تەواوی ناووناوبانگی لە دەڤەرەکە و کوردستان بڵاوبۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەشی مۆسیقا لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا دامەزراوە، یەکەم گۆرانیی خۆی بە ناوی(خەڵاتی جەژنێ) تۆمارکردووە کە هۆنراوەی(ساڵح عەلی گولی)بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ لەگەل خاتوو(سەبریە میرزا مستەفا) هاوسەرگیری کردووە، ئەو کاتەی لە بەغدا بووە، لە قوتابخانەی(جعفریة) خولێکی مۆسیقای بینیوە.

لە ساڵی ١٩٧٦ لە ڕادیۆی کوردیی بەغدا داوای لێدەکەن تیپێکی مۆسیقا دابمەزرێنێت، ئەویش لە چەند قوتابییەکی کوردی پەیمانگای هونەرە جوانەکان و ئەکادیمیای بەغدا لەوانە(شێرزاد محەمەد سەعید، دڵشاد محەمەد سەعید، بەدرخان تەها و چەند هونەرمەندێکی هەولێر و سلێمانی



**لە لای ڕاستەوە: دووەم کەس هونەرمەند سەمیر زاخۆیی، ئەوانی دیکە نە ناسراون**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند فوئاد ئەحمەد، هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، هونەرمەند سەمیر زاخۆیی**





**هونەرمەند سەمیر زاخۆیی.**

و خانەقین)، تیپەکە پێکدەهێنێت، یەکەم بەرهەمی ئەو تیپە تۆمارکردنی گۆرانیی(بێریڤانێ ماڵ وێرانێ)ی هونەرمەندی گەورەی کورد تەحسین تەها بوو.

هونەرمەند سەمیر زاخۆیی زیاتر لە(٥٠)ساڵ خزمەتی گۆرانی و ئاواز و مۆسیقای کوردی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٢ یەکەم کاسێت و ساڵی ١٩٧٣ دووەم و ساڵی ١٩٧٧ سێیەم و ساڵی ٢٠١٣ دوا ئەلبۆمی بە ناوی(یادگارییەکانم) کە ئینستیتوی کەلەپووری کوردی بۆی تۆمار و بڵاوکردۆتەوە، بەرهەم هێناوە،

بـە تێکڕایـی کۆمەڵێـک گۆرانیـی نیشـتمانپەروەری و ئەڤینـی لـە خۆدەگـرن، لەوانـە گۆرانییەکانی:(شـیڤان و بێریڤـان، دوو دلـێ، بـێ فەنـدو فێـل، هیڤیـا تۆژینـێ، سـەبرا دلـێ، دیلانـە، داوەت، شاشـا گولـێ، ڤەچینـە، شـەهید، خەڵاتـێ جەژنـێ، مـن دڤێـتم فینـا بـەرێ، ناڤێتـە سـینامخانە، نـەورۆزێ، توبەهـارێ، وەرە جانـێ دەلالـێ، یـارا مـن گـول نەسـرینێ، ئـەز بەفـرم، ئـەز ئەڤینـدارم، ئـای ژینـێ، پشـتی ڤییانـە مـن دەرکرێ...چەندانـی دیکـە).



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند سەمیر زاخۆیی، هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان، میدیاکار توانا حوسێن**



**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، هونەرمەند سەمیر زاخۆیی، هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی**

هونەرمەنـد سـەمیر زاخۆیـی ئـەو کاتـەی لـە ڕادیـۆی کوردیـی بەغـدا بـوو، بەنـدەش لەویَ(بێـژەر- مذیـع) بـووم، پەیوەندییەکـی زۆر باشـی لەگـەڵ هەمـووان هەبـوو، بـە تایبەتـی لەگـەڵ هونەرمەندان(محەمـەد عـارف جزیـری، گوڵبەهـار، عیسـا بـەرواری، عەبدوڵـڵا زێڕیـن، فوئـاد ئەحمـەد و تەحسـین تەهـا و هونەرمەندانـی دیکـەش).

ئـەو ئـاواز و مۆسـیقای بـۆ زیاتـر لـە(٦٠-٧٠) گۆرانیبێـژی کـورد دانـاوە، بـۆ هەندێکیـان زیاتـر لـە(٢٠) ئـاواز و بـۆ هەندێکـی دیکـە(١٠) ئـاواز و بـۆ هەندێکیشیان ئاوازێکی یان دوو ئـاوازی داناوە، ئـاوازی بۆ ئـەم هونەرمەندانە دانـاوە (گولبەهـار، فوئـاد ئەحمـەد، ئـاواز بە(سـۆرانی و بەهدینانـی)، تەحسـین تەهـا، عەدنـان، حاجـی، ئەیـاز زاخۆیـی، ئـەردەوان زاخۆیـی، قەهـار زاخۆیـی، دەلال و چەندانـی دیکـە).

هونەرمەند سـەمیر زاخۆیی پاش ئـەو هەمـوو خزمەتـە زۆرەی بۆ هونـەر و مۆسـیقا و گۆرانیـی کـوردی، تـا ئێسـتاش تاکـە یەکجاریـش ڕێـز و خـەڵات نەکراوە، لـە لایـەن لایەنـە پەیوەندیدارەکانـی هونـەر و ڕۆشـنبیری لـە هەرێمـی کوردسـتان، نازانـم چ بڵێـم و چ بنووسـم، هـەر ئەوەنـدە بـە هونەرمەنـد سـەمیر زاخۆیـی دەڵێـم :(تـۆ خزمەتێکـی زۆر گـەورەی هونـەر و گۆرانـی و مۆسـیقا و ئـاوازی کوردیـت کـردووە، تـۆ ناوێکـی لەنـاو هونـەری کـوردی، هەرگیـز لـە دڵ و هـزری هەوادارانـت لـە بیـر ناکرێیـت.

سەرچاوەکان:


١- Kurdmax، فلیمێکـی دوکیومێنتـاری، بەرنامـەی ژیمـا، لەسـەر ژیانـی هونەرمەنـد سـەمیر زاخۆیـی، ئامادەکردنـی میدیـاکار هەرمـان محەمـەد تاهیـر و پێشکەشـکردنی میدیـاکار توانـا حوسـێن.

٢ - ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـی KHI، یادگارییەکانـم، ئینسـتیتوی کەلەپـووری کـوردی، سـاڵی ٢٠١٢.

٣ - کوردیپیدیا.

٤- NRT.net، فلیمێکی دوکیومێنتاری.

٥- AVA Entertaiment، بەرنامەی خۆمانە لەگەڵ سەمیر زاخۆیی.

٦- Waar Midia، بەرنامەی بەڵگەفلیم.

٧ - ئامادەکردن و زانیاری و نووسینی خۆم.





# عەبدولعەزیز سلێمان

شاعیر و ئاوازدانەر، عەبدولعەزیز سلێمان زاخۆیی ....

ناوی تەواوی(عەبدولعەزیز سلێمان یاسین)ە، لە ساڵی ١٩٤٦ لە باژێڕی زاخۆ لە خانەوادەیەکی هەژار و دەستکورت لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(زاخو الاولی) کە ئێستا بۆتە قوتابخانەی(بۆتان) خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی لە شاری زاخۆ تەواو کردووە، چۆتە خانەی مامۆستایان و بۆتە مامۆستای سەرەتایی.

مامۆستا عەبدولعەزیز سلێمان، ژیانی منداڵیی خۆی زۆر بە هەژاری بەسەر بردووە، بۆ دەرامەتی ژیانی خۆی و خێزانەکەیان کار نەمایە نەیکردبێت، بەڵام ئەو قوتابییەکی زۆر زیرەک بووە، هەر لە پۆلەکانی سەرەتاییدا حەزی لە هونەر و مۆسیقا و شیعر و ئەدەبی کوردی بووە، لەسەر دەستی مامۆستایەکی(کریستیان- مەسیحی) بە ناوی(حازم) زیاتر خولیای کەوتۆتە سەر هونەر و ئاواز و مۆسیقا، سەوداو عەشقی دەنگی هونەرمەندی گۆرانیبێژ مەحەمەد عارف جزیری و تەحسین تەها بووە، ئەو ئێش و ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەرییەکی زۆری دیوە، ئاوارەی ئێران و تورکیا و ناوەڕاستی عێراق بووە،

**هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان**

زیاتر لە(١٦) ساڵ لە ڕومادی بووە و (٥) منداڵی لەو بیابانیەی ئەوێ پەروەردە کردووە، بە هۆی هەڵوێستە سیاسییەکانیشی زیاتر لە (١٠) ساڵ گیراوە.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ یەکەمین جار لە ئاهەنگەکانی نەورۆز و یانزەی ئادار بەشداری کردووە، (٦) کتێبی لە شیعر و بواری هونەری بڵاوکردۆتەوە و دەقی شیعری گۆرانی و ئاوازی داوەتە زیاتر لە(٧٠) هونەرمەندی گۆرانیبێژ لەوانە زیاتر لە(٤٠) هەڵبەست و ئاوازی داوەتە هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، چەندین دەق و ئاوازیشی داوەتە هونەرمەندان(ئەردەوان زاخۆیی و عەبدولقەهار زاخۆیی و  تەحسین تەها و فاتێ و شوان پەروەر و شاکر ئاکرێیی و نازدار جزیری و چەندین گۆرانیبێژی دیکە).

ئەو زۆر بایەخی بە هەردوو گۆرانیبێژ ئەیاز زاخۆیی و ئەردەوان زاخۆیی داوە، ئەوان لەسەر دەستی شاعیر و ئاوازدانەر و هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان  پێشکەوتوون بوونە باشترین دوو هونەرمەندی گۆرانیبێژ لە دەڤەری بەهدینان، تا ئێستاش چەندین گۆرانیی هونەرمەند




**هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان لەسەر گۆڕی هونەرمەندی کۆچکردوو ئەیاز زاخۆیی**

ئەیاز زاخۆیی لای ئەو ماون و هەر بڵاونەکراونەتەوە، هەوڵی داوە لەگەڵ خانەوادەی ئەیاز زاخۆیی بۆ بڵاوکردنەوەیان، بەڵام دیارە برایەکی ڕازی نەبووە.

هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان، دەقی ستران و ئاوازی بۆ ئاکرێ و ڕواندز و هونەرمەندانی هەموو ناوچەکانی کوردستان داناوە، زیاتر لە(٢٠) ستران و ئاوازی بۆ شاری زاخۆ داناوە، زاخۆ و هەموو کوردستانی زۆر خوشدەوێت و بە ئاواتی سەربەخۆیی کوردستانە. لە شوێنێکدا دەڵێت:( من لە ڕێگای دەنگی ئەیاز و ئەردەوان نامەی خۆم گەیاندە دنیا، چونکە ئەوان و گۆرانییەکانیان هەر لە پێشەوەن و بە زیندوویی دەمێننەوە).

پەیوەندی لەگەڵ بەشی زۆری شاعیر و نووسەر و هونەرمەندانی کوردستان وەکو( دکتۆر بەدرخان سندی و دکتۆر عەبدولڕەحمان مزووری و هونەرمەندان ئەحمەد سالار و ئەنوەر قەرەداغی) زۆر باشە.

هونەرمەند عەبدولعەزیز سلێمان هەموو ژیانی خۆی بە سەختی

بردۆتــه ســەر و هیــچ ســوودێکی مادديشــی لــه کاره هونەرییەکانــی وەرنەگرتـووه و گلەیـی و گازاندەشـی زۆره، کـه هیچـی بـۆ نەکـراوه بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ژیانـی، لایەنـه هونەرییـه پەیوەندیدارەکانـی دهـۆک و زاخـۆ یارمەتیـی پێویسـتیان نـەداوه. شـاعیر و ئاوازدانـەر عەبدولعەزیـز سـلێمان، هـەر سـەرکەوتوو و تەندروسـت بـاش بیـت بـۆ خزمەتـی هونـەری کـوردی.

سەرچاوەکان:

١ - Waar Midia، فلمێکی دوکیومێنتاری ، بەرنامەی تاڤە هەیڤ.

٢ - Dhok Tv، فلمێکـی دوکیومێنتـاری، بەرنامـەی بیردانـک، ئامـاده و پێشکەشـکردنی میدیـاکار ڕزگار وەحیـد، لـه ٢٤-١١-٢٠٢١.


٣ - زانیاری و ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# شەهابەی هەولێری


مەقام و قۆریاتبێژ بەزمانی کوری و تورکمانی، قورئانخوێن و نیگارکێش و خۆشنووس، شەهابەی هەولێری....

ناوی تەواوی(شەهابەدین ئەحمەد حوسێن مهاجیر)ە، ناسراوە بە شەهابە هەولێری، بە پێی سەرچاوەکان، یەکێک لەوانە نووسەر جەلال خدر حوسێن ساڵی لە دایکبوونی دەگێڕێتەوە بۆ(١٨٩١-١٩٣٩)، بەلام هەندێ سەرچاوەی دیکە ساڵی لە دایکبوونی دەگەڕیننەوە بۆ(١٨٨٥-١٩٤٥) هەندێ سەرچاوەی دیکەیش ساڵی لە دایکبوونی بە ساڵی ١٩٠٢ دادەنێن، شەهابە هەولێری لە یەکێ لە گەڕەکەکانی قەلاتی هەولێر لە دایک بووە.




هونەرمەند ئوم کەلسووم

هونەرمەند و قورئانخوێن شەهابەی هەولێری لە جەنگی یەکەمی جیهان باوکی لەدەستداوە، دایکی بەخێوکردنی گرتۆتە ئەستۆ، دیارە پاش ماوەیەکی کەم دایکیشی کۆچی دوایی کردووە،(مەلا فەندی)هەولێر خۆی لێ کردۆتە ساحێب و لە مزگەوتی گەورەی ناو بازاڕی هەولێر ژوورێکی بۆ دابین کردووە و




مووچەیەکیشی بۆ بڕیوەتەوە.


شەهابەی هەولێری لە ساڵی ١٩٢٠ ماوەیەک چۆتە شاری کەرکوک لەوێ دەستی بە خوێندنی قورئانی پیرۆز کردووە، دواتر هاتۆتەوە هەولێر، لە مزگەوتی گەورەی هەولێر ئاشنایەتی لەگەڵ هەریەک لە(مەلا مستەفا و مەلا فەتاح و مەلا ئەمین) پەیداکردووە، بۆتە هاوڕێی سەید مەردان و سەید عەبدولقادر کە هەردووکیان شارەزاییەکی زۆریان لە قورئان خوێندن هەبووە، ئەو لەسەر دەستی ئەوان فێری خوێندن و تەجویدی قورئان بووە، لەگەڵ ئەوانیش بەشداری لە خوێندنەوەی ئاهەنگی مەولود کردووە، دواتر دەستی بە خوێندنی سروود و تەواشیح و شیعر و ستایشی




ئایینی کردووە، بە هاوکاری و یارمەتیی سەید مەردان و لە لای مەلا محەمەدی هاوڕێی فێری مەقامی(ڕەست- ڕاست) بووە، تا ئەو کاتەی هەستی کردووە کە دەتوانێت مەقام و ستایشە ئاینییەکان بە تەواوی بڵێت، لەگەڵ تیپی مەولود خوێندنەوەی عەلی محەمەد مستەفا بەشداریی بۆنە ئایینییەکانی کردووە و سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشاوە، هەر لەوسەردەمەدا تیپێکی دیکەی مەولود خوێندنەوە هەبووە کە تیپی عەلی کۆر و حاجی عەبدوڵڵا بووە، لە سەرەتای چلەکانی سەدەی ڕابردوو کاتێک بازرگانی گەورەی شاری موسڵ (بەکر جەلال) لەگەڵ تیپێکی مەولود خوێندنەوە هاتوونەتە شاری هەولێر، شەهابە هەولێری لەگەڵ ئەواندا مەقام و قۆریاتی وتوە.

لە ٦- ٦- ١٩٣١ کە مەلیک فەیسەلی یەکەم هاتۆتە هەولێر و میوانی مەلا فەندی بووە، شەهابەی هەولێری لە مەڕاسیمی پێشوازی مەلیک، قورئانی پیرۆزو ستایشی ئایینی خوێندووە، پاشان لەگەڵ تیپی عەلی کۆر و عەبدوڵلای دەفژەن دەستی بە مەولود خوێندنەوە کردووە.

مەسەلەی دەسماڵەکەی شەهابەی هەولێری و خانمە گۆرانیبێژی میسری(ئوم کەلسوم-أم کلثوم) و هاتنی هونەرمەند(حقي الشبلي) بۆ هەولێر و هاتنی(عەلی مەردان و محمد القبنچی) بۆ هەولێر و داوا کردنیان لە شەهابە هەولێری کە بێتە بەغدا یان بچێتە وڵاتی میسر بۆ تۆمارکردنی مەقام و قۆریاتەکانی، هەمووی زادەی خەیاڵی ڕۆماننووس دکتۆر فەرهاد پیرباڵە لە ڕۆمانی(حیکایەتەکانی باوکم) کە زۆر بە جوانی ئەم تابلۆیانەی کێشاوە.




هونەرمەند شەهابە هەولێری زمانی عەرەبی و تورکمانی هەندێ فارسیشی زانیوە، بە زمانی کوردی و تورکمانی مەقام و قۆریاتی وتوە، چەندین هونەرمەندی دەنگخۆش لە پاش ئەو و

لەسـەر دەسـتی ئـەو فێـرە مەقـام و قۆریـات بوونـە لەوانە(فایـەق بـازرگان، حاجی جەمیل قەپقاپچی، نورەدین عەسافلی، مـەلا نـادر پۆستەچی، شـەوکەت سەعید(مشـکۆ) و حەیـدەر بەقـال و چەندانـی دیکـە).

شـەهابەی هەولێـری هـەر هونەرمەنـد و قورئانخوێنێکـی دەنگخـۆش نەبـووە، بەڵکـو نیگارکێـش و خۆشنووسـیش بـووە، یەکـەم تابلـۆی دادگای هەولێر(محکمـة اربیـل) و قوتابخانەی(اربیـل الإولـی) ئـەو نووسـیویەتی.

ئـەو هێـچ تۆمارکراوێکـی لەسـەر شـەریت نییـە، چونکـە دەنگـی ئـەو هونەرمەندە تەنها لەسـەر قـەوان تۆمارکراوە، لەوانەیـە لـە موسـڵ یـان بەغدا پەیـدا ببێـت.

شـەهابەی هەولێـری لـە سـاڵی ١٩٤٥ کۆچـی دوایـی کـردووە و هەنـدێ سـەرچاوەش دەڵێـن: لـە سـاڵی ١٩٣٩ کۆچـی دوایـی کـردووە، تەرمەکـەی لـە گۆڕستانی(شـێخەڵلا) لـە هەولێر بـە خـاک سـپێردراوە، پاش ئەوەی گۆڕسـتانی شـێخەڵلا تێکدراو هیـچ ئاسـەواری قەبرەکـەی نەمـاوە، ڕوحـی شـاد و ئـارام و ئاسـوودە بێـت.

(گروپـی پـڕۆژەی شـانۆ) لـە هەولێـر ئامـادەکاری دەکـەن بـۆ تۆمارکردنـی زنجیـرە درامای(شـەهابەی هەولێری) کـە لـە (١٥) ئەڵقـە پێکهاتـووە لە نووسـین و سـیناریۆی هونەرمەند و ئەکتەری ناسـراوی کورد(زایەر عەبدوڵڵا)یە، ئەوان چاوەڕوانـی پشـتگیری و یارمەتیـی مـادی و مەعنـەوی لایەنـە ڕۆشـنبیری و ئەدەبییە پەیوەندیدارەکان دەکـەن بـۆ جێبەجێکردنی ئـەم پـڕۆژە هونەرییـە، کـە تایبەتـە بـە هونەرمەندێکـی گـەورەی شـاری هەولێـر.

سەرچاوەکان:

١ - ماڵپەڕی فەیسبووکی هەولێری جاران، لە ١٥-٨-٢٠٢٢.

٢ - Kurdistan net، وتارێکی نووسـەر بەکر شوان، لە ١٢-٢-٢٠٢٢.

٣ - نووسـەر جـەلال خـدر حوسـێن، کتێبی(شـەهابەی هەولێری) چاپـی هەولێر ٢٠٠٢.

٤ - ماڵپەڕی فەیسبووکی هونەرمەند زایەر عەبدوڵڵا.

٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئامانج غازی

مامۆستای ئەکادیمی پسپۆری بواری موزیک، خاوەنی درێژترین ملیۆدی گۆرانیی کوردی، موزیکژەن و ئاوازدانەر، مامۆستا ئامانج غازی ....

ناوی تەواو(ئامانج غازی ئاغا)یە، لە ناوەندی هونەری بە ئامانج غازی ناسراوە، لە ١٠-٥- ١٩٦٥ لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی ڕواندز لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(پاشای گەورە) و خوێندنی ناوەندیشی هەر لە شاری ڕواندز تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٠ چۆتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی مووسڵ و بە پلەی یەکەم لەسەر هاوپۆلەکانی دەرچووە.

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ تیپی مۆسیقای پاشای گەورە ماوەیەک درێژەی بە کاری هونەر و مۆسیقا داوە، کۆمەڵێک دەقی گۆرانیی فۆلکلۆریی دەڤەری سۆران و برادۆست و باڵەکایەتییان کۆکردۆتەوە، پاشان چەندین بەرهەمی ناوازە و نایابیان لە چەند فیستیڤاڵێک لە ڕواندز و هەولێر پێشکەش کردووە، چەندین گۆرانیان بۆ ڕادیۆی کوردیی بەغدا و تەلەفزیۆنی مووسڵ تۆمارکردووە، ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ لەگەڵ هەندێ هونەرمەندانی دیکە بەشدار بووە لە دامەزراندنی تیپی کۆمەڵ و هونەر و وێژەی کوردی و لەوێش وەکو مۆسیقاژەن دەست بەکار بووە، چەند




هونەرمەند ئامانج غازی لەگەڵ پۆلێك هونەرمەند لە کاتی کارێکی هونەریدا

ئاهەنگ و فیستیڤاڵیان پێشکەش کردوە و دەنگ و سەدایەکی زۆری هەبووە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، لە ساڵی ١٩٩٢ بە گەورەترین ئۆرکسترا بەشداری کردووە لە فیستیڤاڵی هەولێر کە(٥٠) ژەنیار تێیدا بەشدار ببوون.

لە ساڵی ١٩٩٢- ٢٠٠٣ مامۆستای بەشی موزیکی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر بووە.

لە ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٦ بەڕێوەبەری کەلەپووری کوردی بووە، لە وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی ٢٠٠٥ بەشداریی لە فیستیڤاڵی میلیی میللەتان کردووە لە(فەرەنسا، سویسرا، ئەلمانیا).

لە ساڵی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتیی هونەری موزیک بووە لە وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی ٢٠٠٨ مامۆستای بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سەلاحەدین بووە.

لە ساڵی ٢٠١٣ بڕوانامەی ماستەری لە بواری موزیکلۆژیدا بە پلەی

یەکەم لەسەر ئاستی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە.

لە ساڵی ٢٠٢٠ تا ئێستا قوتابیی دوا قۆناغی دکتۆرایە لە زانکۆی سەلاحەدین.

مامۆستا ئامانج غازی، کۆمەڵێک بەرهەمی لە بواری هونەری مۆسیقا و پسپۆڕی خۆی نووسیوە و لە چاپی داون و بڵاویشی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- خوێندنەوەیەکی هونەری بۆ موزیکی ئەکادیمی، ٢٠٠٥.
- هارمۆنیای دەنگ و میلۆدی کوردی، ٢٠٠٧.
- بەزم و ڕەزمی منداڵان، ئاواز بۆ زارۆکان، ٢٠٠٨.
- ئەزموون لە ئامێری موزیکدا،(ڕەخنە و ئەزموونی هونەری موزیک).
- ژمارەیەکی تایبەتی گۆڤاری(چلاوز) مانگی ئادار، ٢٠٠٨.
- سەدای خەڕەند نۆتەی چەند شاکارێکی موزیکی ئۆرکسترای کوردی، ٢٠١١.



**لە لای ڕاستەوە: چوارەم کەس هونەرمەند ئامانج غازی،**
**لەگەڵ هونەرمەندی دیاری کورد ناسری ڕەزازی و پۆلێك هونەرمەند**



تیپی مۆسیقای منداڵان لە ڕواندز



هونەرمەند ئامانج غازی

- گۆرانیی فۆلکلۆری خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی، ٢٠١٢.

ئەم کتێبانەشی ئامادەن بۆ چاپ:

- هارمۆنی، نووسینی دکتۆر محەمەد زازا، وەرگێران لە زمانی عەرەبییەوە.
- فەرهەنگی موزیک، لە نووسینی ئەحمەد بیومی، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە.
- میتۆدی فێربوونی عود بۆ پێشکەوتووان، لە نووسینی نووسەر خۆی.
- جی گشتی بۆ ژەنیاران، ئامادەکردن و دانانی نووسەر خۆی.

مامۆستا ئامانج غازی لە ژیانی مۆسیقاو هونەری خۆی ئەم چالاکی و بەرهەمە هونەرییانەشی پێشکەش بە هونەر و مۆسیقای کوردی کردووە:

- ((٣٠)) ئاوازی جۆراوجۆری بۆ گۆرانیبێژ و هونەرمەندانی کوردستان داناوە،
- (٩) کۆڕالی هونەری موزیکی داناوە.
- موزیکی بۆ(٨) شانۆگەری کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی داناوە.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی مۆسیقاژەنی گەورەی کورد دڵشاد محەمەد سەعید، هونەرمەند ئامانج غازی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئامانج غازی، هونەمەندی گۆرانیبێژ ڕەوانشاد حەمە جەزا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی مۆسیقاژەن و ئاوزدانەر ڕەوانشاد زرار محەمەد مستەفا، هونەرمەند ئامانج غازی




**هونەرمەند ئامانج غازی لەسەر گڵکۆی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەك**

- موزیکی بۆ (١٨)فلیمی کوردی داناوە.

(٨) خولی فێربوونی موزیکی کوردی کردۆتەوە.

- (٢٦) کۆڕو کۆبوونەوە و سیمیناری هونەریی تایبەت بە موزیک و گۆرانیی کوردی ئەنجامداوە.
- موزیکی بۆ تابلۆکانی هەر یەک لە هونەرمەندان(محەمەد عارف، نامیق عەلی قادر، سەردار سنجاوی، ڕۆستەم ئاغەلە) داناوە.
- خاوەنی درێژترین میلۆدی گۆرانیی کوردییە، بە ناوی(کۆچ و باران) کە لە دەقی شیعری شاعیر کەریم دەشتییە، لە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی ساڵی ١٩٩١ بیرۆکەکەی بۆ هاتووە.

بۆ مامۆستای ئەکادیمی مۆسیقاو ئاوازی کوردی، ئامانج غازی، هەر سەرکەوتوو بیت لە کارە هونەرییەکانت بۆ خزمەتی هونەر و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی مامۆستا و هونەرمەند ئامانج غازی، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.




# خالید ڕەسوڵ

هونەرمەنـدی خۆشـنووس و نیگارکێش، پسـپۆڕ لـە بـواری وێنەگرتـن و پۆسـتەر و لـۆگا و ئەرشـیفکردن، مامۆسـتا خالیـد ڕەسـووڵ...

هونەرمەنـد خالیـد ڕەسـووڵ لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـەو بەشـەی کـە پێـی دەوترا(هولـێ) لـە گەڕەکـی (چواربـاغ)ی شـاری سـلێمانی لـە خانەوادەیەکـی ڕۆشـنبیر و هونەردۆسـت لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و تـا پۆلـی شەشـەمی زانسـتی هـەر لـە شـاری سلێمـانی خوێنـدووە.

خۆشـنووس و نیگارکێش خالیـد ڕەسـووڵ هـەر لەمنداڵییـەوە حـەزی لـە هونـەر و ئـەدەب بووە بە تایبەتی هونـەری شێوەکاری، ئـەو کاتـەی لە پۆلـی پێنجەمـی سـەرەتایی بووە، لە ڕێگـەی چالاکیی قوتابخانەکانـەوە دوو تابلۆی ناردۆتـە پیشـانگای جیهانـی منداڵان لـە شـاری(دەلهی) پایتەختـی هیندسـتان، پاشـان لـە سـەرەتای حەفتاکانـی سـەدەی ڕابـردوو، کـە لـە قوتابخانـەی ناوەندی بووە، لەسـەر دەسـتی هـەر دوو هونەرمەنـدی ناوداری کورد(ئاسـۆ سدیق و لالـە عەبدە) پەرەی بە تواناکانی خۆی داوە، دواتریش لە دەرەوەی قوتابخانـە بـە یارمەتیـی هونەرمەنـدان (کامیـل ئەحمـەد و ئیسـماعیل خەیـات) زیاتر بەهـرە و توناکانی خۆی لـە بوارەکانی نیگارکێشـان و پەیکەرسـازی و نەخـش و خۆشنووسـیدا پێگەیانـدووە.



**لە لای ڕاستەوە: شێخ محەممەدی خاڵ، هونەرمەند خالید ڕەسووڵ**

هەر لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەستی بە چالاکییە هونەرییەکانی کردووە، بەشدار بووە لە چەندین پیشانگای هونەری، کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانن:

- لە ساڵی ١٩٧٧ بەشداریی بەشی زۆری پیشانگا هاوبەشییەکانی قوتابخانەکانی سلێمانی کردووە، پیشانگای پۆستەری سیاسی، پیشانگای مەڵبەندی لاوانی سلیمانی.
- ساڵی ١٩٧٨ یەکەمین پیشانگای خۆی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە، دووەمین پیشانگاشی هەر لە شاری سلێمانی، ساڵی ١٩٨١، کردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٨٢ ئەو کاتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، چەندین پۆستەری بۆ شەهیدان و پێشمەرگە و دروستکردووە، دواتر هەموو ئەوانەی لەوێ نمایش کراون لە پیشانگایەکی تایبەتی لە شاری پاریس لە وڵاتی فەرەنسا دیسان لە پیشانگایەک نمایشکراونەتەوە.
- بەشدار بووە لە پیشانگای پۆستەری شیعری کە زۆربەی هونەرمەندان

و شاعیرانی کوردی تێیدا بەشدار بوونە، ساڵی ١٩٧٨.

- پیشانگای ڕۆژی شانۆی جیهانی ساڵی ١٩٧٩.
- پیشانگای هاوبەشی(٧) هونەرمەند ١٩٧٩.
- پیشانگای پێنجەمی هونەرمەندانی سلێمانی ١٩٨٣.

هونەرمەند خالید ڕەسووڵ، کە لە ناوەوەی وڵات بووە، چەندین چالاکیی دیکەشی هەبووە لەوانە:

- لە زۆربەی یادەکانی هەڵەبجە و ئەنفال و بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان پۆستەری دروستکردووە و چەندین دیمانەو چاوپێکەوتنی لەگەڵ بەشی زۆری کەناڵە تەلەفزیۆنە کوردییەکان لە بەغدا و کەرکووک و کوردستان کردووە.
- لە ساڵی ١٩٨٣-١٩٨٤ لە (مەڕسەمی)ی لاوانی سلێمانی وانەی هونەری بە هونەرمەندانی لاو وتووەتەوە.



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خالید ڕەسووڵ، هێمن موکریانی شاعیر،
شاعیر خاتوو ئەرخەوان ڕەسوڵ، خوشکی هونەرمەند خالید ڕەسووڵ، وێنەکە لە ساڵی ١٩٧٦ گیراوە

- لە ساڵی ١٩٨٩ بەشداریی پیشانگای کۆمەڵەی وێنەگرانی عێراقی کردووە کە لە هەولێر ئەنجام دراوە، تێیدا(٤٤) وێنەگران بە(١٥٩) وێنە بەشدارییان کردووە، ئەو بە وێنەیەک بەشداری کردووە کە دیمەنێکی خۆرنشینی شاخی(بەریت) بووە لە گوندی ئالۆتی سەر بە شاری بانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پلەی یەکەمی لەم پیشانگایە پێ بەخشراوە.
- لە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ هونەرمەندانی پەیکەرساز هەر یەک لە(زاهیر سدیق و سەرکەوت ئەنوەر و ڕزگار سەعید) گەلەری(زاموا)یان دامەزراندووە، کە تا ئێستاش بەردەوامە لە چالاکییەکانی لە سلێمانی.
- ئەو لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، لە وڵاتی هۆڵەندا نیشتەجێ بووە، لە ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٥ لەگەڵ هونەرمەندانی کورد بەشداریی پیشانگای(تۆڕینتۆ)ی



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خالید ڕەسووڵ، هونەرمەند حەمە ساڵح دیلان



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند عومەر دزەیی، هونەرمەند خالید ڕەسووڵ



بەشداربووانی شانۆگەریی(کاتێ هەڵۆ بەرز ئەفڕێ) ساڵی ١٩٨٨ لە بەغدا گیراوە



وێنەیەکی ناوازە ..سلێمانی ، بەردەم هۆڵی دارالطلبە . .شەقامی برایم پاشا . ٢٤ / ٦ / ١٩٧٨ .. یەکەم پیشانگە پۆستەری شیعری کوردی...ڕیزی سەرەوە لەڕاستەوە ..عەلی جۆڵا ، عوسمان خاڵ ، محەمەد ئەمین پێنجوێنی ئەژی گۆران ، شێرکۆ بێکەس ، محەمەد حەمەباقی ، نەجیبە ئەحمەد ، مامۆستا هێمن مەهابادی ، خالید ڕەسوڵ ....ڕیزی خوارەوە جگە لە منالەکان لەڕاستەوە ..ئیسماعیل خەیات ، ئیسماعیل ستەفا ، ئەکرەم سەعی شەهاب عوسمان ، عەتا قەزاز ، ناصر تۆفیق ، قادر میرخان ، عوسمان شەیدا .


لە کەنەدا و دووجار لەندەن و جارێکیش لە ئەلمانیا کردووە.


- هەر ساڵی ١٩٩٥ لە هۆڵەندا درێژەی بە چالاکییە هونەرییەکانی داوە و چەندین پیشانگای هونەری لە شارەکانی(ماسلاوس، لەیلی ستاد، ئیبە) کردۆتەوە.
- بەشداری لە چەندین پیشانگای هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی کورد و عەرەب و بیانییەکان کردووە لە شارەکانی (ئەمستردام، دەنهاغ (لاهای)، ئەپلدۆرن، ماستریخت، زیڤن بێرخن، برێدە، خوس، میدل بۆرخ، فلاردینگن...هتد).
- بۆ ماوەی(٤) ساڵ لەگەڵ هونەرمەندە هۆڵەندییەکان لە پرۆژەی هونەری(لێرە و لەوێ) لە شاری خوس کاریکردووە،
- لەگەڵ هونەرمەندی بەلجیکی(لوک ڤیلیەم)پیشانگای هاوبەشیان لە شاری خوس کردۆتەوە، ئەم چالاکییەش لە ڕۆژنامەکانی هۆڵەندی بڵاوکراوەتەوە.


- بەشـداری لـە پیشـانگای هاوبەشـی(٤) خۆشنووسـی لـە سـاڵی ١٩٨٣ کـردووە.
- بەشـداری لـە پیشـانگای شەشـەمی هونەرمەندانی سلێمانی، سـاڵی ١٩٨٦ کـردووە.
- بەشـداری لـە پیشـانگای یەکەمـی شـیعر و ڕەنـگ، سـاڵی ١٩٨٧ چەندیـن پیشـانگای دیکە لـە شـارەکانی بەغدا، هەولێر، کەرکـووک، دیالـە، بەسـرە، هەڵەبجـە، پێنجوێـن) کـردووە.
- لـە سـاڵی ٢٠٠٣ لـە هۆڵەنـدا بـە فۆتۆکانـی بەشـداری لـە پیشـانگای ڕۆژی ئازادی هۆڵەندا کردووە، کە لـە شـاری میدلبۆرخ بەستراوە و هاوسـەری سـکرتێری نەتـەوە یەکگرتووەکانـی ئـەو کات(کۆفـی عەنـان) ئامـادەی کردنـەوەی پیشـانگاکە بـووە.

هونەرمەنـدی شـێوەکار خالیـد ڕەسـووڵ لـە ژیانـی هونەریـی خۆیـدا کۆمەڵێـک چالاکیـی دیکەشـی هەبـووە لەوانـە:

- دەیـان وتـاری هونـەی و لێکۆڵینـەوەی لـە ڕۆژنامـەو گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردۆتـەوە.
- سـەرپەرسـشـتیی کاری بـەرگ و دیزایینـی چەندیـن گۆڤـاری وەکو(تریفـە، شنرۆی، تەواری یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، دیموکراسـی، کەلەپووری کوردی) کـردووە.








بەرهەمەکانی هونەرمەند خالید ڕەسووڵ



بەرهەمەکانی هونەرمەند خالید ڕەسووڵ

- لە سالی ١٩٩١ بە هاوکاریی نووسەر و هونەرمەندان لە کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی بە تایبەتی بە یارمەتیی نووسەر و ڕۆژنامەنووس محەمەد مەردان، دەیان دیمانە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەدان کەسایەتیی هونەری و ڕۆشنبیری کردووە و هەموو فۆتۆ و فلیمە ڤیدیۆییەکانیشی لە ئەرشیفی ڕۆشنبیریی سلێمانی و کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری سلێمانی هەڵگیراون.

هونەرمەند خالید ڕەسووڵ خزمەتێکی زۆری هونەری نیگارکیشان و خۆشنووسی و وێنەگرتنی فۆتۆگرافی کردووە و چەندین تابلۆی ئاست بەرزو پڕماناو هەیە، وا هەندێکیانم لەگەڵ نووسینەکەم هاوپێچ کردووە.

ئەو لە بواری شانۆشدا بەشدارییەکی بەرفراوانی کردووە بە دروستکردنی دیکۆر و پۆستەر و وێنەگرتن و کاری ئیکسسوار بۆ چەندین شانۆگەری لەوانە:(شانۆگەریی گوڵاڵە سالی ١٩٨٣، شانۆگەریی کوێر ئۆغلی، سالی ١٩٨٤، شانۆگەریی ئەو پیاوەی بوو بە سەگ) و چەندانی دیکە.

هەروەها پۆستەر و لۆگۆی بۆ ئەم شوێنانەش کردووە:(تیپی مۆسیقای

کۆمەڵەی کەلەپوور و فۆلکلۆری کوردی لە سلێمانی، یانەی کوردیی میدیا لە هۆڵەندا، یەکێتیی وێنەگرانی کوردستان لە سلێمانی، چەندین شوێنی دیکەش.

هونەرمەند خالید ڕەسووڵ هێشتا زۆر چالاکەو بەردەوامە لەکارە هونەرییەکانی و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامە و کارەکانی هونەرمەندی شێوەکار خالید ڕەسوڵ، هاوڕێی دێرینم نووسەر و ڕۆژنامەنووس سەردار فەتاح ئەمین بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئەردەوان زاخۆیی

دەنگێک بۆ شۆڕش و خۆشەویستیی وڵات، تەمەنێکی کورت لە کاری هونەری گۆرانیی وتندا، بەڵام گۆرانییەکانی هەمیشە زیندوون و لە گوێچەکەماندا دەزرینگێنەوە، هونەرمەندی (بێ خەبەر- بێ سەروشوێن) ئەردەوان زاخۆیی .....

ناوی تەواوی(ئەردەوان عەلی محەمەد تەها)یە، لە ناوەندی هونەری بە ئەردەوان زاخۆیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی(جوولەکان)ی ناو شارۆچکەی زاخۆ لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ ئەردەلان زاخۆیی هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە هونەر و مۆسیقا و گۆرانیی کوردی بووە، دایکی لە شوێنێکدا دەڵێت:(پاش ماوەیەکی زۆر زانیمان کە ناچێتە قوتابخانە، دەستی کردووە بە گۆرانیی وتن، پێمان ناخۆش بوو، بەڵام دواتر ئاسوودەی کردین).

ئەو لە ساڵی ١٩٧٩ دوو ساڵ بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨١ چۆتە جزیرەی بۆتان، ئەو کاتەی ڕژێمی بەعس لێخۆشبوونی دەرکردووە هاتۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٤ دیسان بۆ ماوەی دوو ساڵی دیکە بۆتەوە پێشمەرگە، دواتر هاتۆتەوە زاخۆ، لە ڕۆژی ٢٨-١-١٩٨٦ بۆ کارێکی هونەری لە شاری بەغدا بووە، لە هۆتێلی(ئەغادیر) چەند کەسانێکی



**له لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی، شاعیری گەورەی کورد سەبری بۆتانی، هونەرمەندی مۆسیقاژەن سەباح زاخۆیی**

نەناسراو دەیرفێنن و تا ئێستاش بێ سەروشوێنە، دایکی دەڵێت:(باوکی بەکەسەری(خەمی) هەواڵی مان و نەمانی ئەو سەری نایەوە، منیش هەروا چاوم لە ڕێیە و هەر بە کەسەری ئەو سەردەنێمەوە).


هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی، یەکەمین بەرهەمی خۆی لە ساڵی ١٩٧٧ بڵاوکردۆتەوە، زیاتر لە(٢٠٠) گۆرانیی شۆڕشگێڕی و نیشتمانپەروەری و ئەڤینی تۆمار کردووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ گۆرانیبێژ ئەیاز زاخۆیی و شاکر ئاکرەیی زۆر ئاهەنگیان بەیەکەوە گێڕاوە، ناوبانگی لە هەموو کوردستان بڵاوبووەوە، لە بەشی زۆری گۆرانییەکانی وشەی کوردستانی بە کارهێناوە، ئەوەش بۆتە کێشە و سەرئێشە بۆ مۆسیقاژەنەکانی ئەو کات، بۆیە زۆر لە مۆسیقاژەنەکان نەیان دەویست کاری هونەری لەگەڵدا بکەن.

هەر لە ساڵی ١٩٧٧ەوە، تا بێ سەروشوێن بوونی لە ساڵی ١٩٨٦، بەردەوام بووە لە گۆرانیی وتن، ئەمانە ناوی هەندێک لە گۆرانییەکانییەتی(هاوار سەد هاوار، زالم ئەوان، زاخۆ شەنگ و شیرینێ، خاترا وی خوازێ، زاخۆکا ڕەنگین، دایکا کوردستان، بریندارا بلبلو، سەلاڤا بکن، لێلێ دایکێ، بەهارا

کوردستانێ، پێشمەرگەیەکی چەڵەنگم، ئورمیە ئورمیە، کەوی ڕوبیار، وەرە خایین، ئای دل، دزانم جانا دلێ ناهێتەڤە، وەنەکەم لاوی من، مەردم مەردم، ژ من ڕڤاندن، ڕۆژا ئەز بمرم، جانا من، ئەز گریام، زاخۆ دیرە ناگەهمێ، ئەز و کۆڤان، کوردستانا دەلالم، ئەسمەرێ هەتا کەنگێ، چ بایە و ج باروڤە، هاتن هاتن، پێشمەرگەم ئەز، ئەز چومە چیا..هتد).



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەیاز زاخۆیی، خانمە گۆرانیبێژی کورد گوڵبەهار، گۆرانیبێژ ئەردەوان زاخۆیی**



**لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی، خاتوو لەیلا هاوسەری ئەردەوان زاخۆیی**



**هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی**



ئەو هونەرمەندێکی زۆر کوردپەروەر و شۆڕشگێر بووە، سەبارەت بە هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی هونەرمەندی مۆسیقاژەن سەباح زاخۆیی دەڵێت:(لە سەنتەری لاوانی زاخۆ هاتە لامان، لە ماوەیەکی کەمدا توانی سەرنجی هەموو لایەک ڕابکێشێت، وای لێمکرد لە هەموو گۆرانییەکانی کاری مۆسیقاژەنی بۆ بکەم، ساڵی ١٩٧٧ یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە، لە ماوەی ژیانیدا(٢٠٠) گۆرانی تۆمار کردووە....، هەروەها دەڵێت: ئەو وشەی کوردستانی لەناو گۆرانییەکانی زۆر بە کار دەهێنا، بۆیە هەموو مۆسیقاژەنەکانی تووشی کێشە دەبوون لە لایەن پیاوانی ڕژێمی بەعس، لەبەر ئەوە نەدەوێران کاری هونەری لەگەڵدا بکەن).



**پەیکەری هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی.**

هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی لە ساڵی ١٩٧٩ لەگەڵ خاتوو(رینا حنا بلوس) کە خانمە(کریستیان) ێکی خەڵکی (لازیقییەی) سووریا بووە، بە ئاوارەیی هاتۆتە زاخۆ، دواتر بۆتە هاوسەری و بووەتە ئیسلام و ناوی خۆی کردۆتە (لەیلا) و دوو ساڵیش بەیەکەوە پێشمەرگایەتییان کردووە، دوو منداڵیان هەبووە بە ناوەکانی(هۆزان و کۆڤان)، ئێستا لە وڵاتی سوید دەژین.

- لە ١٠-١٠-٢٠١٢ سەندیکای هونەرمەندان

لقی زاخۆ بە هاوکاریی بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیری و هونەریی زاخۆ لە ڕێورەسمێکی شایستەدا و بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی زۆر و کەسوکاری هەردوو هونەرمەند، ڕەوانشادان(ئەیاز زاخۆیی و ئەردەوان زاخۆیی) یاد و خەڵات و ڕێزلێنانیان بۆ کراوە.

لە زاخۆ لە نزیک پردی دەلال پەیکەرێک بۆ هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی دانراوە.

هونەرمەند ئەردەوان زاخۆیی تا ئێستا بێ سەروشوێنە، دایکی هەر چاوی لە ڕێگا بوو، بە هیوای تروسکەیەک بوو، بەڵام هەر بە هەمان کەسەر سەری نایەوە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

سەرچاوەکان:


١ - کوردستان ٢٤، فلیمێکی دوکیومێنتاری لە ١٠-١٠-٢٠٢١.

٢ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی وشە، لە ٥- ١٢- ٢٠١٩.

٣ - ماڵپەڕی ئادرزا، سڤیل:وتارێکی نووسەر دیاری خالید مارف.

٤ - ماڵپەڕی Bas news، لە ٩-٢- ٢٠٢١.

٥ - فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ئەرشیفی ڕابەر مام ڕەش.

٦ - ماڵپەڕی ئەلیکترۆنییKurd vevo.

٧ - کوردیپیدیا.

٨ - ویکیپیدیا- ئینسکلۆپیدیای - ئازاد.

٩ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کۆسرەت ئەحمەد بێکەس

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و میدیکار و مامۆستای پەروەردە، خاتوو کۆسرەت ئەحمەد...

ناوی تەواوی(کۆسرەت ئەحمەد بێکەس)ە، لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە شاری هەولێر لەدایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٦ چۆتە بەشی(فیزیا)ی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی مووسڵ و لە ساڵی ١٩٩١ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستای وانەی فیزیا لە ئامادەیی(فاخیر مێرگەسۆری) لە هەولێر، تا ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن.

شاعیر و نووسەر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد کچی ئەحمەد بێکەسە کە یەکێک بوو لە شۆڕشگێڕ و خەباتگێڕە چالاکەکانی ڕێکخستنە نهێنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەرەتای پەنجاکان، ئەو بە هەست و ڕوحی کوردایەتی گۆشکراوە، بۆیە هەر لە تەمەنی هەرزەکاریدا خولیای زمان و ئەدەب و شیعری کوردی بووە، هێشتا هەر قوتابیی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی بووە گڕوگاڵی شیعر نووسینی کردووە و شیعری نووسیوە و بە هاوپۆلەکانی و مامۆستاکانی پیشانداوە، ئەوانیش پێیان خۆش و باش بووە




**شاعیر خاتوو کۆسرەت لە چالاکییەکی مەدەنیدا**

و هانیان داوە، پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە تەک کاری مامۆستایی چۆتە ناو دنیای نووسینی شیعر و وەرگێڕان و ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندن.

ئەو تا ئێستا دیوانێکی شیعری و کتێبێکی وەرگێڕانی لە چاپداوە و بڵاوی کردۆتەوە، سەرەڕای بەشداربوونی لە کتێبێک کە ماڵی کتێب بۆ(٨٠) شاعیری ژن لە چاپی داوە، بەرهەمەکانی شاعیر کۆسرەت ئەحمەد بێکەس ئەمانەن:

- کتێبی( لە بیرکردن.COM)ی، نووسەری عەرەبی(أحلام مستغانمي) وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ساڵی ٢٠١٩.
- دیوانی شیعری بە ناوی(سەمای تابلۆیەکی سپی) ساڵی ٢٠١٩.
- لە کتێبی(ژن ژیان دەنووسێتەوە) کە ماڵی کتێب بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان بۆ(٨٠) شاعیری ژن لە چاپیداوە، ئەویش بە پارچە شیعرێک بەشداری تێداکردووە.




دوو پرۆژەی وەرگێڕانی لەبەردەستدایە لەگەڵ دیوانێکی شیعری.



بەرهەمە شیعرییەکانی لە بواری کۆمەڵایەتی و جوانیی سروشتی کوردستان و ئافرەتان و ئەڤینیدا، هەمووی بە تابلۆی جوان و وشە ناسکەکانی ڕازاندۆتەوە و بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و بە تام و چێژی دەشتی هەولێر و هەولێریانە نووسیوە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ کۆسرەت ئەحمەد بێکەس ، زۆر چالاکە لە بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن و ڕێکخراوە مەدەنیی و و پیشەییەکان ، ئەم چالاکییانەی خوارەوەشی نواندووە:

- لە ساڵی ١٩٩٢ ماوەیەک وەکو نووسەر لە ڕۆژنامەی برایەتی کاری کردووە و بەرهەمەکانی خۆشی تێدا بڵاوکردۆتەوە.
- لە ساڵی ١٩٩٤ ماوەیەکیش وەکو نووسەر لە ڕۆژنامەی ڕزگاری دەست بەکار بووە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد بێکەس، شاعیری دیار و ناسراوی کورد خاتوو کەژاڵ ئەحمەد**

- ئەندامی بۆردی ئەکادیمی سیاسەت و هزری دیموکراسییە.
- ئەندامێکی چالاکی تۆڕی هاوکاریی کۆمەڵایەتییە.
- لە بواری چالاکیی مەدەنیش ئەندامیکی کارایە.
- دەیان وتار و نووسینی ئەدەبی و فیکری و کۆمەڵایەتی و و سیاسی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(برایەتی، ڕزگاری، نما، دیوان، رامان، کوردستانی نوێ، هەولێر، پەیڤ، سیروان و چەندانی دیکە) بڵاوکردۆتەوە، چەندین وتار و نووسینی دیکەی بۆ تەلەفزیۆنەکانی کوردی ئامادەکردووە.
- بەشداریی چەندین میهرەجان و فیستیڤاڵی شیعر خوێندنەوەی کردووە لەوانە لە یادی(٥٠) ساڵەی دامەزراندنی یەکێتیی نووسەرانی کورد و یادی(٨) مارس.
- لە بەشی زۆری چالاکییە مەدەنییەکانی شاری هەولێر و کوردستان بەشداری کردووە لە بواری کۆمەک و هاوکاری و بەرگریکردن لە ژنان و مامۆستایان و ڕۆژنامەنووسان.





**لە لای ڕاستەوە: دکتۆر جەمشید حەیدەری هاوسەری شاعیر کۆسرەت ئەحمەد بێکەس، شاعیر کۆسرەت ئەحمەد بێکەس**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد بێکەس، شاعیر خاتوو سەروین دەرویش، خاتوو گوڵێ سەلیم، خاتوو نیهایەت عوسمان**

- لە ١٦-٣-٢٠٢١ لە هۆڵی ڕۆشنبیری لە هەولێر بەشداریی لە کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە کردووە لە گەڵ هەریەک لە شاعیران(سەرکەوت ڕەسووڵ، هۆشەنگ شێخ محەمەد، سەروین دەرویش، بێکەس حەمە قادر)، لە چەندین کۆڕی دیکەی شیعر خوێندنەوە لە سلێمانی و سۆران بەشدار بووە.
- ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.
- ئەندامی سەندیکای مامۆستایانی کوردستانە.

شاعیر و نووسەر و وەرگێڕ کۆسرەت ئەحمەد بێکەس، بەردەوامە لە بڵاوکردنەوەی نووسین و وتارە هەمەجۆرەکانی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، ناوە ناوەش لە ماڵپەڕی فەیسبووکی خۆی هەواداران و شیعر دۆستان بە پارچە شیعرێکی جوان و ناسک بەسەر دەکاتەوە.




شاعیر و نووسەر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد بێکەس خێزاندارە، ئەو خێزانی دکتۆر جەمشید حەیدەرییە، خاوەنی دوو کچ و کوڕێکن بە ناوەکانی(زەردەشت



له لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، شاعیر مەسعود پەرێشان، شاعیر کۆسرەت ئەحمەد بێکەس



له لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دیار و ناسراوی کورد زایەر عەبدوڵڵا، شاعیر کۆسرەت ئەحمەد بێکەس





شاعیر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد بێکەس

حەیدەری، سیڤان حەیدەری، سۆما حەیدەری)، خوا تەمەنی خۆیان و منداڵەکانیان درێژ بکات و خۆشی هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

وا پارچە شیعرێکی شاعیر کۆسرەت ئەحمەد بێکەس-تان بۆ دەنووسمەوە:

ڕۆیشتن خۆی نادا بەدەستەوە
هەنگاوەکان کۆتایی
بە کوتەی دڵ هێناو و
لە سوچێکی ڕوحم گوم بوو.
قەدەر برینەکانی

سارێژ نابێ
برین لە دوای برین
بەڕۆژگار دەسپێرێ،
بینین وا ئاڵۆز بووە
پەنجە دەچێتە چاو
و هەر نابیندرێ،
خەمی کۆن
سەرەڕۆیانە خۆی
نوێ دەکاتەوە
شوێن بە پایز چۆل دەکا و
وێرانەیەک بە هەست دەسپێرێ.
غەریبیت ئاسمانی
دڵی تەنیوە
هەور خۆی ڕادەشەقێنێت و
تک، تک لە گۆنای




شاعیر کۆسرەت ئەحمەد بێکەس و دکتۆر جەمشید حەیدەری و منداڵەکان و یەك لە نەوەکانیان.

هەڵوەریندا
تاسەی دووریت دەکا.
ئێستا پێکەنین هێزی نەماوە
تا تریقە باڵ بگرێت و
ئەودیوی سنوورەکان
بە قاقا ڕەنگ بکا.
ئەگەر ئەو ماچانە نەبێت
ڕۆژانە لە لێوی ساردی
وێنەکەت دەکەم
هەناوم بەردەبێتەوەو
ساتمە لە مەرگم دەکەم،
هێندە دوور مەبە
با لە ئاوێزانێکدا پێتبگەم و
دوایین باوەشم
لە چوارچێوەی
خۆشەویستی دا یاداشت بکەم و
یا،
دا
شت
بکەم

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر خاتوو کۆسرەت ئەحمەد بێکەس کە لەسەر داخوازی من بۆی ناردووم ، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# تەحسین ناڤشکی

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، وەرگێڕ و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار، تەحسین ناڤشکی...

ناوی تەواوی(تەحسین خەیروڵڵا عەبۆ) یە، لە ناوەندی ئەدەبی و ڕۆشنبیری بە تەحسین ناڤشکی ناسراوە، لە زستانی ساڵی ١٩٦٨ لە گوندی(ناڤشکێ)ی ڕۆژئاوای باژێری(مانگێشکێ) لە نزیک سنووری کوردستانی باکوور لە دایک بووە، لە ساڵی ١٩٧٤ دەستی بە خوێندنی سەرەتایی لە گوندەکانی(ئۆزمانا و ناڤشکێ) کردووە، لەهەمان کاتیشدا چۆتە بەر خوێندنی ئایینی لە مزگەوت، خوێندنی ناوەندیشی لە مانگێشکێ و دهۆک تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لە دهۆک تەواوکردووە و بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری دهۆک، دواتریش هاتۆتەوە ناو شاری دهۆک، لە ساڵی ٢٠١٩ بەشی پەروەردەی(دەروونناسی-علم النفس) لە کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی لە زانکۆی دهۆک بەسەرکەوتوویی تەواوکردووە.

تەحسین ناڤشکی هێشتا قوتابی بووە حەز و ئارەزووی خوێندنەوە و نووسینی کوردی کردووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی( ئەحمەدی نالبەند و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێی



**شاعیر تەحسین ناڤشکی.**

تەیران و حاجی قادری کۆیی) و شیعری شاعیرانی نوێخواز(بەدرخان سندی و محسین قۆچان و عەبدولڕەحمان مزووری و موئەیەد تەیب و شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا پەشێو چەندانی دیکە) دەستی پێکردووە، لە ساڵی ١٩٨٥ گرۆگالی شیعر و نووسینی کردووە، تا لە ساڵی ١٩٨٩ یەکەمین نۆبەرەی نووسینەکانی خۆی کە پارچە شیعرێک بووە لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بەردەوام بووە لە نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان و بابەتی دیکەی هەمەجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە لەوانە(بەیان، بزاڤ، پاشکۆی عێراق) پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١یش، ئەو بەرهەمەکانی لە بەشی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکانی هەموو ناوچەکانی کوردستان بڵاوکردووتەوە لەوانە(پەیمان، مەتین، نووخوازی، ڕێگای سۆشیالیزم، سەرهەڵدان، برایەتی، رامان، پەیڤ، گازی، نووبوون، چاودێر، هاوەلاتی، ئاوێنە، هەرێم، سیلاڤ، ڕۆژنامەیا وار....چەندانی دیکە).

شاعیر و نووسەر و ڕۆماننووس تەحسین ناڤشکی لە تەک نووسینی شیعردا، دەستی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمانیش کردووە، لە ساڵی ١٩٩١ یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی(بەهەشتا ئاگری) نووسیوە، تا ئێستا (١٦) کتێبی

چاپ کردووەو و بڵاوکردووەتەوە کە ئەمانەن:

- بەهەشتا ئاگری، ڕۆمان، بەرگی ئێکێ، ١٩٩٩.
- ڤەدانا پێلێن مژێ ، ڤەکۆلینیێن ویژەیی ل سەر توخمێ هەلبەستا هەڤچەرخ ل دەڤەرا بەهدینان، سالا ٢٠٠٠.
- چلخانە، شیعر، ل سالا ٢٠٠٢،
- خوەنیشاندانا قەرقۆدان، شیعر، سالا ٢٠٠٤.
- ژانێن سیناهییێ، ڕۆمان، سالا ٢٠٠٥.
- چاڤێ سیناڤکێ، ڕۆمان، سالا ٢٠٠٧.
- دەولەتا دارستانێ، نۆڤلێت، بۆ زارۆکان، سالا ٢٠٠٨.
- پەل و خولی، ڕۆمان، سالا ٢٠٠٩.
- ئالێ دی یێ پرێ، سالا ٢٠١٠.
- بەهەشتا ئاگری، ڕۆمان، بەرگێ دووێ، سالا ٢٠١١.
- تاڤگە یان لێگەریان ل ڕۆناهییا پرا جینۆتێ، سالا ٢٠١١.
- چاڤێ سێیێ، کورتە چیرۆک، سالا ٢٠١٣.
- دەولەتا ئیسرائیلێ، ژ نڤسینا تیۆدۆر هرتزل، ڕۆمان، وەرگێڕان ژ زمانێ عەرەبی، سالا ٢٠١٩.

**شاعیر تەحسین ناڤشکی.**




**بەرهەمەکانی نووسەر تەحسین ناڤشکی.**

- ئیڤیلین، ڕۆمان، سالا، ٢٠٢٠.
- تاخێن خودێ، ڕۆمان، سالا، ٢٠٢١.
- گورلیس، ڕۆمان، سالا، ٢٠٢٢.
- ئەڤینی د فیشەکا بی کەی سی یێ دا، ڕۆمان، سالا، ٢٠٢٢.

دوو ڕۆمانیشی ئامادەیە بۆ چاپ و کە بە شێواز و ناوەڕۆکی نوێ و نوێخوازی نووسیوە.

شاعیر و نووسەر تەحسین ناڤشکی، سەرەڕای نووسینەکانی، (١٦) ساڵ

ماموٚستا بووە لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی شاری دهۆک و زیاتر لە(١٢) ساڵیش لەبواری ڕاگەیاندنی پەروەردەیی و ڕۆژنامەنووسی کاری کردووە، ماوەی(٨) ساڵ وەکو پەیامنێری هەفتەنامەی(پەیمان) لە دەڤەری مانگێشکێ کاری کردوە، لە ساڵی ٢٠٠٧- ٢٠٠٩ ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(پەیڤ) بووە، لە ١-١٠- ٢٠٠٩ لەگەڵ چەند ڕۆژنامەنووسێکی دیکە بەشدار بووە لە دامەزراندنی (کۆمپانیای پالٚۆ بۆ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن) وەکو بەڕێوەبەری نووسینیش تێیدا دەست بەکار بووە.

ئەو ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی - لقی دهۆک و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.

تەحسین ناڤشکی ئێستاش لە کاری نووسین و ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆنی دهۆک بەردەوامە، هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی ئەدەب و زمانی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ -کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر تەحسین ناڤشکی لەسەر داخوازیی من نووسەر و ڕۆژنامەنووس بەڕێز ئیسماعیل بادی بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.


٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد ڕەشیدی ئەمینی

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و نووسەر، لێکۆڵەر و توێژەر و ساغکەرەوەی تێکستی شاعیرانی کلاسیکی و کۆن، مامۆستا محەمەد ڕەشیدی ئەمینی ....

ناوی تەواوی(محەمەد ڕەشیدی ئەمینی کوڕی عەلی)یە، لە بنەماڵەی وەلەدبەگییەکانی گوندی نۆریاوە، لە ٢٨-٨-١٩٥٢ هەر لە گوندی(نۆریاو)ی سەر بە شارۆچکەی(پاوە)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بووە، هێشتا زۆر منداڵ بووە دایکی کۆچی دوایی کردووە، لەو سەردەم کە یەکەم جار قوتابخانە لە گوندەکەیان کراوەتەوە، ئەو لەگەڵ هاوتەمەنەکانی خۆی چۆتە قوتابخانە و خوێندنی سەرەتایی هەر لەوێ تەواو کردووە، لەبەر هەژاری و دەست کورتی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندنی ناوەندی لە شار بدات، بەڵام دواتر هەر خۆی بە شێوەیەکی نافەرمی خوێندنی ناوەندی تەواوکردووە، بە هۆی هەندێ کێشەی کۆمەڵایەتی و بنەماڵەیی ڕوویان کردۆتە باشووری کوردستان و لە شارۆچکەی هەڵەبجە نیشتەجێ بووینە، چەند ساڵێک لەوێ ماوەتەوە و زیاتر ئاشنای خوێندن و نووسینی کوردی بووە، لە ساڵی ١٩٧٢ گەڕاونەتەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو یەکسەر دەستگیرکراوە و پاش ماوەیەک ئازادکراوە و ڕەوانەی سەربازییان کردووە،



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەمەد ڕەشیدی ئەمینی، نە ناسراوە**

لە ماوەی سەربازییدا باوکیشی کۆچی دوایی کردووە، پاش تەواوبوونی لە خزمەتی سەربازی ماوەیەک ئاوارەی تاران و ڕەفسەنجان و کرمان بووە، دواتر گەڕاوەتەوە پاوە، بۆ بژێوی ژیانی ماوەیەک خەریکی ئیش و کاری بەردتاشین بووە، لە ساڵی ١٩٧٦ لە دائیرەی پەروەردەی پاوە وەکو مامۆستا سەرەتایی دامەزراوە، پاش(٣٠) ساڵ خزمەتکردن لە بواری پەروەردە لە ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر داخوازیی خۆی خانەنشینکراوە.

شاعیر و نووسەر محەمەد ڕەشیدی ئەمینی هەر لە تەمەنی لاوێتیدا خولیای زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، بە تایبەتی شیعر و چیرۆکە شیعر، سەرەتا شاهنامەی بە کوردی و فارسی خوێندۆتەوە سەرەڕای شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی و فارسی، لە ساڵی ١٩٦٤ دەستی بە نووسینی شیعر بە زمانی فارسی کردووە، ئەم دوو دێڕە شیعرەی فارسی کە لە سەردەمی خۆی نووسیویەتی و دەڵێت:

به گوشم نغمه‌ی بلبل که دهد مژده‌ی بهار
گوید بوی گل آمد و فصل باغبان بهر کار
تورا به ذات لم یزل قسم دهم ای باغبان
خدمت باغ و گلت کن کەز آن آمد بوی یار


پاشان شیعرەکانی زیاتر بە زمانی کوردی نووسیوە، دوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، لە ساڵی ١٩٨٥ ئەوکاتەی لە دائیرەی ئیرشادی پاوە بووە، لەگەڵ چەند هاوڕێ و نووسەرانی دیکە کۆمەڵەیەکی ڕۆشنبیریی ئەدەبییان دامەزراندووە، هەر بە خۆشی ماوەیەک بەرپرسیاری ئەو کۆمەڵەیە بووە، بەشداریی بەشی زۆری چالاکییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکانی لە پاوە و شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری پاوە کردووە، یەکەم کاری ئەم کۆمەڵەش کۆکردنەوە و ئامادەکردنی دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی بووە، پاشان خەزانی هەڵەبجە و شنەی هەورامان و وشەنامەی ئەلف و بێی کوردی و فارسی بووە، دواتر لە دائیرەی ڕاهێنان و پەروەردەش




شاعیر و نووسەر محەمەد ڕەشیدی ئەمینی

لێژنەیەکی ڕۆشنبیری پەروەردەییان پێکهێناوە، خۆشی بەرپرسی ئەو لێژنەیە بووە، لە ساڵی ١٩٨٥ەوە بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای نووسینی وتار و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ساغکردنەوە و پێداچوونەوەی دیوانی شاعیرانی کلاسیکی و کۆن بە تایبەتی شاعیرانی ناوچەی هەورامان، ئەو زیاتر لە(١٥٠) کتێبی کەم وێنە و دەگمەنی بە دەستنووس و خەتی ئەسڵی و کۆپی و میکرۆفلیم بە دەسکەوتووە، بەشی زۆریان لە بواری شیعر و ئەدەبیاتی کوردین، هەندێک لەم دەستنووسانەی بە دەستیش نووسیوەتەوە و هەندێکیشی لە چاپ داوە و بڵاوی کردوونەتەوە، (٢٣)کتێبی لە چاپداوە و هەندێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ و هەندێکی دیکەشی لەبەر دەستدایە و خەریکی تەواوکردنیانە، بەرهەمە چاپکراوەکانی ئەمانەن:

- گوڵزاری هەورامان، کە دوو بەرگە لە گەڵ مامۆستا هەورامانی ساڵی (٢٠٠٤) کە ١١٢٤ لاپەرەیە، لە ناوەندی بڵاو کردنەوەی ئاراس لە چاپدراوە.
- کۆکردنەوە و دووبارە نووسینی دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی، کە سێ جار لە چاپدراوە، یەکەم جار لە لایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان لە سلێمانی کە (٢٥٠) لاپەڕەیە، جاری دووەم لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە هەولێر کە (٥٢٠) لاپەڕیە ، جاری سێیەم لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی کوردستان لە سنە کە(٢٥٤) لاپەڕەیە.
- دووبارە چاپکردنەوەی دیوانی سەیدی هەورامی بە هاوبەشی لەگەڵ چەند هاوڕێ، چەند پارچە شیعرێکیش.
- کتێبی هەورامان باشتر بناسین لە لایەن ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر چاپ کراوە.











**بەرهەمەکانی نووسەر محەمەد ڕەشیدی ئەمینی**




**بەرهەمەکانی نووسەر محەمەد ڕەشیدی ئەمینی**

- چاپی(١١)چیرۆکی شاهنامەی کوردی(هەورامی) لە(٧٩٨)لاپەڕەدا، لەلایەن مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هەورامان لە سلێمانی لە چاپدراوە.
- چاپی چیرۆکە شیعری سوڵتان ئیبراهیم و نوش ئافەرینی خانای قوبادی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر..
- ویراستاری لەیلیٚ و مەجنونی خانای قوبادی کە لەلایەن بەڕێز غەفاری ئیبراهیمی چاپ کراوە لە (٣٩٢) لاپەڕە، لە بنکەی ژین لە سلێمانی چاپ کراوە.
- ویراستاری دیوانی ئەحمەد بەگی کۆماسی لە نووسین و ئامادەکردنی نووسەر کاروان عوسمان خەیات، لە ناوەندی بڵاوکردنەوەی کارۆ چاپکراوە.
- چاپی کتێبی بەرگی یەکەمی کەشکۆڵی هەورامان لە (٢٤٤) لاپەڕە لە لایەن ئەکادیمیای کورد لە هەولێر چاپ کراوە .
- چاپی چیرۆکە شیعرەکانی (گورگ ورێوی، شێخی سەنعان، پشیلە و مشک، سووتان و جومجومە) بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر کاروان عوسمان خەیات لە چاپخانەی ئینستیتیوی کەلەپووری کوردی لە سلیمانی.
- چاپی کتێبی (اورامان را بهتربشناسیم )بە زمان فارسی، ناوەندی بڵاوکردنەوەی ڕێبازی مەریوان.
- چاپی کتێبی کەشکۆڵی شاعیرانی هەورامان بەرگی (١و٢و٣) لە(٦٣٨) لاپەڕە لە لایەن ناوەندی بڵاوکردنەوەی کوردستان لە سنە بە چاپ گەیشتووە.

- دیوان شێخ مستەفای تەختە لە (١٦٠) لاپەڕە لە ماوەی یەک ساڵدا سێ جار چاپکراوەتەوە.
- دیوانی وەلی دێوانە لە (٢٦٢) لاپەڕە لە لایەن ڕێکخراوی دۆستانی هەڵەبجەوە چاپ کراوە.
- دیوانی تایەر بەگی جاف کوردی و فارسی، کە (٥٠٠) لاپەڕەیە، لەگەڵ نووسەر کاروان عوسمان خەیات و کاک ڕێبین لە لایەن ڕێکخراوی دۆستانی هەڵەبجە لە چاپدراوە.
- بەشێ لە شیعرکانی خۆم بە ناوی ڕنگەناو لە (١٦٩) لاپەڕەدا لە ناوەندی ئارۆ چاپ کراوە.
- وەرگێرانی کتێبی بیرەوەرسازکردنی مزگەوتی پاوەییەکانی کرماشان (٩٤)لاپەڕە لە ناوەندی بلاوکردنەوەی ئارۆ چاپ کراوە.

ئەو کتێبانەی کە ئامادەی چاپکردنن .

- ڕۆمانی ژیانەوە لە دوو بەشدا.
- فیلمنامەی قەتە چەتە، ململانێی شێرە ژنێکی هەورامان لە گەڵ دەسەلاتی ڕەزاخاندا.
- چەند شانۆنامە بە زمانی کوردی و فارسی.
- چیرۆکە شیعری نادرنامە یان نادروی تۆپاڵ، لە گەڵ کاروان عوسمان خەیات.
- چیرۆکە شیعر خاوەران نامە.
- چیرۆکە شیعری محەمەد حەنیفە.
- چیرۆکە شیعری شەڕی ئیمام عەلی و ئەبو جەهل.
- بەشێک لە دیوانی سەیدی لەسەر ئەساسی شیعرە کۆنەکانی.
- دیوانی میرزا شەفیعی کولیایی.
- چیرۆکە شیعری ئیسماعیل نامە.
- پێرستی کەشف ولابیاتی مەولەوی.
- چیرۆکی خەسرەو شیرینی ئەڵماس خانی کەنوڵەیی، لە گەڵ نووسەر



بەرهەمەکانی نووسەر محەمەد ڕەشیدی ئەمینی

کاروان عوسـمان خەیـات.

- الفوائح مەولەوی ، شیعری فارسی.
- بازنویسی و ئامادە کردنی کەشکۆڵی میرزا لوتف الله بۆ چاپ.
- باز نویسی و وەرگێڕانی دەفتری عابدین جاف ئامادەیە بۆ چاپ

خەریکی نووسینی ئەم کتێبانەشە:

- کەشکۆڵی هەورامان بەرگی چوارەم.
- لێکۆڵینەوەی لە سەر چیرۆکە چاپ نە کراوەکانی هە ورامی.
- روضة الصفای میرزا عەبدولقادری پاوەیی.
- چوار چیرۆکە شیعری چاپ نەکراوی شاهنامەی کوردی.

شـاعیر و نووسـەر محەمـەد ڕەشـیدی ئەمینـی، بەردەوامـە لـە نووسـین و لێکۆڵینەوەکانـی، بەشـداریش دەبێـت لـە بەشـی زۆری چالاکییـە ئەدەبـی ڕۆشـنبیرییەکان لـە شـاری پـاوە و شـار و شـارۆچکەکانی دیکـەی ڕۆژئـاوا و باشـووری کوردسـتان، جـار و باریـش خوێنـەر و هەوادارانـی بـە پارچـە شـیعرێک بەسـەر دەکاتـەوە، هـەر سـاغ و سـەلامەت و سـەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتـی شـیعر و ئەدەبـی کـوردی.

سەرچاوەکان:


١ - کورتەیـەک لـە ژیاننامـەی نووسـەر محەمـەد ڕەشـیدی ئەمینی کە لەسـەر داخوازیـی مـن بـۆی ناردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# محەمەد چەلکی

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر محەمەد چەلکی...

ناوی تەواوی(محەمەد عەبدولکەریم)ە، بە محەمەد چەلکی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦٦ لە گوندی (چەلکێ)ی سەر بە دەڤەری بەرواری باڵای ژوورو لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە گوندی(چەلکێ و گرگا) تەواو کردووە و خوێندنی ئامادەییشی لە زاخۆ تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ بەشی کارگێڕی لە پەیمانگای تەکنیکیی کەرکووک بە سەرکەوتوویی تەواو کردووە، هەر لە هەمان ساڵدا ڕووی کردۆتە شاخ و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان، لە ساڵی ١٩٨٩ بەرەو هەندەران کەوتۆتە ڕێ، پاش دەردەسەری و نەهامەتییەکی زۆر لە ساڵی ١٩٩١ گەیشتۆتە وڵاتی ئەڵمانیا و وەکو پەنابەرێکی سیاسی لەوێ نیشتەجێ بووە، یەکسەر دەستی بە خوێندن کردووە، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خۆی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، لە ساڵی ٢٠٠٩ - ٢٠١١ لە پەیمانگای(تسلا)ی ئەڵمانی بەشی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی تەواو کردووە .

شاعیر و نووسەر محەمەد چەلکی هێشتا منداڵ بووە کە حکومەتی ئەوسای عێراق دەستی بە ڕاگواستنەوە و ڕووخان و سووتاندن و وێرانکردنی گوندەکانی سەر سنووری باکووری کوردستان کردووە، ئەم

دیمەنانە و خەم و پەژارەی خۆی و خەڵکی ناوچەکە و هەموو کوردستان کاریگەرییەکی زۆریان تێکردوون، بۆتە سەرچاوە و ئیلهامی هەڵقوڵانی شیعری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی لە ناخیدا، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی وەکو(ئەحمەدی نالبەند و مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و شیعری شاعیرانی نوێخواز) دەستی پێ کردووە، بۆیە



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئیسماعیل بادی، شاعیر و نووسەر محەممەد چەلکی



لە لای ڕاستەوە:
نە ناسراوە،
شاعیر محەممەد چەلکی



لە لای ڕاستەوە: مامۆستا سەباح زاخۆیی، شاعیر محەممەد چەلکی، هونەرمەند سەمیر زاخۆیی، ڕۆژنامەنووس بەهجەت هروری



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر محەمەد چەلکی،**
**شاعیر و ڕۆژنامەنووس و لێکۆڵەر حەسەن سلێڤانی، نووسەر فاخر بەرواری**

حەز و ئارەزووی کەوتۆتە سەر شیعر نووسین و هەموو ڕاز و نیاز و ویستەکانی خۆی بە شیعر هەڵڕشتووە، کۆمەڵێک بەرهەمی بە نرخی بە شێوەزاری کرمانجی و بە پیتی لاتینی نووسیوە و لە چاپی داون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر محەمەد چەلکی،**
**ڕۆماننووس ڕەوانشاد زەینولعابدین هان**


- سیمفۆنیا کەڤالێن بێ چارچوڤە، هۆزان، وەشانێن هان گرافیک، چاپا یەکێ بەرلین سالێ ٢٠٠٨.

- قەفتەک گولا ژ باغێ کوردا، هەلبەستێن بژارە یێن ئەحمەدێ نالبەند، ب پیتی لاتینی، وەشانێن هان گرافیک











**بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر محەممەد چەلکی**

بەرلین سالی ٢٠٠٩.

- ڕۆمان و ڕەخنە، وەشانێن هان گرافیک بەرلین ٢٠١٠.
- شیرەت و خەمێن گوزێ، هۆزان، وەشانێن هان گرافیک بەرلین ٢٠١١.
- بارزانی د هەلبەستا کرمانجی دا، چاپخانەی خانی، دهۆک ٢٠١٦.

سەرەڕای نووسین و بڵاوکردنەوەی دەیان وتار و لێکۆڵینەوە و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکان.

وا دوو پارچە شیعری شاعیر و نووسەر محەمەد چەلکی- تان بۆ دەنووسمەوە:

١

ئەز و شەڤ و پێژنا یارێ
کراسێ خەم و
کۆڤانێن خەریبیێ
بەژن و باڵا
رۆژگارێن من خەملاندییە.
خەو دچیتە چاڤێن شەڤێ
لێ چاڤێن من دمینن زیق
خەو کویڤییە.
خەمێن خوە هەمیا دکەم همبێز




شاعیر و نووسەر محەمەد چەلکی بە خۆی و هاوسەرەکەی و یەک لە منداڵەکانی

بێ دەنگ دمینم
گوە ڤەچنی
ل پێژنا یارێ.
بهێت سکرێ بێ دەنگیا ئەڤێ شەڤێ
بپەقینیت و ...
مەرگەساتێن
دەفتەرکا بیرەوەرییێن من
نەخشاندی
ل کۆتەلا
گێژەلۆکا ئەڤی چەرخی بینیت خارێ
چاڤێن عەوری کل بدەت و
مێرگ و زەڤییێن
بومبە و ناپال و کیمیاوی
ژێ دزی دێمێ بهارێ
لێ ببارینیت
ئاڤا ڤەژین و ژیارێ.
پێژنا تە ل ناڤ
شەڤستانا ...
تاریاتییا ئەڤێ شەڤێ
ل وەرزێن خەمێن نامۆیا من
دبیتە بهار.
ل مێهڤانداریا
سینگ کەڤی و لێن هنگڤینا
پشتە با دبیت.
پێلێن عەشقێ دبنە سویار

ل وەلاتێ بیری و شڤانا
دبنە جهوار
دبنە جهوار.
**********
**٢**
شەڤا ڕەش تاری تلچۆڤە
خیڤەتا خوە
ل هاویر گۆندێ مە ڤەددا
دەنگ د گەوریا دخەندقاند
خەونێن خوەش ژ چاڤێن مە دڕەڤاند
هەر رۆژ ... هەر رۆژ
ل گۆندێ مە
بومبە و ناپالا لێ دبوون مێهڤان
کوز و چەروان
هەر هەر ئاگر لێ دبوو خودان
زەڤیا مە چاندی و تۆڤ کری
دەستێن مە پێڤە رێنجی بوین
ب ناپالا بۆ مە گێرە کر و دوری
بۆ مە گێرە کر و دوری

سەرچاوەکان:
١- کورتەیەک لە ژیانی شاعیر محەمەد چەلکی کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ – ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## پشکۆ نەجمەدین

شاعیر و نووسەر و لێکۆڵەر و توێژەر، پشکۆ نەجمەدین ...

شاعیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین لە ساڵی ١٩٥٣ لە گوندی(عەبابەیلێ) ی نزیک شاری هەڵەبجە لە خێزانێکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە گوندی عەبابێلێ تەواوکردووە و خوێندنی ناوەندی و ئامادەییشی لە شاری هەڵەبجە تەواوکردووە، ساڵی خوێندنی ١٩٧٧- ١٩٧٨ کۆلێژی کشتوکاڵی لە زانکۆی سلێمانی بە سەرکەوتوویی تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ خەریکی کاری سیاسی و حیزبایەتی و پێشمەرگایەتی بووە، ئەمەیان بۆ پسپۆرانی بواری سیاسی لێدەگەڕێین، لە ساڵی ١٩٨٩ پاش کارەساتی ئەنفال ڕووی لە هەندەران کردووە و لە وڵاتی سوید گیرساوەتەوە، ئێستا لەوێ دەژیت.

شاعیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین، هەر لە منداڵییەوە خولیای زمان و ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی بووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرە کلاسیکی و شاعیرە نوێخوازەکانی کوردیمان، پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی باش و پتەوی پەیدا کردووە، لە ساڵی ١٩٨٦ دەستی بە نووسینی شیعر کردووەو ساڵی ١٩٩١ نۆبەرەی شیعرەکانی خۆی لە



**شاعیر پشکۆ نەجمەدین، چیرۆکنووس ڕەئووف بێگەرد، نووسەر هیوا قادر**

دیوانێکی شیعری بە ناوی(ژارک) یان گۆرانییەکانی زیندان، لە چاپداوە و بڵاوکردۆتەوە، ئەو نزیکەی(٣٦) ساڵە دەنووسێت و بەردەوامە لە نووسین،، زیاتر لە (٢٧) کتێبی لە بوارەکانی شیعر و لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەدەبی و فیکری و سیاسی و فەلسەفی ورەخنەیی و بابەتی هەمەجۆری دیکە بڵاوکردۆتەوە، بەرچاوترینیان ئەمانەن:

- ژارک، کۆمەڵە شیعر، چاپخانەی هەڵەبجە، سوید، ساڵی١٩٩١.
- گۆڤەندی دارستان، ئۆپەرێت، چاپخانەی هەڵەبجە، سوێد، ساڵی١٩٩٥.



- گەڕان لەدوی سەرابی نیشتمان، کۆمەڵە شیعر، سوید، ساڵی١٩٩٦.
- لە سێبەری دیوی ناوەوەی ڕووداوەکاندا، هەڵسەنگاندنی تێکستی مێژوویی، سوید، ١٩٩٧.
- لەتێک غوربەت لە تەمەندا، کۆمەڵە شیعر، کوردستان، ساڵی٢٠٠٠.

- گێڕانـەوەی یادەوەرییـەکان، کورتەچیرۆک، سـاتیر، پەخشـان، کوردسـتان، ٢٠٠٢.
- بـە تیرۆژێـک لـە نیگای تـۆ دەبـم بـە گـڕ، کۆمەڵـە شـیعر، کوردسـتان، سـاڵی ٢٠٠٤.
- کـورد لـە دەروازەی هـەزارەی سـێدا، وتـار و لێکۆڵینـەوەی سیاسـی و مێژوویـی، کوردسـتان٢٠٠٥.
- ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم، یادەوەریی، کوردستان٢٠٠٨.
- ژنێک لە دارگێلاس، کۆمەڵە شیعر، کوردستان٢٠٠٩.
- لـە ئاسـتانەی ئـەدەب و سـێبەری سیاسـەتدا، وتـار و لێکۆڵینـەوە، کوردسـتان ٢٠٠٩.
- ئەزموون و یاد، بەرگی یەکەم و دووەم، یادەوەریی، کوردستان٢٠١٠.
- تیرۆژێک لـە ئـەدەب، تویژاڵێک لـە سیاسـەت، وتـار و لێکۆڵینـەوە، دەزگای چاودێر، کوردستان٢٠١١ .



**لە لای ڕاستەوە: بەڕیز کاکەباس، شاعیری گەورەی کورد عەبدوڵڵا پەشێو، شاعیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر پشکۆ نەجمەدین، شاعیر خاتوو سروەی بەیان**



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر دڵشاد کوێستانی، شاعیر پشکۆ نەجمەدین**




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆماننووس ئیدریس عەلی، نووسەر پشکۆ نەجمەدین**

- نیگایەک لە ئەدەب، بینینێک بۆ سیاسەت، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی کەلتووری و ئەدەبی، کوردستان٢٠١٤.
- لە خەزانی ڕەزێکەوە هەتا ئاڵیی گوڵهەنارێک، دیوانە شیعر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، کوردستان٢٠١٤.
- ئەزموون و یاد، بەرگی سێ، تاراوگە و شتی تریش، یادەوەریی، چاپخانەی غەزەلنووس، کوردستان٢٠١٥.
- دەروازەی عیشقی مەولانا، لێکۆڵینەوە و وەرگێڕانی ئەدەبی مەولانای ڕۆمی، چوارچرا، سلێمانی٢٠١٧.
- جیلوەی عیشقەکەی مەولانا و شەمس، ئەدەبی سۆفیزم، چوارچرا، سلێمانی٢٠١٨.

- مەستم بە شەڕابی عیشق، کۆمەڵە شیعر، کوردستان٢٠١٩.
- شەبەنگی شیعر، ئەنتۆلۆگیا، وەرگێڕانی شیعری ئەوی دیکە، چاپخانەی هەژار موکریانی، کوردستان٢٠١٩.
- ئەزموون و یاد، چوار بەرگ، یادەوەری، چاپخانەی هەژار موکریانی، کوردستان٢٠١٩.
- ئەزموون و یاد، بەرگی پێنجەم و شەشەم، چاپخانەی هەژار موکریانی، ٢٠٢١.
- جەلالەدینی ڕۆمی، سۆفیزم، هەژار موکریانی، کوردستان٢٠٢٠.
- زوڵمەتی شۆڕش و ڕۆشنایی ئەدەب، ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی و سیاسی، کوردستان٢٠٢١.
- ئاوێنەی نامەکان، ئەدەبی نامەنووسین، هەژار موکریانی، کوردستان٢٠٢٢. - تامەزرۆتن ڕووح و جەستە، وەرگێڕانی کۆشیعری ئەحلام موستەغانمی، هەژار موکریانی، کوردستان. ٢٠١٨.




بەرهەمەکانی شاعیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین

- ئەفسوونی نووسین.

نووسەر و شاعیر پشکۆ نەجمەدین، خەڵات و ڕێزلێنانی لە لایەن ناوەندی ڕووناکبیریی هەڵەبجە پێ بەخشراوە.

لە چواردەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ، خەڵاتی(پڕ فرۆشتنی کتێبی ساڵ)ی پێ بەخشراوە.

بۆ شاعیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

ئەمەش پارچە شیعرێکی شاعیر و نووسەر (پشکۆ نەجمەدین) ـە:

**ئێوارەیەک،**

لەسەر ڕیتمی خۆراوابوون،
ژنانە لە دەرگام بدە.
نیوەشەوێک،
لەسەر نەزمی تریفەی مانگ،
ژنانە ئاوێزانم بە.
دەمەوبەیان،
هەر ژنانە،
بمپێچە لە شەبەنگی ماچ.
لەگەڵ ڕەونەقی بەهاردا؛
پەنجەرەی تارمەکە بترازێنە.
بە سووەندەی ژنییێتیت؛
چیمەنەکە نازپرژێن بکە،
با گوڵەکان چەپکێ خەندەت لێ قەرز بکەن.
لەگەڵ هەڵتۆقینی «کەنتەرێل»دا،*
سڵاوێک لە دارستانەکە بکە،

تا کارئاسکەکان،
دەرسی لەنجەولار،
لە کن تۆ بخوێنن!
لەگەڵ تیرۆژی هەتاودا،
ژنانە پیاسەیەکی سەر کەناراوەکە بکە.
لەسەر گابەردێک خۆت هەڵخە!
تا پێلەکان،
ڕەنگی ژنانەی پێیەکانت بگرن،
ماسییەکان،
سواڵی سەما،
لە ڕیتمی جووڵەی پەنجەکانت بکەن.
ژنییێتیی تۆ،
ژیان وە سروشت دەبەخشێت...
چ پیرۆزە ژنییێتیی تۆ!

سەرچاوەکان:

١ - کوردیپیدیا.
٢ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و نووسەر پشکۆ نەجمەدین، شاعیر خاتوو سروەی بەیان بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٣- Kurd collecy .
٤ - ماڵپەڕی Dideo، بەرنامەی پەنجەمۆر.
٥ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

* کەنەتەرێل: جۆرە قارچکێکی بۆنخۆش و ڕەنگزەردی نێو دارستان.



# ڕەئووف حەسەن



نووسەر ڕەئووف حەسەن
بە لاوێتی

قەڵەمێکی یاخی...قەڵەمێکی پڕ لە داهێنان و هەڵوێست، نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس، وەرگێڕ و لێکۆڵەر و توێژەر، ڕەوانشاد ڕەئووف حەسەن ....

نووسەر ڕەئووف حەسەن لە ساڵی ١٩٤٥ لە گەڕەکی(گۆیژە)ی شاری سلێمانی لە دایک بووە، لەبەر قسە خۆشی و ڕووخۆشی، هاوڕێکانی بە(ئوفە) بانگیان کردووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە و لە تەمەنی(١٥)ساڵیدا قورئانی پیرۆزی (خەتم) کردووە و چۆتە خانەی مامۆستایان، خولێکی فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە پەیمانگای(بەریتانی) لە بەغدا بینیوە.

نووسەر ڕەئووف حەسەن پیاوێکی خاوەن فیکر و هەڵوێست بووە، خاوەنی قەڵەمێکی یاخی و ئازاو بوێر بووە، لە ساڵی ١٩٦٣ بۆتە ئەندام



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەئووف حەسەن، ڕۆژنامەنووس حەمە ساڵح بەرزنجی، بەڕێز مامۆستا عومەر عەبدوڵڵا.**

لـە حیزبـی شـیوعیی عێـراق و لـە سـاڵی ١٩٦٧ دوور کەوتۆتـەوە لـە کاری حیزبایەتـی و هەمـوو ژیانـی خـۆی بـۆ نووسـین تەرخـان کـردووە، بـە هـۆی هەڵوێسـتە سیاسـییەکانی لـە سـاڵی ١٩٧٧ لـە لایـەن ڕژێمـی بەعس ماوەیـەک گیراوە و ئازار و ئەشکەنجەیەکی زۆریان داوە لە کارەکەی دوورخراوەتەوە.

لە ساڵی ١٩٥٩ لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوڕێکانی(کۆمەڵەی ئەدەبیاتی پرشنگ) یـان دامەزرانـدووە و گۆڤاری(پرشـنگ)یان بەدەسـتخەت نووسـیوە و بڵاویـان کردۆتـەوە، لەگـەڵ مامۆسـتا عومـەر مـارف بەرزنجـی هەفتەنامەی(تریفە)یـان هـەر بـە دەسـتخەت نووسـیوە و بڵاویـان کردۆتـەوە، دواتـر خـۆی بـە تەنیـا گۆڤاری(کـەژی) بـە دەسـتخەتی خـۆی نووسـیووە و بـڵاوی کردۆتـەوە.

نووسـەر ڕەئـووف حەسـەن یەکـەم بەرهەمـی خـۆی لـە سـاڵی ١٩٦٧ بـە ناوی(گـەردوون) کـە بابەتێکی زانسـتی بـووە بڵاوکردۆتـەوە، ئیتـر بـە تـەواوی کەوتۆتـە نـاو دنیای نووسـینی چیـرۆک و ڕۆمـان و وەرگێـڕان و بابەتی ئەدەبی و فیکـری و فەلسـەفی و ئایینـی و سـۆفیگەری و ڕەخنەیـی، لـەم بوارانـەدا کۆمەڵێـک بەرهەمـی بـە نـرخ و بەهـای نووسـیوە، (٢٦) کتێبـی لـە چاپـدراوی هەیـە و زیاتـر لـە(٣٠٠٠) وتـاری ئەدەبـی و ڕۆشـنبیریی هەمەجـۆری لە ڕۆژنامە و گۆڤـارە کوردییـەکان بـڵاو کردۆتـەوە، نزیکـە (٤) سـاڵ لـە هەفتەنامـەی بـاس

بە بەردەوامی نووسینە جوان و پوختەکانی بڵاوکردۆتەوە و پێداچوونەوەی بۆ(٢٠) کتێبی نووسەرانی دیکە کردووە، ئەمانەش هەندێک لە بەرهەمە چاپکراوەکانی:

- گەردوون، باسێکی زانستییە، ساڵی ١٩٦٧.
- سبەینێ باوکت دێتەوە، کۆمەڵە چیرۆک، ١٩٧١.
- چەکەرە، کۆمەڵە چیرۆکێکە بە هاوبەشی لەگەڵ دوو نووسەری دیکە، ساڵی ١٩٧٣.
- دەرزی ئاشنی خەمەکان، بە هاوبەشی لەگەڵ نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد محەمەدئەمین سەڕاج، ١٩٨٨.
- وێنەکەی خوشکت، کومەڵە چیرۆک، ١٩٩٩.
- خۆری تار، یان(کۆچی سوور)، ڕۆمان، ١٩٩٩.
- چیمەن، ڕۆمان، ٢٠١٨.
- هەواڵنێری تەلەفزیۆن، ٢٠١١.
- گۆڤاری ڕۆژنامەوانی و هەڵسەنگاندنێک، ٢٠٠٦.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر ڕەئووف حەسەن، نووسەر و ڕۆژنامەنووس جەمال خەزنەدار، نووسەر و شاعیر حەمید قەڵادزەیی**

- له بەینمان دەرناچێت.
- ئەلف و بێتای ڕۆژنامەگەری، ١٩٩٩.
- کرێکار و چیرۆکی کوردی، ١٩٨٢.
- تیوری نیسبی، وەرگێڕان، بابەتێکی زانستییە، ١٩٨٤.
- شانۆگەری(جەنابی موفەتیش)، وەرگێڕان.
- خولیای مەیموونە سپییەکان، ٢٠٠٧.
- هونەری جەنگ، وەرگێڕان، ٢٠٠٤.
- سۆفیگەری، وەرگێڕان، ٢٠٠٥.
- کوردناس، وەرگێڕان، ٢٠٠٦.
- ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە چیرۆکی کوردیدا، ڕەخنەی ئەدەبی، ٢٠١٧.

مامۆستا ڕەئووف حەسەن هەر چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و وەرگێڕ نەبووە، بەڵکو ڕۆژنامەنووس و میدیاکارێکی زۆر بە تواناش بووە، ڕۆڵێکی



لە لای ڕاستەوە: نووسەر عومەر مارف بەرزنجی، نووسەر ڕەئووف حەسەن



لە لای ڕاستەوە: خاتوو لەیلا هاوسەری نووسەر ڕەئووف حەسەن، نووسەر ڕەئووف حەسەن



لە لای ڕاستەوە: خاتوو لەیلا هاوسەری نووسەر ڕەئووف حەسەن، نووسەر ڕەئووف حەسەن


باڵاشی هەبووە لە کاری ڕێکخراوەیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری، لەتەک نووسینەکانی ئەم چالاکییانەشی نواندووە:

- وەک وەرگێڕێکی بە توانا شانۆگەریی(جەنابی موفەتیش)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بەڕێوەبەری درامای(لانەوازان) بووە.
- لە ساڵی ١٩٨٤ بە هاوکاریی نووسەر عەلی بۆسکانی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی لە سلێمانی دامەزراندووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٢- ٢٠٠٤ گەلەریی یانەی سەرای منداڵانی لە سلێمانی دامەزراندووە و هەر خۆشی بەڕێوەبەری ئەو یانەیە بووە.
- لە ساڵی ٢٠٠٥-٢٠٠٩ ڕاوێژکاری بزاڤی ڕۆشنبیری سلێمانی بووە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٢ بۆتە بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی هەرێم.
- لە ساڵی ١٩٩٣ ڕۆژنامەی(ئاڵای ئازادی) و(وڵات)ی دامەزراندووە.
- لە ساڵی ١٩٩٦ سەنتەری دیالۆکتی ڕۆشنبیریی کوردی دامەزراندووە و تا ساڵی ٢٠٠٠ کاری تێداکردووە و سەرنووسەری گۆڤاری دیالۆکت بووە.

نووسەر و چیرۆکنووس ڕەئووف حەسەن، نووسەرێکی نیشتمانپەروەر و بە هەڵوێست بوو، هەموو تەمەنی خۆی بۆ خزمەتی میللەتەکەی تەرخان



**نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد محەمەدئەمین سەڕاج، لە کاتی وتار خوێندنەوە لە چلەی ماتەمینیی نووسەر ڕەئووف حەسەن**




**نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید، لە کاتی وتار خوێندنەوە لە چلەی ماتەمینیی نووسەر ڕەئووف حەسەن**

کردبوو، قەڵەمەکەشی هەمیشە ئازادانە بەکار هێناوە و لە لایەن هیچ کەس و لایەنێکیش ئاڕاستە نەکراوە، ئەو چۆنی ویست هەرئەوها ژیا، با بزانین ئەم نووسەرانە سەبارەت بە نووسەر ڕەئووف حەسەن چ دەڵێن:

نووسەر حەمەکەریم عارف دەڵێت:(ڕەئووف حەسەن یەکێکە لەو ئەدیبانەی کە لە کۆمەڵێ مەیدانی جیاوازی ئەدەبیدا قەڵەمڕانی کردووە، وەکو چیرۆک، ڕۆمان، شانۆگەری، ڕەخنەی ئەدەبی، ئەو قەڵەمەکەی ئاڕاستە نەکرابوو، قەناعەتی تەواوی وا بوو کە بابەتی سەرەکیی ئەدەب بریتییە لە ئینسان و ئازادیی ئینسان).

نووسەر و ڕۆماننووس عەبدولقادر سەرچناری دەڵێت:(ڕەئووف حەسەن ئەدیبێکی فرەلایەن، هەر یەک لە بوارەکانی چیرۆک، ڕۆمان، وەرگێڕان، ڕۆڵێکی دیاری هەبوو لە ڕۆشنبیریی کوردیدا، ئەو بە هۆی هەڵوێستە نیشتمانی و یەکسانیخوازییەکەیەوە هەمیشە خراوەتە پەراوێز، یان هەوڵی پەراوێز خستنی دراوە).

لە ١٧-١-٢٠١٩ لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر، ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینیی نووسەر و چیرۆکنووس و و ڕۆماننووس

ڕەئووف حەسەن، بە ئامادەبوونی خانەوادە و کەس و کاری و ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەران کراوەتەوە و خەڵات و ڕێزلینانیشی بۆ کراوە، نووسەر و ڕۆژنامەنووس ئازاد عەبدولواحید جێگری سەرۆکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی، وتەی نووسەرانی کوردی خوێندۆتەوە، تێیدا باسی ژیان و بەرهەم و هەڵوێستە بوێرەکانی ئەم نووسەر گەورەیەی کردووە.

لە شاری سلێمانییش بە هەمان شێوە ڕێورەسمێکی شایستە بۆ چلەی مامۆستا ڕەئووف حەسەن سازکراوە، بەڕێز نووسەر و چیرۆکنووس فوئاد محەمەدئەمین سەڕاج، وتەی یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی سلێمانی خوێندۆتەوە، ئەویش باسی هەڵوێست و بەرهەمەکانی کردووە و چەندین نووسەری دیکە وتەیان خوێندۆتەوە و باسی ڕۆڵی نووسەر ڕەئووف حەسەنیان کردووە لە خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردیدا.

لە ڕۆژی ٢١- ١٢- ٢٠١٨ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی گردی(سەیوان) بە خاکی پیرۆزی نیشتمان سپێردراوە، ڕەوانیشاد و ئارام و ئاسوودە بێت.

.

سەرچاوەکان:

١- کوردیپیدیا.

٢ - ماڵپەڕی نووسەر و شاعیر حەمید قەڵادزەیی، لە ٢٠-١٢-٢٠١٨.

٣ - Slemeni Tv، فیلمێکی دوکیومێنتاری لە ٢١-١٢-٢٠٢١.

٤ - Azadi Tv، چلەی نووسەر و چیرۆکنووس ڕەئووف حەسەن.

٥ - Kuedistan ٢٤، چلەی نووسەر ڕەئووف حەسەن بەڕێوەچوو.

٦ - ماڵپەڕی وێنە کۆنەکانی سلێمانی، لە ئەرشیفی زریان لە ٣-٨-٢٠١٩.

٧ - ماڵپەڕی Spee Midia، لە ٢١-١٢- ٢٠١٨.

٨ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# بێکەس حەمە قادر

شاعیر و ڕۆژنامەنووس، بێکەس حەمە قادر...

ناوی تەواوی(بێکەس حەمە قادر)ە، لە ١- ٧- ١٩٧٢ لە دامێنی چیای سەفینی سەرکەش، لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی شەقڵاوە لە خانەوادەیەکی ڕۆشنبیر و کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی هەر لەوێ تەواو کردووە، دیارە لەبەر چەند هۆیەکی تایبەت بە خۆی نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بدات، ئەو سەودا و عیشقی زمان و ئەدەب و شیعری کوردی و ڕۆژنامەگەری بووە، بۆیە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و ڕۆژنامەگەری کردووە.

شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس بێکەس حەمە قادر، کۆمەڵێک شیعری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی و ئەڤینی و جوانیی سروشتی کوردستان و ئافرەتان، بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار و بە تام و چێژی ناوچەی خۆشناوەتی و شاری شەقڵاوە نووسیوە و لە چاپیداون و بڵاویشکردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- تەم، شیعر، چاپی یەکەم هەولێر ١٩٩٤.
- گومانە جوانەکان، شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٥.
- وەسیەتەکانی هەڵم، شیعر، بە هاوبەشی لەگەڵ چەند شاعیرێکی دیکە، چاپی یەکەم، هەولێر ١٩٩٥.




**له لای ڕاستەوە ڕەوانشاد شاعیر شێرکۆ بێکەس ، شاعیر بێکەس حەمە قادر**

- چ خەرمانێکە، شیعر، هەولێر ١٩٩٧.
- گەمەکانی ترس و یاخیبوون، شیعر، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠٠١.
- گوڵی من، شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٣.
- چوارشەممەیەک دەمکوژێ، شیعر، چاپی یەکەم چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠٠٥.
- بای دووری تۆ لێمدەدا، شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٣.
- قاوەیەک تالتر لە تەنیاییم، شیعر، چاپخانەی ڕۆشنبیری هەولێر ٢٠١٣.
- ڕاکردن لە مردن، شیعر، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٧.
- کە مردم لە دڵی ژنێکدا دەمدۆزنەوە، چاپی تاران ٢٠١٨.
- دەمەوێ لە نێو دەستەکانی تۆدا بمرم، شیعر، چاپی تاران ٢٠١٩.
- ئەلف، کۆمەڵە شیعر، بە هاوبەشی لە بڵاوکراوەکانی ماڵی کتێب زنجیرە(١١) چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٩.
- وەک سێبەر لە تاریکیدا بزر دەبم، شیعر، لە بڵاوکراوەکانی ماڵی کتێب زنجیرە(١٠) چاپی یەکەم ٢٠١٩.

شاعیر و نووسەر بێکەس حەمە قادر ڕۆژنامەنووسێکی چالاکە و هەر زۆر زووش چۆتە ناو دنیاو ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوی پیشەییش، لە ژیانی ڕۆژنامەگەری وەکو نووسەر و سەرنووسەر لەم ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییانە کاریکردووە:

- سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین بووە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی یەکبوون بووە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕزگاری بووە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی ڕزگاری بە زمانی عەرەبی بووە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی پاڵە بووە.
- سەرنووسەری گۆڤاری یەکبوون بووە.
- سەرنووسەری گۆڤاری نیشتمان بووە.
- بەڕێوەبەری گۆڤاری ڕەنگارە بووە،
- سەرنووسەری گۆڤاری کوردڤین بووە.
- سکرتێری هاوبەندی خوێندکاران و لاوانی کوردستان بووە.



**لە لای ڕاستەوە ڕەوانشاد دکتۆر مارف خەزنەدار ، شاعیر بێکەس حەمە قادر**

- سکرتێری بزاڤی خوێندکاران و لاوان بووە.
- ڕاوێـژکاری تیپـە هونەرییـەکان بـووە لـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوانـی هەرێمـی کوردسـتان.
- ڕاوێژکاری ڕێکخراوی پەرەپێدانی دیموکراسی DDO بووە.




**شاعیر بێکەس حەمە قادر لە کۆڕێکی شیعریدا**




**بەرهەمەکانی شاعیر بێکەس حەمە قادر**




**شاعیر بێکەس حەمە قادر لە بۆنەیەك دا**

ئەو لە هەولێر دەژیت و بەردەوامە لە نووسینی شیعرە ناسک و جوانەکانی و هەر چالاکیشە لە بواری ڕۆژنامەگەریی کوردی، هەر سەرکەوتوو و سەرفراز بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و ووشەی کوردی.

سەرچاوەکان:

١- ژیاننامەی شاعیر و ڕۆژنامەنووس بێکەس حەمە قادر کە هاوڕێی دێرینم شاعیر و ڕۆژنامەنووس و میدیاکار نازم دڵبەند بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# عومەر سەید

نووسـەر و ڕۆژنامەنووس و ڕۆماننووس، هونەرمەندی شێوەکار و شـانۆ و دەرهێنـەر عومـەر سـەید...

ناوی تەواوی(عومـەر عەلی سـەید)ە، لـە ١-٣-١٩٧٠ لە شاری کەرکووک لـە دایک بـووە، قۆناغەکانی خوێندنی سـەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لـە شـاری چەمچەمـاڵ تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩٧ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایانی لـە سلێمانی تـەواو کـردووە و بۆتـە مامۆستا.

نووسـەر و هونەرمەنـد عومـەر سـەید هـەر لـە تەمەنـی (١٤) سـاڵیدا چۆتـە نـاو دنیـای شـانۆ و نواندنـەوە، لـە سـاڵی ١٩٨٤ - ١٩٩٩ وەکـو ئەکتـەر و



نووسـین و ئامادەکـردن و دەرهێنانـی شـانۆ کاری کـردووە، بەشـداریی زیاتـر لـە(٢٥) کاری شـانۆیی کـردووە.

نووسـەر و هونەرمەنـد عومـەر سـەید، دەرچووی هیـچ پەیمانـگا و ئەکادیمیەکـی هونـەری نییـە، بەڵکو ئـەو هونەرمەندێکـی خۆڕسـکە جگـە لە بواری شـانۆ، هونەرمەندێکـی شـێوەکاری بـە تواناشـە، کۆمەڵێـک بەرهـەم و تابلـۆی جـوان و بـە نرخـی بـە دەسـت



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر نەجات نوری، شاعیر و نووسەر تەیب جەبار، نووسەر عەبدوڵلا تاهیر بەرزنجی، شاعیر ئازاد مارف، نووسەر و هونەرمەند عومەر سەید**





و پەنجە ڕەنگینەکانی نەخش کردووە، تا ئێستا(٣) پیشانگای خۆی کردۆتەوە لەگەڵ(١٥) پیشانگای هاوبەش.

لەتەک کاری هونەری شانۆ و شێوەکاری، چیرۆکنووس و ڕۆماننوسیشە، لە ساڵی ١٩٩٢ەوە، دەستی بە نووسینی چیرۆک و ڕۆمان کردووە، لەم بوارەشدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئاست بەرز و بە سوودی بە زمانێکی کوردی پاک و پاراو نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- لە کۆتایی چاوەڕوانیدا، کۆمەڵە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٩.
- بازنە داخراوەکانی بابل، ڕۆمان، ٢٠١٠.
- سەرزەمینی زیکزیکە، ڕۆمان، ٢٠١٨.
- ئەسپەرە، ڕۆمان، ٢٠١٩.
- ئاشوبی سین و کۆڕی شین، ڕۆمان، ٢٠٢٠.



- شەوانی فرانکشتاین، نۆڤلێت، ٢٠٢٢.

نووسەر و هونەرمەند عومەر سەید، چەندین جار خەڵات کراوەو و ڕێزی لێنراوە، لەوانە:

- لە فیستیڤاڵی کەرکووک خەڵاتی باشترین نواندن و جارێکیش خەڵاتی باشترین دەرهێنەری وەرگرتووە.
- خەڵاتی دووەمی چیرۆکی لە فیستیڤاڵی گەلاوێژ وەرگرتووە.



لە کاتی ناساندن و واژۆکردنی ڕۆمانی ئەسپەرە، پێنجەمین کەس نووسەر عومەر سەید



لە کاتی ناساندن و واژۆکردنی ڕۆمانی ئاشوبەی سین و کوڕی شین، لە کتێبخانەی کارێز لە کەرکووک




بەرهەمەکانی نووسەر و هونەرمەند عومەر سەید

نووسەر و هونەرمەند عومەر سەید لە ساڵی ٢٠٠٠ەوە، لە شاری سلێمانی دەژیت و خێزاندارە و باوکی چوار منداڵە خوا تەمەنی خۆی و خێزان و منداڵەکانی درێژ بکات و هەر سەرکەوتووش بێت بۆ خزمەتی نووسین و هونەری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و هونەرمەند عومەر سەید کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# کاروان عوسمان خەیات

نووسـەر و لیکۆڵـەر و توێژەر، شارەزا لە بواری سـاغکردنەوەی بەڵگەنامە و دەستنووسـەکان، مامۆستا کاروان عوسمان خەیات ....

ناوی تـەواوی(کاروان عوسـمان عەلی)یە، لە ناوەندی ئەدەبیدا بە کاروان خەیـات ناسـراوە(ڕێبین)، لـە ٧- ٩ -١٩٨٦ لـە داوێنـی قـەڵای شـێروانە لـە شـارۆچکە جـوان و ڕەنگینەکـەی کـەلار لـە خانەوادەیەکـی ئەدەبدۆسـت لـە دایک بـووە، خوێندنـی سـەرەتایی لـە قوتابخانەی(لەیلا قاسـم) و ناوەندی و ئامادەیی لە قوتابخانەی گۆران و کوردستانی نوێ لە کەلار تەواوکردووە، هـەر لـە کـەلار بەشـی ژمێریـاری لـە پەیمانـگای تەکنیکی بـە سـەرکەتوویی تەواوکـردووە، بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـی لـە زمـان و ئەدەبیاتـی فارسـی لـە زانکـۆی تـاران بەدەسـتهێناوە، ماسـتەریش لـە هەمـان بـەش لـە زانکـۆی کوردسـتان لـە شـاری سـنە وەرگرتـووە، ئیسـتاش قوتابیـی دکتۆرایـە لـە هەمـان بـەش و هەمـان زانکـۆ لـە سـنە.

نووسـەر و لێکۆڵـەوەر کاروان خەیـات، هـەر لـە قۆناغەکانـی خوێندنـی ناوەنـدی و ئامادەیـی خولیـا و عەشـقی زمـان و ئەدەبیاتـی کوردی بـووە، سـەرەڕای ئـەوەی دەرچـووی پەیمانـگای تەکنیکـی بـووە، بـەڵام ڕووی لـە نووسـین و لێکۆڵینـەوە و کۆکردنـەوە و سـاغکردنەوەی تێکسـت و بەڵگەنامـە




**لە لای ڕاستەوە: شاعیر ڕەوانشاد جەلال مەلەکشاە، نووسەر کاروان عوسمان خەیات**

و دەستنووسی شاعیر و نووسەرە کۆن و نوێکانی کورد کردووە، ئەو خاوەنی کتێبخانەیەکە کە زیاتر لە(١٤٠٠٠) بەڵگەنامە و(٣٠٠٠) دەستنووس لەخۆدەگرێت.

کاروان خەیات هەرچەندە سەرقاڵی خوێندنی دکتۆرایە، بەڵام هەر بەردەوام بووە لە نووسین و بڵاوکردنەوەی بابەتی جۆراوجۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان، دەیان لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ساغکردنەوەی تێکست و دەستنووسەکانی لەزیاتر لە (٣٥) کتێبدا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و فارسی لە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:

- پایز (گوڵبژێرێک لە گۆرانییەکانی هونەرمەند «عەدنان کەریم» لەگەڵ کورتەیەک لە ژیانی)، ٢٠٠٥.
- پەندەباوەکان بەرگی یەکەم، ٢٠٠٦.
- پەندەباوەکان بەرگی دووەم، ٢٠٠٨.
- پەندەباوەکان، بەرگە سێیەم، ٢٠٠٩.

- پەندە باوەکان، بەرگی چوارەم، ٢٠٠٩.
- کورد و سەربەخۆیی زمان (چەپکێ لە نووسینەکانی هەژار موکریانی)، ٢٠٠٩.
- چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی بە سۆرانی، ٢٠٠٩.
- دیوانی شوکری فەزڵی، ٢٠٠٩.
- ئاڵەکۆک و هەندێ لە شیعرە بڵاونەکراوەکانی هەژار موکریانی، ٢٠٠٩.
- پەند و مەتەڵ، ٢٠٠٩.
- هێمن لەنێو ئەدەبدا، ٢٠٠٩.
- دەستخەتەکانی مەلا خالیدی ڕەباتی، ٢٠١٠.
- بەشێک لە شیعرە کوردییەکانی عومەر سوڵتانی وەفا، (دیوان)، ٢٠٠٩.
- بەشێک لە دیوانی حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە، ٢٠١١.
- هەنگاوەکانی توێژینەوەی زانستی (لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە لە قۆناغی یەکەمی بەشی ژمێریاریدا پێشکەشکراوە بە پلەیەکی باش پەسەند کراوە و دواتر وەکو کتێب چاپکراوە)، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، چاپی دووەم، ٢٠١٢.
- کۆی پەندەباوەکان بە بەرگی پێنجەمەوە، ٢٠١٢.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیری دیاری کورد مامۆستا فەرهاد شاکەلی، نووسەر کاروان عوسمان خەیات، نووسەر محەممەد عەلی وەلی**

- بەشێک لە دیوانی سالم، ٢٠١٢.
- بەشێک لە دیوانی خانای قوبادی، بەرگی یەکەم، ٢٠١٢. چاپی دووەم ٢٠١٦ کوردستان.
- ئاوڕێک لە هۆزی گێژ لە یادنامەی حاجی خەلیلی گێژدا، ٢٠١٠.
- داستانی شێخی سەنعان، لە ئەنیستیتۆتی کەلەپووری کورد لقی سلێمانی لەگەڵ مامۆستا موحەممەدڕەشیدی ئەمینی پاوەیی.
- داستانی گورگ و ڕێوی، لە ئەنیستیتۆتی کەلەپووری کورد لقی سلێمانی لەگەڵ مامۆستا موحەممەد ڕەشیدی ئەمینی پاوەیی.
- داستانی سوڵتان جومجومە، لە ئەنیستیتۆتی کەلەپووری کورد لقی سلێمانی لەگەڵ مامۆستا موحەممەدڕەشیدی ئەمینی پاوەیی.
- اسناد ایل باجلان، بە زمانی فارسی.
- مێژووی هۆزی باجەڵان. وەرگێڕان لە فارسییەوە بە هاوبەشی لەگەڵ دوکتۆر جەلیل.
- بابەتەکانی دیداری ڕەشید باجەڵان.
- ئەلبوومی ڕەشید ئاغای باجەڵان.



نووسەر کاروان عوسمان خەیات و پۆلێك نووسەر



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف، نووسەر کاروان عوسمان خەیات**

- جامع الطوابع.
- المنظومة الوافية، فی عروض القافية، ابن قزلجی. بە هاوبەش لەگەڵ دکتۆر سەباح بەرزنجی.
- کەشکۆڵی گەرمیان بە هاوبەشی لەگەڵ هەردەوێڵ کاکەیی.
- بەرهەمەکانی شێخ سەلام، ٣ بەرگ.
- کۆبەرهەمی ئەحمەدموختار جاف.
- لەیل و مەجنوونی خانای قوبادی.
- خانەقین لە بەڵگەنامەکانی ئێراندا.
- دیوانی وەلی دێوانە.
- دیوانی شوکری فەزڵی، چاپی دووەم.
- دیوانی موحەممەد خاکی.
- دیوانی تاهیربەگی جاف.
- لە بۆتەی کۆماری مەهاباد.
- چەندین کتێبی تر کە ئامادەی چاپە و هێشتا چاپ نەکراون:



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر کاروان عوسمان خەیات، هونەرمەند عەدنان کەریم**

- دیوانی فەخرولعولەمای سنەیی.
- تبان الرموز فەخرولعولەمای سنەیی لەگەڵ دوکتۆر حاجیان‌نەژاد مامۆستای - زانکۆی تاران. بە زمانی فارسی.
- دیوانی ڕەزاخانی باوکی ئەڵماس خان.
- دیوانی ئەڵماس خانی کەندوولەیی.
- دیوانی گریانی.
- کۆبەرهەمی نووسین و دیدار و چیرۆک و وەرگێڕاوەکانی شێرکۆ بێکەس.

سێ ئیمارەتی کوردی بە زمانی فارسی. مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی.

دیوانی کەمالی.

ئەم بابەتە هەمە جۆرانەشی بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردیدیەکان بڵاوکردۆتەوە:

- دۆزینەوە و ساغکردنەوەی (ساڵ) لە شیعری شاعیرانی گۆراندا، ئەڵماس


خان و میرزا شەفیع و خانا بە نموونە.

- پێداچوونەوە و ڕاستکردنەوەی نادرنامەی ئەڵماس خانی کەڵهوڕ، چەند لە بیرچوون و هەڵەیەکی مامۆستا شوکور مستەفا.
- جارێکی دیی لەگەڵ عەلی کەمال باپیر ئاغای شاعیر و هەندێ شیعری بڵاونەکراوە.
- خودادادی عەلی و هەندێ لە بیرەوەری و گەڕانێک بەدوای بەرهەمەکانی دا
- خوێندنەوە و لێکدانەوەی هەندێک لەو سالانەی لە دیوانی بێخودی شاعیردا هاتووە.
- سێ دەستنووسی دیوانی سالم.
- لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا چەند شاعیرمان بەناوی (سالم)ەوە هەیە.
- دۆزینەوە و ساغکردنەوە و ڕوونکردنەوەی (ساڵ) لە شیعری شاعیران دا.
- دیلێتی سالم و ئەڵماس خان لە شاری تاران دا.
- گوزەرێ بەنێو دەستنووسی داستانی لەیلێ و مەجنوونی خانای قوبادیدا.





**لە لای ڕاستەوە: نووسەر کاروان عوسمان خەیات،**
**نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس فوئاد محەممەد ئەمین**


- لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ژیانی (ئەڵماس خانی کەنووڵە)وە.
- ڕاستکردنەوەی هەڵە لە (شیرین و فەرهاد)ەکەی کاک هاشم کاکەیی.
- ڕوونکردنەوە و ڕاستکردنەوەی پەراوێزێک لە پەراوێزی دوو قەسیدەی (سالم) دا.
- ڕێبازی ڕۆمانسیزم کەی و چۆن سەری هەڵدا.
- زوڵەیخا و خانای قوبادی٦- سێ (موخلیس)ی تر لە ئەدەبی کوردی دا هەیە.
- شیعرێکی فارسی بڵاونەکراوەی سالمی ساحێبقڕان.
- چەند هەنگاوێک بۆ کتێبی (بە دەم ڕێگاوە گوڵچین) کاک نەوشیروان مستەفا.
- دۆزینەوە و ساغکردنەوەی (ساڵ) لە شیعری شاعیرانی گۆراندا.
- ئەڵماس خان و میرزا شەفیع و خانا بە نموونە.
- کاریگەری مەلا موستەفای بێسارانی لە سەر خانای قوبادی.
- کاریگەری خانا لە سەر شاعیرانی (گۆران)، فەخرولعولەمای سنەیی بە نموونە.
- کەشکۆڵستان.
- نامەیەکی شیعری موستەفا پاشای یامولکیی بۆ شێخ مەحموودی نەمر.
- لە کەشکۆڵی شێخ مەحموودی شاکەلەوە.
- لە ئەدەبی کوردیی دا چەند شاعیرمان هەیە بەناوی خاڵص و موخلیص.










**بەرهەمەکانی نووسەر کاروان خەیات.**




**بەرهەمەکانی نووسەر کاروان خەیات.**

- مێژووی ئەدەبی کوردییەکەی د. عیزەدین و هەندێ سەرنج و بەراوردێکی کورت.
- بێدار و مەلا ئەحمەدی دەککەیی، دۆستایەتییەکی کەم وێنە.
- نامەی ئەڵماس خان بۆ میرزا شەفیعی کولیایی و وەڵامەکەی میرزا شەفیع.
- نامەیەکی موستەفا بەگی کوردی بۆ حەسرەتی، وەڵامی سالم بۆ کوردی و حەسرەتی.
- نامەیەکی میرزا شەفیع بۆ خانای قوبادی و.. وەڵامی خانای قوبادی بۆ میرزا شەفیع
- ڕەزا ناوێک نامەیەک بۆ زانایەکی دۆستی دەنێرێت..
- وەڵامێک بۆ وتەکانی کاک هاشم کاکەیی..
- ئایەتەکانی قورئان لە هۆنراوەی (عەزیزولغەفار)ی خانای قوبادی دا.
- جارێکی تر لەگەڵ دەسنووسەکانی سعودییەدا.
- محەمەد کوڕی سلێمان.
- حاجی حەسەن شاعیرێکی تری ناوچەی گەرمیانە.
- حاجی نووری باجەڵان یەکێکی ترە لە شاعیرە گەورەکانی گەرمیان.
- دەبێ ئەم جەعفەر حەسەن بەرزنجییە کێ بێ.
- مەلا حەمە نەجیب بەرلووتی زانا و شیعرێک بۆ مەلا عەبدولکەریمی

مودەڕیس.

- محەمەد تۆفیق وردی شاعیر و ڕۆژنامەنوس و فۆلکلۆر ناس
- نامەی دیلێک.
- وێنەی دەسخەتی گوڵستانی سەعدی شیرازی.
- دەستخەتی شیعرە فارسییەکانی تاهیر بەگی جاف.
- هەوڵێک بۆ ساغکردنەوی ئەو هۆنراوانەی لە دیوانی تاهیر بەگ و شاعیرانی تردا هاتووە.
- کورتە لێکۆڵینەوەیەک لە بارەی ژیانی فەخرولعولەمای سنەییەوە.
- یووسف بەگی شەرەفبەیانی..
- عەبدوڵڵا بەگی شەرەفبەیانی.

نووسەر کاروان خەیات هێشتا لە تافی لاوێتیدایە، بەردەوامە لە کارە جوان و نایابەکانی، هەر سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەب و کەلەپووری کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر کاروان عوسمان خەیات کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.




# عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی

ماموستای پەروەردە و شاعیر، ئۆپەرێت و چیرۆکنووسی پسپۆڕ لە بواری ئەدەب و هونەری مندالان، ماموستا عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی....

ناوی تەواوی(عەلی حەمە ڕەشید ڕەزا)یە، بە عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی ناسراوە، لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی هەر لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، پەیمانگای ئامادەکردنی ماموستایانی تەواوکردووە و بۆتە ماموستای سەرەتایی لە گوندو شار و شارۆچکەکانی پارێزگای سلێمانی دواتر هاتۆتەوە ناو شاری سلێمانی لە بەڕیوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی وەکو سەرپەرشتیاری پەروەردەیی درێژەی بە خزمەتی خۆی داوە لە بواری پەروەدە.

نووسەر و شاعیر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی، ئەو کاتەی منداڵ بووە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی حەز و خولیای چۆتە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و دواتریش شیعری نوێ و هاوچەرخ، لەتەک کتێبی قوتابخانە حەزیشی لە شانۆ بووە، بەشداریشی لە چەندین شانۆگەری کردووە کە بە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان لە قوتابخانەکان نمایشکراون، ساڵی ١٩٨٤ وەکو ماموستا لە گوندی(مۆریاس)ی سەر بە



**له لای ڕاستەوە: نووسەر عەبدولکەریم شێخانی، شاعیر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی**

ناحییەی(بەرزنجە) دەست بەکار بووە، هەر لەوێ دەستی بە نووسینی شیعر بۆ منداڵان کردووە، قوتابییەکان حەزیان لێ بووە و مامۆستاو هاوڕێکانیشی پێیان باش و جوان بووە و هانیان داوە کە بەردەوام بێت لە نووسین ، یەکەم نۆبەرەی بەرهەمی خۆی کە هۆنراوەیەک بووە بۆ منداڵان لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، ئیدی بە تەواوی چۆتە ناو دنیای هونەر و ئەدەبی منداڵان، لەم بوارەشدا سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەستهێناوە.

نزیکەی(٢٥٠) هۆنراوەی شاعیر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی ئاوازیان بۆ دانراوە و کراونەتە گۆرانی، لەلایەن کۆمەڵێک هونەرمەندی پسپۆر لە بواری ئەدەب و هونەری منداڵان، یەکەم هونەرمەندیش کە

ئاوازی بۆ هۆنراوەکانی داناوە، هونەرمەند (سەلام حەمادی) بووە، دواتر هونەرمەندەکانی دیکەش ئاوازیان بۆ چەند هۆنراوەی دیکەی داناوە، ،هەندێک لە ئۆپەرێتەکانیشی لە باخچەکانی منداڵاندا نمایش کراون.

شاعیرعەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی، تا ئێستا زیاتر لە(٢٥) کتێبی لە شیعر و چیرۆک و ئۆپەرێت بۆ منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان بە زمانێکی کوردیی سادە و ساکار نووسیوە کە ئەمانەن:



لەگەڵ کۆمەڵێک نوسەر و شاعیری بواری ئەدەبیاتی منداڵان



لە لای ڕاستەوە: نووسەر محەمەد فەریق حەسەن، نووسەر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی



لە لای ڕاستەوە: دکتۆر سەلام ناوخۆش، شاعیر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی

١- فڕفڕۆکە، هۆنراوە، ساڵی ١٩٩٥.

٢- خەندەی ئاوات، هۆنراوە، ساڵی ١٩٩٨.

٣- ئافەرین، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٠٠، پێنج جار چاپکراوەتەوە.

٤- دیاری و سەردان، چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٤.

٥- کۆڤین و هاوڕێکانی، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٠٨، دووجار چاپکراوەتەوە.

٦- سرودی کوردستان، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٠٩.

٧- ڕازی قوتابییەکی زیرەک، چیرۆک و هۆنراوە، ساڵی ٢٠٠٩.

٨- دیاری، هۆنراوە، ساڵی ٢٠١٠.

٩- بولبولێکی زیرەک، چیرۆک، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بەدەستکارییەوە ساڵی ٢٠١٢، دووجار چاپکراوەتەوە.

١٠- جەژن، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٠٩.

١١- وانەی کوردی، چیرۆک و هۆنراوە، ساڵی ٢٠١٠.

١٢- بووکەکەم بە کوردی گۆرانی دەڵێت، چیرۆک، ساڵی ٢٠١٣.

١٣- گەشتەکەی گوڵێ، چیرۆک، ساڵی ٢٠١٣.



**لە لای ڕاستەوە: نووسەر حەمەساڵح فەرهادی، شاعیر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجەیی**



لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجەیی، مامۆستا ع.ع. شەونم،
نووسەر و ڕۆژنامەنووس حەمە سەعید حەمەکەریم جاف

١٤- ئەسپ و فیل، چیرۆک، ساڵی ٢٠١٣.

١٥- یاریی بیرکاری، چیرۆک وهۆنراوە، ساڵی ٢٠١٣.

١٦- منداڵ و فیلم کارتۆن.....شانۆیی و ئۆپەرێت...ساڵی ٢٠١٣.

١٧- چنار و هێمن، ئۆپەرێت و هۆنراوە بۆ منداڵان، ساڵی.. ٢٠١٩.

١٨- ئاوازی شادی، ئۆپەرێت و هۆنراوە بۆ منداڵانی باخچەی منداڵان ٢٠١٩

١٩- مریشکە کونج بە (PDF) کراوە کە چیرۆک و هۆنراوەیە، ساڵی ٢٠١٧

٢٠- جۆلانێ، هۆنراوە، ساڵی ٢٠١٩. چاپەمەنیی مانگ لە شاری بانە بۆیان کردووم.

٢١- منداڵ و ژینگە، هۆنراوە و ئۆپەرێت و شانۆیی دەربارەی ژینگە بۆ منداڵان، ٢٠٢١.تا ئێستا سێ جار چاپکراوەتەوە.

٢٢- سمۆرە و منداڵ، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٢١.

٢٣- خۆزگە و خەونی منداڵان، هۆنراوە، ساڵی ٢٠٢١.



لەلای ڕاستەوە: شاعیر سالّح بێچار، د. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی

٢٤- نیشتمانی ماسی، هۆنراوە و ئۆپەرێت...ساڵی ٢٠٢١.

٢٥- ئاوازی پێکەنین...هۆنراوە، ساڵی ٢٠٢١.

*چەند بەرهەمێکی دیکەشی ئامادەن بۆ چاپ.

سـەرەرای بەرهەمەکانـی لـە بـواری منداڵانـدا ، کۆمەڵێـک چالاکیـی دیکـەی نوانـدووە، لەوانـە:

- بەشـداریی لـە چەندیـن بەرنامـەی تەلەفزیۆنـی کـردووە، هانـی منداڵانـی داوە کـە توانـا و بەهـرەی خۆیـان لـە بـواری نووسـین دا گەشـە پـێ بـدەن.
- هەروەهـا کۆمەڵێـک وتاریشـی دەربـارەی پـەروەردە و ئەدەبیاتـی منداڵان لـە ڕۆژنامـە و گۆڤـارە کوردییـەکان بڵاوکردۆتـەوە.
- هۆنـراوەی (پـاک و خاوێنـی ژینگـە) کـە کـراوە بـە گۆرانـی، هونەرمەنـد( هـەژار عوسـمان) ئـاوازی بـۆ دانـاوە لـە کتێبـی کـوردی پۆلـی دووەمـی بنەڕەتیـدا دانـدراوە و وەکـو پرۆگرامـی خوێنـدن دەخوێندرێـت.
- پێشـتریش هۆنراوەیەکـی دەربـارەی( میـن) لـە کتێبێکـدا بەنـاوی (شـوێنە گومـان لێکـراوەکان) وەک پرۆگرامـی خوێنـدن داندرابـوو.




- لە پرۆگرامی خوێندن بۆ منداڵانی کورد لە تاراوگە لە وڵاتی نەرویج هۆنراوەیەکی بەناوی (وێنە کێشان) بۆ پۆلی چوارەم دانراوە لەلایەن بەڕێز مامۆستا(ڕزگار ڕەشید).
- چەندین ڕێزلێنان و خەڵاتی پێ بەخشراوە لە لایەن دەزگا پەیوەندیدارەکانی بواری ئەدەبی منداڵان لەوانە: (خەڵاتی(١١)ەمین فیستیڤاڵی گەلاوێژ، بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردەی سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی منداڵانی سلێمانی و بەڕێوەبەرایەتیی ڕۆشنبیریی منداڵانی دهۆک، بەڕێوەبەرایەتیی زنجیرە کتێبی منداڵان لە هەولێر، خانەی سمۆرە لە سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتیی سەرپەرشتیکردنی سلێمانی، باخچەی منداڵانی میر لە هەڵەبجەی شەهید، گۆڤارەکانی (پەپوولە، گوڵەکان، جگەرگۆشەکان، ژیار، شارباژێڕ، زەنگ و بەنگ، کوردجینیەس).
- لە زۆربەی ئەو گۆڤارانەی تایبەتن بە ئەدەبی منداڵان، بابەتی بڵاوکردۆتەوە.



**لە لای ڕاستەوە: شاعیر عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی، شاعیری دیاری کورد لەتیف هەڵمەت**




بەرهەمەکانی نووسەر

- دەیان بابەتی تایبەت بە منداڵان لە سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاوکردۆتەوە.
- هەندێک جاریش بەرهەمەکانی بە ناوی خوازیار(باران) یان(باوکی باران) بڵاوکردۆتەوە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی سلێمانییە.

خێزاندارە و خاوەنی دوو کوڕ و دوو کچە بە ناوەکانی(چاوان، باوان، لێوان، باران) خوا تەمەنی خۆی و خێزان و منداڵەکانی درێژ بکات و هەر سەرکەوتووش بێت بۆ خزمەتی ئەدەبی منداڵان و زمان و ئەدەبی کوردیش بە گشتی.

وا سێ پارچە شیعری شاعیر عەلی حەمەڕەشید بەرزنجەیی-تان، بۆ دەنووسمەوە:

**ئاوازەکانی (بـــــا)**

هەمو جــارێک لە باخچـە
لە ناو گوڵ و ســــەوزایی
(بـا) دێت و دەدا لــە ڕوم
لەســــەرخۆ بــە ئەسپایی
بە شنە شـــن دەدوێت و
تەواو دڵخۆشم دەکـــات
گـــــۆرانیم بـۆ دەڵێت و
بۆ دنیای خۆزگـەم دەبات
بۆ خۆم ئاســــودە دەبم
بە ئاوازەکـــانی(بـــا)
دەبم بە هاوڕێی خۆشیی و
خێرا دەکـــەومە سەما
خـۆزگە دەخــوازم منیش
وەک(بـــا) گۆرانی بڵێم
ببمە هۆی شادی و خۆشی

بۆ منداڵانی هـــــاوڕێم

❊❊❊❊❊❊❊❊

**بووکی من**

هـەی هـەی لـــەو بووکی منە
چـــــەندە جـوان و خرپنە
تۆ ســـــــەیری قژی خاوە
بە شـــــانە دام هێنــاوە
لە سەر شانی وەستـــــاوە
تـــــەسریحـــەم بۆ لێداوە
گۆرانیی خـــــۆش دەزانم
بۆی دەڵێم تـــــا دەتوانم
من لەگەڵ بـوکـــە خانم
هیلاک بوونیش نــــــازانم
کاتێک شت دەنــــووسمەوە
نـایەتە لای دەستمـــــەوە
ئەو هــارو هاجی نـاکـــات
نووسینـم لێ تێک نـادات
ئەویش وەکـو خۆم وایـــە
گوێـــڕایەڵ و وریـــایـــە

❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**ئاشتی**

ئاشتی ئـــاواتی گشته
خۆزگـــەی وردو درشته
ئاشتی هێمـــای جوانییە
خۆشترین گـــۆرانییە
ئاشتی ئەو ســـرودەیە
خەڵکی پێی ئاســـودەیە
ئـــاوازێکی بـــە جۆشە
لە لای هەموومـان خۆشە
دیمەنێکی قەشـــەنگە
کانگای خۆشی و ئاهەنگە
بە ســـود ترین بارانە
بۆ ئەم هـــەوارە جوانە
بە ئاشتی و بە ئـــازادی
ژین پڕ دەبێت لەشـادی

ئەم شیعرانە هەر سێکیان کراون بە گۆرانی

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیـەک لـە ژیاننامـەی نووسـەر و شـاعیر عەلـی حەمەڕەشـید بەرزنجەیـی، کـە لەسـەر داخوازیـی مـن بـۆی نـاردووم، سوپاسـی دەکـەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# پەری قەرەداغی

شاعیر و شانۆکار، خاتوو پەری قەرەداغی ....

ناوی تەواوی(پەری ڕەحیم ساڵح)ە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری بەغدا لەدایک بووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە قەرەداغ تەواو کردووە، ساڵی ١٩٩٥ پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لە بەغدا تەواو کردووە، لە سەرەتا لەبەر چەند هۆیەکی تایبەتی ماڵەوە و نەخۆش کەوتنی دایکی دانەمەزراوە، دواتریش هەوڵی داوە بۆ دامەزراندن و کارکردن دیارە لە هەوڵەکانیدا سەرکەوتوو نەبووە.

شاعیر پەری قەرەداغی هەر لە تەمەنی لاوێتیدا سەوداو شەیدای شیعر و ئەدەبیاتی کوردی بووە، لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە شیعر نووسین کردووە و لە نۆهەتەکانیش نۆبەرەی شیعری خۆی لە ڕۆژنامە(هەواڵ نیوز) بڵاوکردۆتەوە و دواتریش لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان لەوانە(هەولێر، سیروان، خەبات، گۆڤاری تروسکە).

شاعیر پەری قەرەداغی شیعری نیشتمانپەروەری و نەتەوەیی، جوانیی سروشتی کوردستان و ئەڤینی، بۆ ئەنفال و قوربانیانی شەنگال، بە زمانێکی کوردی جوان و پاراو نووسیوە، دیوانێکی شیعری بە ناوی(گوڵە شیعرێک) لە چاپداوە و بڵاوی کردۆتەوە.



**٦ - لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نە ناسراوە، شاعیر پەری قەرەداغی**

ئـەو بـە شـیعرێک بەشـدار بـووە لـە کتێبـی(ژن ژیـان دەنووسـێتەوە) کـە سـەنتەری ڕۆشـنبیریی هەولێـر بـە هاوکاریـی ماڵـی کتێـب بـۆ(٨١) شـاعیری ژن، لـە چاپـدراوە و بڵاوکراوەتـەوە.

وەک هاوسـۆزی و پشـتگیریکردنی بـرا ئێزیدییـەکان، بـە پارچـە شـیعرێک بەشـدار بـووە، لـە کتێبی(هەڵبەسـتێ بـۆ شـەنگال) کـە نووسـەر فاتـح یاسـین مودەڕیس بۆ(٢٤) لـەو شـاعیرانەی ئامادەکردووە کە شـیعریان بۆ قوربانییانی شـەنگاڵ نووسـیوە.

لـە کتێبـی شـیعر بـۆ ئەنفـال کـە لـە ئامادەکردنـی نووسـەر عوسـمان دەروێش-ە، بە پارچـە شـیعرێک بەشـداری کـردووە، ئـەو کتێبە هێشـتا چاپ نەکـراوە.


لـە بەشـی دوومـی کتێبی(ئـەو مرۆڤانـەی کـە دەگمەنـن) نووسـەر ئـازاد پێنجوێنی، سـەبارەت بـە شـاعیر پـەری قەرەداغـی نووسـیویەتی(چەتری ژیـان لـە نێـو ئـەو بێدەنگییـە ئارامییـەدا کـە هەمیشـە بـووە جێگـەی سـەرنجی عەقڵـە هوشـیارەکان، ئەوانـەی ئـەم گەردوونـە دەبێتـە هەڵگـری پـڕ لـە گەنجینـەی شـیعرە یاقووتییەکانی بن، ئـەو چەتـری ژیانـە مەنزەڵی دڵـی هەتوانی مرۆڤـە

یاخیبووەکانـە، کـە هەمیشـە بـە دوای جوانییەکانـی ژیـان لـە گەڕانـدان، ئـەوە شـیعرەکانی پـەری قەرەداغییـە لـە ئامێـزی یەکتـردان هەمـوو سـەردەمێک سـەما دەکـەن بـۆ نـوێ بوونـەوەی ڕۆحـە مانـدووەکان).

شـاعیر پـەری قەرەداغـی وەکـو خانمـە ئەکتەرێـک، لـە هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو، بـۆ یەکـەم جـار بەشـداریی لـە شـانۆگەریی(وەیسـە شـوانی) کـردووە، کـە دوو مانـگ لەسـەر شـانۆی فارابـی نمایشـکراوە، دوا بەشداربوونیشـی لـە شـانۆگەرییەک بـووە بـۆ شـەنگال لـە سـاڵی ٢٠٢٠.

هـەردوو هۆنراوەی(عەشـقی نیشـتمان، شـکۆی ئـازادی)ی شـاعیر پـەری قەرەداغـی لـە لایـەن هونەرمەنـد جاسـمی سـاز کـراون بـە سـروود.

هۆنراوەیەکیشی لە لایەن هونەرمەند جێگر خۆشناو، کراوە بە گۆرانی.



لەلای ڕاستەوە: شاعیر پەری قەرەداغی، شاعیر خالید کۆچەر



**لە لای ڕاستەوە: میداکار هاشم کەریم، شاعیر پەری قەرەداغی، میداکار ئارەزوو**

شاعیر پەری قەرەداغی هێشتا زۆر چالاکە لە بەشی زۆری کۆڕو کۆبوونەوە و سیمینارە شیعرییەکانی شاری سلێمانی و شارەکانی دیکەی کوردستان ئامادە و بەشدار دەبێت، هەر سەرکەوتوو سەرفراز بێت بۆ خزمەتی شیعر و ئەدەبی کوردی.

**ئەمانەش نموونەی شیعری شاعیر خاتوو پەری قەرەداغی– ن:**

پیرۆز بێ ئەم ڕاپەڕینە
شاری مهابادو سنە
ئاسۆی ڕزگاری گەلێکن
وەک چقڵی چاوی دوژمنە
باڵای شۆڕشگێڕی ئێوە
شایانی سەد ئافەرینە

هەی(ئافەریـن خەڵکی سنـــە
ئەم ڕقەتان هـــەر لە کنــــە
بروسکەی ڕۆژهەڵات لێیـــدا
پیرۆزی مرۆی مـــەزنـــە
بژی ئاڵای مـــەشخەڵی کـــورد
ئاڵاکەی هـاتۆتە شنـــــە













**بەرهەمی شاعیر پەری قەرەداغی**

شاعیر پەری قەرەداغی لە کاتەکانی شیعر خوێندنەوە

**گوڵە شیعرێ**

شعرێکم ورکـی زۆری لـێ گرتووم
وتـی بمبـەرە تـرۆپکی ئـاسمان
ئەبم بە هاوڕێی مانگ و ئەستێرە
دواجار دێمەوە سەر زەوی دیسان
بمکە ملوانکەی بەرۆکێ کچێ
لە کچانی شەنگال دەرون پڕ لەژان
بیکە هەوێن و دەزوی هەڵبەستت
یاقوتی ئەشکی دایکی شەهیدان
با ئاوێتەم بن هەرچوار ڕەنگەکەی
ئاڵاو پەرچەمی کورد و کوردستان
سەوز ببەخشێ واتای هەڵبەستت
بـە وڵاتێکی سـەوزو ئـاوەدان
ڕەنگەسورەکەی هێمای خەبات بێ
بـۆ فیداکاری و بـۆ قوربانی دان
سپی بـم وەکـو سیمبولی ئاشتی
ڕەمزی برایی و هەم پێکەوە ژیان

گلێنەی شیعریش بکە تیشکی خۆر
با لە کەل دەربێت خۆری نیشتمان
هێندە ڕەنـگاڵەو ئـاڵ و واڵا بـم
ببمە بـەهارێک بۆ ئازادی و ژیان
منیش فرمێسکم سەرەڕێژەی کرد
پێمگوت پێنووسم کوا بۆدێتە زمان
مـادام وڵاتی گـڕ و بەفرو خوێن
ئێستاش وا لەژێرچەکمەی دوژمنان
بەڵێن بێ هەر کات ڕزگاری پشکوت
هـاتە دەرخۆری دایکی نیشتمان
دەبمە قەترەیەک لە پێنووسی شین
بۆت دێمە سەر چۆک بەدڵ و ویژدان
نەک بەهۆنراوە بەچەپکە شێعرێک
دەیگێڕم شادی و شایی و شایلۆغان
گوڵە شیعرێکی بەخواستی هەستم
دەکەم بە دەسڕەی سەرچۆپی کێشان

سەرچاوەکان:
١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر پەری قەرەداغی، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.
٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# سەلاح عومەر

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، ڕۆژنامەنووس و وەرگێڕ، مامۆستا سەلاح عومەر...

ناوی تەواوی(سەلاح عومەر فەرحان)ە، لە ساڵی ١٩٥٣ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە هاوینەهەواری(پیرمام- مەسیف سەلاحەدین) تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٣ ئامادەیی کشتوکاڵی لە(کەڵەکی یاسین ئاغا- اسكي كلك) تەواوکردووە، ساڵی١٩٧٦ پەیمانگای ئامادەکردنی مامۆستایان لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٩ بۆتە مامۆستای سەرەتایی لە گوند و شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر و دواتریش ناو شاری هەولێر، بەردەوام بووە لە خزمەتکردن لە بواری پەروەردە و ڕۆژنامەنووسی تا خانەنشین بوونی و ئێستا لە هەولێر دەژیت.

چیرۆکنووس و ڕۆماننووس سەلاح عومەر هەر چەندە دەرچووی ئامادەیی کشتوکاڵییە، بەڵام ئەو هەر لە لاوێتیدا سەوداو خولیای زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە، لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسین شیعر کردووە، یەکەم بەرهەمی خۆی



**لە لای ڕاستەوە دانیشتووەکان: نووسەر سەلاح عومەر، شاعیر کەریم دەشتی، شاعیر ئیسماعیل بەرزنجی، ڕاوەستاوەکان: لە لای ڕاستەوە: فۆلکلۆرناس پیرداود مەخمووری، ڕەوانشاد خاڵە حەمرین**

لە ساڵی ١٩٧٥ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، دواتر ڕووی لە چیرۆک و ڕۆمان نووسین کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ یەکەمین چیرۆکی خۆی بە ناوی(ئارەزوویێکی تینوو) هەر لە ڕۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردووەتەوە، ئیتر بە تەواوی کەوتۆتە ناو دنیای چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕانەوە، بەرهەمەکانیشی لە گۆڤارە کوردییەکانی وەکو(بەیان، کاروان، ڕۆژی کوردستان، نووسەری کورد، نووسەری نوێ) بڵاوکردۆتەوە، لە ساڵی ١٩٨٦ یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی بە ناوی(لێک ترازان) لە چاپداوە و بڵاویشی کردۆتەوە، کاتی خۆی کۆمەڵێک نووسەر و ڕەخنەگر کۆڕێکیان دەربارەی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە بەستووە و تیشکیان خستۆتە سەری، دواتریش یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی(وڵاتی تارمایی) بە چەند دانەیەکی کەم بڵاوکردۆتەوە.

ئەو تا ئێستا (١٧) کتێبی لە چیرۆک و ڕۆمان و وەرگێڕان بڵاوکردۆتەوە، هەموو ئەوانەشی بە زمانێکی کوردی پاک و پاراو و

ڕەوان نووسیوە کە ئەمانەن:

- لێکترازان، چیرۆک.
- گەمەی ووردە ماسییەکان، چیرۆک.
- وڵاتی تارمایی، چیرۆک.
- تاریکستانی لم، چیرۆک.
- دوانامەی دێوەرەیەک، چیرۆک.
- ستامۆرفۆس، چیرۆک.
- جەنگ، چیرۆک.
- خانمی شەوە ئەرخەوانییەکان، ڕۆمان.
- وێنەیەک بەسەر ئاوەوە، ڕۆمان.
- جادووی سپی، ڕۆمان.
- کورتەیەک لەمەڕ لێکۆڵینەوەی چیرۆکەوە، وەرگێڕان.
- ڕۆمان و واقیع، وەرگێڕان.
- لە بارەی هونەری ڕۆمانەوە، وەرگێڕان.
- چیرۆک و ڕۆمان، لە گۆشەی نیگای جیاوازەوە، لە نووسینی




**لە لای ڕاستەوە: نە ناسراوە، نووسەر بەڕێز فازڵ شەورۆ، نووسەر سەلاح عومەر**



**٢ - لە لای ڕاستەوە: نووسەر سەلاح عومەر، چیرۆکنووس سەدرەدین عارف**

نووسەر خۆیەتی.

- سەرەتاکانی هەستی نەتەوایەتیی کورد، وەرگێڕان.

نووسەر و ڕۆماننووس سەلاح عومەر لە تەک کاری مامۆستایی و چیرۆک و ڕۆماننووسین، لە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕێکخراوەیش چەندین چالاکیی نواندووە، لەوانە:

- لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کاروان و دواتریش بەڕێوەبەر و سکرتێری نووسین بووە، بۆ ماوەی(١٣)ساڵ لەم گۆڤارە تا داخستنی کاری کردووە.

ماوەیەکیش بەرپرسیاری لاپەڕەی ئەدەبی بووە لە ڕۆژنامەی هەرێمی کوردستان.

- دوو خول ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس و وەرگێڕ سەلاح عومەر، هەر سەرکەوتوو سەر فراز بیت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.




**بەرهەمەکانی نووسەر و ڕۆماننووس سەڵاح عومەر**

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس سەڵاح عومەر، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# ئاسۆ حەسەن

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس، ڕۆژنامەنووس و کۆمەڵناس، ماموستا ئاسۆ حەسەن..

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس ئاسۆ حەسەن لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، هەموو قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە، بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە بەشی(زانستی کۆمەڵناسی- علم الإجتماع) لە کۆلیژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٨٢ ڕووی لە شاخ کردووە و بۆتە پێشمەرگەی کوردستان و خەباتێکی زۆری کردووە و بەشداریش بووە لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانی شۆڕش، زیاتر خەباتی سیاسی ئەو، بۆ پسپۆڕانی بواری سیاسی لێدەگەڕێین.

نووسەر ئاسۆ حەسەن هەر لە تەمەنی لاوێتیدا سەوداو عەشقی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بووە، هەرچەندە دەرچووی بەشی کۆمەڵناسییە، بەڵام ئەو لەتەک پسپۆڕی خۆی بایەخێکی گرنگی بە بواری ئەدەبی و ڕۆشنبیری داوە، بۆیە لە نیوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر و کورتە چیرۆک و بابەتی دیکەی ڕۆشنبیری و دواتریش ڕۆماننووسین کردووە، ساڵی ١٩٧٨ یەکەم بەرهەمی خۆی لە هەفتەنامەی هاوکاری بڵاوکردۆتەوە، تا ئێستا کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازە و پوختی لە چاپداوە و بڵاوی کردوونەتەوە کە ئەمانەن:



له لای ڕاستەوە نووسەری گەورەی کورد جەلیلی جەلیل، ئاسۆ حەسەن



له لای ڕاستەوە گۆران حەسەن، محەممەد وەلی، شێخ سدیق، فەلەکەددین کاکەیی، ئاسۆ حەسەن، سەلاح عومەر، بەختیار سەعید، سەلیم قادر

- کە ڕەهێڵەی ژەهر دایگرت، کۆمەڵە شیعرێکی(بەرەنگارییە- مقاومة)، لە شاخ چاپکراوە، ساڵی ١٩٨٨.
- تابلۆ تراجیدییەکان، کورتە چیرۆک، چاپخانەی ورمێ، ساڵی ١٩٨٩.
- هەڵدێران، کورتە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٣.
- لە دووڕییانی مەرگ و ژیاندا، توێژینەوەیەکی سوسیلۆژییە، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپەمەنی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧.
- پێدەنگی شەوان، بەرگی یەکەم، کۆلاژ، هەولێر، ساڵی ٢٠١٢.

- پێدەنگی شەوان، بەرگی دووەم، هەولێر، ساڵی ٢٠١٣.
- پاکبوونەوە، کورتە چیرۆک، چاپی یەکەم چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ساڵی ٢٠١٣.
- نویژی ڕوناهی، ڕۆمان، لە سەر ئەرکی یەکێتیی نووسەرانی کورد- مەڵبەندی گشتی چاپکراوە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ٢٠١٣



لە لای ڕاستەوە ئاسۆ حەسەن، فەلەکەددین کاکەیی، لەگەڵ شاندێکی ئیتاڵی کە ئاسۆ حەسەن خەڵات دەکەن



لە لای ڕاستەوە د. مارف خەزنەدار، نەناسراوە، مەهدی خۆشناو، ئاسۆ حەسەن،




**لە لای ڕاستەوە حەسەن سلێڤانەیی،نەناسراوە، ئاسۆ حەسەن، مەحسین قۆچان، د. مارف خەزنەدار، مەهدی خۆشناو، ئەنوەر محەمەد قادر، نەناسراوە، - زانکۆی دیاربەکر**





**کۆڕێکی ڕۆشنبیری - لە لای ڕاستەوە د. فازیل عومەر، ئاسۆ حەسەن.**

- کتێبخانە و ئەرشیفی نیشتمانیی کوردستان، وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتیی ڕاگەیاندن، چاپخانەی ڕۆشنبیری.
- من تامەزرۆی خوشەویستیم، ڕۆمان، چاپی یەکەم ، تاران، ساڵی ٢٠١٩.

نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆمانووس ئاسۆ حەسەن وەکو نووسەر و دەستەی نووسین و سەرنووسەر لە چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی کاری کردووە و لە ڕێکخراوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە کوردییەکانیش چالاکیی هەبووە، لەوانە:
























**بەرهەمەکانی نووسەر ئاسۆ حەسەن**

- لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٩٠ لە شاخ ئەندامی دەستەی نووسەران و سەرنووسەری بڵاوکراوەکانی (ڕێگای ئازادی، پێشکەوتن، ڕێبازی لاوان، ئاڵای ئازادی، سۆشیالیست) بووە.
- لە ساڵی ١٩٩٧ تا وەکو ئەیلوولی ٢٠٠٤ ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر بووە.
- ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری(نووسەری نوێ) لە ژمارە(١-٢٣) بووە، کە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی هەولێر ساڵی ١٩٩٨ دەری دەکرد.
- لە ساڵی ١٩٩٩- ٢٠٠٤ سەرنووسەری گۆڤاری(هەرێم) بووە، کە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان دەری دەکرد.
- لە ئایاری ٢٠٠٤ەوە، تا مانگی (١٠)ی ٢٠٠٦ بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان بووە لە هەولێر.

بۆ نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆژنامەنووس ئاسۆ حەسەن، هەر بەردەوام و سەرکەوتوو بیت بۆ خزمەتی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی.

سەرچاوەکان:


١ - کورتەیەک لە ژیانی نووسەر ئاسۆ حەسەن ، لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



## زرار سەرتاش

مامۆستای پەروەردە و شاعیر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس، مامۆستا زرار سەرتاش ...

ناوی تەواوی(زرار عەبدوڵڵا حەمەد)ە، لە ساڵی ١٩٦٠ لە داوێنی چیای سەفینی سەرکەش، لە شارە جوان و ڕەنگینەکەی شەقڵاوە لە خانەوادەیەکی کوردپەروەر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندەی هەر لە شاری شەقڵاوە تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ چۆتە خانەی مامۆستایانی هەولێر و بۆتە مامۆستا لە گوندی(بازێ)ی دەڤەری بەرواری باڵا لە شارەدێی کانی ماسی سەر بە پارێزگای دهۆک، ئێستاش بەردەوامە لە خزمەتکردن لە پەروەردەی شەقڵاوە.

شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش هەر لە لاوێتیدا حەز و ئارەزووی لە شیعر و ئەدەبی کوردی بووە، ئەو بە خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی کلاسیکی و شیعری نوێی هاوچەرخی کوردیمان، پاشخانێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری پتەوی بۆ خۆی پەیدا کردووە، لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی بە نووسینی شیعر کردووە، دواتریش چۆتە ناو دنیای چیرۆک و ڕۆماننووسینەوە، کۆمەڵێک بەرهەمی ناوازەو بە نرخی نووسیوە و چاپی کردوون و بڵاوی کردوونەتەوە، چەندین بەرهەمیشی ئامادەیە بۆ



**لەلای ڕاستەوە: شاعیر قوبادی جەلیزادە، ڕۆماننووس سابیر ڕەشید، ڕەوانشاد ڕۆماننووس محەمەد موکری، شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش**



**لەلای ڕاستەوە: بەڕێز حەمە زیاد مەولود، شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش**



**لەلای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش، شاعیر موحسین ئاوارە**

چاپ، ئەمانە بەرهەمە لە چاپدراوەکانییەتی:

- هەڵچوونی تەمەن، کۆمەڵە شیعر، ساڵی ١٩٩١.
- هەڵچوونێک لە ئاوێنە، کورتە چیرۆک، ساڵی ٢٠٠٣.
- هەڵچوونێک لە هەواری قەرەجان، کۆمەڵە شیعر، ٢٠١٧.
- هەڵچوونێک لە کۆچی یاران، شیعر، ٢٠١٨.
- لە پایزدا هەڵچوونێک، شیعر، ٢٠١٨.

- ڕۆمانی ژەنگ، ٢٠٢١.
- ڕۆمانی فاتە هەڵۆ، ٢٠٢٢.
- خەونێک لە سێبەری باراندا، شیعر.

شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش، سەرەڕای نووسینی شیعر و چیرۆک و ڕۆمان، ڕۆژنامەنووسیشە، چەندین چالاکی لەم بوارەدا هەبووە لەوانە:

- لە سەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە گۆڤاری(مەم)یان دەرکردووە، ئەو بەڕێوەبەری نووسینی بووە.



لەلای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش، شاعیر دڵشاد عەبدوڵڵا



لەلای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش، هونەرمەند مەزهەری خاڵقی



لەلای ڕاستەوە: شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش، شاعیری ڕەونشاد شێرکۆ بێکەس، نووسەر شێرزاد هەینی





لەلای ڕاستەوە: شاعیر جەلال مەلەکشا، هونەرمەند شڤان پەروەر، شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش



لەلای ڕاستەوە: بەڕێز زیرەک کەمال، شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش

- ماوەیەک پەیامنێری ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بووە لە شەقڵاوە.
- ماوەیەکیش پەیامنێری گۆڤاری کاروان و هەرێم و ئاسۆی پەروەردە بووە.
- ئەندامی دەستەی کارگێڕیی سەنتەری(نما) و بەڕێوەبەری بەشی ئەدەبی بووە لەم سەنتەرە.
- ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کورد و ئەندامی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە.















**بەرهەمەکانی شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش**

- دەیان وتاری ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لە ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بڵاوکردۆتەوە.

بۆ شاعیر و ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس زرار سەرتاش هەر سەرکەوتوو بێت بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی شاعیر و ڕۆماننووس زرار سەرتاش، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.



# یاسین مستەفا

مامۆستا و سەرپەرشتیاری پەروەردەیی، هونەرمەند و ئەکتەری دیاری شاری هەولێر و کوردستان، مامۆستا یاسین مستەفا...

ناوی تەواوی(یاسین مستەفا محەمەد عوزێری)یە، لە ناوەندی هونەری بە مامۆستا یاسین ناسراوە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە شاری هەولێر لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی(خالیدیە) و ناوەندی لە(ناوەندیی هەولێر- متوسطة اربیل) و ئامادەییشی لە ئامادەیی هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨ چۆتە بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی زمان کە دواتر بۆتە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدا، ساڵی خوێندنی ١٩٧٠-١٩٧١ بە سەرکەوتوویی تەواوی کردووە و بۆتە مامۆستای زمانی و ئەدەبی کوردی لە قوتابخانە ناوەندییەکانی شار و شارۆچکەکانی پارێزگای هەولێر و دواتر وەکو بەڕێوەبەری ناوەندی و دواناوەندیی(عەوێنە و دیبەگە و ناوەندیی قەندیل) بەردەوام بووە لە خزمەت، پاشان وەکو یاریدەدەری بەڕێوەبەری چالاکیی قوتابخانەکان و سەرپەرشتیاری ڕۆشنبیری درێژەی بە خزمەتی خۆی داوە لە بواری پەروەردە تا وەکو ساڵی ٢٠١٣ خانەنشین کراوە.

مامۆستا یاسین دەرچووی هیچ پەیمانگا و ئەکادیمییەکی هونەری نییە، بەڵکو ئەو هونەرمەندێکی خۆڕسکە، هەر لە لاوێتیدا حەز و ئارەزووی لە



**هونەرمەند عەلی ئەحمەد، هونەرمەند خەلیل یابە، هونەرمەند یاسین مستەفا.**

هونەری نواندن و شانۆگەری بووە، دەستپێکی کارە هونەرییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو و یەکەمین کاری هونەریشی ساڵی ١٩٧٠ بووە، کە ڕۆڵێکی دیاری لە شانۆگەریی(جەنگاوەرێکی شێت) بینیوە، ئەو لەگەڵ بەشی زۆری هونەرمەندە دەرهێنەرەکانی شاری هەولێر کاری هونەری ئەنجامداوە، بەرچاوترین کاری هونەری ئەو هونەرمەندە ئەمانەن:

- شانۆگەریی(جەنگاوەری شێت) لە دەرهێنانی هونەرمەند فەرهاد شەریف، ساڵی ١٩٧٠.
- شانۆگەریی(چیرۆکێ بۆ منداڵە خۆشەویستەکان) لە دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٧٠.
- شانۆگەریی(ساڵی نوێ) لە دەرهێنانی هونەرمەندی دەرهێنەر سەعدون یونس، ساڵی ١٩٧٥.
- شانۆگەریی(هەبوو نەبوو)لە دەرهێنانی هونەرمەند سەباح عەبدولڕەحمان، ساڵی ١٩٨٠.

- دراماى (گەڕەکەکەمان) لە دەرهێنانى هونەرمەند هاشم زەینەل، ساڵى ١٩٨٤.
- زنجیرە دراماى تەلەفزیۆنى(قاسپەى کەو) لە دەرهێنانى سەعدون یونس، ساڵى ١٩٨٢،
- سپۆتەکانى پەروەردەیى لە دەرهێنانى هونەرمەند شاهین نەجمەدین.
- بەرنامەى منداڵان بۆ چالاکیى قوتابخانەکان.
- زنجیرە تەلەفزیۆنى(تەلارى مەزن) لە دەرهێنانى هونەرمەندى دەرهێنەر تەڵعەت سامان، ساڵى ٢٠٠٦.
- زنجیرە تەلەفزیۆنى(سەلیم بەگ) لە دەرهێنانى هونەرمەندى دەرهێنەر بەکر مەعروف، ساڵى ٢٠٠٧.
- دراماى(شارەکەمان) لە دەرهێنانى سەعدون یونس، ساڵى ٢٠٠٩.
- دراماى(بێ سەرپەرشتان) لە دەرهێنانى هونەرمەند ئەمیر تەها، ساڵى ٢٠١٠.
- دراماى(دۆلچى) دەرهێنانى سەعدون یونس، ساڵى ٢٠١١.
- دراماى(خەجە گەڕۆک) لە دەرهێنانى هونەرمەند ئەمیر تەها.



**لە لاى ڕاستەوە: هونەرمەند یاسین مستەفا، خاتوو هاوسەرى هونەرمەند یاسین مستەفا**

- درامای(کەونە دەرکە) بەشی دووەم لە دەرهێنانی سەعدون یونس، ساڵی ٢٠١٢.
- فرمێسک ،دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.
- ئاوێزە، لە دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف،



لە لای ڕاستەوە: میدیاکار خاتوو شەمیڕان بابان، هونەرمەند یاسین مستەفا



لە لای ڕاستەوە: شاعیر و نووسەر و ڕۆژنامەنووس نازم دڵبەند، هونەرمەند یاسین مستەفا



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی دەرهێنەر سەباح عەبدولڕەحمان، هونەرمەند خاتوو خەرمان هیرانی، شاعیر بێکەس حەمە قادر، ڕاوەستاوەکە: هونەرمەند یاسین مستەفا







هونەرمەند یاسین مستەفا لە چەند کارێکی هونەریدا




لە لای ڕاستەوە: هونەرمەند خاتوو مازیچن خۆشناو، هونەرمەند خەلیل یابە، هونەرمەند یاسین مستەفا



لە لای ڕاستەوە:
هونەرمەند یاسین مستەفا،
هونەرمەند عەلی ئەحمەد



لە لای ڕاستەوە: هونەرمەندی ئەکتەر خاتوو سوهام حەسەن، هونەرمەند یاسین مستەفا



لە لای ڕاستەوە: نووسەر و هونەرمەند خالید عومەر، هونەرمەند یاسین مستەفا

- سەرابیش خەون نییە، لە دەرهێنانی هونەرمەند بەکر مەعروف.

مامۆستا یاسین مستەفا، ئێستاش بەردەوامە لە کاری هونەریی خۆی، هەرچەندە ماوەیەکە تۆزی نەساغە، بەڵام ئەو لە نێوەندی هونەری دانەبڕاوە، هەر سەرکەوتوو بێت لە کارە هونەرییەکانی بۆ خزمەتی هونەری شانۆ و نواندنی کوردی.

سەرچاوەکان:

١ - کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەرمەند مامۆستا یاسین مستەفا، کە لەسەر داخوازیی من بۆی ناردووم، سوپاسی دەکەم.

٢ - ئامادەکردن و نووسینی خۆم.

# بیبلیۆگرافیای

## بەرگەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥)ی خۆم و ئەستێرە گەشەکان

ئامادەکردنی: عوسمان پیرداود

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئـ | | |
| ئازاد عەبدولواحید | 1 | 135 |
| ئازاد عوبێد ساڵح (دکتۆر) | 3 | 331 |
| ئازاد هاشم | 4 | 385 |
| ئاسۆ حەسەن | 5 | 477 |
| ئامانج غازی | 5 | 367 |
| ئایشە شان | 1 | 181 |
| ئەبو صباح – محێدین تاهیر (وێنەگر) | 1 | 503 |
| ئەبوبەکر خۆشناو (دکتۆر) | 4 | 261 |
| ئەحلام مەنسوور | 2 | 537 |
| ئەحمەد  سالار (هونەرمەند) | 1 | 173 |
| ئەحمەد تاقانە | 5 | 121 |
| ئەحمەد حسێن | 3 | 465 |
| ئەحمەد حەمەدەمین (دکتۆر) | 5 | 289 |
| ئەحمەد شوکری (دکتۆر شۆ) | 5 | 175 |
| ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر (دکتۆر) | 3 | 99 |
| ئەحمەد ناجی | 1 | 289 |
| ئەحمەدی مەلا (دکتۆر) | 4 | 273 |
| ئەرخەوان ڕەسوڵ | 2 | 541 |
| ئەردەڵان بەکر | 4 | 531 |
| ئەردەوان زاخۆیی | 5 | 381 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ئەستێرە گەشەکان پرۆژەیەکی بەردەوام | 4 | 9 |
| ئەستێرە گەشەکان پرۆژەیەکی بەردەوام | 4 | 7 |
| ئەستێرەیەک لە شاری مێژووەوە.... | 5 | 7 |
| ئەسکەندەر عوسمان | 4 | 377 |
| ئەمجەد شاکەلی | 4 | 343 |
| ئەمین موتابچی (دکتۆر) | 2 | 51 |
| ئەنوەر تۆڤی | 3 | 153 |
| ئەنوەر قەرەداغی (هونەرمەند) | 1 | 113 |
| ئەنوەر مائی | 4 | 75 |
| ئەیاز زاخۆیی | 3 | 521 |
| ئەیوب هەورامی | 4 | 151 |
| ئیبراهیم ئەحمەد | 4 | 29 |
| ئیبراهیم ئەمین باڵدار | 5 | 139 |
| ئیبراهیم سەلمان (دکتۆر) | 2 | 289 |
| ئیبراهیم هەورامانی | 5 | 199 |
| ئیحسان خەیات | 3 | 565 |
| ئیحسان ڕەشاد موفتی | 1 | 349 |
| ئیحسان شیرزاد | 1 | 53 |
| ئیحسان فوئاد (دکتۆر) | 2 | 27 |
| ئیسماعیل بادی | 3 | 435 |
| ئیسماعیل خەیات | 4 | 391 |
| ب | | |
| بافڵ هیوا سەرهەنگ | 3 | 297 |
| باکوری | 1 | 257 |
| بڵند حەیدەری | 4 | 321 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| بەختیار عەلی | 3 | 281 |
| بەدرخان سندی (دکتۆر) | 2 | 155 |
| بەدەل ڕەفۆ مزووری | 2 | 471 |
| بەدیع باباجان | 3 | 311 |
| بەدیعە دارتاش | 3 | 229 |
| بەشیر موشیر | 5 | 161 |
| بەکر مەعروف | 2 | 625 |
| بەهادین جەلال مستەفا | 2 | 585 |
| بەهرام محەمەد | 2 | 463 |
| بەیان سەلمان | 5 | 61 |
| بورهان جاهید | 1 | 191 |
| بۆتان جەلال | 2 | 405 |
| بیبلیۆگرافیا.... | 5 | 495 |
| بێکەس حەمە قادر | 5 | 431 |
| پ | | |
| پاکیزە ڕەفیق حیلمی (دکتۆرە) | 2 | 57 |
| پشکۆ نەجمەدین | 5 | 415 |
| پەری قەرەداغی | 5 | 463 |
| پەیمان سەرهەنگ | 1 | 409 |
| پیربالّ مەحموود | 1 | 247 |
| ت | | |
| تاریق جەوهەر سارمەمی (میدیاکار) | 1 | 493 |
| تاریق  ئیبراهیم شەریف | 1 | 453 |
| تاریق جامباز | 1 | 429 |
| تاریق کارێزی | 4 | 475 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| تایەر تۆفیق | 1 | 107 |
| تحسین تەها | 1 | 155 |
| تەلعەت سامان | 1 | 169 |
| تەحسین ناڤشکی | 5 | 395 |
| تەیب جەبار | 4 | 205 |
| تۆفیق وەهبی | 4 | 19 |
| ج | | |
| جان دۆست | 5 | 315 |
| جگەرخوێن ( شاعیر) | 4 | 37 |
| جەبار سابیر | 1 | 519 |
| جەعفەر مائی | 5 | 53 |
| جەلال بەرزنجی | 2 | 209 |
| جەلال زەنگابادی | 2 | 591 |
| جەلال سەعید | 3 | 529 |
| جەلال مەدحەت خۆشناو | 5 | 251 |
| جەلال مەلەکشا | 5 | 71 |
| جەلالی میرزا کەریم | 1 | 121 |
| جەلیل زەنگەنە | 2 | 305 |
| جەلیل کاکەوەیس | 5 | 333 |
| جەمال بەرواری | 4 | 509 |
| جەمال خەزنەدار | 3 | 147 |
| جەمال شارباژێڕی | 2 | 161 |
| جەمال عیرفان | 4 | 57 |
| جەمال نەبەز) دکتۆر) | 3 | 23 |
| جەمال هیدایەت | 1 | 339 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 45 | 5 | جەمشید حەیدەری (دکتۆر) |
| 209 | 1 | جەمیل ڕەنجبەر |
| 81 | 5 | جەمیله جاسم |
| 241 | 1 | جەودەت ئەحمەد ناجی (ڕووناکبیر) |
| 597 | 2 | جەودەت هوشیار (دکتۆر) |
| 263 | 3 | جەوهەر غەمگین |
| 457 | 2 | جەوهەر کرمانج |
| 311 | 5 | جوان حاجۆ |
| 579 | 3 | جومعه کانی لەلەیی |
| | | چ |
| 345 | 2 | چەتۆ حەسەن |
| 449 | 2 | چیا عومەر ساقی |
| | | ح |
| 399 | 4 | حاجی مەکی عەبدوڵا (عەلییه فەندی) |
| 81 | 4 | حافز قازی |
| 579 | 2 | حجی جەعفەر (دکتۆر) |
| 367 | 2 | حسام بەرزنجی |
| 185 | 1 | حسێن عارف |
| 349 | 5 | حسێن میسری |
| 71 | 1 | حەمه کەریم هەورامی |
| 225 | 5 | حەجیێ جندی (دکتۆر) |
| 165 | 3 | حەسەن سلێڤانی |
| 283 | 5 | حەسەن قزڵجی |
| 341 | 5 | حەسەن گەرمیانی |
| 375 | 2 | حەسیب قەرەداغی |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| حەمە ئەحمەد جاف | 3 | 569 |
| حەمە ساڵح فەرهادی | 4 | 279 |
| حەمە سەعید حەمە کەریم جاف | 3 | 253 |
| حەمید بەدرخان (ڕۆژنامەنووس) | 1 | 393 |
| حەیدەر عەبدولرەحمان بەقال | 1 | 449 |
| حەیدەر عەبدولڕەحمان | 2 | 359 |
| حوسێن حوزنی موکریانی | 5 | 19 |
| حوسێن عەلی | 4 | 405 |
| | **خ** | |
| خالد ساڵح حەسەن | 3 | 553 |
| خالد عەلی سلێڤانی | 4 | 483 |
| خالید بەکر ئەیوب | 1 | 457 |
| خالید جوتیار | 1 | 417 |
| خالید دلێر | 1 | 421 |
| خالید ڕەسوڵ | 5 | 373 |
| خالید سەرکار | 4 | 469 |
| خالید کۆچەر (شاعیر) | 1 | 499 |
| خەسرەو جاف (دکتۆر) | 4 | 145 |
| خەلیل یابە | 2 | 569 |
| خورشیدە بابان | 3 | 237 |
| | **د** | |
| دارا محەمەد عەلی | 3 | 317 |
| دایکی سۆلاف | 4 | 411 |
| دڵداری شاعیر | 3 | 139 |
| دڵزار حەسەن | 3 | 545 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| دڵزاری شاعیر | 5 | 243 |
| دڵشاد عەبدوڵڵا | 2 | 259 |
| دڵشاد محەمەد سەعید | 1 | 345 |
| دڵشاد مەریوانی | 2 | 175 |
| دەیکا دالیایێ | 4 | 417 |
| ر | | |
| رزگار خۆشناو | 1 | 199 |
| رەسول گەردی | 1 | 405 |
| رەشاد موفتی (زاناو مامۆستای گەورەی کورد) | 1 | 9 |
| رەفیق سابیر (دکتۆر) | 2 | 553 |
| ز | | |
| زاهیر عەبدوڵڵا | 2 | 353 |
| زاهیر محەمەد کۆیی (هونەرمەند) | 1 | 483 |
| زرار سەرتاش | 5 | 483 |
| زرار محەمەد مستەفا | 4 | 525 |
| زەکیە ئیسماعیل حەقی | 1 | 497 |
| زوبێر بیلال ئیسماعیل | 2 | 105 |
| زوهێر عەبدولمەسیح | 2 | 387 |
| ڕ | | |
| ڕەئوف بێگەرد | 3 | 221 |
| ڕەئووف حەسەن | 5 | 423 |
| ڕەحیم حەمید | 5 | 337 |
| ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی | 5 | 297 |
| ڕەشید فندی | 4 | 287 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ڕەفیق چالاک | 4 | 229 |
| ڕەفیق حیلمی | 4 | 45 |
| ڕەوشەن بەدرخان | 5 | 37 |
| ڕوپاک عەبدولقادر | 2 | 483 |
| ڕووناک شوانی | 5 | 303 |
| ڕوونکردنەوەیەکی پێویست | 3 | 617 |
| ڕۆژ هەڵەبجەیی | 5 | 267 |
| ڕێبوار سیوەیلی | 4 | 223 |
| **س** | | |
| سابیر ڕەشید | 2 | 421 |
| سادق بەهائەدین | 2 | 111 |
| سالار سەمین | 4 | 295 |
| سالار کۆشار | 2 | 427 |
| ساڵح حەیدەری | 1 | 315 |
| سامی شۆرش | 1 | 261 |
| سامیە چاوشلی (دکتۆر) | 4 | 489 |
| سدیق شەرۆ | 4 | 307 |
| سروە عوسمان | 2 | 435 |
| سەباح ئیسماعیل | 4 | 299 |
| سەباح ڕەنجدەر | 2 | 393 |
| سەباح عەبدولڕەحمان (هونەرمەند) | 1 | 159 |
| سەباح هورمز | 2 | 443 |
| سەبری بۆتانی | 4 | 51 |
| سەربەست بامەرنی | 3 | 117 |
| سەرتیب ئاغا واحید بەگ | 3 | 605 |

| لاپەڕە | بەرگ | ناو |
|---|---|---|
| 631 | 2 | سەردار ئەحمەد کۆیی |
| 523 | 1 | سەردار فەتاح ئەمین (ڕۆژنامەنووس) |
| 407 | 3 | سەروین دەروێش |
| 221 | 1 | سەعدوڵڵا پەرۆش |
| 491 | 2 | سەعدون یونس |
| 585 | 3 | سەعدی عەلی |
| 355 | 4 | سەگڤان عەبدولحەکیم |
| 515 | 3 | سەلام کۆیی |
| 245 | 2 | سەلام محەمەد |
| 259 | 5 | سەلام ناوخۆش (دکتۆر) |
| 323 | 3 | سەلما تۆما کاکۆ |
| 135 | 4 | سەلیم بەرەکات |
| 277 | 2 | سەڵاح شوان |
| 471 | 5 | سەڵاح عومەر |
| 353 | 5 | سەمیر زاخۆیی |
| 491 | 3 | سەمیرە عەلی مەندی |
| 495 | 4 | سەید ئەحمەد بەرزنجی |
| 327 | 5 | سەید ئەحمەد ڕواندزی |
| 465 | 4 | سوبحی کۆیی |
| 7 | 1 | سیمبولێک بۆ گەورەیی مێژوو |
| | | ش |
| 303 | 1 | شاکر فەتاح (نووسەری شەهید) |
| 315 | 2 | شەفیقی حاجی خدر |
| 287 | 1 | شەماڵ سائیب |
| 321 | 5 | شەماڵی عەبە ڕەش |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| شەهابەی هەولێری | 5 | 363 |
| شوکر مستەفا | 2 | 37 |
| شوکری فەزڵی | 5 | 169 |
| شوکریە ڕەسووڵ (دکتۆرە) | 2 | 123 |
| شیرین سابیر | 2 | 497 |
| شیلان حمو | 4 | 537 |
| شێرزاد حەسەن | 3 | 291 |
| شێرزاد سەرسپی | 1 | 233 |
| شێرزاد عەبدولڕەحمان | 3 | 483 |
| شێرزاد هەینی | 3 | 445 |
| شێرکۆ بێکەس (شاعیر) | 1 | 59 |
| شێرکۆ عەبدوڵڵا (دکتۆر) | 5 | 217 |
| ع | | |
| ع .ع .شەونم | 5 | 87 |
| عارف حیتۆ (دکتۆر) | 3 | 419 |
| عبدالغنی علی یحیا | 1 | 437 |
| عزەددین فەیزی | 1 | 55 |
| عەباس بەدری | 4 | 369 |
| عەباس عبدوڵلا یوسف | 2 | 503 |
| عەبدولجەبار کانی | 2 | 511 |
| عەبدولخالق سەرسام | 1 | 433 |
| عەبدولخالق مەعروف (نووسەری شەهید) | 1 | 265 |
| عەبدولرەزاق چەلەبی (دکتۆر) | 1 | 327 |
| عەبدولڕەحمان فەرهادی | 1 | 129 |
| عەبدولڕەحمان مزوری | 2 | 225 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عەبدولڕەزاق بیمار | 3 | 205 |
| عەبدولڕەقیب یوسف | 5 | 153 |
| عەبدولستار جەباری | 5 | 181 |
| عەبدولعەزیز سلێمان | 5 | 359 |
| عەبدولفەتاح بۆتانی (پرۆفیسۆر) | 4 | 63 |
| عەبدولکەریم شێخانی | 2 | 253 |
| عەبدولواحید ئیدریس (دکتۆر) | 4 | 235 |
| عەبدولواحید مەرجان | 1 | 425 |
| عەبدولوەهاب تاڵەبانی | 3 | 245 |
| عەبدوڵلا زێڕین | 5 | 345 |
| عەبدوڵلا ئاگرین (دکتۆر) | 3 | 67 |
| عەبدوڵلا پەشێو | 1 | 79 |
| عەبدوڵلا حەداد (دکتۆر) | 1 | 317 |
| عەبدوڵلا سەڕاج | 4 | 241 |
| عەبدوڵلا عەباس | 2 | 129 |
| عەتا قەزاز | 3 | 191 |
| عەدنان کەریم | 3 | 507 |
| عەرەبی شەمۆ | 5 | 25 |
| عەریف خدر | 1 | 479 |
| عەزیز گەردی | 1 | 215 |
| عەزیزی مەلای ڕەش | 4 | 255 |
| عەلائەدین سەجادی | 1 | 39 |
| عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی | 5 | 451 |
| عەلی کەندی | 4 | 313 |
| عەلی مەردان | 1 | 97 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| عەونیی شاعیر | 3 | 13 |
| عوسمان پیرداود | 2 | 573 |
| عوسمان خۆشناو | 3 | 175 |
| عوسمان هەورامی | 4 | 89 |
| عومەر ئەمین | 3 | 455 |
| عومەر دزەیی | 1 | 103 |
| عومەر ساقی | 2 | 185 |
| عومەر سەید | 5 | 437 |
| عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی | 3 | 197 |
| عومەر عەبدولڕەحیم | 5 | 145 |
| عومەر مەعروف بەرزنجی | 3 | 49 |
| عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ (پرۆفیسۆر) | 1 | 33 |
| ف | | |
| فاروق جەمیل خەزنەیی (پارێزەرو یاساناس) | 1 | 297 |
| فارووق سەید حسن | 1 | 507 |
| فازل عومەر | 3 | 599 |
| فازڵ جاف (دکتۆر) | 3 | 273 |
| فاڕوق ئیبراهیم شەریف (لیوا) | 2 | 309 |
| فەرهاد شەریف | 1 | 275 |
| فەرهاد پیرباڵ (دکتۆر) | 5 | 131 |
| فەرهاد شاکەلی (نووسەرو شاعیر) | 1 | 145 |
| فەرهاد عەونی | 3 | 109 |
| فەرەیدەن عەلی ئەمین | 2 | 321 |
| فەرەیدون دارتاش | 4 | 459 |
| فەریاد فازیل (دکتۆر) | 5 | 193 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| فەرید زامدار | 1 | 399 |
| فەلەکەدین کاکەیی (نووسەر و ڕۆژنامەنووس) | 4 | 111 |
| فەهمی بالایی | 3 | 391 |
| فەیسەل مستەفا | 3 | 351 |
| فوئاد ئەحمەد | 1 | 165 |
| فوئاد سەڕاج | 4 | 247 |
| فوئاد مەجید میسری | 5 | 99 |
| ق | | |
| قاسم شێروانی (شاعیر) | 1 | 251 |
| قەدری جان | 4 | 215 |
| قەناتی کوردۆ (پڕۆفیسۆر) | 5 | 31 |
| قەهـار شـێخانی | 4 | 347 |
| قوبادی جەلیزادە (شاعیر) | 2 | 197 |
| ک | | |
| کاکە مەم بۆتانی | 1 | 75 |
| کەریم شارەزا | 1 | 87 |
| کەریم دەشتی (شاعیر) | 1 | 281 |
| کوردستان موکریانی (دکتۆرە) | 1 | 91 |
| کاروان عوسمان خەیات | 5 | 441 |
| کاکەی فەلاح | 3 | 91 |
| کامل ئەلبەسیر (دکتۆر) | 4 | 97 |
| کامەران موکری | 3 | 41 |
| کامیل ژیر | 4 | 105 |
| کاوس قەفتان (دکتۆر) | 3 | 33 |
| کەریم سۆفی | 3 | 559 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| کەریم کابان | 4 | 439 |
| کەژاڵ ئەحمەد (شاعیر) | 2 | 329 |
| کەژاڵ ئیبراهیم خدر | 2 | 611 |
| کەمال ڕەئووف محەمەد | 3 | 85 |
| کەمال سەعدی (دکتۆر) | 2 | 413 |
| کەمال غەمبار دکتۆر) | 2 | 117 |
| کەمال فوئاد ) دکتۆر) | 2 | 61 |
| کەمال مەزهەر (دکتۆر) | 2 | 43 |
| کەمال میراودەلی (دکتۆر) | 2 | 191 |
| کۆسرەت ئەحمەد بێکەس | 5 | 387 |
| گ | | |
| گرفتار کاکەیی | 3 | 535 |
| گولنار عەلی | 4 | 499 |
| گوڵبەهار | 4 | 447 |
| ل | | |
| لە ماڵێکدا پرۆژەیەک بە شەونخونیی هەمووان | 3 | 613 |
| لەتیف هەڵمەت | 2 | 167 |
| م | | |
| مارف خەزنەدار (پرۆفیسۆر) | 1 | 25 |
| مارف عومەر گوڵ (دکتۆر) | 3 | 123 |
| محەمەد شەهاب چەلەبی | 1 | 331 |
| محەرەم محەمەد ئەمین | 5 | 239 |
| محەمەد ئەحمەد ئەربیلی | 3 | 375 |
| محەمەد ئەمین پێنجوینی | 1 | 45 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| محەمەد ئەمین هەورامانی (دکتۆر) | 4 | 125 |
| محەمەد تۆفیق وردی | 5 | 277 |
| محەمەد جەزا بەرزنجی | 3 | 381 |
| محەمەد جەزا (هونەرمەند) | 1 | 357 |
| محەمەد چەلکی | 5 | 408 |
| محەمەد زادە (خۆشنووس و دیزاینەر) | 1 | 365 |
| محەمەد ڕەسوڵ هاوار | 4 | 173 |
| محەمەد ڕەشید فەتاح | 3 | 357 |
| محەمەد ڕەشیدی ئەمینی | 5 | 401 |
| محەمەد ساڵح دیلان | 3 | 77 |
| محەمەد سەلیم سواری | 2 | 517 |
| محەمەد شێخۆ | 4 | 453 |
| محەمەد عارف سیامەنسووری (دکتۆر) | 2 | 337 |
| محەمەد عارفێ جزیری (سترانبێژ) | 1 | 203 |
| محەمەد کەریم نانەوا | 3 | 591 |
| محەمەد کوردۆ | 4 | 361 |
| محەمەد مەردان | 3 | 363 |
| محەمەد مەهدی جەواهیري | 2 | 89 |
| محەمەد مەولود (مەم) | 1 | 67 |
| محەمەد موکری | 4 | 331 |
| محەمەد وەسمان | 3 | 497 |
| محەمەدی ماملێ | 4 | 425 |
| محەمەدی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | 2 | 19 |
| مستەفا زەڵمی (دکتۆر) | 4 | 11 |
| مستەفا ساڵح کەریم | 2 | 559 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| مشكۆ هەولێری | 1 | 325 |
| معروف جیاووک | 1 | 293 |
| من و ئەستێرە گەشەكان پرۆژەیەكی كەم وێنە .. | 2 | 7 |
| مهاباد قەرەداغی | 2 | 605 |
| مەجید ئاسنگەر | 3 | 185 |
| مەحفوز مایی | 5 | 233 |
| مەحمود زامدار | 1 | 311 |
| مەحموود دەروێش | 2 | 139 |
| مەدحەت بێخەو (شاعیر) | 1 | 319 |
| مەدیحە برادۆستی | 2 | 601 |
| مەدیحە سۆفی (دكتۆر)ە | 5 | 209 |
| مەسعود پەرێشان | 2 | 399 |
| مەسعود محەمەد (بیرمەندو رووناكبیر) | 1 | 19 |
| مەغدید سەپان (دكتۆر) | 4 | 165 |
| مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ( بیرمەندو ڕۆناكبیر) | 2 | 11 |
| مەلا عەبدولكەریمی مودەڕیس | 5 | 11 |
| مەلا مەسعودی بێبەش | 1 | 141 |
| مەولود ئیبراهیم حەسەن (دكتۆر) | 4 | 119 |
| موئەیەد تەیب | 2 | 231 |
| موحسین ئاوارە (شاعیر) | 1 | 237 |
| موحسین قۆچان | 3 | 129 |
| موسەدەق تۆڤی | 3 | 343 |
| مومتاز حەیدەری | 1 | 269 |
| ن | | |
| نازم دڵبەند ( شاعیرو نووسەر) | 1 | 385 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ناسر حەسەن | 2 | 299 |
| ناسری ڕەزازی | 4 | 431 |
| نافیع ئاکرەیی (دکتۆر) | 1 | 329 |
| نەجمەدین موفتی | 1 | 335 |
| نەبیل عەریف خدر (وێنەگر) | 1 | 513 |
| نەجات خەتات | 1 | 475 |
| نەجاتی عەبدوڵلا (دکتۆر) | 2 | 77 |
| نەجمەدین عەزیز سمایل | 1 | 529 |
| نەجیب بالایی | 2 | 527 |
| نەزەند بەگیخانی (دکتۆر) | 4 | 157 |
| نەژاد عەزیز سورمێ | 5 | 107 |
| نەسرین فەخری (دکتۆرە) | 2 | 97 |
| نەوزاد ڕەفعەت | 3 | 211 |
| نەوزاد عەلی ئەحمەد | 1 | 371 |
| نووری عەلی ئەمین | 5 | 187 |
| نووسەر ئیسماعیل تەنیا | 1 | 463 |
| نیعمەت عەبدوڵلا | 1 | 445 |
| هـ | | |
| هادی چاوشلی | 1 | 343 |
| هاشم جەباری (میدیاکار) | 1 | 487 |
| هاشم عەلی مەندی | 2 | 269 |
| هەردەوێڵ کاکەیی | 4 | 335 |
| هەژار موکریانی | 4 | 179 |
| هەڵوەستەیەک)....خۆم و (یان) من و | 3 | 11 |
| هەنار موفتی | 4 | 515 |

| ناو | بەرگ | لاپەڕە |
|---|---|---|
| هوشیار سەید ئەحمەد(هونەرمەند) | 1 | 441 |
| هیوا سەرهەنگ | 1 | 225 |
| هێڤی بەرواری | 3 | 397 |
| هێمن موکریانی | 4 | 191 |
| و | | |
| وریا ئەحمەد (هونەرمەند) | 1 | 195 |
| وریا عومەر ئەمین (دکتۆر) | 2 | 67 |
| ولیەم یۆحەننا | 3 | 159 |
| وەرزی یادکردنەوەی ئەستێرەکان | 3 | 7 |
| ویداد قازی | 3 | 461 |
| ی | | |
| یاسین مستەفا | 5 | 489 |
| یەحیا مەرجان (هونەرمەند) | 1 | 469 |
| یوسف مەنتک | 3 | 473 |

# پێرست


| | |
|---|---|
| ئەستێرەیەک لە شاری مێژووەوە لە هەولێری دێرینەوە | ٧ |
| مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس | ١١ |
| حوسێن حوزنی موکریانی | ١٩ |
| عەرەبی شەمۆ | ٢٥ |
| پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ | ٣١ |
| ڕەوشەن بەدرخان | ٣٧ |
| دکتۆر جەمشید حەیدەری | ٤٥ |
| جەعفەر مائی | ٥٣ |
| بەیان سەلمان | ٦١ |
| جەلال مەلەکشا | ٧١ |
| جەمیلە جاسم | ٨١ |
| ع. ع. شەونم | ٨٧ |
| فوئاد مەجید میسری | ٩٩ |
| نەژاد عەزیز سورمێ | ١٠٧ |
| ئەحمەد تاقانە | ١٢١ |
| دکتۆر فەرهاد پیرباڵ | ١٣١ |
| ئیبراهیم ئەمین باڵدار | ١٣٩ |
| عومەر عەبدولڕەحیم | ١٤٥ |
| عەبدولڕەقیب یوسف | ١٥٣ |
| بەشیر موشیر | ١٦١ |
| شوکری فەزڵی | ١٦٩ |
| ئەحمەد شوکری(دکتۆر شۆ) | ١٧٥ |
| عەبدولستار جەباری | ١٨١ |
| نووری عەلی ئەمین | ١٨٧ |
| دکتۆر فەریاد فازیل | ١٩٣ |
| ئیبراهیم هەورامانی | ١٩٩ |
| دکتۆر مەدیحە سۆفی | ٢٠٩ |

| | |
|---|---|
| دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا | ٢١٧ |
| دکتۆر حەجیێ جندی | ٢٢٥ |
| مەحفوز مایی | ٢٣٣ |
| محەڕەم محەمەد ئەمین | ٢٣٩ |
| دڵزاری شاعیر | ٢٤٣ |
| جەلال مەدحەت خۆشناو | ٢٥١ |
| دکتۆر سەلام ناوخۆش | ٢٥٩ |
| ڕۆژ هەڵەبجەیی | ٢٦٧ |
| محەمەد تۆفیق وەردی | ٢٧٧ |
| حەسەن قزڵجی | ٢٨٣ |
| دکتۆر ئەحمەد حەمەدەمین | ٢٨٩ |
| ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی | ٢٩٧ |
| ڕووناک شوانی | ٣٠٣ |
| جوان حاجۆ | ٣١١ |
| جان دۆست | ٣١٥ |
| شەماڵی عەبە ڕەش | ٣٢١ |
| سەید ئەحمەد ڕواندزی | ٣٢٧ |
| جەلیل کاکەوەیس | ٣٣٣ |
| ڕەحیم حەمید | ٣٣٧ |
| حەسەن گەرمیانی | ٣٤١ |
| عەبدوڵلا زێڕین | ٣٤٥ |
| حسێن میسری | ٣٤٩ |
| سەمیر زاخۆیی | ٣٥٣ |
| عەبدولعەزیز سلێمان | ٣٥٩ |
| شەهابەی هەولێری | ٣٦٣ |
| ئامانج غازی | ٣٦٧ |
| خالید ڕەسوڵ | ٣٧٣ |
| ئەردەوان زاخۆیی | ٣٨١ |
| کۆسرەت ئەحمەد بێکەس | ٣٨٧ |

| | |
|---|---|
| تەحسین ناڤشکی | ٣٩٥ |
| محەمەد ڕەشیدی ئەمینی | ٤٠١ |
| محەمەد چەلکی | ٤٠٨ |
| پشکۆ نەجمەدین | ٤١٥ |
| ڕەئووف حەسەن | ٤٢٣ |
| بێکەس حەمە قادر | ٤٣١ |
| عومەر سەید | ٤٣٧ |
| کاروان عوسمان خەیات | ٤٤١ |
| عەلی حەمە ڕەشید بەرزنجەیی | ٤٥١ |
| پەری قەرەداغی | ٤٦٣ |
| سەلاح عومەر | ٤٧١ |
| ئاسۆ حەسەن | ٤٧٧ |
| زرار سەرتاش | ٤٨٣ |
| یاسین مستەفا | ٤٨٩ |
| بیبلیۆگرافیا.... | ٤٩٥ |